# پرسی کورد

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی سەربەخۆی وەرزییە
ژمارە (٥) ساڵی یەکەم - هاوینی ٢٧٢٥ ک ٢٠٢٥ ز

* مێژووی مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکە لەسلێمانی.



* بانگەوازی ئاشتی و سیاسەتی نەتەوەپەرستیی زێدەڕۆیانە.
* سێبەری ژن بەسەر حەساری مێژووەوە.
* کوردەکانی ئەفغانستان.

هوالنامه‌ی کتب

# پرسی کورد

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی سەربەخۆی وەرزییە
ژمارە (٥) ساڵی یەکەم - هاوینی ٢٧٢٥ ک ٢٠٢٥ ز



خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر
جەمال مەلا سەعید
٠٧٧٠٧٦٥٤٥٦٤
Jamal Mala Saeed
jamal.rashed957@gmail.com



بەڕێوەبەری نووسین
عومەر ئیسماعیل
aumerasmail@yahoo.com
Ûmer Îsmail
٧٥٠١٥٤٤٥١٨ - ٧٧٠١٤٢١٨٦٩



بەڕێوەبەری هونەری
محەمەد ئەحمەد کەریم



ڕاوێژکاری یاسایی
بێستون عەلی قادر

## ستافی نووسین



عەتا مەحمود



ڕاز ئەسعەد



داناز عەبدولڕەحمان



سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

گۆڤاری پرسی کورد جگە لە سەروتار بەرپرسیار نییە لە سیاسەت و ناوەڕۆکی وتار و بابەتەکانی نوسەران

دیزاین
جەلیل حسێن

چاپ
چاپخانەی کارۆ

نرخ
(٣٠٠٠) دینار
تیراژ (٥٠٠) دانە

# ناوەرۆک


سەروتار :

-چارەنوسی کوردو ئایندەیەکی نادیار...جمال مەلا سەعید.... 5

بیروڕای ئازاد:

- ئەزموونێکی نەخەملیو...د. کامەران محەمەد .... 6

- گۆرانکارییە ئابوورییەکان و پووکانەوەی چینی سێیەم...د. کامەران مەنتك .... 11

-زمانی دایک، بنەمایەکی بوونایەتیی و پێویستییەکی ڕاستەقینە...ئەحمەد ڕەسوڵ.... 13

-کورد و مافی چارەی خۆنووسین...ڕەزا شوان.... 20

- بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆمەڵکوژی «سەردەشت و هەڵەبجە»...هۆشیار جەمال.... 27

- خەباتی ناتوندوتیژی...عوسمان ساوجی.... 29

-هێزی کورد هەمیشە لە یەکگرتندایە...د. فەرەیدون عەبدولستار.... 32

- پاراستنی سەروەرییەکانی نەتەوەییمان...محەمەد حەمە تەقی.... 34

-پەیڤێک بۆ سیاسییەکان، لە پەیوەندییەکی خێزانییەوە..!...ئەحمەد حەمە ساڵح مەعروف.... 38

ڕوانگەی ژن

-سێبەری ژن بەسەر حەساری مێژووەوە...ڕاز ئەسعەد.... 40

-بانگەوازی ئاشتی و سیاسەتی نەتەوەپەرستیی زێدەڕۆیانە...شیرین تاهیر.... 47

- ژنی کورد لە مێژووی دوێنێداو لە ژیانی ئەمڕۆدا...دێرین جمال.... 53

- زامەکانی نیشتمان خوێنیان لێ دەتکێ...نووسینی: شێنێ مشیر.... 55

ئەدەب وهونەر

- ئەو شاعیرە کوردەی فۆرم و ناوەرۆکی شیعری فارسیی گۆڕی...پێشەوا کوردستانی.... 58

- شیعر وەك کەرەستەیەکی دیرۆکی...لەتیف فاتیح فەرەج.... 62

- ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی لە شانۆنامەکانی ویلیام شێکسپیردا!...سەردار ئەکرەم.... 66

- هەورامیبیەی فەرهەنگا نەک نەژاد یام حەرچێوێویتەر...ئیبراهیم مەیکە عەلی.... 69

-خاڵ و خاڵکوتان لە کەلەپووری کوردیدا...نەجاح ئیبراهیم.... 73

- مەشکە و تایبەتمەندێتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا...ئەرشەد تەحسین.... 75

-خەونی.. بوون بە شاعیر...ئازاد پێنجوێنی.... 78

- گریانی دەربەدەری!...ئاوات قە رە داغی.... 82

- سوتماک...عبدالرحيم سەعاتچی.... 84

- جەنگ بێرەدا تێدەپەڕێت...نامۆ پێنجوێنی.... 85

- فرمێسک...نەجم مخەمەد.... 86

- فەرهەنگۆکی وشەو دەستەواژەو بێژەی کوردی...بەکر ئەحمەدی.... 87

مێژوو

- خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ پرسی کورد لە باکووری کوردستان...د. ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی.... 88

-مێژووی مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکە لە سلێمانی...جەمال مەلا سەعید.... 105

-کوردەکانی ئەفغانستان...سەرهەنگ عەبدولڕەحمان.... 116

- Dr. Nûredîn Zaza: 1919 - 1988...Konê Reş.... 121

- بۆچی کوردەکانی تورکیا لە شەڕ بێزارن؟...ب-لیڤا.... 127

- جیاوازییەکان دەسەڵات دروستییان دەکات...ئەرسەلان حەسەن.... 133

- خۆشنووسانی کورد ئەمیر نیزام گەرووسی...ئا: ئەحمەد سەعید.... 159

- نیشتەجێبوونی شێخ مەحموودی حەفید لە بازیان...کاروان محەمەد و یاسین ئەحمەد.... 162

- ئێمە لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا...تەها عومەر.... 168

- گرنگیی ئەسپ لەلای کوردان...میدیا کەنان.... 170

- ئەسپ لە کولتوری کوردیدا...میلد قادر پەنا.... 173

هەمەڕەنگ

- ئاو ئەو چەکەی هەرەشە لە مرۆڤایەتی دەکات...محەمەد ئەحمەد کەریم.... 176

- ساڵیادی دەرچونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری پرسی کورد... پرسی کورد.... 181

- بیبلۆگرافیای چوار ژمارەی گۆڤاری پرسی کورد...عومەر ئیسماعیل باوزێیی.... 188



جەمال مەلا سەعید

# چارەنوسی کوردو ئایندەیەکی نادیار.....!!

بەدیژایی میژوویی مرۆڤایەتی ململانێ لەپێناو بەرژەوەندیە ئابووری و کولتووری وئاینی وکۆمەلایەتی گەلان تائەمڕۆ بەردەوامی هەیە خاکی کوردستانیش بەشێک بووە لەو ململانێی دەسەلاتانە.
سێ هەزارسالّ بەرلەئێستا چەندین دەسەلات لەقۆناغی جیاواز حوکمڕانیان لەکوردستان کردووە،وەکو: گۆتی – کاردۆخی – لۆلۆیی – سۆمەری – بابلی – ئەکەدی – کاشی – ئۆراتو – میتانی – مانی – ئەشکانی – کلدانی – ئاشووری – میدی – مادەکان – ئەخمینی – حدیاب – ساسانی – بیزەنتی – یۆنانی – رۆحی – ئەمەوی – عەباسی – هەزبانی – مەغۆلی – تەتەر – سەفەوی – عسمانی – عەرەب – تورک – فارس – هۆز وعەشرەت وخێلّی کورد لە چوارچێوەی ئیمراتۆرو پاشایەتی و ئیمارات و مەلیکی وکۆماری وهەرێمی وخۆجێی وەکو دەسەلاتەکانی :زەرزی ورەوەندی و بابان وسۆران و موکریان بادینان وئەردەلان بەناوی شۆڕش وبزوتنەوەی چەکداری کوردستان دروستبوون ودەسەلاتیان هەبووە، هەمیشە ململانێی گرتنەدەسەلاتیان هەبووە، بۆیە هەمیشە کوردستان لەبەردەم جینۆسایدو سڕینەوەی ناسنامەکەیدا بووە،لەگەلّ ئەوەشدا هەریەک بەجۆرێک میژووی شارسانیەتی خۆی باش یاخراپ تۆمارکردووە،لەماوەی ئەو دەسەلاتانەدا ئاینەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووەوەک: خۆرپەرستی–میترانی –میسرایی–زەردەشتی–یەهودی–مەسیحی–کریستانی–ئێزدی–ئیسلام هەریەک لەوئاینانە کاریگەریان لەسەر ئەو شارستانیەتە هەبووە، هەر دەسەلاتێکیش خاوەنی هێزی گەورەبوبێ ویستوویەتی ئەوی تر بسڕێتەوە، لەوماوە دوورودێژەدا کورد بەچەندین شێواز دەسەلاتی گرتۆتە دەست بەلام نەیتوانیوە بنەماکانی دەولّتداری لەزمانی ستانداردو سوپای یەکگرتووو کولتووری یەکگرتوو لەسەرخاکی دیاری کراوی نیشتمان بونیات بنێ، بەلّکو شێوازی هۆزو عەشیرەت و خێلّ زالّ بووە بەسەر کوردبوون بەڕێوەبردنی دەولّەتداری بەپێی دەستوورو یاسا، بۆیە ئێستا لەم سەردەمی پێشکەوتن و جیهانگیری وتەکنەلۆژیاو ژیری دەستکردا ولاتە زلهێزەکانی جیهان نەخشەی بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان دادەڕێژنەوە کوردیش هەر خەریکی ململانێ وخۆپەرستی و ویەکتر قبولّ نەکردنە لەهەموو بەشەکانی کوردستان تائێستا دامەزراوەیەکی نەتەوەیی ونیشتمانی بوونی نیە هەموو ئەوانەی هەن حیزبین بۆیە ئەگەر بەم شێوازە بڕوات کورد پرۆژەی یەکگرتوویێ خۆی نەبێ ودبلۆماسیانە لەسەر ئاستی ناوخۆو نێودەولّەتی کارنەکا بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆی دوورنیە جارێکی تر پەراوێز بخرێتەوەو دەولّەتان وەک کارتی بەرژەوەندیەکانیان بەکاری بێنن، میژوو دوبارە ببێتەوە، گرنگە کورد چوارچێوەی هۆزوعەشرەت وخێلّ تێپەڕێنێ دامەزراوەیەکی نەتەوەیی ونیشتمانی دروست بکات و بیرلە چارەنووسی ئایندەی گەل ونیشتمان بکاتەوە لە چوارچێوەی دەستورو یاسادا.

# ئەزموونێکی نەخەمڵیو

## (تراژیدیای ژیان لە هەرێمی کوردستان لەژێر باری گەمارۆ و گەندەڵیدا)



د. کامەران محەمەد

هەواڵنامەی کتێب

کاتێک سەیری دواوە دەکەم و بە تونێلی تاریکی یادەوەرییەکانی دەیەی نەوەتی سەدەی بیستەمدا گوزەر دەکەم، هەست دەکەم هێشتا بۆنی دووکەڵی ئەو ڕۆژانە لە لووتمدا ماوە. بۆنی ساردبوونەوەی هیواکان، بۆنی نەوتی ڕەش و سوتەمەنی خراپ کە لە زۆپا و ئاگردانە قوڕینەکان دەکرا. بۆنی ئەو شەڕە نەگریسەی کە ناومان نا (شەڕی براکوژی)، بەڵام لە ڕاستیدا شەڕی خۆکوژیی میللەتێک بوو. دەیەی نەوەتەکان بۆ ئێمەی کورد، دەیەی پێکەنین و گریان بوو لە یەک ساتدا، دەیەی هەڵهاتنی خۆری ئازادیی و ئاوابوونی خێرای لە زەلکاوی گەمارۆ و گەندەڵی و خیانەتدا.

ئێمە، نەوەی ڕاپەڕین، بە چاوی خۆمان بینیمان چۆن خەونی سەربەخۆیی و بونیادنانی وڵاتێک، کە دایک و باوکانمان دەیان ساڵ قوربانییان بۆ دابوو، ورد ورد لەبەر چاوماندا بوو بە خۆڵەمێش. چیرۆکی ئێمە لەو دەیەدا، تەنها چیرۆکی میللەتێکی ستەمدیدە نییە، کە لە ژێر چەپۆکی دوژمندا دەیناڵاند، بەڵکو تراژیدیایەکی قووڵترە، چیرۆکی میللەتێکە کە کاتێک دەرفەتی زێڕینی مێژوویی بۆ ڕەخسا، سەرکردەکانی، لەبری ئەوەی بیکەنە هەوێنی یەکبوون و ئاوەدانی، کردیانە دەستکەلا و گۆمی خوێنی یەکتری.

### گەمارۆی دووقۆڵی:
### خنکاندن لە نێوان دوو بەرداشدا

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، کاتێک هەناسەیەکی ئازادیمان هەڵمژی و وامانزانی دەرگاکانی بەهەشت بە ڕووماندا کراونەتەوە، زۆری نەخایاند دەرکەوت، کە ئێمە لە زیندانێکی بچووکەوە بۆ زیندانێکی گەورەترگوازراوینەتەوە.

لە لایەکەوە گەمارۆی ئابووریی نەتەوە

یەکگرتووەکان لەسەر عێراق، کە مەبەست لێی لاوازکردنی ڕژێمی سەددام بوو، وەک ژەهرێکی کوشندە بە دەمارەکانماندا دەگەڕا. نان، دەرمان، شیری منداڵان، هەموو شتێک بووبووە خەون. لەولاشەوە، ڕژێمی بەعس کە لە زۆربەی خاکی کوردستان دەرکرابوو، گەمارۆیەکی ناوخۆیی سەختی بەسەردا سەپاندین. ڕێگاکانی نێوان شارەکانی کوردستان و عێراقی گرت و سوتەمەنی و پێداویستییە سەرەکییەکانی لێ بڕین.

ئێمە لە نێوان دوو بەرداشدا دەهاڕراین. لە بازاڕەکاندا، جگە لە خۆراکی ماوەبەسەرچوو و کەلوپەلی کوالێتی نزم کە لە ڕێگای قاچاخەوە دەهات، هیچ شتێک دەست نەدەکەوت. یادم دێت چۆن باوکم، کەسێکی کاسب بوو، ناچار بوو، ئەو پارەیەی ڕۆژانە پەیدای دەکرد بەشی دوو کیلۆ شەکر یان کیلۆیەک ڕۆنی نەدەکرد. تەنانەت موچەخۆرانیش مووچەی مانگانەکەیان، کە بە دیناری سویسریی بێ بەها دەدرا، بەشی کرێی ڕێگای چەند ڕۆژێکی نەدەکرد. ئەم دۆخە، کەرامەتی مرۆڤەکانی دەشکاند و دۆخی فەرمانبەر و مامۆستا و پارێزەر و ...تاد وێران دەکرد. لەم ڕووەوە، دۆخی ئێمە لە دۆخی کوبا لە ژێر گەمارۆی درێژخایەنی ئەمریکادا دەچوو، بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبوو: کوبا، سەرەڕای گەمارۆ، توانی بونیادێکی تەندروستی و پەروەردەیی بەهێز بپارێزێت. بەڵام لە کوردستان، بەهۆی گەندەڵیی و ململانێی حیزبییەوە، هەردوو کەرتەکە بە تەواوی دارمان. نەخۆشخانەکان بوون بە مەرگخانە و قوتابخانەکان بوون بە وێرانە.

## تاڵانکردنی خەونەکان:
## وێرانکردنی ژێرخانی نیشتمان

دڵتەزێنترین بەشی چیرۆکەکە لێرەوە دەست پێدەکات. کاتێک حیزبە کوردییەکان گەڕانەوە و دەسەڵاتیان گرتە دەست، خەڵک چاوەڕێی بونیادنانەوە بوون. چاوەڕێ بوون ئەو کارگە و



پرۆژانەی کە ڕژێمی پێشوو دەستی پێکردبوون یان هەبوون، تەواو بکرێن و بخرێنەوە کارکردن ، بۆ ئەوەی لە خزمەتی خەڵکدا بن. بەڵام ئەوەی ڕوویدا، پێچەوانەی هەموو خەون و خولیاکان بوو. سەرکردەکان، لەبری ئەوەی ببنە بونیادنەر، بوون بە وێرانکەر.

یەکەمین قوربانیی گەورەی ئەم تاڵانییە، پرۆژەی ستراتیژیی بەنداوی بێخمە بوو. ئەو پرۆژە زەبەلاحەی کە دەیتوانی کوردستان ڕۆشن بکاتەوە و زەوییە کشتوکاڵییەکان تێرئاو بکات، بەڵام بوو بە کانزایەکی بێ خاوەن. ئاسن و شیش و کەرەستە گرانبەهاکانی، پارچە پارچە فرۆشران. خەونی ڕووناکی و ئاوەدانی، بە نرخی ئاسنی کۆنە فرۆشرا و پارەکەی چووە گیرفانی چەند کەسێکی دیاریکراوەوە. ئەمە تەنها دزینی کەرەستە نەبوو، ئەمە فرۆشتنی ئایندەی نەوەیەک بوو بۆ بەرژەوەندییەکی کەسیی و کاتی.

کارەسات بەمەوە نەوەستا. کارگەکانی چیمەنتۆ لە تاسلوجە - کە بەچاوی خۆم ڕۆژانە دەمبینی - و شوێنەکانی تر، کە دەبوایە چیمەنتۆ بۆ دروستکردنی ماڵ و قوتابخانە و نەخۆشخانە بەرهەم بهێنن، بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو تالانکران. ئامێرە گەورە و گرانبەهاکانیان لێکرانەوە، لەسەر بارهەڵگری گەورە بارکران و بە بەرچاوی هەموومانەوە ئاودیوی ئێران و تورکیا کران. ئەو ئامێرانەی کە دەبوو وڵات بونیاد بنێن، فرۆشران، بۆ ئەوەی وڵاتانی دراوسێ ئاوەدان بکەنەوە. ئۆتۆمبێلە گەورەکانی وەک ئامێرەکانی هەڵکۆڵین و بارهەڵگرەکان، کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی وڵات پێویستیی ژیانی بوون، بە هەمان شێوە چارەنووسیان دیار نەما و لە بازاڕەکانی وڵاتانی دەوروبەردا دەرکەوتنەوە.

ئەمە تەنها گەندەڵی نەبوو، ئەمە پرۆسەیەکی سیستەماتیکی وێرانکردنی توانای ئابووریی هەرێم بوو. ئەوان نەیاندەویست خەڵک خاوەنی کاری خۆی بێت، نەیاندەویست وڵات لەسەر پێی خۆی بوەستێت، چونکە کۆمەڵگەیەکی بەهێز و خاوەن ئابووری، کۆمەڵگەیەکی ئازادە و چیتر پێویستی بە چەک و مووچەی حیزب نابێت. بەم کارانەیان، بێکارییەکی زۆر گەورەیان دروست کرد. هەزاران کرێکار و ئەندازیار و وەستا کە لەو کارگانەدا کاریان دەکرد، لە شەو و ڕۆژێکدا بوون بە بێکار و چاویان لە دەستی ئاسمانی بێ بەزەیی بوو.

## دووڕیانی مەرگ: کۆچ یان چەکی براکوژی

لێرەدا بوو کە دەسەڵاتی کوردی، گەنجانی خستە بەردەم دووڕیانێکی تراژیدییەوە، کە هەردوو ڕێگاکەی دەچووەوە سەر مەرگێکی جیاواز:

ڕێگای یەکەم: کۆچی بێ گەڕانەوە. کاتێک کار و نان و کەرامەت نەما، تاکە دەرچە بۆ گەنجان، دەرچەی سنوورەکان بوو. کۆچ بوو بە تاکە هیوا. واتە گەنجانی کوردستان بە لێشاو ڕوویان لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا دەکرد. بۆیە گەنجانی ئێمە دەبوونە کرێکاری هەرزان لە وڵاتانی دراوسێ، یان خۆیان دەخستە بەلەمە کۆنەکانی دەریای ئیجەوە و چارەنووسیان دەسپارد بە شەپۆلەکانی مەرگ و نەهەنگەکانی دەریا.

من بە چاوی خۆم برا و هاوڕێی مناڵی و هاوپۆلی زانکۆم بەڕێ دەکرد، کە جانتاکانیان تەنها چەند پارچە جل و خەونێکی بەدینەهاتوو و وێنەیەکی دایکیانی تێدابوو. دیمەنی ماڵئاوایی لە سنوورەکان، تراژیدیایەکی بێ کۆتا بوو. دایکان بە فرمێسکەوە ئامێزیان بە کوڕەکانیاندا دەکرد و دەیانزانی ڕەنگە ئەمە دوایین جار بێت بیبیننەوە. ئەم کۆچە، خوێنبەربوونێکی بەردەوام بوو، کە توانا و وزەی گەنجی لە نیشتمانەکەماندا وشک کرد.

ڕێگای دووەم: بوون بە چەکداری حیزب. ئەو گەنجانەی کە نە پارەی کۆچیان هەبوو، نە دڵیان دەهات نیشتمان بەجێبهێڵن، بژاردەیەکی تریان لە بەردەمدا بوو. حیزبەکان، کە خۆیان هۆکاری بێکاری و نائومێدییەکە بوون، وەک (فریادڕەس) خۆیان نیشان دەدا. دەرگای بارەگا سەربازییەکانیان دەکردەوە و بانگی گەنجانیان دەکرد: (وەرن ببن بە پێشمەرگە، مووچە و تفەنگتان دەدەینێ.» چ گاڵتەجاڕییەکی تاڵ بوو! ئەوان سەرەتا کارگەکەیان لێ تاڵان دەکردی، نان و کەرامەتیان لێ دەسەندی، پاشان تفەنگێکیان دەدایە دەستت بۆ ئەوەی بچیت برای خۆت بکوژیت، لەسەر ئەو داهاتە گومرگەیەی کە لە تاڵانییەکەدا دەستیان کەوتبوو. دەستیان کە دەبوو ئامێری کارگەی پێ بەکاربخستایە، فێری چۆنیەتیی ڕاکێشانی میل و پەلەپیتکەی تفەنگیان دەکرد.

بەم شێوەیە، گەنجی کورد سەرپشک کرا لە نێوان دوو جۆر مردندا: یان مردنێکی هێواش و غەریبانە لە شەپۆلەکانی دەریادا، یان مردنێکی خێرا و شەرمەزارانە لەسەر دەستی برای خۆی لە سەنگەرەکانی شەڕی ناوخۆدا.

## شەڕی براکوژی:
## ئەو برینەی کە هەرگیز سارێژ نابێت

لە ترۆپکی هەموو ئەم قەیرانانەدا، کاتێک خەڵک چاوەڕێی یەکڕیزی و چارەسەر بوون، مەرگەساتی هەرە گەورە ڕوویدا: شەڕی ناوخۆ. ئەو تفەنگەی کە دەبوو بەرامبەر دوژمن بەکاربهێنرێت، ئاراستەی سنگی برا کرا. ئەو گەنجانەی کە بەهۆی بێکارییەوە پەنایان بۆ حیزب بردبوو، کرانە سوتەمەنیی ئەو ئاگرە نەگریسە. پێشمەرگەیەک تفەنگی لە پێشمەرگەیەک دەکرد. شارەکان دابەش بوون، خاڵی پشکنینی حیزبی بێشومار لە نێوان سلێمانی و هەولێردا دانران. بووین بە دوژمنی یەکتری.

ئەم شەڕە، پووچترین و بێماناترین شەڕی مێژووی کورد بوو. لەسەر دەسەڵات، لەسەر داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل، لەسەر غروری حیزبی، هەزاران گەنجی ئەم وڵاتە کرانە قوربانی. ڕۆژ هەبوو هەموو کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێ و هەموو گەڕەکێکی شار و قەزاکان پرسەی گەنجی پێشمەرگەی تێدا بوو، چیمەنتۆی کارگە دزراوەکان، لەبری ئەوەی خانووی پێ دروست بکرێت، خاڵی پشکنینی پێ دروست دەکرا بۆ جیاکردنەوەی برا لە برا. ئەم شەڕە تەنها مرۆڤ و ژێرخانی ئابووریی تێکنەشکاند، بەڵکو ڕۆح و ورەی میللەتەکەی وردوخاش کرد. ئێمە، کە هەمیشە شانازیمان بەوەوە دەکرد، کە یەک دوژمنی هاوبەشمان هەیە، لەناکاو بووین بە خاوەنی چەندین دوژمنی ناوخۆیی. ئەزموونی شەڕی براکوژیی کورد، زۆر لە شەڕی ناوخۆی لوبنان دەچوو کە پازدە ساڵی خایاند و وڵاتەکەی وێران کرد. ئەو شەڕانە نەک تەنها ژێرخان تێکدەدەن، بەڵکو دابەشبوون و ڕق و کینەیەکی وا لەناو دڵی خەڵکدا دەچێنن کە ساڵهای ساڵ کاریگەریی دەمێنێت. جێگەی برینی گولەی دوژمن سارێژ دەبێت، بەڵام جێگەی خەنجەری برا، تا هەتایە دەمێنێتەوە.

## توانەوەی چینی ناوەڕاست:
## شکاندنی پشتی کۆمەڵگە

هەمیشە وتراوە چینی ناوەڕاست، بڕبڕەی پشتی هەر کۆمەڵگەیەکی سەقامگیرە. لە کوردستانی نەوەتەکاندا، ئێمە شایەتی توانەوە و پوکانەوەی ئەم چینە بووین، بەهۆی ئەو سیاسەتە وێرانکارییەوە. مامۆستا، فەرمانبەر، ئەندازیار، ئەفسەر... هەموو ئەوانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خاوەن پێگەیەکی

کۆمەڵایەتیی جێگیر بوون، ڕۆژ بە ڕۆژ هەژارتر دەبوون. لەولاوە، چینێکی نوێی دەوڵەمەند، کە زۆربەیان سەرکردە و بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکان و بازرگانە حیزبییەکان بوون، لەسەر حیسابی فرۆشتنی ئاسنی بێخمە و ئامێری کارگەکان، سامانێکی خەیاڵییان کۆدەکردەوە.

کۆمەڵگە بوو بە دوو جەمسەری لێک دوور: جەمسەرێکی زۆر دەوڵەمەند کە دەستیان بەسەر هەموو سەرچاوەکاندا گرتبوو، و جەمسەرێکی زۆر هەژار کە بۆ پارووە نانێک دەجەنگان. چینی ناوەڕاست لەم نێوەندەدا وردوخاش بوو. مامۆستایەک کە دەبوو مێشکی نەوەیەک پەروەردە بکات، بیری لای ئەوە بوو ئێوارە لەسەر عەرەبانەیەک جگەرە بفرۆشێت. ئەم دیاردەیە لە ئەزموونی ئەرجەنتین لە کۆتایی نەوەتەکاندا ڕەنگی دایەوە، کاتێک قەیرانی ئابووری بووە هۆی دارمانی چینی ناوەڕاست و بڵاوبوونەوەی هەژاری و نائارامیی کۆمەڵایەتی. لە کوردستان، ئەمە تەنها دارمانێکی ئابووری نەبوو، بەڵکو دارمانێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیش بوو.

## مردنی هیوا: گەورەترین تراژیدیا

لەناو هەموو ئەو خوێن و فرمێسک و دووکەڵەدا، گەورەترین قوربانی، (هیوا) بوو. ئەو هیوایەی کە لەدوای ڕاپەڕینەوە وەک گوڵێکی گەش لە دڵماندا چەکەرەی کردبوو، لەبەر بێ ئاوی و لەناو گژوگیای ژەهراویی سیاسەتی شکستخواردوو و ململانێی ناوخۆیدا، سیس بوو و مرد. گەنجان، کە دەبوو ببنە بونیەنەری داهاتوو، بوونە قوربانیی تالانی و شەڕی سەرکردەکانیان. ئاسۆی ئاواتەکانیان هێندە تەسک بووەوە کە گەورەترین خەونیان بوو بەوەی بگەنە ئەورووپا و ببنە پەنابەر.

ئەم نائومێدییە گشتییە، ئەم هەستە بە پووچگەرایی، مرۆڤ تووشی شۆک دەکات. فەیلەسوفی ئەڵمانی، ئێرنست بلۆخ، دەڵێت (هیوا بزوێنەری مێژووە). کاتێک هیوا دەکوژرێت، مێژوو دەوەستێت و کۆمەڵگە دەکەوێتە بارێکی سڕبوون و مردنەوە. لە نەوەتەکاندا، ئێمە لەو دۆخەدا دەژیاین.

## بانگەوازێک بۆ ڕامان و کارکردن

چیرۆکی هەرێمی کوردستان لە دەیەی نەوەتەکاندا تەنها تراژیدیایەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو زەنگێکی ئاگادارکەرەوەیە بۆ هەموو جیهان. وانەیەکی تاڵە دەربارەی مەترسییەکانی گەندەڵی، دابەشبوونی سیاسی و خراپیی بەڕێوەبردن. مێژوو پڕە لە نموونەی ئەو گەلانەی کە توانیویانە قەیرانەکانیان بکەنە دەرفەت. یابان و ئەڵمانیا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بوون بە کەلاوە، بەڵام بە یەکڕیزیی و سەرکردایەتیی دڵسۆز و دیدگایەکی ڕوون، وڵاتی خۆیان بونیاد نایەوە و بوونە هێزی گەورەی ئابووری.

جیاوازیی بنەڕەتی، لە (سەرکردایەتی) و (دیدگا) دایە. ئەگەر هەرێمی کوردستان بیەوێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و ببێتە ئەو وڵاتەی کە شەهیدان خەونیان پێوە دەبینی، دەبێت خاوەنی سەرکردایەتییەکی دڵسۆز و هۆشیار و دیدگایەکی نیشتمانیی ڕوون بێت، کە بەرژەوەندیی گەل لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی حیزبی و کەسییەوە دابنێت.

ئەگەرنا، خوێن و فرمێسک و دووکەڵ، تاکە زمان دەبن کە مێژووی ئەم هەرێمەی پێ دەنووسرێتەوە. یادەوەرییەکانی نەوەتەکان وەک پەڵەیەکی ڕەش بە ئاسمانی مێژوومانەوە دەمێنێتەوە، نەک وەک وانەیەک بۆ فێربوون، بەڵکو وەک چارەنووسێک کە جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە.

هەوارنامەی کتێب

# گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و پووکانەوەی چینی سێیەم

## یاخود سەرهەڵدانی دەرەبەگایەتی نوێ



د. کامەران مەنتك

ئەو گۆڕانکارییە ئابورییانەی شۆڕشی گەیاندن لەگەڵ خۆیدا هێناوییەتی، گۆڕانکاری زۆر ریشەیین وکاریگەرییەکی ترسناکیان لەسەر کۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەیە، خەریکە چینەکان هەڵدەوەشێنەوەو جۆرە کۆیلایەتییەکی نوێ دێنێتە بەرهەم، کە زۆرینەی خەڵک دەگرێتەوەو کەمینەیەکی کەم، دەست بەسەر ئابووری وڵاتان وهەموو جیهاندا دەگرن، ئەو تویژە کەمە، (جویل کوکتین) لە کتێبی هاتنی دەرەبەگایەتی نوێ، بەدەرەبەگایەتی نوێ پێناسەی دەکات وچینی ناوەڕاست هوشیار دەکاتەوە، کە مەترسیی سەرەکی ئەو شەپۆلە نوێیە لەسەر ئەو دەبێت.

لەم کتێبەدا هەندێک ئاماری سەیری لەمبارەیەوە تێدایە، بۆ نمونە لەیەکێک لە هەرێمەکانی چین، لە ساڵی ٢٠١٧ حەوت ملیۆن کەس زانکۆیان تەواو کرد، کاتێک دامەزران وکەوتنە کار بۆیان دەرکەوت، ئەگەر لەپۆلی دووی ناوەندیدا وازیان لەخوێندن بهێنایە، هەمان مووچەی ئێستایان وەردەگرت، دیارە لە ئەدەبیاتی مارکسی مووچەخۆر بە وردە بۆرژواو چینی سێیەم ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە ئەمە لەلایەک بەهای خوێندن کەم دەکاتەوە، لەلایەکی تر هاوشێوەی پیاوانی ئاینی لەسەردەمی دەرەبەگایەتی کۆندا، سوپایەک لەپیاوانی ئاینی وئەکادیمی دروستکراوی خۆیان دێنێتە بەرهەم، کە هاوپەیمانی لەگەڵ دەرەبەگە نوێیەکان دەکەن وبەیەکەوە بەرامبەر کۆمەڵگە دەوەستنەوە!

چڕ بوونەوەی سەرمایە لەدەست کەمینەیەک، مەترسییەکی زۆر گەورەیەو واتای ئەوەیە دەستی ئەو کەمینەیە دەکاتەوە، کە هەموو ڕێگەیەکی شەرعی وناشەرعی بگرنە بەر بۆ لێدانی نەیارەکانیان، یاخود بۆ لێدانی ئەوانەی، کە ناکەونە ژێر کاریگەری ئەو چینە نوێیە، ئەو گۆڕانکاریانە ئەوە دەسەپێنێت، کە ڕێگەیەکی نوێ بۆ بەگژداچوونەوە بگیرێتە بەرو هەموو ئەو بەها



چرووکانەی ئەوان لای کۆمەڵگەی گەورەی دەکەن ووەک چەکێک بەکاری دەهێنن، کە لەبنەڕەتدا تاوانی نێودەوڵەتییە، بخرێتە بەرچاوی خەڵک وبە بوێرییەوە راستییەکان ئاشکرا بکرێن وبێبەها بکرێن.

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی، کە لەو کتێبەدا هاتووە، بۆ نمونە ئەو سەرمایەی لەدەست ١٪ سەرمایەدارەکانی جیهانە، لەساڵی ١٩٧٨ ڕێژەکەیتەنیا لە ٧٪ بوو، کەچی لە ساڵی ٢٠١٢ گەیشتە ٢٢٪، بەگوێرەی پێشبینی ئەو توێژینەوانەی دەکرێت، لەساڵی ٢٠٣٠ ئەگەری ئەوە هەیە ١٪ دانیشتوان دەست بەسەر سێ یەکی سەرمایەی جیهان دابگرێت، هەر بەگوێرەی ئاماژەکانی نیو ئەو کتێبە چینیکی بەناو سوسیالیستی، ئێستا ١٪ دانیشتوانەکەی، مەبەستم سەرمایەدارەکانە، سێ لەسەر چواری سەرمایەی ئەو ولاتەیان مۆنۆپۆل کردووەو ٢٠ئەو ٪ دەمێنیتەوە بەشی زیاتر لە ملیارێک وسێ سەد ملۆیۆن مرۆڤە.

ئەو گۆڕانکاریانە ڕەنگدانەوەی مەترسیداریان لەسەر لایەنی دیموگرافیاش دەبێت، لەبەرئەوەی دەستکەوتنی شوێنی حەوانەوە، ئاسان نابێت وکەم کەس توانای ئەوە دەبێت خانوو یاخود ئەپارتمان پەیدابکات، بۆئەوەی خێزان بەیەکەوە بنێت وئیدارەی ئابوری بکات، دیارە ئەمەش دەبێتە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی، لێرەدا ئەمە لەگەڵ تیووری ملیاری زێڕین یەکدەگرێتەوە، کە پێی وایە بوونی ئەو هەموو مرۆڤە لەسەر گۆی زەوی زیادەو سەرچاوەکانی ژیان بەشی ناکات، بۆیە ئەگەر ئەو ژمارەیە، هاوڕا لەگەڵ تیوورەکەی ماڵتۆس کەمبکرێتە بۆیەک ملیاری هەڵبژێردراو، ئەوانەی دەتوانن رووبەڕووی ئەو گۆڕانکارییانە ببنەوەو لەسەر پێی خۆیان راوەستن باشترە لەبوونی حەوت بۆ هەشت ملیار مرۆڤ، کە باری گۆی زەوی گرانتر دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو گۆڕانکاریانە ئاماژەیەکی مەترسیدارن بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێت کۆمەڵگەی کوردی، کە ڕێک سەرەتاکانی ئەو گۆڕانکارییانەی بەچڕی لێ بەدیارکەوتووە وخۆی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادە بکات، چونکە جەورو ستەمی دەرەگە نوێیەکان زۆر لە جەورو ستەمی دەرەبەگە کۆنەکان زیاتر دەبێت وئەمەش دەبێتە هۆی تەقینەی جەماوەری وسەرهەڵدانی شۆڕشی خوێناوی، کە دەتوانین بە شۆڕشی برسییەکان، یاخود کۆیلە نوێیەکان ناوی ببەین.

هەواڵنامەی کتێب

# زمانی دایک، بنەمایەکی بوونایەتیی و پێویستییەکی ڕاستەقینە بۆ گەشەکردنی بونیادیی و فرە ڕەهەند



ئەحمەد ڕەسوڵ

زمان کە داهێنراوێکی مرۆییە، بوونی باڵای مرۆڤ لەنێو گشت بوونەوەراندا پیشان دەدات. لێرەوەیە زمان گرنگییەکی هەمە لایەنی هەیە لە ژیانی ئینساندا وەکو تاکە کەس لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا و هەم لە پەیوەندیدا بە مرۆڤەکانی دیکەوە و بە کۆمەڵگاوە بە گشتیی. بۆ ئێمە، وەکو ئینسانی کورد و دۆزە ڕەواکەی لە ناوچەیەکدا کە تەنراوە بەو هێزانەی لەسەر نکوڵیکردن لە بوونی ئینسانی کورد خۆیان بونیات ناوە، پێویستییەکی هەموو ڕۆژەیە گرنگییدان بە زمان و تیگەیشتن لە مانا و ڕەهەندەکانی. هەروەها بە بیرلێکردنەوە و توێژینەوە لەبارەیەوە ڕەهەندی دیکەی فراوانبوون و قووڵبوونەوەی زیاتری بەسەردا دەکەینەوە. ئەم نووسینە، هەوڵدەدات لە ڕەهەندی جیاواز و ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە زمانی دایک بکات بە بابەتی بیرلێکردنەوە و تێڕامان و قسەلێکردن.

## زمانی دایک و بوونی ئۆنتۆلۆژیی

زمان هۆکارێکی بەهێزی پەیوەندییە کە وایکردووە مرۆڤەکان پەرەسەندووتر بن لە بوونەوەرانیدی. شوناسی مرۆڤ سەر بە کۆنتێکستێکی کولتورییە. شێوازی هەرە بەهێزی سیمبولیزەکردنی کولتور، زمانە یان دەتوانین بڵێین کە زمان کرۆک و چەقی کولتورە. سەرباری ئەوەی کە زمان بەشێکە لە کولتور، بەڵام بەشە




هەرە گرنگ، بەهێز و ماناپێدەرەکەیەتی. واتا کولتور لە ڕێگای زمانەوە مانا بەدەستدەهێنێت.

زمان ماڵی بوونە «Language is the house of being» مارتین هایدیگەر لە پەیوەندی نێوان زمان و بووندا، زمان «کە لە نێویدا تێگەیشتن و ڕاڤەکردن دەربارەی بابەت، کە شتێک یان کەسێکە، بەرهەمدێت» وەک بنەڕەتی ئۆنتۆلۆژییانەی بوون دادەنێت. بابەت هەر شت یان کەسێکە کە بیرکردنەوەی ئاراستەدەکرێت و تێگەیشتن لەبارەیەوە بەرهەمدێت و بەمەش ڕاڤەکردن دێتە ئاراوە. ئەم پرۆسەیە دەبێتە فۆرمیولەی بوون دەربارەی بابەت. واتا تێگەیشتن و ڕاڤەکردن «تفهیم و تفسیر» لەڕێگای زمانەوە و لەنێو زماندایە. ئەو تێگەیشتن و ڕاڤەکردنە کە بۆ بابەت دێتە ئاراوە، بوونی بابەتەکە پێکدەهێنێت لەنێو زماندا. واتا بوون لەنێو زماندا پێکدێت کە بەمە دەگوترێت بوونی ئۆنتۆلۆژیی. هەربۆیە هایدیگەر دەڵێت زمان ماڵی بوونە، بە واتای بوون نیشتەجێی نێو زمانە. واتا بوون لە نێو زماندا مانای هەیە و بیری لێدەکەینەوە. واتا زمان دەبێتە ئەو ماڵەی کە بوونی تێدایە.

بیرکردنەوە لەپەیوەندییەکی تەواوکارییدایە لەگەڵ زمان. لودڤیگ ویتگنشتاین دەڵێت: سنورەکانی زمانم، سنورەکانی جیهانەکەمە The limits of my language mean the limits of my world

واتا زمان کە ئاستیی قووڵیی و جۆرێتیی بیرکردنەوەمان دەردەخات، ئەو دنیایەیە کەبوونی ئێمەی تێدا بەرجەستەیە. زمانی ئێمە «بیرکردنەوەی ئێمە»، دنیای ئێمەیە «بوونی ئێمەیە». فراوانیی سنوورەکانی دنیای بوونمان، هێندەی فراوانیی سنوورەکانی زمان و بیرکردنەوەمانە.

برایان ماگی لەکتێبی (ددانپێدانانەکانی فەیلەسووفێک)دا لەبارەی بیرکردنەوەوە دەنووسێت: «ناتوانین بەزمان دەریببڕین کە بیرکردنەوە چۆنە پێشئەوەی وەربگێڕدرێتە

سەر زمان» واتا بیرکردنەوە کە گفتوگۆیەکی یەکلایەنی ناوەکییە و هێشتا نەهاتووەتە دەرەوە لەڕێگەی زمانەوە و نەبووەتە وشە، ناتوانین وێنای بکەین و لێی تێبگەین، تەنها کاتێک دەتوانین لێی تێبگەین کە کرابێت بەووشە. کەواتە بیرکردنەوە لەنێو زماندا بوونی بۆ پەیدا دەبێت. واتا بیرکردنەوە لە نێو زماندایە.

فێربوونی زمانی دایک، بیرکردنەوە، ئاخاوتن و خوێندن بە زمانی دایک یەکێک لە هەنگاوە پێویستەکانە بۆ گەشەکردنی ڕۆشنبیریی یان گەشەکردنی ئیدراکیی «Intellectual Development – Cognitive Development» ئەمەش، بەگوێرەی دەیڤید مۆشمان، پرۆفیسۆری دەروونناسیی پەروەردەیی.

زمانی دایک، پێویستییەکی بنەمایی بۆ گەشەی هزریی

زمان زیاترە لە تەنها ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن و بەڵکو هاوکات بزوێنەرێکی بەهێزی بیرکردنەوە و بەردی بناغەی گەشەسەندنی فیکرییە. زمانی یەکەم، یان زمانی دایک، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە دارشتنی توانا مەعریفیەکانی منداڵ، گەشەی سۆزداریی و ئامادەیی و تواناداربوونی بۆ فێربوون. لەسەر بنەمای تیۆرییە سەرەکییەکانی پیاژێ و ڤیگۆتسکی.

## پەیوەندی نێوان زمان و گەشەکردنی مەعریفی

گەشەسەندنی مەعریفیی یان فیکریی، فۆرمەکانی تێگەیشتن، ئاماژەکان و واتا ئاماژە بۆ کراوەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لەخۆدەگرێت کە هێواش هێواش ئاڵۆزتر دەبن. لە کاتێکدا مرۆڤ ناتوانێت بەبێ زمان بیربکاتەوە، چونکە کەرەستەکانی بیرکردنەوە کە ووشە و زاراوە و دەستەواژەکانن لە نێو زماندان. بیرکردنەوە لە ئاستێکی باڵادا هاوشانی زمانە لە ئاستێکی باڵادا. هەروەها زمان، بیرکردنەوە پاڵاوتە و ڕێکدەخات. منداڵ زمانی دایک کە لە لەدایکبوونەوە بە شێوەیەکی سروشتی فێردەبێت. زمانی دایک دەبێتە ئامرازی سەرەکی منداڵ بۆ گرتنەبەری چەمکەکان و لێکدانەوەی جیهان.

توێژینەوەکان دەریدەخەن کە دواکەوتن لە فێربوونی زمان و دواکەوتن لە تێگەیشتن و بەکارهینانی چەمک و زاراوەکاندا لەلای منداڵ، زۆرجار هاوتایە لەگەڵ دواکەوتنی لایەنە سەرەکییەکانی گەشەی مەعریفی. وەک یونسکۆ و ڕێکخراو و ناوەندەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە زمانەوە، ئاماژەیان پێکردووە، فێربوون بە زمانی دایکی مرۆڤ هەم بەهای مەعریفی و هەم بەهای سۆزداری هەیە، ئەمەش بناغەیەک بۆ فێربوون لە تەواوی ژیان دادەنێت.

## زمانی دایک لە پەروەردەدا

کاتێک منداڵان بە بناغەیەکی پتەو بە زمانی دایکی خۆیان دەست بە خوێندن دەکەن، ئەگەری سەرکەوتنیان زیاترە لە ڕووی ئەکادیمییەوە. چیرۆک و گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی کولتوریی بە زمانی ماڵەوە ئامادەیان دەکات بۆ خوێندەواریی و چارەسەرکردنی کێشە و بیرکردنەوەی ئەبستراکت.

توێژینەوەکان دەریدەخەن کە ئەو خوێندکارانەی بە زمانی دایکیان وانەیان پێ دەوترێتەوە، خێراتر و قووڵتر چەمکەکان وەردەگرن لە چاو ئەوانەی کە ناچارن لە ڕێگەی زمانێکی دیکەی نامۆوە فێرببن. فێرکردن بە زمانی زگماکی یان زمانی دایک تەنیا زانیاری بابەتەکان بنیات نانێت؛ بەڵکو توانا فیکرییە گشتییەکان بەهێز دەکات کە

پەیوەندییان بە ژیانی دەرەوەی پۆلەوە هەیە. گەشەی مەعریفیی لەپێشتر دەبێت کاتێک منداڵان بەو زمانە فێر بکرێن کە لە ماڵەوە قسەی پێدەکەن. بە هەمان شێوە، فێربوون لە ڕێگەی زمانی دایکەوە خێراتر و کاریگەرترە و هەروەها ئاستی تێگەیشتن و مانەوەی زانیارییەکان لە یادگەدا بەرزترە.

تیۆری گەشەپێدانی مەعریفی ژان پیاژێ

ژان پیاژێ، گەشەی مەعریفی وەک زنجیرەیەک قۆناغی گشتگیر وێنا دەکات. فێربوون لە ڕێگەی ئەسیمیلەکردن یان گونجاندنی زانیاری نوێ لەگەڵ پێکهاتە دەروونییە هەبووەکاندا لەلایەک و هەروەها جێگیرکردن بە واتای دروستکردنی پێکهاتەی نوێ کاتێک پێکهاتە هەبووەکان ناگونجێت، لەلایەکی ترەوە، ڕوودەدات.

زمان لای پیاژێ، ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەیە نەک لە قاڵبدانی. لای پیاژێ، مەعریفە لە پێش زمانەوە دێت. ئەو دەیگوت قسەکردنی ئیگۆسەنتریک لە منداڵاندا لەگەڵ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی لۆژیکی و کۆمەڵایەتیدا نامێنێت. پەروەردە، لە مۆدێلەکەیدا، پێویستە لەگەڵ قۆناغی گەشەکردنی منداڵەکەدا بگونجێت و جەخت لەسەر بەشداریکردنی چالاکانە لەگەڵ ئەزموونە کۆنکرێتییەکان بکاتەوە پێش چەمکە ئەبستراکتەکان.

## ڕوانگەی دەروونی زمانەوانی

دەروونناسانی وەک نوام چۆمسکی باسیان لەوە کردووە کە هەموو منداڵان خاوەنی توانایەکی زگماکین بۆ بەدەستهێنانی هەر زمانێک لە سەرەتای منداڵیدا، قۆناغێک کە زۆرجار بە «قۆناغی گرنگ» ناودەبرێت. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا زۆربەی منداڵان بە شێوەیەکی سروشتی، بەبێ فێرکردنی فەرمی، شارەزا دەبن لە پێکهاتە و وشەسازی زمانی یەکەمیان، واتا زمانی دایکیان.

ئەم توانایە دەتوانێت لە ڕووی تیۆرییەوە پشتگیری لە فێرکردنی پێشوەختە بکات بۆ زمانێکی دیکەی جیاواز لە زمانی دایک، بۆ نموونە زمانی دووەم بێت لە کۆمەڵگاکەیدا یان زمانێکی نێودەوڵەتی، کە خوێندکاران لە سەرەتاوە بکات بە دوو زمانزان. بەڵام فێرکاری بە زمانی دایک ناوچەیەکی ئاسوودەیی مەعریفی پێشکەش دەکات بە منداڵ. ئەمەش ڕێگە بە فێرخوازان دەدات کە سەرنجیان لەسەر چەمکەکان بێت نەوەکو سەرقاڵی کردنەوە و تێگەیشتنی کۆدەکانی زمانێکی نامۆ بن، ئەمەش بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ فێرخوازان، بە تایبەتی لە خوێندنی سەرەتاییدا زۆر بەنرخە.

ڕوانگەی کۆمەڵایەتی زمانەوانی

جیهان بە ڕێژەیەکی ترسناک بە پرۆسێسی لەنێوچوونی زمانەکاندا تێپەڕدەبێت. لە زیاتر لە ١٤ هەزار زمان لە سەدەی پازدەهەمدا بۆ نزیکەی ٦ هەزار زمان لە ئێستادا دابەزیوە. تەنها پێنجیان «چینی، ئینگلیزی، هیندی، ڕووسی و ئیسپانی» لەلایەن زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی جیهانەوە قسەیان پێدەکرێت. جیهانگیریی، ماشێنی ڕەخساندنی زەمینەیە بۆ ئەم ڕەوتە بەردەوامەی لەنێوچوونی زمانەکان و پرسیارێک دەوروژێنێت: ئایا زمانێکی جیهانی هاوبەش لە باوەش بگرین یان شەڕ بۆ پاراستنی هەمەجۆریی زمانەوانی بکەین؟

لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی زمانەوانییەوە، فێرکردنی زمانی دایک تەنیا پەیوەندی بە فێربوونەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە یەکسانبوونی کولتوریی و پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵایەتییەوە

هەیە. لەنێوچوونی زمانەکان، مێژوو و نەریت و شێوازی بیرکردنەوەی ناوازەی میللەتێک یان گروپێکی کۆمەڵایەتی دەسڕێتەوە.

## ڕوانگەی سیاسی

زمان ڕەهەندێکی سیاسیی هەیە. لە وڵاتانی فرە زمان هەڵبژاردنی زمانی فێرکردن دەتوانێت یەکگرتوویی یان دابەشبوونی لێبکەوێتەوە. لە مێژوودا پێکهاتە باڵادەستەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا، زمانی خۆیان لە حوکمڕانی و پەروەردەدا بەرەوپێش بردووە و زمانی کەمینەکان یان ژێردەستەکانیان پەراوێزخستووە. کەلەپووری کۆلۆنیالیزم ئەم پلەبەندییەی چەسپاندووە. هەروەها زمانی ئەو میللەتانەی هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی ڕزگاریی و سەربەخۆیی، زمانەکەیان بەراورد بە زمانی میللەتی باڵادەست لە یەک ئاست و بەهای بوونایەتییدا نین. بۆ نموونە زمانی کوردیی لە وڵاتانی ئێران، تورکیا و سوریا.

هەندێک جار لە سیستەمە سیاسییە ستەمکارەکانی پێکهاتە باڵادەستەکان لە هەندێک وڵاتدا، لە پەیوەند بە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکارییەوە بە زمانی دایک، ئاماژە بۆ ترسێک دەکەن، ترس لە لێکترازان و پارچە پارچەبوونی کۆمەڵایەتی. بەڵام لە ڕاستییدا خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایک و ڕێزگرتن لەم مافەی منداڵان و مرۆڤەکان هۆکارێکە بۆ یەکگرتوویی و وابەستەیی جڤاکیی پێکهاتە جیاوازەکانی نێو هەر کۆمەڵگایەک و هەر دەوڵەتێک. ڕەتکردنەوەی خوێندن بە زمانی یەکەمی مرۆڤ، ڕەتکردنەوەی مافی یەکسانیی و دەرفەتی یەکسانییە لەبەردەم مرۆڤەکاندا هەر لە سەرەتای تەمەنیان و لە منداڵییەوە.

## ڕوانگەی کولتوریی

زمان، کە لە سیستمێک هێمای زارەکیی و نوسینەکیی پێکدێت، نوێنەرایەتیی کولتورێک دەکات. زمانی دایک لە ڕێگەی کولتورەوە فێردەبین لە هەمانکاتدا لەڕێگەی فێربوونی زمانەکەوە بە کولتورەکەش ئاشنا دەبین. واتا هەم زمان لە نێو کولتوردایە هەم کولتور لەنێو زماندا. لێرەوەیە، زمان و کولتور کە لەنێو یەکتریدان، شوناسی ئینسان پێکدەهێنن.

زمان پایەیەکی ناوەندییە لە نێو کولتوردا، زمان هەڵگری چیرۆک، نەریت و بەهاکانە. وانەوتنەوە بە زمانی دایکی منداڵ، پڕۆسەی فێربوونی قوتابخانە بە زانیارییە کولتوورییەکانەوە دەبەستێتەوە و پەروەردە پەیوەندیدارتر و مانادارتر دەکات. هەروەها لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە نێوان پێکهاتە زمانەوانییە جیاوازەکاندا بەرەوپێش دەبات. لە وڵاتانی فرە کولتوریدا، تێکەڵکردنی زمانە ناوخۆییەکان لە پۆلدا دەتوانێت نۆرم و بەها کولتورییەکان بپارێزێت و لە هەمان کاتدا یەکێتی و یەکگرتوویی بنیات بنێت.

## ڕوانگەی پێداگۆجی

لە ڕووی پێداگوجییەوە، هیچ زمانێکی گشتگیر یان باشترین بۆ فێرکردن نییە. هەر زمانێک دەتوانێت وەک ناوەندێکی گەیێنەری کاریگەر بێت. بەڵام لە نێو کولتور و کۆمەڵگایەکی فرە زماندا، ئەو خوێندکارانەی کە بە زمانی دایکی خۆیان فێردەبن زیاتر ئاوێتەی بابەتەکان دەبن و توانای ئەکادیمی بەرزتر بەدەستدەهێنن و تەنانەت لە فێربوونی زمانی دووەم یان زمانەکانی تردا باشتر دەبن.

فێرکردن بە زمانی دایکی نەک تەنها تێگەیشتن بەرز دەکاتەوە بەڵکو هاندەری بەشداریکردنی

دایک و باوکە، بەو پێیەی دایک و باوک دەتوانن لە فێربوونی منداڵەکانیان تێبگەن و پشتگیری بکەن.

## زمان، یادگە و خەیاڵگەی کۆیی

د. محەممەد ئارکون, لەبارەی زمانی کەمینەکان و فێربوونی زمانی نوێ یان زمانی دووەم و زمان بە گشتیی دەڵێت: «فێربوونی هەر زمانێک سەرباری جۆراوجۆرێتی لە زماندا لەلای هەر کەسێک، جۆرێکە لە کرانەوەی کولتوریی و فەرهەنگیی لەگەڵ فەزیلەتێکی شارستانیی، هەروەها ئاشنابوونە بە یەکێک لە شێوازەکانی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کۆمەڵێکی مرۆیی و یەکێک لە ڕێگەکانی داهێنان و بەشێک لە کەلەپوری مرۆیی.»

ئارکون سەبارەت بە کەمینەکان دەڵێت «هەر تاکێک لە کەمینەیەکی زمانیی لە هەر وولاتێکدا ناچارە سەرباری زمانی باوانیی وەکو کەمینەیەک، زمانی فەرمی وڵاتەکەش فێرببێت و بیزانێت کە زمانی خوێندن و زمانی فەرمی دەوڵەتە. زمان بە توندی پەیوەندیدارە بە دەوڵەتەوە. فێربوونی زمانێک جگە لە زمانی باوان، بەدەستهێنانی سامانێکی کولتوریی و شارستانییە بۆ هەر کەسێک. زمان یادگەی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکە. فێربوونی هەر زمانێک، ئاشنابوونە بە جۆرێکی دیاریکراوی تێگەیشتن و بیرکردنەوە، ڕێگەیەکی دیاریکراوی داهێنان لەلای کۆمەڵێکی مرۆیی، هەر بۆیە یونسکۆ داکۆکی لە مانەوەی زمانەکان و ڕێگریکردن لە لەناوچوونیان دەکات وەک بەشێک لە توراسی مرۆیی»

## زمان لە کۆنتێکستی سیاسەتی جیهانییدا

دەزگا نێودەوڵەتییەکانی وەک یونسکۆ داکۆکی لەوە دەکەن کە دەبێت منداڵ لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زمانی دایکی بخوێنێت و پەروەردەی زمانی دایکی لە پێشینەی کایەی پەروەردە بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە سیستەمەکان بە تایبەتی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی هەر لە سەرەتاوە زمانی میللەتی زۆرینە و باڵادەست لە پەروەردە و خوێندندا دەسەپێنن. زۆرجار ئەنجامەکەی نزمبوونەوەی ئاستی تێگەیشتن، بەرزتر بوونی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن لەلایەن منداڵانەوە و هەروەها نایەکسانی پەروەردەییە بۆ ئەو کەسانەی کە زمانی دایکیان، زمانی کەمینەیە یان زمانی میللەتی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی و دەوڵەتیی نین.

ئەو منداڵانەی کە یەکەمجار بە زمانی دایکی خۆیان، خوێندوویانە و پەروەردە کراون، ئەگەری سەرکەوتنیان زیاترە لە ڕووی ئەکادیمییەوە، سەرباری پاراستنی ناسنامە کولتورییەکەیان، هەروەها توانایان زیاتر دەبێت بۆ فێربوونی زمانی تر.

دەرەنجام: بنیاتنانی مێشک لە ڕێگەی زمانەوە زمانی دایک تەنها ئامرازێک نییە بۆ دەربڕین، بەڵکو هاوکات ئامرازێکی ئیدراکیی و مەعریفییە. بە زاراوەی پیاژێ زمانی دایک پشتگیری لە پێشکەوتنی سروشتی پێکهاتە دەروونییەکان دەکات. لە ڕوانگەی ڤیگۆتسکیەوە «ئەو ناوەندەیە کە کولتور و ئاوەز تێیدا ئاوێتەن. لێرەوە، پەروەردەکردنی منداڵان بە زمانی یەکەمیان شتێکی ڕواڵەتیی و بابەتی دیکۆراسیۆن نییە، بەڵکو پێویستییەکی بنەمایی و ڕاستەقینەیە بۆ گەشەکردنی هزریی و ئیدراکیی و مەعریفیی.

زمان و بیرکردنەوە بەردەوام یەکتری بەرهەم دەهێننەوە و هەر یەک ئەویدی شێوەڕێژ دەکاتەوە. ئاستی بەرزی زانیین مانای قووڵ لە

هەواڵنامەی دێتی

زانین (مەعریفە) دا دەبێتە هۆی بەرزتربوونەوەی ئاستی گوزارشە زمانییەکان و هەروەها چەمک و زاراوەی ئەوتۆ شێوەڕێژی زمان دەکەن کە مانای قوولتر و فروانتر لە خۆ دەگرن. هەروەها بە دیوەکەی تریشدا، زمانی ئاست بەرز لە گوزارش ودەربڕیندا، زمانی ئاوێزانبوو بە چەمک و زاراوەی مانا قوولتر و فراوانتر، ووزەیەکی زیاتر و سووتەمەنی زۆرتر دابین دەکات بۆ بیرکردنەوە و مەعریفە . دروست دەکات؛ پاشان، زمان سووتەمەنی زیاتری بیرکردنەوە دەدات. ڕەتکردنەوەی مافی فێربوونی منداڵان بە زمانی خۆیان ئەم خولە دەبڕێت و ئەگەری هەیە ئاسۆی فیکرییان سنووردار بکات.

سەرەڕای ڕێپاری ڕێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNESCO لە ساڵی ١٩٥٣ەوە بۆ خوێندنی منداڵان لە قۆناغی سەرەتایی و بنەڕەتی بە زمانی دایکی خۆیان، بەڵام هێشتا میللەتانێک و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکانی دنیا بە شێوازی تاک زمانی کە زمانە فەرمییەکەی دەوڵەت و پێکهاتە یان میللەتی سەردەستە، دەخوێنن و بێبەشن لە پەروەردە و خوێدن بە زمانی دایکی خۆیان. لەم جۆرە ژینگەیەی پەروەردە و فێرکارییدا، ئەو منداڵانەی کە زمانی دایکیان جیاوازە لە زمانی ناوەندەکانی خویندن و فێرکردن، زۆرجار ڕووبەڕووی بەربەستی فێربوون دەبنەوە و گرفتی زاڵبوون بەسەر تێگەیشتنی پرۆگرامەکانی خویندنیان هەیە.

سەرچاوەکان:


- Becker, J., & Varelas, M. (2001). Piaget's early theory of the role of language in intellectual development: A comment on DeVries's account of Piaget's social theory. Educational researcher

- Cook, J. L., & Cook, G. (2005). Child development: Principles and perspectives. NJ: Pearson Education.

- Philosophy Now – A Magazine of Ideas – 2021 Thinking about Thinking; Prof. Raymond Tallis www.philosophynow.org/issues/143/Thinking_About_Thinking

-www.marxists.org/archive/vygotsky/works/words/Thinking-and-Speech.pdf

- Ratner, C. (2008). Child psychology: Vygotsky›s conception of psychological development. Institute for Cultural Research & Education. Retrieved August, 2008

- Mother Tongue, a Necessary Step to Intellectual DevelopmentRezvan Noormohamadi. Islamic Azad University of Tehran, Science and Research Branch Journal of Pan-Pacific Association of Applied Linguistics,12(2), 2536-

- Vygotsky, L. (1978). Mind in society: The development of higher psychological processes. United States of America: Harvard University Press.

- United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization. (2005). Mother tongue-based teaching and education for girls: advocacy brief. Bangkok: UNESCO Bangkok, 2005.

- United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization. (2007). Education for All: Global Monitoring Report. Paris. UNESCO France, 2007

- Chomsky, Noam. 1959. A Review of B. F. Skinner's Verbal Behaviour. Language 35:2658-

- د. محمد کمال، هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفیی، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، دەزگای سەردەم.

- برنامج «المسارات»، قناة الجزيرة، المقدم: مالک التریکی، مقابلة خاصة مع د. محمد ارکون، ٢٠٠٨ - یوتیوب.

# کورد و مافی چارەی خۆنووسین..



ڕەزا شوان - نەرویج

هەواڵنامەی کتێب

## مافی چارەی خۆنووسین چییە؟

زاراوەی « مافی چارەی خۆنووسین « کە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی و زانیاری سیاسیدا هاتۆتە ئاراوە، بووە بە زاراوەیەکی یاسایی و سیاسی جیهانی. ئاماژە بەوە دەکات، کە هەر نەتەوە و گەلێکی خاوەن ناسنامەی جیاواز، مافی ئەوەی هەیە کە خواستە سیاسییەکانی خۆی دیاری بکات و شێوازێکی سیاسی دروستیش بگرێتەبەر بۆ هێنانەدی ماف و داوا ڕەواکانی و بەڕێوەبردنی ژیانی گەلەکەی، لە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووریدا. بەبێ دەست تێوەردانی دەرکی، یا سەرکوتکردنی بە هێز لە لایەن دەوڵەتانی بێگانەوە.

تا ئەمڕۆ کۆمەڵێک بڕیارنامە و ڕاگەیاندن، لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی، دەربارەی یاسایی و ڕەوایی مافی چارەی خۆنووسین ڕاگەیەندراون. هەموویان پشتگیری لەم مافە دەکەن و جەخت لەسەر جێبەجێ کردنی دەکەنەوە. بە کورتی مافی بڕیاری چارەی خۆنووسین، مافێکی ڕەوای هەر گەلێکی ماف زەوتکراو و نیشتمان دەگیرکراوە. وەک گەلی کوردمان.

هەر لەم بارەیەوە، لە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، جەخت لەسەر ئەوەش کراوە، کە نەگونجانی ئاستی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، نابێت ببێت بە هۆکارێک، بۆ پەڵپگرتن و بیانوو پێگرتن، بۆ دواخستنی سەربەخۆیی گەلانی هەرێمەکان، کە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنیان نییە.

لە کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری وڵاتانی



ئـەوروپـــادا، کـە لـە (١- ٨ - ١٩٧٥) لـە شـاری (هەلسەنگی ) لە فنلەندا بەسترا، (٣٣) وڵاتی ئەوروپی و ئەمریکاش بەشداریان تێیدا کرد. تێکڕا جەختیان لە مافی چارەی خۆنووسینی گـەلان کـــردەوە. کە هـەر گەلێک بە یەکسانی وبەبێ جیاوازی، مافی ئـەوەی هـەیە، کە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی بکێشێت، بەبێ دەست تێوەردان و فشاری دەرەکی.

لە کۆنگرەی جیهانیش بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە لە (١٤- ٥- ١٩٩٣) لە ( ڤیێنا) ی پایەتەختی نەمسا، بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسترا، لە ڕاگەیاندنی کۆتایی بەشداربووانی ئەم کۆنگرەیەدا ، تێکڕا دووبارە جەختیان لەسەر یاسایی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان کردەوە. پشتگیریشیان بۆ دەقی ئەو بڕیارە ڕاگەیاندراوانە دەربڕی کە پێشتر دەربـــارەی مافی چارەی خۆنووسین دەرکراون.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی (١٩٧٣) دا، لە بڕیاری ژمارە (٣٩٧٠) دا، داوای لە هەموو وڵاتانی ئەندام کرد. دان بە مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی گەلاندا بنێن و هـاوکاری مـادی و لۆجستی و هەموو جۆرە یارمەتییەکی پێویستی تری ئـەو گـەلانە بکەن، کە لە پێناوی ئەم ئامانجانەدا خەبات دەکەن.

چۆن نەتەوەکان بە مافی چارەی خۆنووسین دەگەن:

ئەم مافەش بەخشین نییە، بەڵکو مافێکی ڕەوا و یاساییە. ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەکی یاساییش نابێتە. چونکە هەمـوو بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، دانیان بـەم مافەدا نـاوە و کۆکن لەسەری و جەختی لێدەکەنەوە.

ئەزموونە مێژووییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە ڕێزگرتـن لـە مـافی چـارەی خۆنووسینی گەلان و جێبەجێکردنی. هۆکارێکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستایەتی و هـاوکاری و ڕێز و خۆشەویستی لەنێوان وڵاتان و گەلانی جیهاندا. هـۆکار و پاڵپشتێکی بەهـێزیشە بـۆ بەرقـەراربوونی ئاشـتی و خـۆشـەویستی و سەقامگیری لە جیهاندا.

شـــارەزای بێلایەنی نـەتـەوە یەکگرتووەکان (ئەلفرێد دی زایـــاس) دەڵـێـت:» ئاشتییەکی هەمیشەیی، بریتییە لە جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو گەلان، بەبێ جیاوازی. « ئاماژەی بـەوەش کـردووە کە:» حاشاکردن لە جێبەجێ کردنی مافی چارەی خۆنـووسینە، کە بەربـەرەکانی دروست دەکات).

هـەر ئاسایش و سەقامگیرییەک، بە هـێز و توندوتیژی و سەرکوتکردن و دەمگرتن و ستەملێکردن و کوشتن و بڕین و زۆرەملـێ بسەپێنرێت و نکووڵی و حاشا لە ناسنامە و لە مافە ڕەوا نەتەوەیی نەتەوەکانی تر بکرێن و مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی بە ناپاکی و بە تاوان و بە جوداخوازی بزانن، ئەوە ئاسایش و سەقامگیری نییە، بەڵکو ئەمـانە تاوانـن بەرانبەر بە گەلانی ئازادیخواز و ڕزگاریخواز، کە دەیـانـەوێـت مـافی چـــارەی خۆنووسینی خۆیان دیاری بکەن. داگیرکەرانی کوردستان،

زۆر زیاتر لەم سیاسەتە سەقەت و رەفتارە نامرۆییانە دەرهەق بە گەلی کوردمان پەیڕەوی دەکەن.

لە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە، مافی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوە و سەربەخۆیی، بوون بە چەمکێکی جێگیر و چەسپا و جێبەجێ کراو. چەندین گەل و وڵات مافی چارەنووسی خۆیان دیاری کرد و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان راگەیاند. کە لە ئەمڕۆدا ئەندامن لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاڵاکانیان لەسەر بارەگاکەیدا دەشەکێنەوە. ئەم مافە تەنها پەیوەندی بە وڵاتانەوە نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە گەلانەوە هەیە، گەلێکی گەورەبن یا بچووک بن.

## شێواز و رێگای مافی چارەی خۆنووسین:

١- بە رێگای ریفراندۆمە (راپرسی گشتی): ئەم شێوازەش باشترین رێیە، بۆ ئەوەی گەلانی ئازادیخواز بە ئازادی دەنگ بدەن و بڕیار لە مافی چارەنووس و سەربەخۆیی و ئایندەی خۆیان بدەن. ئەم راپرسییەش یاساییە، دژ بە هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی نییە. پێویستە راپرسییەکەش، بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام بدرێت. نموونەی ئەم شێوازەش: جیابوونەوە و سەربەخۆیی (تەیموری رۆژهەڵات) لە ئەندەنۆسیا لە رۆژی (٢٠ / مای/ ٢٠٠٢) دا. هەروەها جیابوونەوەی ( ئەریتریا ) لە (ئەسیوپیا) لە رۆژی (٢٣/ مای/١٩٩٣) دا. سەربەخۆیی (کۆماری باشووری سودان) لە سودان لە رۆژی (٩/ یولیۆ/ ٢٠١١) دا. جیابوونەوەی ( کۆسۆڤۆ) لە (سربیا ) لە رۆژی ( ١٧/ فبرایەر/ ٢٠٠٨) دا.

٢- بە رێگای خەباتی چەکدارییەوە: گەر داگیرکەر و دەسەڵاتی خۆسەپێن رازی نەبوون کە بە شێوازێکی گفتوگۆ و ئاشتی و بە ریفراندۆم، گەلی ژێردەستەکراو و نیشتمانی داگیرکراویان، نەتوانن مافی چارەنووس و سەربەخۆیی دەستەبەر بکەن. ئەو نەتەوە و نیشتمانە داگیرکراوە، مافێکی رەوای خۆیانە، کە لە پێناوی مانەوەی خۆیان و بەرگریکردن لە نیشتمانەکەیان و رزگاربوونیان لە داگیرکەران، ناچاربن پەنا بۆ شۆڕش و راپەڕین و خەباتی چەکداری بەرن. ئەم رێبازەش تا ئەمڕۆش باوترین و بڵاوترین خەباتە، بۆ ملکەچکردنی داگیرکەران و دەستەبەرکردنی مافە رەواکانیان و هێنانەدیی مافی چارەی خۆنووسین و بڕیاردان لە جیابوونەوە و راگەیاندنی سەربەخۆیی خۆیان. نەتەوە یەکگرتووەکانیش، بەرگری و پەنابردن بۆ راپەڕین و شۆڕشی چەکداری بە مافێکی رەوای گەلانی ستەملێکراو دەزانێت. بۆ نموونە (کۆماری جەزائیر) لە رێی شۆڕشێکی چەکدارییەوە، توانی لە فەرەنسا رزگاری بێت و لە (٥/ یۆلیو/ ١٩٦٢) دا سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت. نموونەی تر زۆرن، کە کە لە رێی بەرگری و خەباتی چەکدارییەوە، نیشتمانەکەیان لە داگیرکەر رزگارکرد.

## کورد و مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی کوردستان:

بە پێی چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، کە لەلایەن مێژووناسان و رۆژهەڵاتناسان و گەڕیدەکانەوە ئەنجام دراون، وەکو گەواهی مێژوویش، بە سەدان بەڵگەی مێژوویی و کەرەستەی بەردین و قورین و کانزایی کە لە ئەشکەوت و شوێنەوارەکانی کوردستاندا دۆزراونەتەوە. بەشێکیان لە مۆزەخانەکانی عێراق و ئێران و

تورکیا و سوریا و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکایان پێ رازاندوونەتەوە. شوێنەوارێکی زۆری کوردستانیش تا ئەمڕۆش کوێرەوە نەبوون و مۆرک و رەسەنایەتی گەلی کوردیان پێوە دیارە، لەو باوەڕەشدام، چەندین شوێنەواری و دێرینگای ترمان هەیە، تا ئەمڕۆ نەدۆزراونەتەوە. مەبستم لەو پێشەکییە، رەسەنایەتی گەلی کوردمانە لە رۆژهەڵاتی ناوڕاست و لە جیهاندا، وەڵامێکیشە بۆ نەیارانی کورد، کە نکووڵی لە رەسەنایەتی و لە شارستانیی کورد و لە مێژووی دوور و درێژی پڕ لە سەروەری و شکۆداریمان دەکەن. بێگومان کوردستان لانکی یەکەمین و رەسەنترین شارستانییە لە هەموو جێهاندا.

ئەگەر بە پێوەر و بنەما سەرەکییەکانی ئەمڕۆ، گەل پێناسە بکرێت و بەگەل بناسرێت. بێگومان هەموو مەرج و بنەماکانی گەل، لە گەلی کوردماندا هەن کە ئەمانەن:

١- ئێمەی کورد خاوەنی جوگرافیایەکی هاوبەشین کە کوردستان نیشتمانی هەموومانە. گەرچی بە زۆرداری و ناڕەوایی دابەش کراوە. بەڵام ئێمەی کورد هەرگیز دان بەو دابەشکردنەدا نانێین و هیچ سنوورێک لە بەردەم هەستی نەتەوایەتیماندا بوونی نییە.

٢- زمانێکی یەکگرتووی هاوبەشمان هەیە کە زمانی کوردییە، رەسەن و دەوڵەمەندە.

٣- مێژوویەکی دێرین و درێژی پڕ لە سەروەری و شکۆداریی هاوبەشمان هەیە.

٤- بەرژەوەندییەکی ئابووری هاوبەشمان هەیە.

٥ - خاوەنی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆمانین و کولتوور و داب و نەریتی خۆمان هەیە.

٦- هاوبەستەبوونمان بۆ کورد و کوردستان هەیە و شانازی بە نەتەوەکەمانەوە دەکەین.

٧ - خاوەنی هیوا و ئامانجێکی هاوبەشین و، چارەنووسمان پێکەوە گرێ دراوە.

٨- لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریشەوە، لە ئاستێکی پێویست داین.

٩- چەندین پارتی سیاسی کوردیمان هەیە.. هێزی بەرگریمان هەیە، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

١٠- ئاڵای تایبەتی خۆمان هەیە.. کە ئاڵای چوار رەنگی کوردستانە.

واتە ئێمەی کورد، هەموو خەسڵەت و مەرج و تایبەتمەندی و بنەماکانی گەلمان تێدایە. ئەمانەش پێویستن بۆ هەر کۆمەڵێک کە بە گەل بزانێت و مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت. ئەو تەنگەژانەی کە لە بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان دان، تەنگەژەی یاسایی نین، بەڵکو تەنگەژەی سیاسین. لەلایەن تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاوە دروست کراون، کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کردووە، بەردەوامیش گەلەکۆمە لە گەلی کوردمان دەکەن و، پیلان لە دژی هێنانەدیی خواسەکانی گەلەکەمان دەگێڕن. ئەوان دان بە ناسنامەی کورددا نانێن و، بێ شەرمانە دەڵێن ئێمە ناهێڵین دەوڵەتێکی سەبەخۆی کوردی دابمەزرێت. ئەوان خاکی کوردستان بە موڵکی خۆیان دەزانن. بە دڵنیاوە سەرکەوتن بۆ ئێمەی کورد دەبێت و ملکەچیش بۆ ئەوان دەبێت. ئێمەی کورد خاوەنی خاک و زمان و کولتوور و شوناسی نەتەوەیی جیاوازین و تایبەتمەندیی خۆمان هەیە. هیچمان لە تورک و لە عەرەب و لە فارس کەمتر نییە. ئێمەی کورد دژی هیچ گەلێک نین. زیادەڕۆیی و دەمارگیری نییە، بەڵکو راستییە و دەبێت بیزانن، کە دەڵێم: تا کورد سەربەخۆیی بەدەست نەهێنێت و دەوڵەتی کوردستان دانەمەزرێت. نە تورک و

نە فارس و نە عەرەب، ناتوانن بە ئاسوودەیی و بە ئاشتی بژین و پاڵی لێبدەنەوە. تا رۆژێک زووتر کوردستان ببێت بە دەوڵەت، لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی ناوچەکە دایەوە. زۆوتریش ئاشتی و سەقامگیری باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشن.

لە ئەنجامی کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم لە ساڵی (١٩١٨) دا، چەند ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتی گەورە هەڵوەشێنرانەوە، لەوانەش دەوڵەتی عوسمانی و روسیای قیسەری و ئەڵمانیا بوون. بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی چەوساوەش دەستی پێکرد. کە داوای ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی نیشتمانەکانیان دەکرد، دوور لە خۆسەپاندن ئیمپریالیزم.

نهێنییەکانی رێکەوتننامەی (سایکس بیکو :١٦/ مای/ ١٩١٦) ش بۆ گەلان ئاشکرا بوون، کە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و روسیای قەیسەریدا بەسترا و واژۆیان لەسەر بەندەکانی کرد. بەپێی ئەم رێکەوتننامەیە، میراتی دەوڵەتی عوسمانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کرد. ئەمەش دژی بەرژەوەندیی گەلان بوو، بە تایبەتیش دژی بەرژەوەندی و هیوا و خواستەکانی گەلی کوردمان بوو. بەپێی ئەم رێکەوتننامە ناڕەوایە، کوردستان بەسەر تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا دابەش کرا. ئێمەی کورد بوینە قوربانی ئەم تاوان و ستەمە. کە تا ئەمڕۆش باجی ئەو رێکەوتننامەیە و ستەمە مێژووییە دەدەینەوە.

تا رادەیەک هیوامان بە پەیماننامەی (سیڤەر :١٠/ ئاوگست/١٩٢٠) بوو، لە پاریس واژۆیان لەسەر کرد، لە بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) ی برگەی سێیەمدا، بنەما یاساییەکانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردیان دیاری کردووە، جەختیشیان لە مافی سەروەریی کورد لەسەر خاکی کوردستاندا کردووە. هەر بەپێی بەندی (٦٢) ی ئەم رێکەوتننامەیە، رێ بە ولایەتی ( موسڵ) یش دەدرێت کە بچێتە پاڵ کوردستان. بەڵام بە داخەوە کە لە پەیماننامەی (لۆزان :٢٤/ یولی/ ١٩٢٣) لە کە لەسەر داوای تورکیای کەمالی واژۆکرا، هەموو ئەو بەڵێنانەی کە لە (سیڤەر) بە کوردیان دابوون، لێیان پاشگەزبوونەوە و بە جارێ ئێمەی کوردیان بێ ئومێد کرد و پەراوێزیان کردین. پەیمانی لۆزان بە تایبەتی لە دژی خواستەکانی گەلی کوردمان بەسترا. ئەم تاوانەش پەڵەیەکی قێزەوەن و شەرمەزارییە. بە نێوچەوانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، چونکە ئەوانن بەرپرسی سەرەکین لە هەموو ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد کران و دەکرێن. بە تایبەتیش بەریتانیا. کە تا ئەمڕۆش لە ئەنجامی ئەو ستەم و ناهەقییانە، خوێن لە جەستەی گەلەمان دەچۆڕێتەوە و بە هەزاران قوربانیمان داوە. تا ئەمڕۆش ئێمەی کورد کە (٧٠) ملیۆن کوردین، گەورەترین گەلین لە جیهاندا، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆمان نییە. کەچی لە ئاسیا و ئەورۆپادا، دەوڵەتی وا هەن کە ژمارەیان لە ملیۆنێکیش کەمترن. خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن و دانیان پێیان ناون. ئەمەیە ناڕەوایی و نایەکسانی و نادادپەروەری و دووفاقی نێودەوڵەتی.

بەڵام کورد ملکەچی داگیرکەرانی کوردستان نەبووە و نابێت. نزیکی سەدەیەکە لە خەبات و تێکۆشانێکی بەردەوام داین و بەردەوام دەبین، چەندین راپەڕین و شۆڕشمان هەڵگیرسان. کۆڵنادەین و ناسرەوین.. تا سەردەکەوین.

لە ئەمڕۆدا، گەلی کوردمان، سەنگ و پێگەیەکی

هەواڵنامەی کتێب

نێودەوڵەتی هەیە. خەریکە پرسی کورد ببێت بە پرسێکی جیهانی. دەوڵەتانیش گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە، کە بەراورد لەگەڵ گەمەکارانی دیکەی سیاسی لە ناوچەکەدا، کورد دەتوانێت رۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە بە سیکولارکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

شایەنی باسیشە، کە کوردستان پێگەیەکی جیوسیاسی و ستراتیجیی و ئابووری گرنگی لە ناوچەکە و لە جیهاندا هەیە. زۆریش دەوڵەمەندە لە کانزا و سامانی سروشتی و وزە و لە ئاوی شیرین و لە نەوت و لە گاز. دەرهێنانی نەوت و بوونی یەدەکێکی زۆری نەوت لە خاکەکەماندا، هێندەی تر گرنگی شوێن و پێگەی کوردستانیان شیرینتر کردوون. ئەمانەش فاکتەرێکی بەهێزی ترن، بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان. گەشبینم و بڕوام وایە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینین، سەیریش نییە کە لەسەر ئەو نەخشەیەدا (کوردستان) ی سەربەخۆ ببینین.

## راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان:

(چارلز تانۆک) ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا، دەڵێت:»مێژوو پێمان دەڵێت، کاتی ئەوە هاتووە بەریتانیا، لە ریفراندۆمی داهاتوودا، پشتیوانی سەربەخۆێ کوردستان بکات».

پێویستیمان بە چ ئامادەکارییەک هەیە بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی نزیکدا، لە باشووری کوردستاندا دەوڵەتێکی کوردی رابگەیەنین؟ من وەک تاکێکی کوردی کوردستان پەروەر و گەشبین، ئاواتەخواز و تامەزرۆی ئەو رۆژەم، کە کوردستانی سەربەخۆ ببینم. بە کورتی لەم خاڵانەدا، را و بۆچوون و پێشنیارەکانم چڕکردوونەتەوە:

١- پێویستە ئیرادەیەکی بەهێزمان هەبێت و بڕوامان بە تواناکای گەلەکەمان هەبێت. بوێرانە و بە راشکاوی، داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بکەین.

٢- پێویستە لە (کۆنگرەیەکی گشتی نەتەوەیی کورد) دا، کە نوێنەری هەموو لایەنە کوردستانییەکان و کەسانی ناسراوی گەلەکەمان تێیدا بەشداربن. لەم کۆنگرەیەدا نەخشەرێگا و هەنگاوە پێویستییەکانی بڕیاردان لە دەوڵەتی کوردیمان دیاری بکەن و دوایش دەقی بڕیارنامەکەی کونگرەکە، بخەنە بەردەم گەلەکەمان بۆ ئەوەی هەر تاکێکی کورد، بە را و پێشنیاری بەسوود دەوڵەمەندی بکەن.

٣- پێویستە ئیستراتیجییەتێکی نەتەوەیی تۆکمەی هاوبەشمان هەبێت . کە هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، لەژێر چەترێ کوردایەتیدا کۆبکاتەوە.

٤ ـ پێویستە ناوماڵی کوریمان رێکبخەین. وتارێک سیاسی یەکگرتوومان هەبێت.

٥-دیاری کردنی شێوازێکی گونجاوی مامەڵەکردن، لەگەڵ رژێمەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدایە ( مەبەستم لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان)ە.

٦- پەرەدان بە خەباتی ئاشتییانە بۆ بردنەپێشەوەی پرسی کورد و دروستکردنی پردێکی ئاشتی و پێکەوە ژیان و قەناعەت پێکردن بە گەلانی عەرەب و تورک و فارس، کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، دەبێتە مایەی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

٧- پێویستیمان بە دپلۆماسییەتێکی یەکگرتووی بەهێز هەیە. لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و عەرەبی و

جیهانیدا. کە گوزارشت لە ئیرادە و خواستەکانی گەلی کوردستان بکات.

٨ - بە ئەوپەڕی توانامانەوە هەوڵی پێکهێنانی لۆبییەکی چالاکی کورد، لە ئەوروپا و لە ئەمریکادا بدەین. تا فشار بخەنە سەر دەوڵەتانی زلهێز و خاوەن بڕیارەکان، بۆ ئەوەی دوست و پاڵپشت و لایەنگرانێکی زیاتر، بۆ رەوایی و یاسایی دەوڵەتی کوردستان پەیدا بکەین.

٩- دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، خەون و وڕینە نییە. بەڵکو هیوا و خواستی هەموو کوردێکە. پرۆژەیەکی نەتەوەیی کوردی گشتییە. بە تەنها پرۆژەی هیچ لایەن و حیزبێکی سیاسی کوردیمان نییە.

١٠- پێویستە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان یەکبخرێن و بە دامەزراوەیی بکرێن. بکرێت بە سوپایەکی بەهێزی نیشتمانی و هاوبەستەبوونیان بۆ کوردستان هەبێت نەک بۆ حیزبەکان.

١١-پێویستە نەوتێکی زیاتر دەربهێنین و بفرۆشین، تا ژێرخانێکی ئابووری بەهێزمان هەبێت و، بتوانین چەکی مۆدێرن و پێویستییەکانی بەرگریی باشتر بۆ پێشمەرگەی کوردستان دابین بکەین.

١٢- دەزگای میدیا و راگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆی کوردیی بەهێزترمان هەبێت. تا زیاتر رۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستاندا هەبێت و رەنگ و دەنگ و خواستەکانی گەلی کوردمان بە جیهان بگەین.

١٣- پەرلەمانی کوردستان، کارا و دەسەڵاتدار بکرێت و بە مەرجەعی گەلەکەمانی بزانین.

١٤- پاراستن و بەهێزکردنی یەکێتی و یەکڕیزی و یەکدەنگیی گەلەکەمان. مەرج و پێویستیی سەرکیین، بۆ هاوڕایی و کۆدەنگی لە سەر بڕیارە نەتەوەییەکانمان.

١٥- کۆتایی هێنان و خۆ دوورخستنەوە، لە ململانێ و مشتومڕ لە نێوان حیزبە کوردستانییەکان. پێویستە لەمەڕ کێشە نەتەوەییە چارەنووسازەکانمان یەکدەنگ بن.

١٦- بنبڕکردنی هەموو جورە گەندەڵییەک لە دەزگاکانی حکومەت و لە نێو حیزبەکاندا. نابێت دەسەڵات قورخ بکرێت. دەبێت کەسانی شیاو لە شوێنی شیاوی دەسەڵات دابنرێن.

١٧- بەستنی چەندین کۆڕ وسیمینار و کۆنفرانس لە کوردستان و لە وڵاتانی هەندەراندا، بۆ باسکردن لە رەوایی و لە یاسایی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

١٨- ناردنی (تیمێکی باڵای کوردی) لە کەسانی بەتوانا و زمانزان، بۆ وڵاتانی جیهان، بۆ روونکرنەوەی پرس و داخوازییە رەواکانی کورد، لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت و پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەدا کۆببنەوە و باسی پرسی کوردیان بۆ بکەن.

١٩- دەرکردنی پارەیەکی هێمایی، کە تایبەتمەندیی کوردستانی بەسەرەوە بێت.

٢٠- دەرکردنی بەرزترین ویسام بە ناوی (ویسامی باڵای کوردستان ). ببەخشرێت بەو سەرکردە و میوانانەی کە کورد دۆستن و پشتگیری لە پرسی کورد دەکەن.

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئەستەم و خەون و خەیاڵ و وڕینە نییە. هەر خەون و خەیاڵە، لە سایەی بڕوا و خەبات و تێکۆشان و خۆڕاگری و کۆڵنەداندا، دەبنە راستی و دێنەدی. زۆر گەشبینم و لەو باوەڕەدام، کە خۆری دەوڵەتی کوردستان گزنگی داوە و رۆژ بە ڕۆژ بەرزتر دەبێتەوە. لە هەڵهاتنەوە نزیک دەبێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆمەڵکوژی «سەردەشت و هەڵەبجە»ی خوڵقاند



هۆشیار جەمال

لە گەرمەی شەری هەردوو دەوڵەتی دراوسێ عێراق و ئێران لە لایەک، کە ڕۆژانە سەدان کەس لە هەردوو دەوڵەت دەبوونە قوربانی، هەروا ماڵوێرانی و نەهامەتی بۆ تاک بە تاکی هاوڵاتیانی هەردوو وڵات دەهێنا، لەلایەکی تریشەوە شەڕی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە لەلایەن سەدامی دیکتاتۆرەوە بەڕێوە دەبرا بەردەوام بوو، لەم کاتەدا بەعس بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتە بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی قەدەغە کراو. کە لەچەند خولەکێکدا زیاتر لە (٥٠٠٠) کەسی شەهید کرد و هەزاران کەسی تری بریندارکرد.

بریندارەکانی چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە، لە جیاتی چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی عێراق، ڕەوانەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کران لە وڵاتی ئێران، کە تا ئێستاش بەشێک لەو بریندارانە و کەسوکاری شەهیدان لە ژێر کاریگەری ئەو کیمیابارانەدا ماون دەناڵێنن بەدەست دۆخی تەندروستی سەختەوە.

بەگەڕانەوەیەکی خێرا بۆ مێژووی ڕۆژانی جەنگ و پێش بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕژێمی بەعس بەسەرۆکایەتی سەدامی دیکتاتۆر، لە ساڵی ١٩٨٣ گوندی باینجانی سەر بە شاری بانەی کیمیاباران کردبوو، پاش چەند ڕۆژێکی لەو بۆردومانە دووبارە سنوری شاری بانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کیمیاباران کرد.

دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ چەند گوندێکی تری سەر بە شاری شنۆ و بانە و سەرپێڵی زەهاو کیمیاباران



کران، پاشان لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧، کە فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق، چوونە سەر ئاسمانی شاری سەردەشت و لە چاو تروکانێکدا جەستەی هەزاران کەسیان لەو شارە بە چەکی کیمیایی سوتاند کە بە گوێرەی ئەو ئامارانەی بڵاوکراونەتەوە (١٥٠) هاوڵاتی سڤیل شەهید بوون، زیاتر لە (٨٠٠٠) کەسیش بەو چەکە بریندار بوون، ژینگە و هەوای شاری سەردەشت و دەوروبەری بەتەواوی ژەهراویی کرد.

هەر بە پێی ئامارەکان لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ تا ٨ی نیسانی ١٩٨٧ لە کاتی جەنگی عێراق –ئێران، ڕژێمی بەعس بەسەرۆکایەتی سەدامی دیکتاتۆر لانی کەم (١٩٦)جار چەکی کیمیایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکارهێناوە.

ئەم بۆردومانانەی بەعس بە چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەکراو بۆسەر شارەکانی بانە و شنۆ و سەردەشت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک هەر نەبووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکیان هەبێت، بەپێچەوانەوە چاویان لە ئاست ئەو کۆمەڵکوژییەدا داخست، بێدەنگیەکەی سەرسوڕهێنەریان هەبوو، تەنانەت نەبۆیە هۆی ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی هاوکارییە مرۆی و سەربازیەکانییان بۆ ڕژێمی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر، بەڵکو زۆر بێ شەرمانە بەردەوامبوون لە پاڵپشتی کردنی ئەو سیستەمە دیکتاتۆریە، هەر بۆیە ئەم پاڵپشتیە ڕەهایە، دەستی سەدامی ئاوەڵا کرد بۆ تاوانێکی گەورەتر لەوانەی پێشووی کە بۆردومانی شاری هەڵەبجە بوو لە ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨. کە لە چەند خولەکێکدا زیاتر لە (٥٠٠٠) کەسی شەهید کرد.

ئێستاش کە (٣٧) ساڵ بەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە دا تێپەڕیوە، سەرباری ئاوەدانی شارەکە و ئەنجامدانی بەشێک لەپرۆژە خزمەتگوزاریەکان بۆ شارەکە. هەروەها کردنی شارەکە بە پارێزگا، بەڵام ئەو شارە برینێکی سارێژنەبووە، ئازارێکی بەردەوامە. چونکە خزمەتگوزاریەکانی هەر لەئاستی پێداویستیدا نین. سەرەڕای بوون بە پارێزگا کەمترین سیمایەکی شاری پێوە دیارە. تەنها ناوە و لایەنە سیاسیەکانیش لەجیاتی خزمەتکردنی شارەکە لەڕێگای نوێنەرانیان لە حکومەتەوە، زۆربەی کاتەکان شارەکەیان کردۆتە شوێنی ململانێی سیاسی و لە بەرانبەردا خەڵک قوربانی دەدەن.

هەروەها تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە وا لە حکومەتی عێراق بکات قەرەبووی کەسوکاری شەهیدان و بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لەو شارە بکاتەوە.

سەرباری ئەوەی حیزبە کوردیەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و ئەوروپا نوێنەرایەتیان هەیە و ساڵانە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکەن. بەڵام وەک پێویست کاریان بۆ کەیسی هەڵەبجە نەکردووە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان وەک جینۆساید بیناسێنن.

هەواڵنامەی کتێب

# خەباتی ناتوندوتیژی



عوسمان ساوجی

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان کە لەپێناوی بەدەستهێنانەوەی مافی زەوتکراویان دەستیان بەتێکۆشان کردووە، بەگوێرەی هەل و مەرجە بابەتی و خودیەکانی ئەو قۆناغەی تیایدا ژیاون فۆرمێک یان چەند فۆرمێکی خەباتیان بەڕێوەبردووە، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکی بنەڕەتیدا لەگەڵ خەباتی گەلانی تر هاوبەشی هەبێت، بەڵام بەدڵنیایی کاتێک بچیتە وردەکاریەوە ئەوە جیاوازی زۆر دەبێت لە نێوانیاندا. خەباتی شارستانی یان تێکۆشانی ناتوند و تیژی جۆرێکی خەباتە کە سەرکردە و ڕابەرانی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دوای شیکاری و هەڵسەنگاندنی ورد بۆ دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی گەلێک یان پێکهاتەیەکی ئاینی، ئاینزایی بڕیاری ئەوە ئەدات کە شوێنکەوتەکانی بۆ خەباتی ناتوندوتیژی ئامادە بکات، دیارە ئەم خەباتە ئەگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بێت کە پەیڕەوی لە سیستمێکی سیاسی دیموکراسی بکات کە باوەڕی بە فرەیی و ئازادی کاری حزبایەتی و خەباتی پەرلەمانی هەبێت زۆر جیاوازە لەو دەوڵەتانەی سیستمی سیاسیان نادیموکراسیە و وەڵامی داواکاریە سیاسیەکان بە داپڵۆسین و سەرکوت کردن دەدەنەوە، چونکە سروشتی مرۆڤ وەهایە کە تواناى بەرگەگرتنی بۆ ڕەفتاری بەرامبەرەکەی سنوردارە، بەتایبەتی کاتێک لایەنی بەرامبەر بەهێز وەڵامی داواکاریەکان بداتەوە ئەوە کارێکی ئاسان نیە بتوانرێت جڵەوی کاردانەوەی لایەنی ماف زەوتکراو بکرێت تاوەکو فۆرمی تێکۆشانەکەی بۆ تێکۆشانی چەکداری نەگۆڕێت.

لە جیهاندا چەندین نمونەی سەرکەوتووی خەباتی ناتوندوتیژی بوونیان هەیە کە هەریەکەیان لە هەل و



مەرجێکی دژواری ژێردەستەیی و چەوساندنەوەدا بوون و بەباوەڕێکی بەهێزەوە بڕیاری ئەوەیانداوە کە تێکۆشانیان بۆ بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان بەڕێگەی ئاشتیانە بێت، لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە خەباتی ئاشتیانە لەلایەن پێکهاتەی چەوساوەوە مەرج نیە لایەنی سەردەست ڕازی بکات بەوەی دەست لە داپڵۆسین و بەکارهێنانی هێز و کوشتن هەڵبگرێت، چونکە لایەنی سەردەست زۆرجار تەنها بەدەستەمۆکردن و ژێربارخستن قایل نابێت و هەوڵی لەڕیشە دەرهێنان و سڕینەوە دەدات، کەواتە بڕیاری تێکۆشانی ناتوندوتیژی بڕیارێکە پێویستی بە دیراسەی زۆر و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە هەیە، بەتایبەت لەو دەوڵەتانەی کە دەسەڵاتی سییاسی کەش و هەوایەک دێنێتە گۆڕێ کە بواری خەباتی سیاسی تەواو دژوار دەکات، ئەوەش بە ئامانجی ئەوەی نەتەوەی چەوساوە پەنا بۆ ڕێگەچارەی توند و تیژی ببات و ئەویش بتوانێت لەو ڕێگەوە هەتا ئەوپەڕی توانا هێز و ڕق و تورەیی خۆی بەسەر خاک و خەڵکی ئەو نەتەوەدا بڕێژێت.

پێویستە خەباتی ناتوندوتیژی جیابکرێتەوە لە خۆڕادەست کردن و دەستبەرداربوون لە داواکاردنی مافە ڕەواکان، چونکە ئەمە تەنها شێوازێکی تێکۆشانە کە لەسەردەمی ئەمڕۆدا زیاتر پەسەند کراوە و باوە، لایەنی باشی ئەم شێوازەی تێکۆشان ئەوەیە کە دەکرێت هەوڵێک بێت بۆ ئەوەی دەوڵەت یان لایەنی زاڵ پاساوی زۆری نەبێت بۆ کۆمەڵکوژی و وێرانکاری و

لایەنی خەباتکاریش دەتوانێت بەو ڕێگەیە سەرنجی زیاتری ڕای گشتی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ ڕەوایی دۆزەکەی ڕابکێشێت.

خەباتی ناتوندوتیژی پێویستی بەوەیە کە چەند بنەمایەکی تیادا بەرجەستە بێت کە یەکێکیان بریتیە لە زەمینەسازی بۆ ئەو تێکۆشانە، زەمینە سازی لەڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئایدۆلۆژیەوە، ئەوەش لەپێناوی ئەوەی تاکەکانی ئەو پێکهاتەیە ئامادەبن بۆ ئەو شێوازەی تێکۆشان و بتوانن درێژە بەو کاروانە بدەن، بەتایبەتی دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە خەباتی ناتوندوتیژی پێویستی زۆری بە پشودرێژی و خۆڕاگری و دانبەخۆدا گرتن هەیە بەرامبەر ڕەفتارە دوژمنکارانەکانی لایەنی سەردەست. یەکێکی تر لە بنەماکانی ئەمجۆرە خەباتە بریتیە لەو ئامرازانەی بۆ ئەمجۆرە تێکۆشانە بەرکاردەهێنرێن وەک حزبی سیاسی، کۆمەڵە و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی ناتوندوتیژی و سەندیکاکان......هتد، هەروەها پێویستە سەرکردایەتی ئەمجۆرە خەباتە بەگوێرەی کات و شوێنی گونجاو هەڵوێستی ناتوندوتیژی بگرێتەبەر وەک بایکۆتی دەنگدان، مان گرتنی گشتی، خۆپیشاندانی جەماوەری و پێکهێنانی کوتلەی پەرلەمانی و دروستکردنی هاوپەیمانی سیاسی....هتد.

بنەمایەکی تری خەباتی ناتوندوتیژی بریتیە لە دەستنیشان کردنی ئامانجەکان، ئایا ئامانجی ئەم تێکۆشانە گەیشتنە بە سەربەخۆیی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یان بەدەستهێنانی مافی هاوڵاتی بوون و یەکسانی و ڕێگری لە جیاکاری، دیارە ئەوەش پێویستی بە دەستورێکە کە بە عەقڵێکی کراوە و باوەڕ بوون بە فرەیی و قبوڵ کردنی ئەویتر نوسرابێت، بەواتایەکی تر بەشێک لەو پێکهاتانەی دەیانەوێت لەچوارچێوەی ئەو قەوارە سیاسیەی کە هەیە بمێننەوە ئەوا خەباتی ناتوندوتیژی بە گرتنەبەری کاری سیاسی و هەنگاو نان بەرەو پەرلەمان ڕێگە ڕاستەکەیە، لەبەرئەوە تاوەکو سەرکردایەتی ئەو تێکۆشانە یان هەرتێکۆشانێک ئامانجەکەیان بەڕونی و ڕاشکاوی دەستنیشان نەکەن و هەنگاوەکانی بەدەست هێنانیان گەڵاڵە نەکەن و پلانی نزیک و دور مەودوا دانەنێن بۆ هەرقۆناغێک و، ئەوەی دەیانەوێت بەدەستیبهێنن دیراسەی نەکەن و بڕیاری لێنەدەن ئەستەمە ئەو خەباتە ئەنجامێکی باشی هەبێت. بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە گرنگە ئاماژە بۆ دوو نمونە بکرێت، یەکەمیان نیلسۆن ماندێلایە کە دەستی بە تێکۆشانی ناتوندوتیژی کرد لەپێناوی کۆتاییهێنان بە جیاوازی ڕەگەزی و بەکەم سەیرکردنی ڕەشپێستەکان لە ئەفریکای باشور و لەو پێناوەشدا چارەکە سەدەیەک زیندانی کرا، بەڵام تاوەکو کۆتایی بەو سیستمە نا دادپەروەرە نەهێنا کۆڵی نەدا ، ئەوەش دوای ئەوەی کە لە زیندان ئازاد کرا بۆ خولێک بوو بەسەرۆکی ئەو وڵاتە و یاساکان هەموار کران. نمونەی دووەم مهماتا گاندیە لە وڵاتی هیندستان کە بە ئامانجی وەدەرنانی داگیرکاری بەریتانی لە وڵاتەکەی دەستی بەتێکۆشانی ناتوندوتیژی کرد و بۆ ئەو مەبەستەش چەندین ئامرازی گرنگی بەکارهێنا تا ئەوەی لە نیوەی دەهەی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا توانی سەربەخۆیی بۆ هیندستان بگێڕێتەوە، هەڵبەت باساکردن لەم جۆرە خەباتە بەهیچ جۆرێک مەبەست لێی تانەدان و بێبایەخ کردنی خەباتی چەکداری نیە، بەڵکو تەنها شیکاریەکە و، ئەگەر دەرفەت هەبوو لە داهاتوودا شیکاری بۆ ئەم جۆرە خەباتە لە بزاوتی کوردیدا دەکەین.

# هێزی کورد هەمیشە لە یەکگرتندایە



د. فەرەیدون عەبدولستار
زانکۆی سلێمانی

هەواڵنامەی کتێب

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو لە خەباتێکی خوێناوی دابوەو لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان و لـەم ڕێگەیەشدا قۆناغ لـەدوای قۆناغ گەلێک قوربانی بەخشیوە ، بە شێوەیەک قەبارەی خەبات و قوربانی دانی گەلی کورد بە بـەراورد لەگەڵ قەبارەی خەبات و قوربانی دانی گەلانی تردا زۆر زیاترەو ئەتوانم بڵێم دوو هێندە یاخود سێ هێندەی خەبات و قوربانی دانی گەلانی دیکەیە، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەیە وەک نوسەرو کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورک ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت : «کوردستان . . کۆلۆنیالێکی نێو دەوڵەتی یە» واتە کوردستان کۆلۆنیالێکی دەوڵەتێکی داگیرکەری دیاری کراو نی یە بەڵکو کوردستان وڵاتێکی ژێردەستەی چەند وڵاتێکی داگیرکەر بووەو دابەش کراوە بۆ چەند پارچەیەک و بەمەش بێ گومان بێ هێز کراون و میللەتەکەی تووشی دابڕانی نەتەوەیی بووە ، کە ئەمەش وا دەکات لە سۆنگەی کۆمەڵناسیەوە کۆمەڵگای کـوردەواری چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت و جیابکرێتەوە لە کۆمەڵگای وڵاتـان و گەلانی دیکە.

دوژمـنـان و داگیـرکـەرانـی کـوردسـتـان بە دڕندەترین شێواز مامەڵەیان لەگەڵ گەلی کوردا کردووەو هیچیان لەوی دیکە باشتر نەبوون بە شێوەیەک کار گەیشتووەتە ئەوەی کە کورد وەکو گەلێک بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ ئەنفال بکرێ و کیمیاباران بکرێ و بە زۆر ڕابگوێزرێتەوە لە نـاوچـەیـەکـەوە بۆ نـاوچـەیـەکی دیکـەو هەر وڵاتێکی داگیرکەریش ڕۆشنبیری و زمانی خۆی سەپاندووە بەسەر ئەو پارچەیەی کوردستان کە لە ژێر دەستیدا بووە.

لەبەر ئـەوە یەکگرتنی ڕیزەکانی گـەل تەنها ڕێـگـەچـارە بـووەو دەبـێـت لـە دوا ڕۆژدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان چونکە هەمیشە هێز لە یەکگرتندایە.

لەم سەردەمەدا واتە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک کە هاوکاتە لەگەڵ نەمانی دیکتاتۆرەکان لە عێراق و سوریا و هەروەها دەستپێکردنی ئەزمونێکی نوێ لە تورکیا،خەباتی ڕزگاریخوازی و دیموکراسی گەلی کورد بە قۆناغێکی نوێدا تێدەپەڕێت، بێگومان خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی و هەڵبژاردن وەک دیاردەیەکی شارستانی ئەو شێوازە خەباتەیە کە پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پیادەی بکەن و بە یەکگرتویی خۆیانی بۆ ئامادە بکەن.

خەباتی پەرلەمانی و دیموکراسی و هەڵبژاردن خۆی لە خۆیدا بووەتە زمانی سەردەم لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا واتە ئەو میللەتانەی کە خاوەن هۆشیاری دیموکراسین و ئەزمونێکی دوورو درێژیان لەگەڵ پرنسیپەکانی دیموکراسیدا هەیە لە ڕێگەی خەباتێکی مەدەنیانەوە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانیان لە پەرلەمانەکانی وڵاتەکانیاندا بە مەبەستی بەشداری کردنیان لە بڕیارە سیاسیەکانی وڵاتەکانیان و هەروەک مافێکی سروشتی خۆیان پیادەی دەکەن ئەمەش لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی لەو وڵاتانەدا تەنها سەیرکەر نی یە بەڵکو بەشدارییەکی چالاک دەکات لە دروست بوونی بڕیارەکانداو هەروەها لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا لە ڕێگەی دەنگدانیان بە لیستێکی دیاری کراو کە بەرنامەیەکی لە خزمەتی زیاتر هاووڵاتیاندا بێت و هەروەها ڕەچاوی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە بکات.


گەلی کوردیش لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا پێویستە ئازادانەو یەکگرتووانە بەشداری خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی بکەن بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا دەنگیان بگەیەننە پەرلەمانەکان بۆ بەدەستهێنانی مافە دیموکراسی و نەتەوەییەکان و هەروەها سەرکردایەتی سیاسی هێزە سیاسیەکانی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان لەم قۆناغە چارەنوسسازەدا زۆر وشیارانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن و خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی واقعیانەیان هەبێت بۆ هاوکێشە سیاییەکانی ئەم سەردەمە.

کاتێک دەڕوانینە ئەم قۆناغەی خەباتی گەلی کورد کە پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە بارودۆخەکە لێک بدەینەوەو هەوڵ بدەین واقیعە سیاسیەکە بخوێنینەوە دوور لە هەموو دەمارگیری و بۆچونێکی حیزبایەتی تەسک بێ گومانم لەوەی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەتاکو ئێستا لەم سەردەمەدا کاتی ململانێو پێشبڕکێ ی نێوان هێزە کوردییەکان نەهاتووە لەنێوان خۆیاندا ئەمەش لەبەر ئەوەی کە هەتاکو ئێستا کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی نی یە ، یاخود کورد خاوەن قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ نی یە هەتاکو لە چوارچێوەی ئەو قەوارەیەدا ململانێی دیموکراسی خۆی بکات ، لەبەر ئەوە هەر ململانێیەکی سیاسی هێزە کوردیەکان لەگەڵ یەکتریدا دەبێتە هۆی دابەش بوونی دەنگەکان و کەم بوونەوەو بێ هێزبوونی دەنگی کورد لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکەداو هەروەها ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەکەوێتە مەترسی یەوەو ئەوەی ئەم چەند ساڵەش دەستمان کەوتووە لە دەستی دەدەین.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێین کە لەم قۆناغە چارەنوسسازەدا بەرگری لە لیستی هاوبەش و کاری هاوبەش و سەرکردایەتی هاوبەش بکەین و هەمیشە ئەو پەندەی باو و باپیرانمان لەیاد نەچێت کە دەڵێت : هێز لە یەکگرتندایە.

* سەرچاوە : د.ئیسماعیل بێشکچی ، کوردستان کۆلۆنیالێکی نێودەوڵەتیە .

# پاراستنی سەرووەرییەکانی نەتەوەییمان..



محەمەد حەمە تەقی

هەواڵنامەی کتێب

زیاتر لە دوو سەد ساڵە ڕۆشنبیران و کەسانی دیار و ناوداری کورد لە هەوڵی سەلماندنی ئەوڕاستیەدان، کە کورد نەتەوەیەکی دێرین و ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و خاوەنی زمان و کەلتوور و مێژووی تایبەتی خۆیەتی، خاوەنی ئابوری و سامانی سروشتیی خۆیەتی، لەم پێناوەشدا دەیان شۆڕش و سەدان هەوڵی جۆربەجۆریان داوە، لە ئەنجامی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد دژی داگیرکەرانی کوردستان، دەیان هەزار گەنجی کورد، ژن، پیاو، تەنانەت منداڵی شیرەخۆرەش شەهید بوون، بە هەزاران گوند خاپورکران، بنەمای ئابوری و کەلتووری کوردی هەتا ئاستی نەمان هەڵوەشایەوە.

ڕۆشنبیرانی کورد هەر لە ئەحمەدی خانیەوە تا بەدرخانیەکان و گێوی موکریانی و تا حاجی قادر و پیرەمێرد و ئەمین زەکی و ئەوانیتر، بەردەوام لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە، لەلایەکەوە لە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیاندا بوون، لەلایەکی ترەوە لە خەمی پاراستنی زمان و مێژوو و ئەدەب و کەلتووری کوردیدابوون، ڕەنگە هەول و ماندووبوونی ئەو جوامێرانە و ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانە نەبوایە، ئێستا کورد بەم قەبارەی ئێستای نەدەمایەوە، یان لە نەتەوەی سەردەستدا دەتوایەوە یان ئاوارە و دەربەدەر بە جیهاندا پەرش و بڵاودەبوویەوە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، شەپۆلێکی بزوتنەوەی نەتەوایەتی (ئەوەی کە دواتر پێیدەوترا کوردایەتی) زۆربەی کوردستانی گرتەوە، بەتایبەتی لەناو توێژە

خوێندەوارەکەدا، ئەم شەپۆلەی کوردایەتی لەژێر کاریگەری ئەو شەپۆلە ناسیونالستیە جیهانیەدابوو کە لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە سەریهەڵدا و دواتر لە سەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتە ئەستەمبوڵ (ناوەندی دەسەڵاتی عوسمانی) و پاشان بە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبوویەوە، کاریگەری ئەم شەپۆلە وایکرد کە بەدرخانیەکان بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەیەک بەزمانی کوردی لە بەرواری (١٨٩٨/٤/٢٢)، لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەربکەن، دواتریش هەر لە ئەستەمبوڵ لەناو توێژە خوێندەوارە کوردەکەی ئەستەمبوڵ ڕێکخراوێکیان دامەزراند، کە ئەمە سەرەتای دامەزراندن و دروستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی بوو بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەڵام ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم شەپۆلەی کوردایەتی کپکردەوە.

لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەمدا، چەندین شۆڕش و دەیان ڕێکخراو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا سەریانهەڵدا، لە کوردستانی بندەستی تورکیا شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی ئاگریداخ، لە کوردستانی بندەستی ئێران، شۆڕشی سمکۆ و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لە جەرگەی جەنگی جیهانی یەکەمدا. لەو بەشەی کوردستانیش کە خرایە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق، شۆڕشەکانی شێخ مەحمود دژی ئینگلیز و شۆڕشی بارزانیەکان دژی حکومەتی عێراقی، تەنانەت شێخ مەحمود زیاد لە جارێک دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە سلێمانی و دەوروبەری-دا ڕاگەیاند. سەرەڕای هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە دەیان کۆمەڵە و ڕێکخراوی نهێنی لەپێناو ئازادی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستاندا دامەزرا، بۆ نمونە دارکەران، هیوا، ڕزگاری و ژێکاف و کۆمەڵەی خۆیبوون کە لەلایەن ئیحسان نوری پاشا لە لوبنان و چەندانی تر.

گەورەترین خەباتی کوردایەتی بەشێوەی چەکداری لە سەرەتای شەستەکانەوە لە کوردستانی باشور دەستی پێکرد، کە لە مێژووی گەلی کوردا بە شۆڕشی ئەیلول ناسراوە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەم شۆڕشە بە شێوەیەکی خۆڕسک لە یانزەی ئەیلولی ١٩٦١ لە دەربەندی بازیانەوە دەستیپێکرد، واتە ناونانی شۆڕشەکە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ئەیلول، سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەکە، ئەم شۆڕشە بەڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزان، بۆ ماوەی نزیکەی چواردە ساڵ درێژەی کێشا، گەرچی زۆر لەسەر ئەم شۆڕشە دەوترێت، کە دەستی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی وەک ڕژێمی شا و زایۆنی لە پشتەوە بووە و دژی کۆمارە تازە





دامــەزراوەکــەی عێراق هاوکارییان کـردووە، بــەڵام ســەرەنـجـام ئـەم شـۆڕشـە بـە هـەمـوو کەموکورییەکانیەوە، شۆڕشی خەڵکی کوردستان بووە، هەموو چالاکیەکانی لە خاکی کوردستاندا دژی سوپای داگیرکەری عێراقی ئەنجامداوە، هەموو قوربانیەکانیش هەر لە خەڵکی دڵسۆز و زەحمەتکێشی کوردستان بوون، بەیاننامەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ گەورەترین دەستکەوتی شۆڕشی ئەیلول بوو، بەداخەوە شۆڕشی ئەیلول لە پاش ڕێکەوتنی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ی جەزائیر، لە نێوان ڕژێمی شاهەنشایی ئێران و ڕژێمی عێراقی، لـەسـەردەسـتـی سـەرکـردایـەتـیـەکـەی کۆتایی بە چالاکیەکانی هێنا، بەمەش کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هات و دەستەواژەی (ئاشبەتاڵ) کەوتە ناو ئەدەبی سیاسی کوردیەوە.

بە نزیکەی ساڵێک و دوو مانگ دوای کۆتایهاتنی شۆڕشی ئەیلول، شۆڕشێکی چەکداری نوێ لە کوردستانی باشوور سەریهەڵدا، کە بە (شۆڕشی نوێ) ناسراوە، ئەم شۆڕشە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرد و جەلال تاڵەبانی (مام جەلال) سەرکردایەتی دەکرد، ئەم شۆڕشە بە سێ قۆناغی جیاوازی خەباتدا تێپەڕی، قۆناغی یەکەم کە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەکە بوو، قۆناغی خەباتی پارتیزانی بوو لەلایەن مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە ئەنجام دەدرا، دواتر و دوای گەشە سەندنی شۆڕش و ئازادکردنی زۆر ناوچەی فراوان لە کوردستاندا، قۆناغی خەباتی بەرەیی، کە قۆناغی پەلاماردانی بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراقی و پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکان بوو.

لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا شۆڕشی نوێ و خەڵکی کوردستان زەبرێکی کەمەرشکێنیان بەرکەوت، هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد بۆ سەر سنورەکان، دوا قۆناغ کە قۆناغی سێیەمە، لـەدوای شـاڵاوەکـانـی ئـەنـفـالـەوە تـا ڕاپـەڕینـە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ درێژەی کێشا، ئەم قۆناغە دژوارترین قۆناغی خەباتبوو لە مێژووی گەلی کوردا، ئەم قۆناغە پێشمەرگە پارتیزانەکانی

هەواڵنامەی کتێب

دوای ئەنفال ڕۆڵی سەرەکیان تێدا بینی.
ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کۆتایی بە شۆڕشی نوێ هێنا، کورد کەوتە قۆناغی حکومڕانی خۆیەوە، کە هەتا ئەمڕۆش حکومڕانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوامی هەیە و لە دەستوری نوێی عێراقدا ( دەستوری ساڵی ٢٠٠٥)، بەفەرمی ناسێنراوە.
لەپیناو سەرخستنی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا دەیان هەزار تێکۆشەر و خەڵکی ڕۆشنبیر شەهیدبوون، هەزاران گوند خاپورکرا، بنەمای ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری کوردی تا ئاستی نەمان وێرانکران، هەردوو شۆڕشەکە لەسەرشانی خەڵکی زەحمەتکێش و ڕەشوڕووتی کوردستان بەڕێوەچوون.
گەرچی لە نێوان هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شورشی نوێدا بەردەوام ناکۆکی و ململانێ هەبووە و هەیە (لەمڕۆدا پارتی و یەکێتی ڕابەرایەتی ئەو ململانێیە دەکەن)، گەرچی هەردوو شۆڕشەکە بێ خەوش و بێ کەموکوڕی نەبوون، پڕبوون لە هەڵە و کاری نەشیاو و ناجۆر، بەڵام هەردوو شۆڕشەکە شۆڕشی خەڵکی کوردستان بوون دژی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی، ئامانج لە هەردوو شۆڕشەکەدا بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بوو، هەموو ئەوانەی کە وەک پێشمەرگە یان وەک ڕێکخستن، ڕاستەوخۆ لەو شۆڕشانەدا بەشدارییان کرد، زۆریشیان شەهیدبوون، ئەوانەشی کە ناڕاستەوخۆ هاوکار و پشتیوانی شۆڕش بوون، زۆربەی هەرەزۆریان لەبەر خۆشەویستییان نەبوو بۆ مەلا مستەفا یان بۆ مام جەلال. لەبەر سەرخستنی پارتی یان یەکێتی خەباتیان نەکرد، بەڵکو لەدژی درندەیی داگیرکەر و لە پێناو سەندنی مافی گەلە چەوساوەکەیاندا خەباتیان کرد، بۆیە دەبێت وەک کورد ڕێز لە هەموو خەبات و قوربانیەکانی هەردوو شۆڕشەکە بگرین، هەردوو شۆڕشەکە بوون بە بەشێک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد.
دەبێت ئەو کەلتوورە تێکبشکێنرێت، کە خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان لە شۆڕشێکیاندا بەرز بنرخێنرێت و لەویتریاندا بە جاش و چەواشە بناسێنێت، ناکرێت مێژووی خەباتی گەلی کوردستان بنووسرێتەوە و باسی خەبات و تێکۆشانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغە مێژووییەکەی خۆیدا (١٩٦١- ١٩٧٥) نەکرێت، یان خەبات و تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٩٧٦- ١٩٩١)، سەرەڕای ئەو هەموو قوربانییە بە هەند وەرنەگیرێت، دەبێت هەردوو خوالێخۆشبووان (مەلا مستەفای بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی)، سەرەڕای هەموو هەڵە و کەموکوڕیەکانیان، وەک دوو سەرکردە و دوو ڕابەری دوو قۆناغی جیاوازی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان سەیربکرێن.
گرنگترین شتێک بۆ ئێستا و ئایندەی گەلی کوردستان، سود وەرگرتنە لە هەڵەکانی ڕابردوو، نەک درێژەدان بە هەڵە و کەموکوڕیەکان.
دیارە خەسڵەت و سەرکردایەتی هەردوو شۆڕشەکە، تا ئاستێکی بەرچاو لەیەکتر جیاوازبوون، بەڵام وەک چۆن لە هەردوو شۆڕشەکەدا کاری ناجۆر و هەڵە ئەنجامدراوە، لە هەمان کاتدا هەردوو شۆڕشەکە پڕن لە سەروەری و کاری شۆڕشگێڕی، کە دەبێت بە ڕێزەوە لەو سەوەری و کارە شۆڕشگێڕیانە بڕوانین، ئەمەش تەنها لەبەر پاراستنی شکۆ و زیندو هێشتنەوەی نەتەوەکەمانە، چونکە یەکێک لەو هۆیانەی کە نەتەوەیەک بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، پاراستنی سەروەریەکانیەتی.

# پەیڤێک بۆ سیاسییەکان، لە پەیوەندییەکی خێزانییەوە..!



ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر هاتوو لە خێزاندا، باوک و براگەورە، لە ژێر چەتری سالارێتیەکاندا، بەبەڵێنی درۆ و شاردنەوەی ڕاستیەکان، و فراوان کردنی بازنەکانی بوغز و رق وقین، ومانەوە لە ڕەوشەکانی یەکتر قبوڵنەکردندا، بەردەوامیاندا بەشکاندنی شکۆی تاک و بچڕاندی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو دەمە ئەو دوو کارەکتەرە نەشیاو و نەگونجاوە، لە دەرەوەی بازنەی نرخ و بەهاو نەریتە باشە کۆمەڵایەتیەکان، ژیانی ڕۆژانەی ئەوخێزانە، پڕ نەهامەتی وشپرزەی دەکەن، کیشە دوای کێشە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ڕۆژانە بازنەی لەیەکترازانەکان فراوانتر دەبن، لەو ڕەوشە نا ئارام و ناتەباییە خێزانیەدا، دایک لە نێو هەنسکی قوڵ و ڕژانی فرمێسکدا، هاوارو ناڵەو نزاو پاڕانەوەی دەگاتە ئاسمان، بەڵام ئەفسوس کەس کوێ بۆ پاڕانەوە و سۆزی هاوارەکانی ناکرێ، لەو ڕەوشـەدا ئەندامانی تری خێزانەکە، لەلایەک لە نێو بەردەوامی هاوار و هەڕەشە و تورەبونی باوک و براگەورە، لەلایەکی تریشەوە لە نێو سۆز و گریانی بێدەسەلاتی دایکیاندا، لە دوڕیان و بازنەکانی چەواشەکاری و دەمامکداری ڕاستگۆیی و بێ متمانەیدا، بێ چارە لەنێو شپرزەییەکاندا، تا ئاستی دابڕان لە کۆی خۆشیەکان، و تا شکاندنی شکۆداری ژیانویستی بەدیار ڕەوشی سالارێتی باوک و براگەورە، و دەنگ و ناڵەی نەبیستراوی دایکیانەوە، ژیانێکی دوور لە بەهای مرۆڤویستی و خێزانداری دەگوزەرێنن، دەمێک دەکەونە ژێر کاریگەری ڕەوشە سالارێتیەکانەوە، ودەمێکیش بە ئاشکراییەکی کەم و نەهێنیەکی خۆپارێزییەوە، لەگەڵ دایکیاندا فرمێسک بۆمەینتیەکانی ژیان و بێ نرخ بونی کۆی بەهاکان دەڕێژن.

لەم وتارەدا دەمەوێت، بچمە نێو کایە سیاسیەکان وحکومەتداریە شێواوەکەی لە مەڕخۆمان، وەک لە چیرۆکەکەدا دیارە باوک و براگەورەکە، وێنەیەکن لە حکومەت و حیزبەکان کە خاوەنی هێزی چەک

و دراون، لە ژێر چەتری سالارێتیی و لەبازنەی درۆزانـیـدا، درێـژە بـە ڕەوشـی پۆپۆلیستانە و سیاسەتبازی و ناپێشەنگ بونانەی خۆیان دەدەن، دایکیش وێنەیەکە بۆ (کۆی ڕۆشنبیران، نوسەران، ڕەخنەگران و کەسایەتیە خاوەن ئەزمونەکانی ژیان)، کە لە ژێر چەتری مرۆڤویستی و نیشتیمانیبوندا، لـە بازنـەکانی خـۆزگـەی کـاری پێکـەوەیدا، تەنها خاوەنی پێنووس و هزرو بیری گەشە و بنیاتنانن، لەدەرەوەی ویستی سالارێتیە کەسی و حیزبیەکاندا، بۆگەیاندنی پەیامەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، کار بۆ هۆشیارکردنەوەی گشتی دەکەن، ئەندامانی تری خێزانەکە، هاوڵاتیانی بەشمەینەتی نیشتیمانن، کە لە کۆی نائارامی، نـادادی، نـاڕونـی، نەبونی و نایاسایەکانەوە، چەق بەستوانە لەبازنە داخراوەکاندا ماونەتەوە.

وەک چۆن ڕەوشی خێزانەکە لە نەزانینی بەڕێوەبردن و پێشەنگایەتی هەڵەدا، بەدەست سالارێتی باوک و براگەورەوە، لە بـەردەم هەڕەشەی پەرەتەوازەیی و هەڵوەشانەوەدایە، ئـاواش ڕەوشـە درێژخایەنە شپرزەیەکەی هەرێم، کە داماڵراوە لە کۆی نرخ و بەهاکان بەدەست نەریتی سالارێتی حیزبەکان و حکومەتی حیزبی و کارەکتەرە پۆپۆلیستەکانەوە گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیداری بێ متمانەیی، متمانە لە نێوان حکومەت و حیزبەکان و تەنانەت ناوخۆی حیزبەکان و کۆمەڵگای بەناو مەدەنی و تا بۆ کۆی تاکەکانی نیشتیمانیش نـەمـاوە، هـەمـوان بونەتە بازرگانی سیاسی و درۆ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، تا وای لێهاتووە ئەگەر ڕاستیش مابێ و بوترێ بڕوا بە ڕاستیەکانی یەکتریش ناکەن، خوڵقێنەری ئەم ڕەوشی بێمتمانەییەش هەر لەسەرەتاوە درۆکردن بـووە، درۆ لـەهـەمـوو شـتێک و درۆ لـەهـەمـوو کایەکان و تەنانەت درۆ لەگەڵ بیروباوڕە حیزبی و خودیەکانیشدا، بەدرۆ زۆر ڕاستی شێوێندراو زۆر ناحەقی کران بە حەقدار، هەر بەدرۆش ڕەوایی درا بە هەموو ناڕەوایەکان، دەرئەنجام وەک پێشبینی دەکرا، گەیشتین بەم ڕەوشە تەواو شێوێنراوە، کە دوای خاڵی نائومێدی وکۆشەگیری و بێ متمانەییە. بەهەر حاڵ لە ژێر دروشمی (بـەردەوامـی ژیـان و پێویست بونی گەشبینیدا)، پەنجەرەیەک بۆ دەربازبون دەگەینەوە، کە مەنفەسێکەو لە هەمان کاتدا، دەبێتە دەستپێک بـۆ کـردنـەوەی دەرگـاکـانی تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە شکست خـواردووە، ئەویش پەیڕەوی پـەیامـەکانی وێـنـەی سـێ مەیمونەکەیە کـە وەک کلتوورێکی ڕۆژئاوایی ناسراوە، وێنەک پێمان دەڵێت پێویستە بۆ گـەڕانـەوەی متمانە بڕیار بدەین ئیتر کارەبەدەستانی ئیمڕۆ یان سبەی درۆنەکن و درۆی پۆپۆلیستەکان نە ببیستن و درۆی پێنوسە هەڵپەرستە حیزبیەکان نەبینن، ئەگەر لە کۆی کایەکاندا پێشەنگە ڕاستگۆکانی ئیمڕۆ یان سبەی بیانەوێت، درۆزنەکان بدۆزنـەوە ئـەوە لە ڕوخساری خـودی درۆزەکـاندا هـاوارو نیشانەی سیاسەتبازی و هەلپەرست و خۆژین و درۆزنـی دیـارە دەبیسترێ و دەبنرێت. دوا وتـە، بە کورتی بۆ ئەوانەی، کە تروسکاییەک هەستی مرۆڤویستی، ونیشتیمان پەروەرییان ماوە، وخۆزگەیەک بۆ پاکبونەوە و هیوایەک بۆتۆماری مێژویەکی پـاک دەخـوازن، با تەنهاوتەنها کوێ لـەدەنگی ڕۆشـنبیـرە نیشتیمانییەکان و بەحەق خوازیارو پارێزەرانی بەرژەوەندییە گشتییەکان و هەستی مرۆڤویستی ڕەخنەگران بگرن، دڵنیابن ئەوانە کە لە دەرەوەی بازنەی حیزبەکان و حیزبایەتین، ئەگەر ژمارەیەکی کەمیش بن، وەک وێنەی دایکە بۆ خێزانەکەی، چونکە هەر ئەوانن لە بازنەی چەمکی هـاوڵاتیبونـەوە دوور لـە بۆنـی خوێن و بوغز و رقی سالارێتی، ڕاستگۆیانەو گەشبینانە، دوور لە بەرژەوەندی خودی بۆ کۆی چەمکەکانی مرۆڤویستی و نیشتیمان ویستی و پێکەوەیی دەسوتێن.

# سێبەری ژن بەسەر حەساری مێژووەوە



ڕاز ئەسعەد

هەواڵنامەی کتێب

خاتوو گۆدیڤا، ناوێک کە لە تۆماری مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئینگلتەرادا دەدرەوشێتەوە، وێنەی ژنێکی بوێر دەهێنێتەوە یاد کە لە گەشتێکی ئەفسانەییدا ئاڵنگاریی نەریتەکانی کۆمەڵگە دەکات. لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین بە گەشتێکی لێکۆڵینەوە دەربارەی وردەکارییەکانی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش دەست پێبکەین، ئەویش بە ئاشکراکردنی ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکان، توێکاریی تەلیسمەکانی خاتوو گۆدیڤا و کردنەوەی ئەو گرێ و هێماسازییە بەردەوامەی کە سنوورەکانی زەمەنی تێپەڕاندووە. دیارە نێو لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لە چیرۆکی سەیر سەیر، دەکرێت ببنە پەند و بۆ ژیانی ئێستاش سوودیان لێببینرێت، ڕەنگە هەندێک وابزانن ئەم چیرۆکە کۆنانە توانستی خۆیان لە دەستداوە و بۆ ژیانی ئێستا بەو جۆرە گرنگیان نەمابێت، بەڵام چیرۆکێکی لە نموونەی خاتوو گۆدیڤا ڕەنگە بۆ ئێستا لە هەموو کاتێک پێویستر بێت، کۆمەڵگای مرۆیی بە گشتی هێشتا پێویستی بە ژنە بوێرەکانە، تا کۆت و بەندەکانی ستەم تێکبشکێنن، ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر جیهان لە چاوەڕوانی خەبات و تێکۆشانی ژنە ئازا و بوێرەکاندایە، ئەگەر ئەوان نیوەی کۆمەڵگا بن، بە دڵنیاییەوە هێشتا کاریان زۆر ماوە بپەرژێنە سەری، تا جیهانێکی هاوسەنگ بێننە بوون.

**دوالیزمەی ئەفسانە و مێژوو:**

پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەهێز لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا هەیە، بەو پێیەی ئەفسانە، مێژووی پێش داهێنانی نووسینە، گەنجینەیەکی بەهاداری

زانیارییە جیاوازەکانە و دەبێتە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی گێڕانەوەی مێژوو، بە واتایەکی دیکە ئەفسانە خۆی مێژوو بووە، یان کەرەستەیەکی مانادار بووە بە مێژوو(١)، ئەفسانەکان هەرچەندی ئەندێشە و فەنتازیاش تێیاندا باڵادەست بێت، هێشتا پڕن لە ڕاستی و حەقیقەتی مێژوویی، هەر ئەوەشە وایکردووە ئەفسانەکان لە هەموو جۆرە دەقەکانی دیکە زیاتر بە نەمریی بمێننەوە و پشتاوپشت ببنە وێردی سەر زمانە جیاوازەکانی گەلان. زۆر جار ئەفسانەکان خۆیان لە چەندین پارچەی بچووکی ڕەنگاوڕەنگی هەمەچەشن و لە مۆزایکێکی قەشەنگی فرە جەمسەر و پارچەدا دەخەنەڕوو(٢)، بە جۆرێک تێکهەڵکێشن، هەر جیاکردنەوەیەکیان لە یەکدی کۆی ئەفسانەکە لاسەنگ دەکات، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە ئەفسانە تەنیا ئاوێنەیەک بێت بۆ ڕابردوو، بەڵکو دەروازەیەکی بنەڕەتیشە کە دەیەوێت ئێستا و داهاتوومان بۆ ڕوونبکاتەوە(٣).

وێڕای ئەوەی ئەفسانە یەکێکە لە بونیادە گرنگەکانی بیری مرۆڤ، کە قوڵایی مێژوومان بۆ دەستنیشان دەکات، لە هەمانکاتدا چوارچێوەیەکی بنەڕەتیشە لە نێوانی زەمەنی ئەفسانەکە و زەمەنێکی دوورتر، کە خودی ئەفسانەکەی تێدا دروستبووە(٤) بەمەش زۆر جار ئەفسانە سنوورە جیاوازەکانی جوگرافیایەکی دیاریکراوی بڕیوە و وەک بەرهەمێکی سەرزارەکی دەماودەم و پشتاوپشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازراوەتەوە(٥). چیرۆکی خاتوو گۆدیڤا باشترین نموونەیە بۆ ئەم شێوازە لە گێڕانەوە و گواستنەوە و مانەوەی بە زیندوویی.

## ڕەگێک لە ناخی مێژوودا:

هەرچەندە ئەم دەقە پێشتر و بە شێوەی مێژوو یان ئەدەبی زارەکی لەناو خەڵکدا بڵاوبووە، بەڵام بۆ یەکەم جار و لە سەدەی دوازدەهەمی زاینییدا مێژوونووسان ڕۆجەری وێندۆڤەر(Roger Of Wendover) و ڕۆجەری هۆڤیدن (Roger Of Hoveden) ئەفسانەی خاتوو گۆدیڤایان لە تۆمارە مێژوویییەکاندا چەسپاند. ئەو قۆناغە کە بە سەردەمی گەشەکردن و بەهێزبوونی سیستمی فیۆداڵیی و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان جیادەکرێتەوە، وەک پاشخانێک وابوو، بۆ سەرهەڵدانی کەسایەتییەک کە ئاڵنگاریی دابونەریتەکانی سەردەمی خۆی بکات. ئەمە لەکاتێکدا لەو قۆناغەدا ڕەخنەگرتن لە ئایین قەدەغە بووە، هەر بەرەنگارییەکی سیاسی لێکەوتەی ئایینی هەبووە، بەڵام ئەو دێت وەک ژنێکی بوێر و چاونەترس لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی ستەمی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەبێتەوە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شەرعیەتی لە دەسەڵاتی ئاینییەوە وەرگرتووە و دەسەڵاتدارانی سیاسی زادەی دەسەڵاتدارانی ئایینی بوون.

زەمینە و ڕەچەڵەکی مێژوویی چیرۆکەکەی گۆدیڤا بەردەوام جێی مشتومڕی زۆرینەی مێژوونووسان بووە، چونکە ئەم چیرۆکە وێڕای ئەوەی تا ئێستاش بە نەمریی ماوەتەوە و توانیویەتی بچێتە ناو پانتایی ئەفسانە، مێژوو، ئەدەبیات و سەرجەم کایەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، بەڵام تا ئێستاش پشتڕاست نەکراوەتەوە و ناشتواندرێت پشتڕاست بکرێتەوە، هەر بۆیە مێژوونووسانیش وەک چیرۆکێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن(٦).

## گۆدیڤا و ئاڵەنگارییەکانی مانەوە:

بۆ تێگەیشتن لەو سزا گوماناوییەی بەرەو

ڕووی خاتوو گۆدیڤا کرایەوە، گەڕان بە دوای تێگەیشتن و ئاشنابوون بە شێوازەکانی باجدان لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئینگلتەرادا، دەبێتە پێویستییەکی گرنگ بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت لە ماجەراکانی ئەو ڕووداوە تێبگات. باجە جۆراوجۆرەکان لەو سەردەمەدا قورساییەکی زۆری خستبووە سەر شانی خەڵک، کە هەر خۆی لەبنەڕەتەوە بە دەست هەژارییەوە دەیاننالاند، کۆمەڵگە کەوتبووە دۆخێکی مەترسیدارەوە، ئەم قورسایی و لێکهەڵوەشانەی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان، زەمینەی بەردەوامبوونی ڕووبەڕووبوونەوە و پزیسکی ئاگری شەڕ وماڵوێرانی بوو. ئەم ڕەهەندەی نالەباریی ژیانی خەڵک قووڵیی و جدیەت بۆ گێڕانەوەکە زیاد دەکات و سەرنجەکانی زیاتر کێشدەکات، هەروەها تیشکیش دەخاتە سەر ئەو گرژییە کۆمەڵایەتی-و ئابوورییانەی کە ڕەنگە ئەم چیرۆکە ئەفسانەییەی تۆیشوودار کردبێت.

خاتوو گۆدیڤا لە دەوروبەری ساڵی (١٠١٠) لەگەڵ ئیرل لیۆفریک ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە، دوای کۆچی دوایی باوکی بەخێرایی پلەی لیۆفریک بەرزکرایەوە، بەو واتایەی نازناوی باوکی بە میرات وەرگرت و پلەی بۆ ئیرلی مێرسیا بەرزبۆوە، لیۆفریک بەو نازناوەیەوە سەردەمی چوار پادشای تێپەڕاند: (کانوت، هارۆڵد، هارتاکنات، ئێدوارد)(٧)، هەر بۆیە تا دەهات ڕێزی زیاتری لێدەگیرا و کاریگەریی زیاتری لەسەر دەسەڵاتەکان هەبوو. بە هۆی ئەو هەموو دەسەڵات و پاوانخوازییەوە، هاوسەرەکەی گۆدیڤا باجێکی زۆری بەسەر دانیشتوانی شارۆچەکەی (کۆنیڤێنری)دا سەپاند بوو، بەجۆرێک دانیشتوانی ژێر قەڵەمڕەوی ئەو تەواو شپرزە بووبوون و تا ئاستی خنکان لە گێژاودا بوون، بەبێ گوێدانە ئاستی بژێوی دانیشتوان بەردەوام ڕێژەی باجەکان لە بەرزبوونەوەدا بوون، خاتوو گۆدیڤاش بەردەوام لە ڕێی ڕاوێژکردن لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە هەوڵی کەمکردنەوەی ڕێژەی باجەکاندا بوو، دەیویست هاوسەرەکەی کەمێک بە بەزەیی بێت بەرامبەر ئەو خەڵکەی بە دەست باجەوە وایان لێهاتبوو تەنانەت نانی منداڵەکانیشیان بۆ دەستەبەر نەبێت.

هەر لەم بارەیە و سەبارەت بە ڕێژەی ئەو باجە قورسە، ڕۆجەری وێندۆڤەر لە کتێبی (Flores Historiarum) دەڵێت: خاتوو گۆدیڤا زۆر نیگەران بووە لە دۆخی نالەباری خەڵک بەهۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی باجەکان و داتەپینی گوزەرانی ئابوری دانیشتوانی ناوچەکە، هەر جارێک دەربارەی ئەم بابەتە لەگەڵ هاوسەرەکەی بدوایە، ئیرلی زۆر بە توندی سەرزەنشتی دەکرد و ڕووبەڕووی دەبووە، تا کار گەیشتە ئەوەی لێی قەدەغەکرد دەربارەی ئەو بابەتە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، بەڵام ئەمە نەبووە هۆکارێک کە خاتوو گۆدیڤا وازبهێنت، بەڵکو خەمی دانیشتوانی شارۆچەکەکەی خەمی هەمیشەیی دڵی ئەو بووە، تا دواجار کە داوای کەمکردنەوەی باجی لە هاوسەرەکەی کرد، ناچار بوو بەو مەرجە قورسەی هاوسەرەکەی ڕازی ببێت تا ڕێژەی باج لەسەر خەڵک کەمبکاتەوە، مەرجەکەش ئەوە بوو خاتوو گۆدیڤا بەبێ پۆشاک و بە ڕووتی بە ناو شارۆچکەکەدا بگەڕێت(٨)، ئەم مەرجە سەیرە ڕەنگە بۆ ئێستا زۆر نامۆ یان قورس لێی نەڕوانرێت، بەڵام بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا زۆر قورس بوو، خاتوونێک لە چینی باڵا و خانەدان بە ڕووتی بە ناو شاردا بگەڕێت، نابێت بیرمان بچێت ئەو دەمە

کۆمەڵگای ئەوروپی کۆمەڵگایەکی زۆر ئایینی و نەریتیی بووە، بۆ ئەو کاتە کاری نەکردە بووە، چ لەڕووی ئاینی و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەر ئەمەش وای لە هاوسەرەکەی کردووە، کە ئەو مەرجە نەکردەیە دابنێت، دڵنیاش بوو کە خاتوونەکەی کارێکی لەو جۆرە ناکات و باجەکانیش وەک خۆیان دەمێننەوە و لە سەرزەنشتی خانمەکەشی ڕزگاری دەبێت، بەڵام پێچەوانەی هەموو پێشبینییەکان، خاتوو گۆدیڤا بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراو بە پێشنیاری هاوسەرەکەی ڕازی دەبێت و وەک ژنێکی بوێر و لە خۆبردوو، لە پێناوی بژێوی گەلەکەیدا پێیوایە جەستەی ئەو هیچ شکۆیەکی نییە ئەگەر گەلەکەی برسی بێت، دەستبەرداری سووکایەتی بەجەستەی خۆی هەڵبژارد و وەک کردەوەیەکی بوێرانەی نارەزایەتیی دەربڕین دژ بە باجدانی قورس، کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە ئێرل لیۆفریکی مێرسیا (Earl Leofric of Mercia) وە بەسەر دانیشتواندا سەپێنرا بوو، بە ڕووتی و بە سواری ئەسپەکەیەوە چاکی مەردایەتی بەرزکردەوە و بووە پێشڕەوی گەلەکەی. (ماتیۆ پاریس)، کە مێژوونووسێکی ئینگلیزە و لە سەرەتای سەدەی سیانزەدا دەربارەی ئەم ڕووداوە نووسیوویەتی و دەڵێت: «خاتوو گۆدیڤا فەرمانی بە خەڵکی شارۆچکەکە کردووە، کە لە ژوورەوە بمێنەوەوە و پەنجەرەکانیان داپۆشن و دەرگاکانیان کڵۆم بدەن)(٩)، بەم شێوەیە خاتوو گۆدیڤا بە ڕووتی سواری ئەسپەکەی بووە و بەو پەڕی سەربەرزییەوە هاتۆتە مەیدان، کە تەنیا داپۆشەری قژە درێژەکەی بووە(١٠). ئاماژەش بەوە دەدرێت لەو کاتەی کە دەستنیشانکراوە بۆ ئەنجامدانی گەشتەکەی گۆدیڤا، سەرجەم دانیشتوانی شارۆچکەکە، وەک پشتگیریی لە پێشەڕەوەکەیان، لە ماڵەوە دانیشتوون و کەس سەیری نەکردووە، جگە لە کەسێک بە ناوی (Tom)ەوە، کە بەنهێنی لە پەنجەرەیەکەوە لە جەستەی ڕووتی گۆدیڤای ڕوانیوە، زۆربەی گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەو کەسەش ڕاستەوخۆ کوێر بووە، هەندێکیش دەڵێن مردووە(١١).

بەم کارە گۆدیڤا لەیەک کاتدا ڕووبەڕووی سیستمی حوکمڕانی چەندین ساڵەی وڵاتەکەی و ڕووبەڕووی ئایین و نەریت و سیاسەت و تەنانەت هاوسەرەکەشی دەبێتەوە، هەروەک دەشیسەلمێنێت کە لە پێناو بژێوی گەلدا پێویستە هەموو جۆرە قوربانیدانێک پێشکەش بکرێت و هیچ شتێک لە ئاسوودەیی گەل گرنگتر نییە.

ئەم بەسەرهاتە لە چەندین شوێن و بە شێوازی جۆراوجۆر بڵاوکراوەتەوە، بەڵام جێی داخە هێشتا بە دۆکیۆمێنت نەسەلمێنراوە و بەڵگە مێژووییەکانی ڕووداوەکە تا ئێستاش بەردەست نین، ئەمەش وایکردووە زانایان زیاتر وەک فۆلکلۆر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، نەک وەک گێڕانەوەیەکی ڕاستەقینە، چونکە ناڕوونیی لە تێرم و گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا چینێک تەمومژ بۆ میراتی خاتوو گۆدیڤا زیاد دەکات.

**ئایەتەکانی ڕووتبونەوە لە پێناو ژیانەوەدا:**

قسە و باس لەسەر پاڵنەرەکانی خاتوو گۆدیڤا زۆرن، ئایا ئەوە گرنگیدانێکی ڕاستەقینە بوو بە خەڵکی ئازارچێشتوو، یان ئاماژەیەکە بە سیمبولی قوربانیدان لە پێناو دادپەروەریدا؟ توخمە سیمبولییەکانی چیرۆکەکە، بە تایبەتی گەشتەکەی بە بێ پۆشاک (سواربوون لەسەر پشتی ئەسپێک بە ڕووتی) لێکدەرەوە ناچار دەکات، کە ڕووکەشێتی گێڕانەوەکان تێبپەڕێنێت



و قووڵ لە فۆرم و پاڵنەرەکانی دیمەنەکە بڕوانێت، لە وەها بارێکیشدا دەبێتە کەڤاڵێکی ئاڵۆزی هەست و بەها مرۆییەکانی پشت ڕووداوەکە و دوور لە دڕندەیی، جوانییەکانی ناخی ژنێکمان بۆ بەرجەستە دەکات، کە بۆ مافی خەڵک واز لە خۆشییەکانی دنیا دەهێنێت.

میراتی خاتوو گۆدیڤا وەک هێمای بوێریی و دادپەروەریی و قوربانیدان تا ئێستاش بەردەوامە، (جۆزیف کەمبڵ) پێیوایە: (کاتێک مرۆڤ دەبێت بە نموونەیەک بۆ ژیانی کەسانی دیکە، ئەو کەسە بەرەو مەیدانی ئەفسانە دەبزوێت)(١٢)، ئەم چیرۆکە لە تەواوی کەلتوور و قۆناغە مێژووییەکاندا جێگەی خۆی کردووەتەوە، ئەمەش گەواهی دەنگدانەوە نەمرەکەی و

بەهێزیی گێڕانەوەیە لە داڕشتنی هۆشیاریی کۆمەڵدا. سیمبولێتی بەردەوامی خاتوو گۆدیڤا ئاڵنگاری ئەوەمان دەکات، کە بیر لەو بەها و نموونە باڵایانە بکەینەوە، کە لە گێڕانەوەی چیرۆکە مێژووییەکاندا هەن.

زایەڵەی گۆدیڤا لە تێکستە ئەدەبیەکاندا :
چیرۆکی خاتوو گۆدیڤا بەتەنیا لە نێو لاپەڕە تۆزلێنیشتووەکانی مێژوودا نەماوتەوە و هەر لە سەرەتاوە تۆمارەکانی تێپەڕاندووە، نیشتمانێکی لە ئەدەب و هونەر و کەلتووری باودا بۆ خۆی چێکردووە. لە بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە تا وێناکردنی هونەریی، نەوە لە دوای نەوە چیرۆکەکەی دووبارە وێناکراوەتەوە و داڕێژراوەتەوە، ئەمەش بەردەوامی داوە بە شانازییەکان بەو چیرۆکە مێژووییە. پەرەسەندنی ئەم نواندنانەش ڕەنگدانەوەی گۆڕانی هەڵوێست و بەها کۆمەڵایەتییەکانە بە درێژایی سەردەمەکان.
چیرۆکی خاتوو گۆدیڤا بابەتێک نییە بە تێپەڕبوونی کات بەسەرچووبێت و لە سەر ڕەفەی کتێبخانەکان ئەرشیف کرابێت، بەڵکو چۆتە ناو ئەدەب و ئەفسانە و مێژوو و سەرجەم کایە جیاوازەکانەوە، بەو واتاییەی چیرۆکی ژنێک بۆتە هەوێنی ئەفسانەناسی، مێژووناسی و تەنانەت جوگرافیاش، چونکە بووە بە بابەتێکی نەمر و زەمەن و جوگرافیاشی تێپەڕاندووە، هەر ئەمەش وایکردوە کە زۆر جار دەوترێت بەبێ جوگرافیا، مێژوو هیچ واتایەکی نییە(١٣)، کەواتە چیرۆکی خاتوو گۆدیڤا ئەفسانە بێت یاخود مێژوو، تێپەڕاندنی جوگرافیایە، چەندین پەیامی گرنگی لە خۆگرتووە، کە دەتوانین بە پەیامی باڵای گەردونیی ناوزەدیان بکەین و بڵێین ژن دەتوانێت پەیامی مرۆیی بگەیەنێت و ڕووبەڕووی برسێتی و ناداپەروەری و ستەمی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دابونەریت...... تاد، ببێتەوە.

### تێڕوانینێک لەو دیو پیاهەڵدانەوە :

سەرەڕای گرنگییە کەلتوورییەکەی، چیرۆکی خاتوو گۆدیڤا بەهۆی نەبوونی بەڵگەی مێژوویی ورد، ڕووبەڕووی ڕەخنە و تێڕوانینی جۆراوجۆر بووەتەوە، مێژوونووسان و توێژەران مشتومڕ لەسەر ڕاستودروستی چیرۆکەکە دەکەن و ئەو هێڵە ناڕوونانەی نێوان مێژوو و ئەفسانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە، کە دەوری ئەم گێڕانەوە جیامەندەیان داوە. ئەم پشکنینە ڕەخنەگرانەیە پاڵمان پێوەدەنێت، کە بەرەو هاوسەنگی ڕاگرتن لەنێوان ڕاستی مێژوویی و گێڕانەوەی ئەندێشەییدا هەنگاو بنێین، چونکە تا ئێستا بەڵگەیەکی زانستی یەکلاکەرەوە لەبەردەستدا نییە تا حەقیقەتی ئەم چیرۆکەمان بۆ بسەلمێنێت. ئەوەی لەبەردەستدایە تەنها گێڕانەوەکانی هەر دوو مێژوونووس ڕۆجەری وێندۆڤەر (Roger of Wendover) و ڕۆجەری هۆڤێدن (Roger of Hoveden)ە، ئەوەی گومانەکەی دروستکردووە ئەوەیە کە نازانرێت ئەم دوو مێژوونووسە لە کێ و لە کوێیان وەرگرتووە، ئایا لە واقیعەکەدا ژیاون؟ یان تەنیا بەهۆی پەیامە مرۆیی و گەردونییەکەیەوە دەماودەم گواستراوەتەوە؟! لە هەمانکاتدا ڕەنگە لێکدانەوە مێژووییەکان بە هەڵەیە لە مانای (ڕووتی) خاتوو گۆدیڤا تێگەیشتبن، ڕەنگە بەو زاراوەی کە ئێمە لێی تێدەگەین ڕووت نەبووبێت، بەڵکو دەکرێت بێ خشڵ و وردەکاریی پۆشاکەکانی، کە لەو سەردەمەدا پێناسە و پێگەی خۆی لە

دابونەریتی کۆمەڵگەی ئەو دەمەدا هەبووە، ئاماژە بن بۆ ڕووتیی ناوبراو، هەر بۆیە تا ئێستا وەک بابەتێکی تەمومژاوی ماوتەوە، کە جێگەی پرسیاری هەموو مێژوونووسانە!

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی چیرۆکی خاتوو گۆدیڤا، پەی بەو کارلێکە ئاڵۆزەی نێوان مێژوو و ئەفسانە دەبەین، سەرسامی بەردەوام بەم کەسایەتییە ئەفسانەییە، وامان لێدەکات بیر لە سروشتی گێڕانەوە مێژووییەکان بکەینەوە و بە سنوورە نارِوونەکانی نێوان ڕاستی و ئەندێشە ئاشنابین، تەلیسمی خاتوو گۆدیڤا بەردەوامە و بۆ لێکۆڵینەوە لە یەکتربڕینی ئەفسانە و واقیع لە تابلۆ دەوڵەمەندەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا بانگهێشتمان دەکات.

دەکرێت گێڕانەوە (سرد) یەکەم هێڵی هاوبەشی نێوان ئەدەب و مێژوو بێت، لەم چیرۆکەدا و هاوتەریب لەگەڵ گێڕانەوەی مێژوویی، گێڕانەوەی ئەدەبییش دەچێتە ئاستێکی باڵا و نالەباری ژیانی گەلێکمان لە ژێر جەوری دەسەلاتی چەوسێنەر بۆ دەگوازێتەوە، چیرۆکی کاریزمایەکمان لە وێنەیەکی ئەدەبی ناوازەدا بۆ دەنەخشێنێت، وێنای گەلێکمان بۆ دەکات، کە تێکڕا چاودادەخەن، تا مەوکبی پرشکۆی خانمی خۆبەختکەر، بە ئازادیی بە کوچەکانی شاردا تێپەڕێت.

بەدەر لە ڕاستی و ناڕاستی، ئەمە چیرۆکی ژنێکە واز لە خۆشییەکانی ژیان دەهێنێت، دەمرێت تا گەل بژی، باسی ئەو ساتەمان بۆ دەکات کە دەکرێت ژنێکی ویژدان زیندوو تەنانەت لە هاوسەرەکەشی هەڵگەڕێتەوە و پێشەنگێتی کۆمەڵگە بکات بۆ سەندنی سەرەتاییترین ماف، کە ژیانی شەرافەتمەندانەیە، لە پنتێکی هەستیاری مێژوویيدا ژنێک دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێت تا ئێرە و بەس، لە چیرۆکێکی وەهاوە دەبێت هەمیشە چەوسێنەرەکان لە هەڵگەڕانەوەی نزیکترین کەسیان بسەڵمێنەوە، ئەم چیرۆکە پێیاندەڵێت ئێستا یان داهاتوو، لە نزیکترینی نزیکەکانەوە هەرەس بەسەرتاندا دەبارێت.

سەرچاوەکان:
١-سامان مارف، نامۆبوونی ئایینی لەبارەی پارادۆکسی بوون و بیرکردنەوە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦، ل٩٦
٢-فیراس سەواح، نهێنیی عەشتار، و:ئیبراهیم فەتاح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٨
٣-ڕاز ئەسعەد، میرزامەنگوڕی و مێژووی ژن، چاپخانەی یاد، چ٢، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١١٤
٤-کلۆد لیڤی شتراوس، ئەفسانە و مانا، و: سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠، ل١٤
٥-ڕێبوار جەمال سەگرمە، ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢٠، سلێمانی، ل٤
6-https://florencehrs.substack.com/p/godgifu-the-bare-truth-behind-the
7-https://florencehrs.substack.com/p/godgifu-the-bare-truth-behind-the
8-https://meanderingthroughtime.weebly.com/history-blog/category/roger-of-wendover
9- https://meanderingthroughtime.weebly.com/history-blog/category/roger-of-wendover
10-https://www.euronews.com/culture/202310/07//culture-re-view-lady-godiva-rides-naked-through-coventry-allegedly
11- https://www.britannica.com/biography/Lady-Godiva
١٢- گفتوگۆی بیل مویرز لەگەڵ جۆزیف کەمبڵ، و: سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٠
١٣-مەولود ئیبراهیم حەسەن، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٩٣.

هەواڵنامەی کتێب

# بانگەوازی ئاشتی و سیاسەتی نەتەوە پەرستیی زێدەڕۆیانە



شیرین تاهیر

بەم پرسیارە دەچینە ناو بابەتەکە؛ لە بانگەوازی ئاشتی کورد؛ چۆن چارەسەری سیاسی کورد بە بنەمابگرین، ئایا بەڕاستی دەتوانین ئەم بانگەوازە وەک دەستکەوتی دیموکراسی ڕاستەقینە بیبینین و دڵنیا بین لەوەی تەنها حوکم ناداتەوە بە دەسەڵات، بەڵکو گرەنتی مافەکانی کوردیش دەکات؟

لەڕاستیدا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ئاشتییە، لە مانگی شوباتی ئیمساڵدا دۆخێکی گەرم و زۆر جیاواز لەوەی چاوەڕوان نەدەکرا؛ ڕوویدا، لە ٢٥ ی شوباتی ئەمساڵدا ڕێبەری بزووتنەوەی تەڤگەری ئازادیی پ ک ک؛ ع.ئۆجەلان؛ لە بانگەوازێکدا بەناوی «بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک» داوای لەناوبردنی چەک و بانگەشەی بۆ ئاشتی کرد، لە بانگەوازەکەدا دەڵێت:» بڕوام بە هێزی سیاسەت و ئاشتی کۆمەڵایەتی هەیە، نەک چەک»، لە دوای کورتەیەکی گرنگ و پوخت لە سەر پێویستی دروستبوونی پ ک ک و هۆکاری چەک هەڵگرتن و ئەو واقیعەی ئەم بزووتنەوەیەی تیدا لەدایکبوو؛ دێتە سەر ئەم قۆناغە و بڕیاردان لەسەر پرسی کورد و بانگەوازی ئاشتی و لەناوبردنی چەک، لە باسی گۆڕانی قۆناغ بە قۆناغی جووڵانەوەکە، هۆکارەکان لەژێر کاریگەری سیستمی جیهانی و ناوخۆیدا دەخاتەڕوو، بۆ نموونە قۆناغی دەستبەسەرداگرتن و دواتر دەستپێکردنی خەباتی چەکداری ژنان و گۆڕینی فۆرمی تێکۆشانی پ ک ک؛ قۆناغ بە قۆناغ و لەبەرامبەر سیستمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، پاشان باسی ئەوە دەکات کە چۆن بەردەوام بوون و دانەبڕاون لە تێکۆشان، ئەوە دەخاتەڕوو ماوەی دوو سەد ساڵە؛ سیستمی سەرمایەداری لەپاڵ هێزە



بالادەستەکاندا، دەیانەوێ هاوپەیمانی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان تێکبدەن.

لە بانگەوازی ئاشتییدا ڕێکەوتنی دیموکراتیانە و کۆتاییهێنان بە گونجاوتر دادەنێت بۆ ئەم قۆناغە، ئەم بانگەوازەی سەرۆک ئۆجەلان بە پراکتیک لە ١١ ی تەمموزی ٢٠٢٥ لە ئەشکەوتی جاسەنە لە ڕێورەسمێکدا بە بەرچاوی نوێنەرانی حکومی و نێودەوڵەتی ئەنجام درا، پرۆسەکە بە بەشداری ٣٠ گەریلا؛ ١٥ ژن و ١٥ پیاو بوو، نوێنەری گروپی «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک» گەریلایەکی ژن بوو بە ناوی (بەسێ هۆزات)، ئەو ڕاگەیاندراوەکەی گروپی ئاشتی خوێندەوە؛ لە بەشێکی پەیامەکەی بۆ ڕای گشتییدا؛ دەڵێت:» ئێمەی ژنان و پیاوانی شەڕڤانانی ئازادی کە لە مێژوویی جیاجیادا بەئامانجی شەڕکردن لەدژی هێرشەکانی نکۆڵیکردن و قڕکردنی کورد بەشداریمان لەریزەکانی پەکەکەدا کردووە، چەکمان هەڵگرتووە و لەهەرێم و شوێنی جیاجیا تێکۆشانمان بەڕێوەبردووە، ئەمڕۆ وەک وەڵامێک بۆ بانگەوازییەکەی ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵا ئۆجالان کەلەراگەیەندراوەکەی ڕێکەوتی ١٩ـی حوزەیرانی ٢٠٢٥ییدا بڵاوی کردبووەوە؛ هاتووین بۆ ئێرە. هاتنەکەمان لەسەر بنەمای بانگەوازی ٢٧ـی شوباتی ٢٠٢٥ بۆ «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک»ی ڕێبەر عەبدوڵا ئۆجالان و بڕیارەکانی ١٢هەمین کۆنگرەی پەکەکەیە کەلەڕۆژانی ٥-٧ی ئایاردا ئەنجامی دا. وەک نیازپاکی و هەنگاوی بڕیارداری لەپێناوی بەکرداریی سەرکەوتنی پرۆسەی (ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی) و لەئێستاشەوە بەئامانجی بەردەوامیدان بەتێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی و سۆسیالیزمیمان بەرێبازی سیاسەتی دیموکراتی و یاسایی و هاوکات لەسەر بنەمای دەرکردنی یاساکانی ئێنتیگراسیۆنی دیموکراتی؛ لەحزوری ئێوەدا بەئیرادەی ئازادی خۆمان، چەکەکەمان لەناو دەبەین».

بەم شێوەیە دەبینین لەم بانگەوازەکەدا مەودایەک بۆ بەردەوامی تێکۆشان هێڵراوەتەوە و ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کورد دەیەوێ کۆتایی بە میکانیزمی شەڕ بهێنێت و ئاشتی و

پێکەوە ژیان جێگەی ناکۆکی و توندوتیژیی و کوشتن بگرێتەوە، لێرەدا بیروبۆچوونیکی کراوەتر لەبەرامبەر پرسی سیاسی کوردا دەبینین وەک لەوەی پێشتر لە خەباتی چەکدارییدا مل بۆ هیچ ڕیفۆرمێک و ڕێگایەکی دیکەی سیاسی و تێکۆشانی دیموکراتییانە نەدەدرا، بۆیە ئەوە ڕوونە هیچ کات ئاشتی بەهێز ناسەپێنریت، پێکەوەلکاندنی بەشە خاکی نەتەوەیەک؛ بە خاکی نەتەوە و دەوڵەتێکی ترەوە کارێکی سەختە، ڕەنگە پێکەوە لکاندنی خاک لەهەندێک کۆمەڵگەی هاوشێوەی یەکتر لە زمان و کلتوور و مێژووی هاوبەشدا سەرکەوتووبێت، دۆخی مێژوویی دەتوانێت حوکم بدات، کە ئەو پێکەوە لکاندنە سەرکەوتووە یاخود شکست دەهێنیت، کاتێک تورک و فارس و عەرەب لە هەوڵی پێکەوە لکاندندا بوون، دەیانویست کورد دەستبەرداری مافە نەتەوەییەکانی ببێت، لەو بڕوایەدا نین کە ئەوەی ئەوان دەیانویست بیکەن، شۆڕشگێڕی کورد ئەوەی ویستبێت و بتوانێت دەستبەرداری خەبات بێت؛ تائەو کاتەی پرسی کورد و مافی نەتەوەیی و ئینسانی یەکلا دەبێتەوە. بەتێپەڕبوونی ئەو ماوەیە لە دوای بانگەوازەکەی سەرۆک ئۆجەلان، هەروەها قۆناغی دواتری چەک لەناوبردن لەلایەن گرووپی «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک» هیچ گرنگی پیدان و بەرەوپێشچوونێک لەسەر ئاستی تورکیا نەبینراوە، هاوکات ئەگەرچی گوێمان لە دەستەواژەی «ئاشتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک» دەبێت، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کورد وەک نەتەوە خاوەنی پرسێکە؛ هیچی کەمتر نییە لە پرسی نەتەوە سەربەخۆ و دیارەکانی دیکەی جیهان، هێشتا تورکیا لەبەرامبەر بانگەوازی ئاشتی کوردا؛ دەرگای هیچ ئاسۆیەکی بەڕووی کوردا نەکردۆتەوە، بەڵام گریمانەی ئەوەدەکەین بەدیهێنانی دیموکراسی لە سیستمی وڵاتێکی وەکو تورکیا و وڵاتانی دیکەش باشترە، دەشێ چارەسەری کۆتایی بۆ گەلی کورد بهێنێ، لەبەرئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتی دیموکراسیدا؛ تاکو لەگەڵ دەوڵەتی نادیموکراسی و فاشیزم ئاسانترە.

دیموکراسی چارەسەری بنەڕەتی کێشەی نەتەوەیی ناکات، بەراورد بە سیستمەکانی دیکە گونجاوترینە، لەبەرئەوەی سیستمی دیموکراسی لە واقیعدا سیستمێکی کراوەترە لە ئاست دەربڕینی ڕاوبۆچوون و ڕێگەگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و لە نێویشیاندا مافی کەمینەکان، جگە لەوەش میکانیزمێکی گونجاوە بۆ بەیەکگەیاندنی دەنگی گەل لەگەڵ دەسەڵات، زیاتر لە سەدەیەکە کورد لە مافە سیاسیەکانی بێبەشە، چارەسەری کێشەکانی بە دانوسان نەچۆتە پێشەوە و بە شێوەی بنبەست چارەسەی کێشە نەتەوەییەکانی نەکراوە، ئەمەش وایکردووە کورد لە خەبات دانەبڕێت، کاتێک کورد چۆتە ناو پرۆسەی دانوساندنەوە، لەبەرامبەردا داوای لێکراوە دەستبەرداری کۆمەڵێک مافی خۆی ببێت، بزووتنەوە کوردییەکان؛ چەندین جار ڕووبەڕووی ئەم دۆخە بوونەتەوە، گەر بگەڕێینەوە سەر بابەتی بانگەوازی ئاشتی، بە ئەزموون ئەوە دەرکەوتووە، سیاسەتی تەڤگەریی ئاپۆیی سیاسەتێکی ڕیشە داکوتراو و بە بنەما و پرانسیپە و لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژ شێوازی تێکۆشانیش دەگۆڕێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ترسمان لە دەوڵەتانی هەرێمی داگیرکەر نەبێت بەتایبەتی تورکیا، تورکیا وەک سیستم و دەوڵەت نەتەوە، ئەو ئەقڵیەتە تۆتالیتارییە نەتەوەییەی تێنەپەڕاندووە، کە دژ بە کورد کاری لەسەر کردووە، تاڤگەریی ئاپۆیی لە ڕێی

بانگەوازیی ئاشتییەوە؛ دەیانەوی خەونی پێکەوە ژیان و ئاشتی لەتورکیا بەدیبهێنێت.

پرسی کورد لەهەر بەشێکی کوردستان، بەجیا ناتوانین وەک بەش دایببڕین لە کێشە و داخوازی و تێکۆشانی بەشەکانی تر، بۆیە لێرەدا دەبێت باس لەپرسی هەموو کورد بکەین نەک بەش، ترسی ئێمە پەیوەست نییە بە بەشێکەوە، پرسی ئێمە پرسیکی هەمووەکیە، کورد کەمینە نییە، دیموکراسی زیاتر لە پراکتیزەکردندا، ڕەنگدانەوەی حوکمی زۆرینە و گرەنتی مافی کەمینەیە، دواجار پرسی کورد بەتەنها گرێدراو نییە بە جۆری دەسەڵات و سیستمی حوکمڕانی و پەرلەمانییەوە، بەڵکو پرسی کورد تێکەڵەیە لە کێشەی خاک و ژێرخانی ئابووریی کوردستان و دابەشکردنی سامانی نەتەوەیی و کێشەکانی ئاو و سنوورەکان، ئەم کێشانە کێشەی دوای چارەسەری ئاشتین.

کاردانەوەی خەڵک بەرامبەر بەم پرۆسەیە، هەستکردنە بە جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ و بێهیوایی، لەکۆی گشتییدا پەرچەکرداری خەڵکی کوردستان و ژنان بە تایبەتی، لەلایەک دڵخۆشییە و لەلایەکیتر پەرۆشی و خەمناکی و نیگەرانییە، هەڵبەت دڵخۆشیان بۆ ئەم پرۆسەیە؛ لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ژمارەیەک گەریلا بە هێز و ئیرادەوە چەکەکانیان دەسوتێنن، ئەمەش مانای ئەوەیە» چەکەکان دەسوتێنن بەڵام تەسلیم نابن» هەروەها بۆ وڵاتانی هەرێمی و هەموو جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان سەلماند؛ کورد گەلێکی ئاشتیخوازە، بەلای ژنانیشەوە پرۆسەی «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک»هەنگاوێکی گرنگە، جگەلەوەش ئەنجامدانی پرۆسەکە لەڕێی ٣٠ گەریلاوە بەڕێوەچوو، پانزدە گەریلای ژن و پانزدە گەریلای پیاو، ئەمەش مەراسیمەکەی جوانتر و درەوشاوەتر کردبوو، لەسەروو هەموویانەوە نوێنەری گروپەکە «گروپی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک» هاوسەرۆکێکی ژن بوو، ئەمەش بڕوایەکی قوڵتر و بەهێزتری ژنان پیشانددا بۆ پرۆسەی ئاشتی، خەمناکی و ترس و نائومێدیشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد بە درێژایی مێژوو بابەتی (سەربەخۆیی) و (مافی چارەی خۆنووسین) ئامانجە سەرەکی و دوورەکەی بووە، بەڵام ئێستە کە ئەم شێوازی سیاسەت و تێکۆشانە دەبینن، هەرچەندە ئەمە فۆرمێکی دیکەی تێکۆشانە، بەڵام خەڵک بێهوایی ترسەکانیان لەبەرامبەر نەیارەکانی کورد ناشارنەوە، کە چۆن لە ڕابردوودا مافی نەتەوەیی و سیاسی کوردییان پێشێلکردووە و کردەی جینۆساید و قڕکردنی کوردییان ئەنجام داوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا دەتوانین بڵێین، لە لایەنە جەوهەرییە سیاسیەکەوە؛ (حوکمی خۆسەریی ڕۆژئاڤا و فیدراڵی هەرێمی باشوور و کۆمەڵگەی دیموکراتیکی باکوور) ی کوردستان، هەموویان کۆمەڵێک دەستەواژەی سیاسین و بەش بەش لە هەموویەکی دابەشکراودا پەیوەستن بە سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین لەدەرەوەی دەوڵەت نەتەوە.

وەک فاکت ئاشتی بە مانا قووڵ و فراوانەکەی؛ بەتەنها خۆی لە نەهیشتنی ڕۆڵی چەکدا نابینێتەوە، بەڵکو (ئاشتی حەقیقی) هاوتەریب لەگەڵ چەمکی» پێکەوە ژیان» ڕێدەکات، بە واتە هەموو کۆمەڵە و تاکێک لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بە جیاوازی نەژاد و ڕەگەز و نەتەوە و ئایینیانەوە دەبێت پێکەوە بەئاشتی بژین و ڕێز لە مافی یەکتر بگرن، نابێت لایەنێک دەسەڵات و هەژموونی خۆی بەسەر لایەنێکی دیکە بسەپێنێت. ئەمەش ئەو جۆرە ئاشتییەیە کە دەمانەوێت.

سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان لە چەسپاندنی ئاشتیدا؛ زیاتر ژنان لە کۆمەڵگەکاندا بەدرێژایی مێژوو لەهەوڵی ئاشتیدا بوون، لەبەرئەوەی کاریگەرییەکانی شەڕ لەسەر ژنان زیاترە، سروشت و خاسیەتی ژن؛ پشتیوانیە لە ئاشتی، پەیوەندی ژن و ئاشتی تێکەڵەیەکە لە ژیاندۆستی، واتە ئاشتی و ژن؛ گرێدراوی یەکترن، ژن بەسروشتی خۆی دەیەوێت ئاشتی بچەسپێنێت، بە پراکتیکیش ئەوە سەلمێنراوە، تەنانەت ژنان لەکاتی جەنگی براکانیشدا چەندین نارەزایەتی و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای ئاشتی و ئاشتبوونەوە و دانوسانیان کرد، بۆ نموونە؛ لە باشوور لە ٢٤-٥-١٩٩٤ دا؛ ژنان لە شێوەی ڕێپێوان لە سلێمانیەوە بەرەو هەولێر ڕۆیشتن داوای کۆتایی پێهێنانی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتیان کرد، گەر دوورتر بڕوانین لە سەر ئاستی جیهانیش ژنان لەشەڕ و ململانێ گەورەکاندا زیاتر لە پیاوان ڕووبەڕووی توندوتیژی و ئەشکەنجەی دەروونی و فیزیکی و ڕۆحی دەبنەوە، ئەوان لەیەککاتدا بەهۆی جیاوازی ڕەگەزیی و نەتەوەیی و نەژادی و ئایینی ...هتد ڕووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی دەبنەوە، بۆیە پەیوەندی ژنان بە ئاشتییەوە لەڕێی چەندەها ڕۆڵی جیاواز وفرەلایەنەوە دەردەکەوێت، وەک ڕۆڵی ژنان لە دانوساندنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆڵی ڕێگریکردنی ژنان لە قەیران و ململانێکان؛ لە پێناوی چەسپاندنی پاراستنی ئاشتی، دەکرێ ژنان بەشێکی دیاربن لە دانوساندنە فەرمییەکان و لیژنەکانی ئاشتی.

بونیادنانی ئاشتی بەبێ بەشداری ژنان ناتوانرێت بەدیبهێنرێت، دەبێت دەنگی ژن بەرزتر بێت لە کایەی سیاسیدا، لە کاتێکدا سیستم دەیەوێ بێدەنگیان بکات، هەرگیز پرۆسەی ئاشتی لە کۆمەڵگەکاندا بە بێ ڕۆڵ و هاوبەشی و بەشداریکردنی کارای ژن بەدی نایەت، بونیادنانی ئاشتی لەڕێگەی ژنەوە پەیوەندی بە هەموو بوارەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگەوە هەیە، هەوڵ و تێکۆشانی ژنان لە کایەی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا، وادەکات دەنگی ژن زیاتر ببیسترێت. بەڕێز ئۆجەلان لە پەیامەکییدا بۆ ژنان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە(هەشتی مارس) دەڵێت؛ «ڕۆحی ئەم سەردەمە سیاسەتی دیموکراتیکە، زمانی ئەم سەردەمەش زمانی ئاشتییە» بۆیە جەختکردنەوە لە ئاشتی و دیموکراسی لە پێناوی «پێکەوە ژیان» و داننان بە مافی ئەوانیتردا گرنگە.

دەتوانین درک بەوە بکەین کە بانگەوازی «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی» لە باشووری کوردستان کاریگەریەکی قووڵی هەبوو لەسەر دەروون و هەستی نیشتیمانی خەڵک، واتە بانگەوازەکە بەلایەنی نەرێنی و بێهیوایدا کاریگەری لەسەر تێکڕای خەڵکی باشووری کوردستان هەبوو، بە جۆرێک بانگەوازەکە قورس و هەرسنەکراو بوو، ئەم هەستەش گرێدراوی ئەو ئەزموونەیە کە خەڵکی باشووری کوردستان لەسەر دەستی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان پێش پەنجا ساڵ لەمەوبەر بە ناوی (دانانی چەک و تەسلیم بوونەوە) پێیدا تێپەر بوون، ئەم پرۆسەیە کەمتازۆر ئەوەی بیر خەڵک خستەوە و ئازاریی هەستە نەتەوەییەکەییدان.

لەم بەستێنەدا و لەبەر ترس و نیگەرانی ئێمە بۆ پرۆسەکە لەبەرامبەر نەتەوەپەرستی و توندوتیژی و ڕێگە گرتن لە مافی ئازادی ڕادەربڕین و چەندان پێشێلکاریی و نکۆڵیکردنی تر لە مافی نەتەوەیی و ڕەگەزیی، ژنانی کورد لەهەوڵی بەستنی کۆنگرەیەکی سەرتاسەریدان لەهەموو بەشەکانی

کوردستان، لە باشووریش ئەو هەنگاوە نراوە، بۆ پاڵپشتی کردن لە ژنانی کورد لە بەشەکانیتر، لە هەوڵی خۆڕێکخستن و پێکهێنانی «یەکیتیەکی نەتەوەیی ژنی کورد لە باشوور» دایە وەک خۆئامادەکردنێک بۆ کۆنگرەی گشتی، هەڵبەت لە ئێستەدا لە کاری ڕێکخستن و خۆسازداندان بۆ کۆنگرەی سێیەمی ژنانی کورد بە گشتی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بۆیە سەرەتا جاری لەڕێی بەڕیوەبردنی پلاتفۆرمێک کە لە ڕیکەوتی(٥-٧-٢٠٢٥) بەڕێوەچوو، ئامادەکاری دەکات بۆ سازدانی کۆنفرانس و دواتریش بۆ بەستنی کۆنگرە.

سەرئەنجام ئێمە نکۆڵی لە گرنگی پرۆسەی ئاشتی ناکەین، لەسەر ئاستی جیهانی و نیودەوڵەتی، بگرە بە هەنگاوێکی گرنگی بونیاتنانی کۆمەڵگەی دادەنێین، لەبەرئەوەی ئەم پرۆسەیە لەلایەک وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەو بۆچوونانەی کە دەستەواژەی تیرۆریان دەخستەپاڵ پاڵ کەسایەتی (گەریلا) و (تەڤگەر) و (بزووتنەوەی کورد) لەلایەکی تریشەوە بانگەشەکردن بۆ پرۆسەی ئاشتی، دەرگاکردنەوەی ڕێرەوی گفتوگۆیە بەڕووی هەموو ئەو ململانێیانەی لە جیهاندا هەیە، بەردەوام هەوڵدەدرێ ناکۆکییەکانی نێوان بەرە و لایەنە دژەکان بە چەک و شەڕ یەکلایی بکرێتەوە، کە ئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە و کۆتایی هەموو جەنگ ململانێیەک بە ئاشتی یەکلا دەبێتەوە، بۆیە ئاشتی و فیکر و داهێنان و تێگەیشتن هەمیشە لە چەک و شەڕ بەهێزتر و کاریگەرترە.

لەم پرۆسەیەدا دۆخی بێدەنگکردنی چەکەکان لەبەرامبەر بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جێگرەوەکانی پاراستنی کۆمەڵگە ، تاکو ئێستە هیچ مەرج و گرەنتیەک بەدیناکەین، داواکارییەکانیش کە خراونەتە بەردەم تورکیا، تورکی هەنگاوی بۆ نەناوە!

دواجار دەبێت گروپی «ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی» پێداگربن لەسەر ئامانجەکانی گەلی کورد و سازش نەکرێ لەسەر مافە نەتەوەیی و مرۆییەکان، هەر لەو چوارچێوەیەدا باسی «پێکەوە ژیان و ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکرات» ببەنە پێشەوە، دەبێت ئێمە وەک کورد لیگەرین و وردبینیمان هەبێت لەبارەی چۆنێتی پێشوازی لایەنی بەرامبەر لە پرۆسەی ئاشتی و دانان بەمافی کورد لە باکوور و هەموو بەشەکانی تری کوردستان، نابێت بەتەواوی پشت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و مۆدێرنیتەی سەرمایەداری جیهانی ببەستین و تێکۆشانی نیو سەدەی بزووتنەوەکە بەهەدەر بڕوات.

جارێکی تر لەگەڵئەوەداین کە ئاشتی بۆ دیموکراسی و بۆ یەکگرتنی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە گرنگە، تاکو ئێستە بەهۆی نەبوونی ئاشتی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بە هۆی جیاوازی (نەتەوەیی و نەژادیی و ڕەگەزیی و ئایینیەوە) ئەو بانگەشە جیهانیانە و چەمکی (دیموکراسی)بەردەوام لەژێر تەوژمی ڕەخنەی تیوریست و بیرمەند و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤدا بووە، کەواتە دەبێت هەمووان لەواقیعدا بە بەرپرسیارێتیەوە مامەڵە لەگەڵ پراکتیزەکردنی چەمکی دیموکراسیدا بکەن، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە سیاسی و بەرپرسیارێتیەکانی، دەبێت ئاشتی و برگە و ماددەکانی ناو دوو توێی بانگەشەی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکەوتننامە جیهانییەکانی دیکە سەبارەت بە مافی سیاسی و مەدەنی و ئابووری؛ بۆ هەمووان بە فیعلی لە دیموکراتی و ئاشتیدا بچەسپێنن.

# ژنی کورد لەمێژووی دوێنێداو لەژیانی ئەمڕۆدا



دێرین جمال

لەدوای پرۆسەی ئازادیی وگۆڕانکارییەکانی نێوکۆمەڵگەی کوردەواریی بەرەوژیانێکی مۆدێرن

گۆڕینک تەنیا لە جل وبەرگ وڕازاندنەوەی ناوکۆشکەکان ،نەوەک گۆڕینێک لە ناخەکاندا بەئەقڵێتی سەردەم ڕوویداوهەندێ لەودابونەریتانەی کە نەگەتیڤانە کار دەکاتەسەر کەسایەتی ئینسانەکان برەو دەسەنن، یەکێک لەودابونەریتە ناشارستییا بوونی پیاوسالارییە کەخۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەژن وەک کۆیلەیەک مامەڵەی لەگەڵدابکرێت بۆتێرکردنی خواست وئارەزووەکانی پیاو،لێرەوە کێشەکە بەدەرەجەی یەکەم دەگەڕێنمەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردیی کەدەبێت ژن وەک کەسێکی لاواز تەماشابکرێت بەوشەیەک کەبەزەعیفە ناوزەندبکرێت هەرچەندە ژن بەپێچەوانەی ئەودەستەواژەیە هەمیشە بریتی بووە لەڕەمزی فیداکاریی و پەروەردە کردنی خودی پیاوانی دوا ڕۆژ هەمیشەوەک سمبولێک ژنی کورد توانیوێتی هاوشانی پیاو لە کۆڕو خەبات ومێژووی کورد دەر بکەوێت و دەرکەوتووە نموونەش زۆرە وەک (مەستورەی کوردستانی -قەدەم خێرو-حەپسەخانی نەقیب-لەیلاقاسم)چەندە های دیکە لەهەموو بوارێکدا جێگا دەستیان دیاربووە. کۆمەڵگەی کوردیی سەرەڕای بوونی هەموو ئەو سانسۆرو ئاستەنگانەی لەبەردەم ژنی کوردا دایانوە هەر لەقەتیس کردن و مەژغەڵەتکردنی بەکاروباری ماڵ وبەکارهێنای هەندێ دەستەواژەی هەڵە بەناوی شەرەف و ئەخلاقییەتەوە توانیوێتی چەندین ئەستێرەی درەوشاوەی ئەم ڕەگەزە

لە ئاسمانی پڕ بەهای ئەدەب وفەرهەنگی نەتەوایەتی بەدرەو شاوەیی بهێڵێتەوە جاچ لەمێژووی دوێنێمان ولەژیانی ئەمڕۆمان ولەسبەینێی ئاواتەکانماندا ئەمانەی سەرەوە کە ئاماژەی پێکرا هەندێ لەو هۆکارانەیە کەکاری کردۆتە سەر دواکەوتنی ڕەوتی خەباتی ژنان و لە هەمان کاتدا زاڵبوون بەسەر زۆران بازیی ئەو کلتورە دواکەوتوانە ،بەلام بە دەرەجەی دووەم ئاستەنگی نوێ لەژیانی ئەمڕۆ ماندا لە سایەی ئەو هەموو ئازادیی و هەوڵدانە بۆ مۆدێر نەکردنی بوونی ژن وەک تاکێکی کاریگەرو نیوەی کۆمەڵ تەنانەت ئەو سەنتەرانەی بۆ داخوازییەکانی ژنان کراونەتەوە نەیان توانیوە تا ئاستێکی پێویست کێشەی ژن چارەسەر بکەن وەک لای هەموومان ئاشکرایە پێش پرۆسەی ئازادیی کچانی کۆمەڵگەی ئێمە زۆریان فشاری کەسوکاریان لە سەربوو خێزانەکان دەبوون بەبەربەستێک لەبەردەمیاندا بۆ تەواو نەکردنی قۆناغەکانی خوێندن کەئەمەیان لە قۆناغەکانی ناوەندیی و دواناوەندی زیاتر درکی پێ دەکرا ئەم بەربەستانە یان دەگەڕاندەوە بۆ ئەوەی کەئەو گەنجە لە قۆناغی پێگەیشتندایەو خانەکانی مێشکی باش گەورە نەبوون وتوانای زاڵبوونی بەسەر خۆیدا زۆر کەمە ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ بەدوادا چوونی حەزو ئارەزوەکانی ناخی ئیتر بیریان لەوە نە کردۆتەوە سایکۆلۆژیی ئەوکەسە لە ئاستێکی بەرزدایە یان نزم یاچ کارەساتێک بۆداهاتووی دروست دەکات ئەوەی دەمەوێت لە سەری بدوێم لێرەوە دەست پێ دەکات ئەو گەنجە گەورە بووە هەر لە سەرەتای لاوێتیدا چۆتە ناو پرۆسەی هاوسەر گیرییەوە پاش چەندساڵێک یەک دوو منداڵی بووە ئەوەندە لە ناوماڵدا دەمێنێتەوە بێزار دەبێت تازە کارەکانی ئەو قاپ شوشتنو جل شۆردن ولێپرسراوێتی پیاو منداڵە کانییەتی ئەم بەرنامەیە وەک بەرنامەی کاتژمێر هەموو ڕۆژێک لەژیاندا دوو بارە دەبێتەوە تا ئەوڕادەی کار دەکاتە سەرباری دەروونی لە بەر ئەوەی هیچ ڕێگە چارەیەکی نییە هەر بەزویی وازی لە خوێندن پێهێنراوە و ئێستاش هیچ بڕوانا مەیەکی لەبەر دەستدا نییە تابتوانێت لە فەرمانگە یەکدا کاربکات تائەمیش هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ پیاودا نەبێت وبتوانێت کەمێک لە بژێویی ژیان دابین بکات بەلام لەگەڵ نەبوونی بڕوانامەدا هەست بەکەمی لەجەستەی خۆیدا دەکات گەرچی لە ڕاستیدا نابینا نییە بەلام وەک کەسێکی نابینا خۆی دەبینێت، هەندێ لەکێشە کۆمەلایەتییەکان لەمەوە سەر هەڵدەدات، چونکە زۆر کات لەبەر نەبوونی مادەو پارە بۆ باش بەڕێوەبردنی ژیانیان هەندێک لەژنان لەگەڵ هاوسەرە کانیاندا شەڕ دەکەوێتە نێوانیان لەم کاتەدا ژن هێندە باری دەروونی هیلاکە زۆر جار ڕوداوی جیابونەوە یان خۆسوتاندن یان خۆژەهراوی کردن بە دەرمان بە چارەسەرێک دەزانێت تا کۆتای بێت بە ئالۆزیە کانی ژیانی ،، لە هەمان کاتیشدا تێک چوونی باری خێزانیان . ئەگەر چی لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە چەندین وەزیرو بەرپرسی حوکمەتمان هەیە کەژنن کار بۆ ژنان دەکەن بەلام نەیانتوانیوە کێشەی ژن کۆتایی پێبێنن لەڕێی کردنەوەی چەند کارگەیەکەوە کەکار بەدەستەکانی ژن بن تابتوانن بەبێ بڕوانامە لەو کارگەیەدا کاربکەن وهەست بەبونی خۆیان بکەن کە هیچ جیاواز یەکیان لەگەڵ پیاودا نیەو ئەو کێشە مادیەشیان لەهەمان کاتدا چارەسەر دەبێت واتە لەڕوی مادیی و دەرونیشەوە ئاسودە دەبن..

# زامەکانی نیشتمان خوێنیان لێ دەتکێ

نووسینی: شێنێ مشیر

ڕۆمانی (توێشووی ڕیسوایی) لە نووسینی (ئارام حەسەن)ە، لەساڵی (٢٠٢٥) لەلایەن (چاپخانەی کارۆ) لە دووتوێی (١٩٩) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوبۆتەوە.

ئەو ڕۆژانە ناگەڕێنەوە کە کچان لە کۆڵاندا بە خەتی سپی چوارچێوەی خەتخەتێنیان دەکێشا، ئێستا دەبێت هەر خەتەی ڕەنگێک بێت بۆ ئەوەی هاوڕێکانی زویر نەبن لێی، چونکە هەریەکەیان سەر بە پارت و لایەنێکن. کوڕان وەکو جاران یاریی هەلوکێن ناکەن کاتێک دەکێشێت بە دارەکەدا وەها نیشانەی لێ دەگرێتەوە چاوی هاوڕێکەی کوێر بکات، چونکە لەکۆڵان گوێی لێبووە باوکی هاوڕێکەی ڕەخنەی لەو پارتە گرتووە کە ئەمان لایەنگرین.

ئیدی (حاجی تۆفیقی پیرەمێرد) لە ئەستەمبوڵەوە نایەوێت بێتەوە سلێمانی. (فایەق بێکەس) پڕ بە گەرووی هاوار ناکات و بە داگیرکەر ناڵێت: بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم، بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم.


)نالی) نامە بۆ (سالم) نانێرێت و نایەوێت هەواڵی نیشتیمان بزانێت.

جارێکی تر (هێمن) لە مەهابادەوە ناڵێت: ئەمن ئەی نیشتیمان تۆم هەر لەبیرە.

)شێرکۆ بێکەس) توڕەیە و هەڵەبجە نانێرێت بۆ بەغداد.

)پەشێو) نایەتەوە بۆ نیشتیمان و سەرنج لە زەردبوونی گوڵەگەنم نادات.

هەمووان نائومێدن لەوەی بەسەر خاک و وڵاتدا دێت، دایکە نیشتیمان هاوار دەکات و دەڵێت: دەستەکانم لە باکوور لێکرانەوە، و قاچەکانم لە ڕۆژئاوا بەجێمان، سەرم لە ڕۆژهەڵات لە سێدارەدرا. تەنها دڵم لەباشوور




هەواڵنامەی کتێب

لێی دەدا، بەڵام بەهۆی کیمیابارانکردن و ئەنفال و دەستدرێژی کردنە سەر کچان و ژنان و شەڕی ناوخۆ و کۆڕەوی هەزاران کوردی بەدبەخت، و جینۆسایدی شەنگال، و هەموو ئەو بەدبەختیانەی بەسەر ئەم نەتەوەیەدا هات لەم بەشەی کوردستان، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.

ئەم چەند دێڕانەیی سەرەوە دەکەمە دەروازەیەک بۆ چوونە ناو ڕۆمانی (تویێشووی ڕیسوایی) کە یەکێکە لەو ڕۆمانە گرنگانەی پێویستە هەموو تاکێکی کورد بیخوێنێتەوە، نووسەر زۆر بەجوانی مێژووی لەبیرکراوی خۆمانمان بەیاد دەهێنێتەوە، نووسەر ڕەنجاوە لە گەلی کورد، یەک بە یەکی برینەکانی ڕابردوو ئەکولێنێتەوە و خوێنیان لێ دەڕژێت بەڵام هەتوانیان ناکات. ئەو کارە دەخاتە ئەستۆی نەوەکانی ئەم ڕۆژگارە کە نازانن بۆچی دەژین؟

) زارا) ئەو کیژۆڵە جوانەی گەرمیان ، لەگەڵ براکەی دەیانەوێت یاریی خەت خەتێن بکەن. بەڵام لەناکاودا بەهۆی فیشەکی جاشێکەوە کە گرەوی لەسەر کەللە سەری براکەی زارا کردوە دەکوژرێت و چوارچێوەی خەتخەتێنەکە بە خوێن سوور دەبێت!

میم (غەریبە)ی دایکیان کە لە کوژرانی

کوڕەکەی بەهۆش خۆیدا نەهاتۆتەوە، هەمان ڕۆژ مێرد و کوڕە گەورەکەی ئەنفال دەکرێت. ئەمە چیرۆکی ئەو هەزاران خێزانانەی کوردە کەلەسەر ماڵ و ژیانی خۆیان دەرکران و گوازرانەوە بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق، بەبێ هۆکار باوک و کوڕەکانیان کوشت و دەستدرێژیان کردە سەر کچ و ژنەکان. کچە کوردە پاک و جوانەکانیان فرۆشتە وڵاتانی دراوسێ، زارا وەکو هەموو کچە ڕزگاربووەکانی تری ئەنفال بە ڕەنجی شانی دایکە بێ کەسەکەی خوێندنی تەواوکرد. لەبەر دەرگای دادگا بوو بە سکاڵانووس، زارا بوێرانە سکاڵای هەموو ئەو هاوڵاتییە هەژارانەی دەنووسی کە دەهاتنە لای، ئەم بوێرییەی لەهەر چوار بەشی کوردستان دەنگیدایەوە.

هەمووان دەهاتنە لای و سکاڵای حاڵی خۆیان لای دەکرد، زارا زۆر بە وردی گوێی بۆیان دەگرت و پەڕەی سپی بەردەستی بۆ پڕ دەکردن لە گلەییە بچوک و گەورەکانیان. بوێری و ئازایی ئەم کچە کوردە وای لێکرد شار بەدەر بکرێت لەگەڵ دایکیدا، بەهۆی ئەوەی نەبووە کۆیلەی هیچ لایەنێک بەڵکو دەیویست سەربەرزانە بژی و واز لەو ئازادییەی نەهێنێ کە بەڕەنجی شانی خۆی بەدەستی هێناوە.

هەروەها لە خوێندنەوەیی بەشەکانی تری ڕۆمانەکە نووسەر ئاشنامان دەکات بە زاراوە جیاوازەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەمەش ئەوەمان بیردەخاتەوە کەواز لەشارچییەتی و گاڵتەکردن بەزاراوەی ناوچەکانی دیکە بهێنیین. لە کاتی شەڕی ناوخۆ و بەهۆی سیاسەتی خراپی حزبەکان دیاردەی گاڵتەکردن بەزاراوەی شارەکان پەرەی سەند لەناو خەڵکیدا، کە ئەمەش تاوەکو ئێستا کاریگەریە خراپەکەی ماوە و لەناو کۆمەڵگادا هەستی پێدەکرێت.

هاوکات زۆربەمان هاوڕای ئەم چەند دێڕەین کە دەڵێت:» سیاسەت ئەو بیابانە وشک و کاکی بە کاکییە لەبەختی باشی سیاسییە کوردەکان بوو بە باخێکی پڕ خێر و بەرەکەت، و ڕەشەبا و گەردەلوولی لمی بیابانیش بوو بە بەشی خەڵکی. تەنها ڕەنگەکان موڵکی خەڵکی بوون کە بەئازادیی دەیانتوانی ئەو ڕەنگەی دڵخوازی خۆیانە بیپۆشن، بەڵام بەهۆی زۆربوونی حزبەکانەوە هەریەکەو ڕەنگێکی بۆ خۆیی برد و لەبەختی خراپمان تەنها ڕەنگی ڕەشمان بۆ مایەوە.»

لە کۆی ڕۆمانەکەدا دەگەینە ئەو بڕواییەی نووسەر بەزمانێکی کوردی شیرین و ڕوون و ڕەوان داوامان لێدەکات لەخەوی قوڵی کۆیلایەتی بەئاگا بێینەوە، نەوەیەک دروستبێت کە بزانێت ئازادی چییە؟ گرنگی لەچیدایە؟ بەڵام بەداخەوە گەنجانی ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەک بەلایانەوە گرنگ نییە کە ئازادی چ واتایەکی هەیە.

بەڵکو هەموو کاتەکانی خۆی لە سەیرکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و يارييە ئەلکترۆنییەکان بەسەر دەبات، ئامادەیە چەندان کاتژمێر سەیری کچە مۆدێل و بابەتی بێ سوود بکات کە شاشەی تیڤییەکانی داگیرکردووە، بەڵام ئامادە نییە چەند لاپەڕەیەک لە مێژوویی خوێناویی و پڕ ئازاری گەلەکەی بخوێنێتەوە، ناوی سەدان ئەکتەری تورکی و کۆری و هیندی حەز و ئارەزوو و ڕۆژی لە دایکبوونیانی لەبەرە، بەڵام ئامادە نییە ناوی چوار کەسایەتی دیاریی کورد بزانێت کە خوێنی خۆیان کردە قوربانی هەتا ئەم ئازادییە بێتە کایەوە و ئەم بتوانێ بە ئازادیی بژی.

# ئەو شاعیرە کوردەی فۆرم و ناوەڕۆکی شیعری فارسیی گۆڕی

پێشەوا کوردستانی

هەواڵنامەی کتێب

ئەبولقاسمی ئیلهامی (لاهووتی) کەسایەتییەکی شاعیر و سیاستمەدار و ڕۆژنامەوانی سەردەمی مەشرووتە بوو کە لەدایکبووی ساڵی ١٢٦٦ی هەتاوی واتە ١٨٨٧ی زایینی لە شاری کرماشانە و گۆڕانکاریی بەسەر شیعری فارسیدا هێناوە. لاهووتیی کرماشانی شاعیرێکی کوردە کە توانی بە هۆی گۆڕینی کێشی شیعری فارسی لە عەرووزییەوە بۆ کێشی پەنجە یان بڕگەیی، ببێتە یەکێک لە سەرقافڵەکانی بزووتنەوەی نوێخوازی لە ئەدەبیات فارسیدا. ئەم شاعیرە وێڕای گۆڕینی قاڵبی شیعری لە کلاسیکەوە بۆ نوێ، یەکێک لەو یەکەمین کەسانە بوو کە باسی کۆمەڵایەتی و بابەتی سیاسییان هێنایە ناو شیعری هاوچەرخی فارسییەوە.

## نیما یووشیج

یەکێک لە پێوەرەکانی شیعری نوێ، گۆڕینی کێش و فۆرمی شیعری عەرووزی بوو. هەرچەن «نیمایووشیج» بە باوکی شیعری نوێی فارسی ناسراوە و ناوبانگی دەرکردوە، بەڵام بە پێی بەڵگە دە ساڵ پێش ئەو، لاهووتیی کرماشانی دەستی کردوە بە گۆڕانکاری و تازەکردنەوەی شیعری فارسی. بێگومان ئەگەر لاهووتی ئەو ڕچەشکێنییەی نەکردایەت، کەسانێکی وەک «نیما»یش نەیاندەتوانی ڕێگای نوێخوازی ببڕن. بۆیە ئەو هەنگاوەی لاهووتی لای توێژەران و ڕەخنەگرانی شیعری نوێی فارسی گرنگ بووە و باسی ئەو کاریگەرییەیان کردووە. زۆرێک لە توێژەرانی شیعری هاوچەرخی فارسی لە کتێبەکانیاندا ئاماژەیان بە پێگە و دەورەی

لاهووتی لە ڕەوتی شیعری نوێی فارسیدا کردووە، کە بەشێکیان بریتین لە: ئەخەوانی سالس لە کتێبی (بدعتها و بدایع نیما) ( اخوان، ١٣٥٧: ١٢٣، ١٢٤، ١٦٦)، سپانلو لە کتێبی (چهار شاعر آزادی) (سپانلو، ١٣٦٩: ٤٤٦)، حەمیدیان لە کتێبی (داستان دگردیسی روند دگرگونیهای شعر نیمایوشیج) (حمیدیان، ١٣٨٣: ٥٩٠ )، محەممەد حقووقی لە کتێبی ( مروری بر تاریخ و ادبیات امروز ایران) (حقوقی، ١٣٨٣ : ٣٨٥ )، شەمس لەنگروودی (تاریخ تحلیلی شعر نو) ( شمس لنگرودی، ١٣٨٧: ٤٩)، شەفیعی کدکنی (ادوار شعر فارسی) (شفیعی کدکنی، ١٣٨٠: ٥٣)، غولامحسەین یووسفی لە (چشمەهای روشن) (یوسفی، ١٣٨٠ : ٤٧١).

### کێشی شیعرەکانی لاهووتی

کێشی شیعر دەوری گرنگی هەیە لە کارتێکردن لەسەر بەردەنگدا. « نیما « لەوبارەیەوە دەڵێ: « کێشە کە بیچم و شکڵی شیعر پێک دێنێت و کەموکوڕی تێدا ناهێڵێت و کامڵی دەکات. شیعری بێ کێش لە مرۆڤی ڕووتەڵ و بێ جلوبەرگ ئەچێ و جلوبەرگ جوانیی زیاتر بە مرۆڤ ئەبەخشێت. کەوایە کێش بۆ هەموو جۆرە شیعرێک بەپێویست دەزانم» (نیما بەنقل از اخوان ثالث، ١٣٥٧: ٩٧ ). دەسکاریکردنی کێش کە جوانیبەخشیی ئەو هونەرەیە. ساکار نەبووە و پێش لە شاعیرێکی نوێخواز وەک لاهووتی کەم کەس وێراویەتی دەستی بۆ ببات. لاهووتی ئەو بوێرییەی کرد و بە هۆی ئاشنابوون بە کێشی خۆماڵی و کوردییەوە کە ساڵیانێکی دوورودرێژ لەگەڵیدا ژیابوو، دەستی وەردایە کێشە باوەکانی هەزار ساڵەی شیعری فارسی و بەرگی تازەی بە بەر شیعری فارسیدا بڕی و شاعیرانی تر پێشوازییان لێ کرد و کەوتنە شوێن ڕێچکەی ئەو.

لاهووتی لە شیعرەکانیدا لە کێشی عەرووزی



لای داوە و لە دیوانە پەنجا پارچە شیعرییەکەیدا بیست و هەشتیان بە کێشی برگەیی نووسراون. ئەو خۆی لەدەستی گیروگرفتەکانی «سەروا» ڕزگار کرد و کێشی عەرووزیی لە شیعری فارسیدا لێک هەڵوەشاندەوە و دەنگێکی تازەی بە دەنگەکانی سەردەمی مەشرووتە زیاد کرد(شفیعی کدکنی، ١٣٨٠ : ٣٤و٤٥). کێشی برگەیی هەمان کێشە کە ئەو شاعیرە لە شیعرەکانیدا کەڵکی لێ وەرگرتووە و هۆکاری سەرکەوتنیشی لەو بوارەدا ئاشنا بوونێکی قووڵی شاعیرە بەو جۆرە کێشە. لاهووتی لە «کرماشان» لەدایک بووە و ماوەیەکی زۆر بە هۆی خەباتی سیاسییەوە قاچاخ بووە و لە نێو ڕەشماڵی خزمەکانی لە خێڵ و هۆزەکانی سەنجاوی و قەڵخانیدا ژیاوە. «کەلامی سەرەنجام»یش کە لەسەر کێشی پەنجە یان برگەیی نووسراوە پیرۆزترین کتێبی ئەو خێڵانەن کە ئایینی یارسانییان هەیە و لاهووتی لەناویاندا بووە. ئەو لەدایکبووی خێزانێکی ئەو هۆزە کوردانەیە و هەر بە ساوایی و گوێی بە زرینگەی کێشی هۆنراوەکانی ئەو کتێبە کراوەتەوە. کۆنترین بەشەکانی «سەرەنجام» لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا نووسراون و ڕیشە و ڕابردوویەکی دووردرێژی لە نێو کورددا هەیە.

جیا لە کتێبی «سەرەنجام»، شانامەی کوردی، شیعری هۆرە و سیاچەمانە و بەیتەکانی ناوچەی موکریان، هەروەها شیعری حەیرانی دەشتی هەولێر و لاوکی ناوچە کرمانجییەکانیش کێشی خۆماڵیی کوردییان هەیە کە تێیاندا زیاتر لە کێشەکانی دە، هەشت، حەوت و شەش برگەیی کەڵک وەرگیراوە. بێگومان لاهووتی ئاشنای ئەو کێشانە بووە بۆیە لە زۆربەی



شیعرەکانیدا کێشی دە و هەشت و حەوت برگەیی بەکار هێناوە، کە هەمان کێشی باون وا لە شیعری کوردیی برگەییدا زۆرترین کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

لاهووتی جگە لە زمانی فارسی، شیعری برگەیی کوردیشی وتووە کە بەڕێز مامۆستا «محەممەد عەلی سوڵتانی» یەکێکیانی لە لاپەڕەی ٦٨ی کتێبی «حەدیقەی سوڵتانی»دا هێناوە و ئەویشیان «مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی» لە لاپەڕەی ٢٦٠ی کتێبی « لاهووتی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد» دا چاپی کردوە.

### کاریگەری لە ناوەڕۆکی شیعری نوێی فارسیدا

لێرەدا پێویستە ئاماژەیش بە ناوەڕۆکی شیعرەکانی بکەین. لاهووتی لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بۆ درێژەدان بە خوێندن لە کرماشانەوە



ئەچێتە تاران و لەوێ بە ئاشنابوون لەگەڵ ئەندێشەی چەپ و مۆدێرنی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەچێتە ناو بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو دەمی تاران. ئەو وەک ڕۆشنبیرێکی مارکسیست تێکەڵی مەشرووتە خوازان دەبێت و ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەندێشەی چەپ و یەکسانیخواز و داکۆکی کردن لە مافی چینی « زەحمەتکێش»، « کرێکار» و « جووتیار» لە شیعرەکانیدا ڕەنگی دایەوە(سپانلو، ١٣٧٦ : ٦). لاهووتی یەکەمین شاعیری ڕەنجبەر و زەحمەتکێشانی ئێرانە و لە شیعرەکانیدا زیاتر لە هەموو شاعیرانی تر باسی مافەکانی کرێکار و زەحمەتکێشانی کردوە(نصرتی، ١٣٧٩ : ٥٩ ). «سەدرەدین عەینی» کە شاعیر و ڕۆژنامەوانێکی تاجیکستانە سەبارەت بەو دەنووسێت: «لاهووتی شایانی ئەوەیە کە مێژوو نازناوی «ئەدیبی سوور» ی پێ ببەخشێت، چونکە یەکەم کەسە کە شیعری ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕانەی بە زمانی فارسی نووسیوە و شیعرەکانی جوانترین سەرەتان بۆ ئەدەبیاتی پیشەیی چینی زەحمەتکێش لە زمانی فارسیدا (عینی، ١٩٢٦ : ٥٨٦).

لاهووتی پاش ئەوەی بەهۆی دژایەتیکردنی دەسەڵاتدارانی تاران، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرئەچێت پەنا بۆ تاجیکستان دەبات کە لەو سەردەمەدا یەکێک بووە لە کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و لەوێ دریژە بە نووسینی شیعر و ڕۆژنامەوانی دەدات. شیعری نوێی تاجیکستان کە وڵاتێکی فارسە لە ساڵی ١٩٠٧ی زایینی بە بەرهەمەکانی سەدرەدینی عەینییەوە دەستی پێ کرد، بەڵام لاهووتی بەپێی ئەزموون و بە هۆی شارەزایی لە بنەما و پێکهاتەی شیعری نوێی ئێران و ڕووس، پەرەی پێ دەدا و ئەم جۆرە شیعرەی لە ناو شاعیرانی بەرەی یەکەمی سەرزەمینی تاجیکستاندا کرد بە باو و برەوی پێ دا.

هەروەک وترا لاهووتی شاعیرێکە کە بە هۆی داهێنانەکانییەوە لە کێشی شیعردا، یەکێک لە ئاڵاهەڵگرانی گۆڕانکاریی فۆرم و ناوەڕۆکە لە شیعری فارسیدا. هەروەها یەکەم شاعیری چینی چەوساوە و زەحمەتکێشان بووە و یەکەمین شاعیرە کە شیعری شۆڕشگێڕانەی ڕادیکاڵی نووسیوە. لە نووسینی شیعری ڕیالیسمی سوسیالیستی بە زمانی فارسیشدا وەک یەکەم کەس ناوی لێ براوە و وەک کەسایەتییەکی ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و شۆڕشگێڕی کورد لەم بوارانەشدا کاریگەریی لە سەر شیعری فارسی بووە.

# شیعر وەك كەرەستەیەكی دیرۆكی

## بە نمونە مامۆستا شێخ عەبدولڕەحمان بەرزنجی



لەتیف فاتیح فەرەج

هەواڵنامەی کتێب

**سەرەتا:**

کوردی بێ دەوڵەت و هەلاهەلاکراو، دابڕاو و دابەشکراو، وەک ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت خاک و خەڵک بەکۆلۆنی کراوە، هەرگیز بواری نەبووە چەند ساتێک پشوو بدات و شار بنیات بنێت و دەربەدەر نەکرێ، لە ٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا بەگشتی و لەسەد ساڵی بەرێدا بەتایبەتی، ساڵێک نادۆزینەوە کورد لەلایەن وڵاتانی تورکیا، ئێران، عێراق، سوریاوە سەرکوت و کوشتوبر نەکرابێت، ئەم وڵاتانە لەسەر هەموو شت ناکۆکن و لەسەر سەرکوتی کوردان یەک و تەبا، ئەمەش وایکردووە کورد بواری شار درووستکردن و زانکۆ بونیاتنان و بیرکردنەوەی ئارام و نوسین و داستان و ڕۆمان و مێژووی نەبێت، بۆیە ئەوەی بەدەستیەوە بووە هونەری گۆرانی و شیعر بووە کە ئەم دووانە لەکۆچەری و ڕاکە ڕاک و دەربەدەری و نەهامەتیشدا دەکرێت پەنای بۆببرێت، هونەری گۆرانی وتن و موزیک ژەنی، هونەری عیشق و ئەوینی خودناسی و ئازار گێڕانەوەو هەتا دوای بووە، هۆرەو حەیران و مەقام و لاوک و بەستە و بەندو بالۆرە و لایلایە و زۆری دیکە، دەیان جۆر دیلانێ و هەڵپەڕکێ و شایی و چەمەرەو چۆپی ئەمانە لەوپەڕی نەهامەتی و شکستیشدا کورد دەستبەرداریان نەبووە، کورد بە هونەرو گۆرانی و شای و شیعر بە گژ نەهامەتیدا چوەتەوە ، کورد تەنها نەتەوەی سەر گۆی زەویە لە نێو ئاگرو دۆزەخیشدا هۆیەک دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی لە گەڵ ژیاندا نەپسێت، لەم نووسینە کورتەدا دەمانەوێ

بەخێرایی ئەرکی شیعر لای کورد نیشان بدەین و هەڵوەستەیەک لەسەر دیوانە شیعریەکەی مامۆستا شێخ عەبدوڕەحمان بەرزنجی بکەین..

ئەرکی شیعر لای کورد:

کورد بەهۆی ئەو بارودۆخەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد بۆی نەڕەخساوە قوڵ بیربکاتەوە و قوڵ بنوسێت هەڵبەت ناکرێت لەمەدا چاو لە مەم و زینی ئەحمەدی خانی ، دوو نامەکەی سالم و نالی ، داستانەکانی خانای قوبادی بنوقێنین و بە هەندیان وەرنەگرین ، دیارە دیرۆکی کوردیش لە بەر ئەوەی دیرۆکی بەر ڕەشەبا بووە ، هەمیشە کتێب و نوسین و بیری کوردی لە نێو ستەمی ستەمکاراندا ون بووە ، ئەو ڕاکە ڕاک و نەهامەتی و بێ دەوڵەتیەش وای کردوە کورد هەمیشە ڕاگوزەرانە هەڵوەستەی لە سەر دەربڕینی ناخی کردووە، هەر ئەمەشە وایکردووە شیعر ئەرکی لەخۆی زیاتر بدرێت بەسەریدا.

شیعر لای کورد چەندین ئەرکی ناشیعری لێبارکراوە لەوانە :

١- بەرگری و بەگژاچوونەوە.
٢- گێڕانەوەی مێژوو
٣- دەربڕینی ئازار و نەهامەتی

خۆ ڕەنگە ئەمە بۆ گەلانی تریش وەسابێت، بەڵام گەلانی تر چوار چێوە و فۆرم و دەوڵەتیان هەبووە و کورد نەخێر، مامۆستا شێخ عەبدولڕەحمان بەرزنجی کە لەبنەماڵەیەکی ئاینی ناسراوی کەرکوک و گەرمەسێرن و کوڕی کەسایەتی دیاری کانی چنار و کەرکوک شێخ عەزەدینی کانی چنارە.

بۆ گێڕانەوەی مێژوو، دەربڕینی ئازار و نەهامەتی و هەروەها بەرگری و بەگژاچوونەوەی ستەمکاری پەنای بردوەتە بەر شیعر، ڕاستی شیعر لەناو ئەم خانەوادەیە هەویرێکی هەمیشە ئامادەیە و بەشێکی زۆریان شێلاویانە، مامۆستاش یەکێکە لەو کەسانە و لەم دوایانەدا دیوانێکی شیعری بڵاو کردەوە ، لەو دیوانەدا من چەند شیعرێکی سەرنجیان ڕاکێشام، کە دەڵێم چەند مەبەستم لەوەیە لەو بوارەدا کە من دەمەوێ قسەیان لەبارەوە بکەم، دەنا دیوانەکە لەبواری دیکەشدا قسە هەڵدەگرێ.

ئەو شیعرانەی هەڵوەستەیان پێکردم:

١- گەشتی گەرمیان
٢- ڕەشبگیری
٣- کارەساتی خورماتوو
٤- پێش پرۆسەی ئازادی
٥- کە کۆڵم نایە سەر کۆڵم
٦- کۆڕەو

هەڵبەت ئەگەر بەوردی هەڵوەستە لەسەر دیوانەکە بکرێت بەتایبەت لەو بوارەی من قسەی لەسەر دەکەم دەق گەلی دیکەش هەن ، بەکورتی نمونەی نێو ئەو شەش دەقە دێنمەوەو وەک کەرستەیەکی دیرۆکی باسیان دەکەین، لێرەدا دەبێت ئەوە بلێم دیرۆک لەشعری کوردیدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە بۆئەوەی ڕۆژگارێکی پێشترمان نیشان بدەن، شیعرەکەی شێخ ڕەزا لەبیرم دێ سولەیمانی، یان ئەوەی شێخ حوسەینی خانەقا لەبارەی ڕووداوی پەنجاو نۆی کەرکوک بەشیعر بۆی باسکردووین، دوو چامە بەناوبانگەکەی نالی و سالم کەرستەی گرنگی مێژوون، هەڵبەت لەخوێندنەوەی نامەکەی نالی بۆ سالم دەتوانین لێکۆڵینەوەی زۆر ورد لەسەر ئەو ڕۆژگارەی سلێمانی بکەین، هەردوو نامەکە وردەکاری زۆریان لە بارەی ڕۆژگاری ڕەشی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەوە تیایە.

مامۆستا شێخ عەبدولڕەحمان لەو شیعرانەدا،

لەڕێی شیعرەوە مێژوومان بۆتۆمار دەکات ئەمەش کارێکی گرنگ و بایەخدارە. لەشیعری گەشتی گەرمیاندا کە دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکانی گەرمیان و لەوێ لەگەڵ کەودا گفتوگۆ دەکەن سەراپا ئازاری گەرمەسێر دەگێڕێتەوە.

لەکۆتایی شیعرەکەدا دەڵێت:

بەڵام وەسێت بێت کورگەل بۆئێوە
بەڕێی نامەردا مەڕۆن بەڕێوە
ئەگەر دەرسیمیت یاخود بۆکانی
گەر لوڕستانی یاخود سۆرانی
گەر بەگزادەی جاف گەر شوان گەر لەکن
هەمووتان بۆمن هەروەکوو یەکن
لە پێش گەر دەرسیمیت ئەیەکم دانا
هەست دەکەم بەو جۆرە کێشەکە تەواو ترە ،

ئەم شیعرەی لەگوندی بەیانلو لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٩ نووسیوە، شیعرەکە بە زمانێکی سادەو پەتی نوسراوە ، جگە لەوەش هەست دەکەیت بۆن و بەرامەی کاریگەی قانع بە سەریەوە هەیە، لە شیعری ڕەشبگیری دا دەڵێ:

ڕۆژی هەینی یازدەی یازدەی
هەشتاو پێنج بوو بۆ پشکنین
شاری کەرکوک بوو بە تەقە
ئەرزو ئاسمانیان لێتەنین

دەبینی لەسەرەتای ئەم شیعرەدا ڕۆژ و مانگ و ساڵەکەی دیاری کردووە کە ١١\١١\١٩٨٥ە، ئەو زیاتر مێژوومان بۆتۆمار دەکات و دەڵێ:

ئازادیش وەک جلفەو ساتی و
باشبلاخی لێقەوماوە
تفاق ناومالی وەک قولە و
قرگەو جێشانە شکاوە

ئەم چەند گوندەی ناوی بردووە هەریەکەی لەناوچەیەکەوە هێناوە لەو شیعرەدا مێژووی ئەو ڕۆژگارەمان بۆدەگێڕێتەوە لەم شیعرەدا



دەیەوێت وێنەی یەکێک لە ڕۆژەکانی ژێر دەسەلات و ستەمی بەعسمان نیشانبدات و بلێت کورد بەو جۆرە دەژیان لە سایەی ستەمدا .

لەکارەساتی خورماتوودا دەڵێ:

بەکامیرەی پڕ هونەر
یادی شازدەی ئۆکتۆبەر
گەلێ گریانمی ئەمڕۆ
بۆ خورماتووی دەربەدەر

شێوازی کێش و سەروای شیعرەکەو ئەو ئاوەزە ناوەکیەی لە شیعرەکەدا هەیە شیعری شینی گۆران بۆ بێکەس و چامەکەی هێمن بۆ قازی و هاوڕێکانیمان بیر دەخاتەوە ، هەڵبەت هەژاری شاعیریش بە هەمان ئاوازو شێوە شینی مەرگی مەلا مستەفای بارزانی دەگێڕێت ، بەم جۆرە چیرۆکی تالانی و ئازاردانی کوردی خورماتومان نیشان دەدات و لەو شیعرەشدا دووبارە مێژوومان بۆدوگێڕێتەوەو داوا لەکورد

دەکا پەندێک لەمێژوو وەربگرن.
لێرەدا شێخ عەبدولڕەحمانیش وەک چۆن شێرکۆی مەزن لە خاج و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێکا سوپاسی کامێرا دەکات بۆ گوازتنەوەی ئازاری کورد بۆ دنیا ، لە کۆڕەودا شێخیش لەڕێی کامێراوە وێنەو ئازارەکە دەبینێت.
لەشیعری پێش پرۆسەی ئازادیدا لە عەبدولکەریم قاسمەوە تا ئەمڕۆ باس دەکات و ئازاری کورد بوون و عێراقی بوون دەگێڕێتەوە زۆر سادەو جوان دەڵێ:

دوای شوبات ڕەدەی تشرین
عەبدول سەلامی بێبار
کە لەحەرەس قەومیدا
دوای ئەوە خۆی کەوتە خوار
سەلام هەر سەلام نەبوو
بەڵایەک لەبەڵای خوا
لەبەینی ئەرزو ئاسمان
بە ئاگری خوا سووتا
سەرکۆماریٚ بوو سەرکەوت
خەڵوزیٚ هاتە خواریٚ
قوربان بارەگای خوا بین ڕەحمەتی لیٚ ئەباریٚ

باسی عەبدولڕەحمان و ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدامیش دەکات ، بە زمانی زۆر سادە وێنەی ئەو ڕۆژگارەمان نیشان ئەدات .
لە شیعری کە کۆڵم نایە سەر کۆڵم دەڵیٚ

کە کۆڵم نایە سەر کۆڵم
پێم تایە مەرزەکەی ئێران
بەدەست خۆم نەبوو بەخوا
لەپڕ دامە پرمەی گریان

ئەم شیعرەی ئازاری کۆڕەو دەگێڕێتەوەو بە وێنەی وشە ئازاری کۆڕەومان نیشان دەدا، لەشیعرێکی تریشدا بەناوی کۆڕەو دەڵێت:
هەر دەوەنیٚ یەک دوو ماڵی لێقەوماوی ئێمەی تیابیٚ
هەردۆڵێک و کۆمەڵیٚ ماڵ ئاوارە تیا هەڵیدابیٚ
شیعری کۆڕەو شیعرێکی درێژەو زۆر وێنەی تراژیدی و خەمئاوەری تیایەو تەواوی شیعرەکە وردەکاری کۆڕەو دەگێڕێتەوە.
لە راستیدا مامۆستا عەبدولڕەحمان بەرزنجی گەڵ پیشەی مامۆستایەتیدا بەشێکی زۆری ژیانی خۆیشی تەرخان کردوە بۆ شیعرو بە شیعر، وێنەی ڕۆژگاری پڕ نەهامەتی کوردی بۆ کێشاوین ، کە شیاوی دەستخۆشی و هەڵنانن، دڵنیاشم ئەگەر تایبەت خۆی بۆ شیعر تەرخان بکردایە، بەرهەمی ناوازەو شیرینی پێدەبەخشین ، هەڵبەت بە پاروی زمانەکەی ، کوردیەکەی ، دەیتوانی چامەی زۆر جوانمان بۆ بنوسێت ، پێنج خشتەکیەکی لە سەرشیعرێکی تایربەگی جاف نووسیوە ، کە من هەر بۆ نمونەی جوانی و پاراوی یەک دووبەشی لێرە دەنووسم :

دڵ لە دەردی کۆچی دوورو یادی ڕۆژو شەوتەوە
تیری ئەبرۆی چاوی بازو گەردنی وەک کەوتەوە
خۆزگە ئەمزانی بە ڕێکەوت من ئەهاتمە خەوتەوە
دڵ لە حەسرەت خەمزەکەی دوو نەرگسەی پڕ خەوتەوە
وەک خەمی زوڵفت عەزیزم چوو بە ڕودا کەوتەوە

یان

تۆ بە خۆشی و پێکەنین من بە ئاهی سەردەوە
تۆ لە کۆشکی شانشین و من بە چۆڵ و هەردەوە
تۆ بە لێوی شەکەرین و من بە تۆزو گەردەوە
تا بەکەی قوربان بناڵم من بە ئێش و دەردەوە
دەس بە ئەژنۆ قوڕ بەسەر دایم بە ڕەنگی زەردەوە.

# ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی
# لە شانۆنامەکانی ویلیام شێکسپیردا



سەردار ئەکرەم / بەریتانیا

هەواڵنامەی کتێب

لە شانۆنامەکانی ویلیام شێکسپیردا، بابەتی ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی بابەتێکی فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بووەتە جێگەی سەرنجی زۆرێک لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی. لە کاتێکدا زۆرجار تێگەیشتنی باو بۆ ڕەگەز لە کارەکانی شێکسپیردا تەنها سنووردار دەکرێت بەو شانۆنامانەی کە کاراکتەری نا-سپی پێشکەش دەکەن، وەک «ئۆتێلۆ»، بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چەمکی ڕەگەز، لەوانەش پێناسەکردنی «سپییەتی» وەک پۆلێنێکی ڕەگەزی، لە بەشێکی فراوانتری کارەکانی شێکسپیردا بوونی هەیە. لە سەردەمی ڕێنیسانسدا، تێگەیشتن لە «ڕەگەز» بە شێوەیەکی بەرچاو جیاواز بووە لە واتای بایۆلۆجی هاوچەرخی؛ دەیتوانی ئاماژە بێت بۆ کۆمەڵێک کە خاوەنی بنەچەیەکی هاوبەشن، بەڵام جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییە فراوانەکانیشی لەخۆگرتبوو. ئەم بابەتە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی قووڵتر بچێتە ناو ئەو لایەنانەی ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی کە لە شانۆنامەکانی شێکسپیردا ڕەنگیان داوەتەوە، بە تایبەت لە ڕێگەی شیکردنەوەی کاراکتەرە سەرەکییەکان و ئەو چەمکانەی کە پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی چوارچێوەی مێژوویی و کلتووری سەردەمی شێکسپیر.

شانۆنامە سەرەکییەکان و کاراکتەرەکان کە تەوەری ڕەگەزییان تێدایەچەندین شانۆنامەی شێکسپیر بە شێوەیەکی بەرچاو کاراکتەر و



تەوەری تێدایە کە پەیوەندییان بە ناسنامەی ڕەگەزی و نەتەوەییەوە هەیە:

ئۆتێلۆ


شانۆنامەی ئۆتێلۆ ڕەنگە ڕاستەوخۆترین لێکۆڵینەوە بێت لەسەر تەوەری ڕەگەزی. ئۆتێلۆ، ژەنەڕاڵێکی موور، ڕووبەڕووی قسەی سووک و پێشداوەری ڕەگەزپەرستانە دەبێتەوە، بە تایبەت لە ڕێگەی پیلانەکانی یاگۆوە. ئەم شانۆنامەیە نیشان دەدات کە چۆن ڕەنگی پێست، ئایین، و بنەچەی جوگرافیایی لە تێگەیشتنەکانی ڕێنێسانسدا لەبارەی «ئەوانی تر»ی ڕەگەزییەوە پێکەوە گرێدراون. ڕەشبوونی پێستی ئۆتێلۆ زۆرجار لەلایەن کاراکتەرەکانی ترەوە بە وێنەی خراپەکارانە یان ئاژەڵانە دەبەسترێتەوە، کە ڕەنگدانەوەی لایەنگرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەن. هەروەهاشانۆنامەکە باس لە ترسی تێکەڵبوونی ڕەگەزی و دەرئەنجامە دڵتەزێنەکانی پێشداوەری ڕەگەزی دەکات.

بازرگانی ڤێنسیا (The Merchant of Venice)شایلۆک، قەرزدەری جوولەکە، کاراکتەرێکی سەرەکییە لە گفتوگۆی پەیوەندیدار بە پێشداوەری ئایینی و نەتەوەیی. هەرچەندە ئەم شانۆنامەیە بە توندی باس لە ‹ڕەگەز› بە واتای هاوچەرخی ناکات، بەڵام تەوەری ‹جیاوازی› و جیاکاری لەسەر بنەمای ناسنامەی ئایینی تاوتوێ دەکات. مامەڵەی کاراکتەرە مەسیحییەکان لەگەڵ شایلۆک ڕەنگدانەوەی هەستە دژە-جوولەکەکانی باو لە ئینگلتەرای ئەلیزابێسیدا بوو. شانۆنامەکە پرسیار لەبارەی دادپەروەری، بەزەیی، و پەراوێزخستنی



کۆمەڵایەتی گرووپە کەمینەکان دەکات.تایتس ئەندرۆنیکەس (Titus Andronicus)ئاڕۆن موور، کاراکتەرێکی ڕەشپێستە کە وەک پیلانگێڕێکی خراپەکار و دڵڕەق وێنا کراوە. ڕەشبوونی پێستی ئەو بە شێوەیەکی ڕوون بە سروشتی شەیتانی و خراپەکارییەکەیەوە بەستراوەتەوە لەلایەن کاراکتەرەکانی ترەوە. بەڵام، هەندێک لێکدانەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە کاراکتەری ئاڕۆن هەروەها ئەم چەشنە ستێریۆتایپانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ساتەکانی بەزەیی و بەرەنگاربوونەوەی دژی پێشداوەرییە ڕەگەزییەکان نیشان دەدات. وێناکردنی ئاڕۆن لەم شانۆنامەیەدا یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن ڕەشپێستی لە درامای سەرەتای مۆدێرندا نوێنەرایەتی کراوە و چۆن لێی ڕوانراوە.زریان (The Tempest)کالیبان، دانیشتووی ڕەسەنی دوورگەکە، زۆرجار وەک هێمایەک بۆ «ئەوی تر»ی داگیرکراو لێکدەدرێتەوە. کۆیلەکردنی لەلایەن پرۆسپێرۆوە و ئەو زمانەی بۆ وەسفکردنی بەکارهاتووە، ڕەنگدانەوەی هەڵوێستە کۆلۆنیالیستییەکان و نامرۆڤانەکردنی دانیشتووانی ڕەسەنە. شانۆنامەکە پێشبینی گوتاری کۆلۆنیالیستی و دینامیکییەتەکانی دەسەڵات لە نێوان داگیرکەران و داگیرکراوان دەکات، کە تەوەری ملکەچپێکردن و بەرگری نیشان دەدات.چوارچێوەی مێژوویی و وێناکردنی شێکسپیرئینگلتەرای سەردەمی ئەلیزابێس گۆڕانکارییەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەسەردا دەهات، لەوانەش فراوانبوونی ڕێگاکانی بازرگانی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دانیشتووانی جۆراوجۆر. لە کاتێکدا ڕەگەزپەرستی ئاشکرا بە واتای هاوچەرخی بە تەواوی جێگیر نەبووبوو، بەڵام گومانێک هەبوو لەبارەی خەڵکی پێست تاریک، کە زۆرجار بە نیگەرانییە ئایینی و سیاسییەکانەوە بەسترابووەوە. شێکسپیر، لە ڕێگەی کاراکتەرەکانییەوە، دیدگایەکی ورد و زۆرجار دژبەیەکی ئەم «ئەوانی تر»ە ڕەگەزی و نەتەوەییانەی پێشکەش کردووە. گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە دیدگاکانی خودی شێکسپیر لەسەر ڕەگەز بە ڕوونی دەربڕدراونین، و شانۆنامەکانی زۆرجار چەندین دیدگا لەسەر ئەم بابەتە ئاڵۆزانە پێشکەش دەکەن. لەکۆتایداشانۆنامەکانی شێکسپیر بنەمایەکی دەوڵەمەند پێشکەش دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکە مێژوویی و گەشەسەندووەکانی ڕەگەز و ناسنامە. ئەوان ڕەنگدانەوەی پێشداوەرییەکان و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆین، لە هەمان کاتدا تێڕوانینێک پێشکەش دەکەن بۆ دۆخی مرۆڤ کە لە چوارچێوە مێژووییە دیاریکراوەکان تێدەپەڕێت. شیکردنەوەی ئەم تەوەرانە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەی ستێریۆتایپە ڕەگەزییەکان و کاریگەریی بەردەوامی گوتاری ڕەگەزی لە ئەدەبیات و کۆمەڵگادا.

# هەورامیبیەی فەرهەنگا نەک نەژاد یام حەرچێوێیتەر



ئیبراهیم مەیکە عەلی/ بنویس و پەیجۆرکار

سەرەتاو باسەکەیمانە پەنەوازا ئانەیە واچوو کە: وەختێو باسو هەورامیی و هەورامانی کەرمێ، یانی هەم باسو خەڵکو هەورامانی و هەم باسو خاکەکەیچش کەرمێ، چوونکە لاو گرد بوانێویوە وەشەسیایۆ ڕۆشنا هەورامیی پا خەڵکیە وچیۆ کە زوانو فەرهەنگش هەورامیانەن و پەیوەسا پۆشۆ و شانازیش پۆوە کەرۆ و ئینا تەقەلێنە هەم پاریزنۆش و هەم بەخەڵکیچش بژناسۆ، ئیتر گرنگ نیا ئاکەسە چکۆ منیشۆرە و بەمەرجە مەگێریۆ ئا کەسە نیشتەجاو هەورامانی بۆ ئینجا پەیش بۆ ویش بەهەورامیی بڤو قەڵەم یام هەرمانە کەرۆ پەی خزمەتو زوانی و فەرهەنگو هەورامانی.

هەورامانیچ پا یاگە جوگرافیێ وچێۆ کە بێشکێ ئا فەرهەنگینە و ڕوەو هورکەوتەی جوگرافیی و سروشتیوە تایبەتمەندیی ویش هەنش.

دمای ئی وەردەسیە کریۆ بلمێ سەرو ئەسڵو بابەتەکەیما و سەیەو نامنیشانەکەینە قسێ سەرو کروکەکەیش کەرمێ:

هەورامیبیەی وەڵێ ئانەینە حیچیتەربۆ زوان و فەرهەنگا، یام ڕاستەرا بواچمێ: بێجگە فەرهەنگی حیچیتەرنیا.

ئی قسێ قسێوەی هەوانتێ نیەنە، بەڵکو چاوە سەرچەمەگێرۆ کە هەورامیبیەی جە جەمێو ویرۆکەردەی و دەسێوی ڕەفتارا و هورستەی و نیشتەی خێزیۆ کە هەورامیەکێش بە نێر و ماوە پەنەمژناسیاوە و بیەن بەخەسڵەتشا.

بە مانایوەی تەرە حەرکەس ئا ویرۆکەردەیێ و ئا ڕەفتارە مەکینێ ژیوایشنە و کەسایەتیشنە

و دنیا و ویرۆکەردەیشنە ڕەنگ نەڎاوە، ئاکەسە بە کردەوە یام بە تەماموٚ مانێ هەورامی نیا، با زوانەکەیچش یام نامیٚ و ناسنامەکەیچش هەورامییٚ بانە و هەورامانیچنە نیشتەجابوٚ، چوونکە ڕاسا زوان یام نەژاد یوٚنیٚ جە بنەما بنەڕەتیەکا پەی ئەژناسایۆ کەسێوی و جیاکەردەیشۆ جە کەساتەری، وەلێم چیٚگەنە باسما جە ڕووە فەلسەفیەکیٚ هەورامییەینە نەک ڕووە فەسلەجی و بایوٚلوٚجیەکیٚش.

پا مانێ ئەگەر کەسێوی ویرۆکەردەیش نەرم و نیان بی و ڕەفتارش چەنی دەورو پشتیش وەشبی و خەڵک زەرەرش نەوینا دەسشۆ و هەرمانەکاشنە دەسڕەنگین و ژیوگەدۆس و... تاد. بی، ئانە ئا کەسە زوان و نامیٚچش هەورامی نەبوٚنە و هەورامانیچنە نەنیشوٚرە، مافو ویٚشا ویٚش بە هەورامیی بڎوٚقەڵەم و هەورامیەکیٚچ شانازییش پۆوەکەرا.

وەرانوەریچۆ ئەگەر کەسێوی زوانش هەورامیی بی و هەورامانیچنە ژیوا و نەژادیچش هەورامی بیٚ، وەلێم خەڵک یاس بی دەسشۆ و بەدەمو زوان و دەس و ڕەفتارش عەزیەتو خەڵکیشکەرد و ژیوگە پیسکەربی، ئا کەسە جەوهەرش هەورامیی نیا و جیناتش فارپیان، چوونکە ئەسڵ جە هەورامیی بیەینە ویری خاس و قسیٚ خاسیٚ و ڕەفتاری خاسا.

بەڵگەیچما پەی ئا قسیٚ ئانەنە کە گردو دەقە ئەدەبیەکا و هەورامانینە یام ڕانماییە دینیی و کوٚمەڵایەتیەکانە دەقێو یام بەیتێوە مەوینی هانی بنیادمی بڎوٚ پەی تن و تیژیی یام کارێوی ناهەمواری.

حەرپاسە موٚچیارییە دەماودەمەکیٚ کە جە باوباپیریماوە یاوێنیٚ لاما گردشا داکوٚکیی سەرو ئانەیەکەرا کە بنیاڎم ئەشوٚم چەنیو دەور و پشتیش و ژیوگەیش و ئاژەڵەکا دلیٚش و



هەواڵنامەی کتێب

تاخایتێ چەنیو تەوەن و دەوەنەکایچ نەرم و نیان بوٙنە و نە کەس و نە حیچ دەسشۆ زەرەر نەوینا.

گێرٙە یوٙ پەرسوٙ: ئەی ئاکەسە کە ڕەفتارش فاڕیوٙنە و دەسمڎوٙ خراپەکاریی چکوٙوە یاووٙ پا خەسڵەتە نەشیایا؟


جوابو ئا پەرسیٙنە مشوٙم واچمیٙ: ئانە ئەوەزیاو ئا تیٙکەڵییە وەرفراوانەینە کە ئامان ملو گلیٙرگەو مروٙڤایەتیرە، هەم دنیاو واقعینە حیچ سەرحەڎێوە نەمەنەن و گردو دنیێ بییٙنە بە دەگایوە زلە و هەم دونیای مەجازیەیچەنە گردو گروٙ ئانزانیەتیی تیٙکەڵیٙ بینیٙ چەنیو هەنترینی وهەرکام جە خەڵکەکەی ئازاتەریٙبا ڕاو بەر ویرە ئەدەبیی و هوٙنەریی و ئابوریی و زانشتیەکاشاوە فەرهەنگەکەیچشا زاڵکەرا ملو گلیٙرگە گولانەکارە و فەرهەنگەکاشا دلیٙنەبەرا و فەرهەنگو ویٙشا زاڵکەراملشارە.

هەورامانیچ یوٙن چا بەشا سەرو گوٙ زەمینی کە دارا و فەرهەنگو تایبەو ویٙشا، وەلێم داخەی سەختەم نەتاوانما فەرهەنگەکەیما بە دنیێ و خەڵکەکەیش بژناسمیٙنە و زاڵشکەرمیٙ ملو فەرهەنگەکا تەریرە، نەک حەر ئانە، بەڵکو نەتاوانما پەڕچینێوی خاسیچ کیٙشمیٙ دەورشەرە و جە دلیٙنەشیەی پاریٙزنمیٙش.

یوٙچا مەڵامەتە خراپا کە ئاما ملمارە هوٙرکنیای فرێویمابیٙ جە یاگەو مەکانو ویٙمانە و بە لاوازیی ڕووەما نیا بەرەو خەڵکیتەری، ئیٙتر ئا خەڵکە نزیکبوٙ یام دوور گرنگ ئانەبیٙ بەداخەی سەختۆ ئیٙمە چیٙرو قەهرو جەنگی و ئاژاولانە بە لاوازیی ڕووەما نیا بەرەیشا و ئاڎیچیٙ فرەو حاڵەتەکانە جیای ئانەی هانیمابڎا فەرهەنگو ویٙما پاریٙزنمیٙ، بە چەپەوانۆ ناچاریٙشا کەردیمیٙ چیٙرو زەبرو کەمدەسیی و بەڎبەختی ژیوایمانە دەس جە فرێوە جە دابونەریتی و تاخایتێو ویرۆکەردەیەکایچما هوٙرگیٙرمیٙنە و ڕوٙڵەکیٙما خڎیٙ ئاڎیشا گیٙرا و بەفەرهەنگو ویٙما غەریبیٙباوە.

یوٙتەر چا نوونگە و مەڵامەتە خراپا تیٙکەڵبیەی بیٙڕەویە چەنیو فەرهەنگەکاتەری ڕاو ژەن و ژەنوازیۆ، ئیٙتر چ ڕاو ژەن ئاوردەی کوڕەکاماوە بوٙ یام شووکەردەی کناچەکاماوە بۆ.

وەرو ئانەی کە ئیسە فەرهەنگی سەردەسە و باو هەورامیی نیا، ئیٙتر چ وەیوەکیٙما یام زەمێکیٙما بە پەنەوازش نمەوینا نە ویٙشا و



نە زاڕۆڵەکێ̂چشا نە فێ̂ری̂ زوانی هەورامیيبا و نە گنا ویرو ئانەیچ ڕووەی فەرهەنگییۆ ویرۆکەردەیشا کەرا پێ̂سە ویرۆکەردەی هەورامیانەی.

ئەگەر کناچەکێ̂ما یام کوڕەکێ̂چما ئانێ̂شا کە هامژیواکێ̂شا هەورامیێ̂ نیەنێ̂، حەولێ̂ بڎا زاڕۆڵەکاشا فێ̂ری̂ زوانی و دابونەریتی هەورامیانەیکەرا و ویر و ئاوەزشا هەورامیانە پەروەردەکەرا، ئا وەختە مێ̂ردەکێ̂شا یام ژەنەکێ̂شا ڕوودارانە ماچا: جا هەورامی کەڵکش چێ̂شا تا زاڕۆڵەکاما فێری̂کەرمێ̂؟

ئا خاتوونێ̂ یام ئا ئاغێ̂ ئەرەجیوێ̂شا خاسیی و خراپیی حەرچێ̂وێوی بەنڎا بە فرەو کەمیی پەیرەوا و هەواداراشۆ یام ڕووبەری جوگرافیشۆ، مەزانا حەر ئا کێ̂شانە و پیمانە کە ئاڎێ̂ کەراش وێ̂ش جەوێ̂شەنە چەپەوانەو ویرۆکەردەی هەورامیانەین و لاو هەورامیاوە خاسییەی و خراپییەی حەرچێ̂وێوی بەنڎا بە جەوهەرو چێ̂وەکەیۆ، نەک بە قبووڵ کەردەیش یام نەکەردەیش لاو خەڵکیوە، یام فرەو کەمیی چێ̂وەکەی یام هەوادارا و پەیرەوکاراش.

پەی نمونەی: ویرۆکەردەی یام ڕەفتارێوی خاس ئەگەر حیچکەسیچ قبووڵش نەکەرۆ̂ وەڵێم لاو هەورامیی ڕەسەنیوە (ئەگەر جەوهەرو خەسڵەتەکەی خاسبۆ) ئێ̂تر ئاڎ پەیوەسیی و پابەندیی وێ̂ش پۆش بەروزۆ̂نە ولاشۆ گرنگنیا چنڎ کەسێ̂ چەمش برانە و چنڎ کەسێ̂ گنانە قینەبەرایەتیی چەنیش، چوونکە ئاڎ جەوهەرو خەسڵەتەکەیش لاوە گرنگا نەک حەشاماتێوی کەگنۆ̂ شۆ̂نەو خەسڵەتەکەی یام گنۆ̂ قینەبەرایەتیۆ چەنیش.

چێ̂گۆ ملمێ̂ دلێ̂ بابەتێوی هەستیارتەری ئاڎیچ ئانەنە ئایا: مەرجا پارێ̂زنای و خزمەتکەردەی پەی ئەژناسنای کەلتور و فەرهەنگو هەورامانی حەر هەورامانۆ کریۆ̂ یام گرنگنیا چکۆ̂وە کریۆ̂نە و ئانە کە گرنگا ئانەنە خزمەتەکە بە ڕۆ̂حی هەورامیانە و ڕاو فەرهەنگە ڕەسەنەکەیشۆ کریۆ̂؟

پەیواچوو ئا پەرسێ̂نە بە دڵنیایۆ واچوو: مەرج نیا گرد هەورامیەکێ̂ یام دڵسۆزێ̂ هەورامانی گرد هەورامانەنە بژیوا، ئانە گرنگا ئانەن کە بە فەرهەنگی هەورامیانە خزمەتەکەی بکەرا، چوون پێ̂سە وەڵتەر واتما: کریۆ̂ کەسێو زوانش هەورامیی بۆ̂نە و هەورامانیچنە نیشتەجابۆ̂ وەڵێم وێ̂ش و دەروون و ویرۆکەردەیش هاڵیێ̂ بیێ̂باوە یام هاڵیێ̂ کریێباوە جە فەرهەنگو زەریفو هەورامانی و گێ̂رە پەرێ̂چ کرییێبا دژو زوان و فەرهەنگو هەورامانی، وەراوەریچۆ کریۆ̂ کەسێوی بەرو هەورامانیوە بژیوۆ̂نە و چێ̂رو زەبرۆ̂ گلێ̂رگەی نا هەورامیی و کەمتەرخەمیی بنەیانەیچنە زوانی هەورامیچ خاس نەزانۆ̂نە وەڵێم هەم بە حوکو جیناتە هەورامیەکا کە ڕاو تاتەیشۆ پەیش فارییێنێ̂وە و هەم ڕاو مسای ئا ڕەفتارە مەکیناوە کە یانەو ئەڎاو تاتە هەورامیەکەیشنە مسێنێ̂ش جەوهەرش تەمام هەورامیانەبۆ̂نە و هەم مافو وێ̂شا و هەم پێ̂سەو هەورامییێوی ڕەسەنیچ ئەرکشا کۆ̂شۆ̂ پەی پارێ̂زنای و ئەژناسنای فەرهەنگ و زوانو هەورامیی بە دەورو وەرەکەیش و ڕاو سۆ̂شیاڵ میدیایچۆ بەگردو دنیێ.

وەرو ئانەی بابەتەکە چانەی فرەتەر توول نەکێ̂شۆ بەکوڵیی و پۆ̂ختیی جوابو پەرسە بنەڕەتیەکێ̂ نویستەکەی مڎەوە و ماچوو: بەڵێ هەورامییەی فەرهەنگ و ڕەفتار و ویرۆکەردەین نەک تەنیا نەژاد یام حەرچێ̂وێوە تەر.

# خاڵ و خاڵکوتان

# لە کەلەپووری کوردیدا



نەجاح ئیبراهیم

وەک هەموو جۆری فۆلکلۆر، لە مژاری خاڵکوتانیشدا، ڕۆڵی ژن دیار و بەرچاوە. لە نەریتی ئێمە کورداندا، لەلایەن باب و پیرەکانمانەوە، ئەو خاڵگەلە دەکوتران. کاتێک مرۆڤ سەیری دەست و ڕووخساری ژنان دەکات، دەبینێت بە لێهاتووییەکی زۆرەوە خاڵیان کوتاوە.

### خاڵ لە کوێی ژنان دەکوترا؟

خاڵ لەسەر پشتی دەستەکان و لەسەر هەموو پەنجەکانی ژنان، لەسەر هەردوو «جێنگ»ی ژنان (ئەو بەشەی کە گوێ و پرچ لێک جیا دەکاتەوە)، لەسەر چەناگە، لەسەر لێوی خوارەوە، لەنێوان برۆکاندا، لەسەر ڕوومەتی چەپ و ڕاست، لەسەر سنگی ژنان، لە هەردوو لای لووت و لەسەر ملی ژنان دەکوتران و ئەمانەش بە گشتی بۆ خەملاندن و ڕازاندنەوە بوون.

هەروەها هەندێکجار پیاوانیش لەسەر هەردوو لای «جێنگ»ی خۆیان و لەسەر دەستیان خاڵیان دەکوتا، هەندێکیان بۆ مەبەستی ڕازاندنەوە و هەندێکیشیان سەرئێشەیان هەبوو و بۆ ئارامگرتن خاڵیان لەسەر هەردوو لای جێنگیان دەکوتا. هەروەها ئەو ژنانەی بۆ ماوەیەکی زۆر منداڵیان نەبووە و دوای ماوەیەکی زۆر منداڵیان بووە، لەسەر ڕوومەتی ژێرین و لای ڕاست، لەسەر لووت و چەناگەی منداڵەکە خاڵیان دەکوتا و مەبەست لێی ئەوە بووە کە ئەو منداڵەیان بۆ بمێنێتەوە.

### ئەو خاڵانە بە چی و چۆن دەکوتران؟

لە ڕەشاییی سێڵ یان لە ڕەشاییی دەوری مەنجەڵ و لە شیری ئەو دایکانەی کە منداڵەکەیان کچ بووە، کەڵکیان وەردەگرت. دواتر

ئەو ڕەشاییە، شیرەکە و دەرمانێک بە ناوی «هەش»یان (ڕەنگی ئەو دەرمانە شین بوو) تێکەڵ دەکرد. پاشان حەوت دەرزیی دووریتیان دەهێنا. کاتێک کە دەرمانی خۆیان لە شوێنێک دادەنا کە دەیانەویست خاڵەکەی لێ بکوتن، دەرزییەکەیان لەو شوێنە ڕۆدەکرد تاکوو ئەو شوێنە دەبووە برین. ڕەشاییەکە، شیرەکە و هەشەکە جێی ئەو برینەی دەگرت. دوای چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک ئەو خاڵانە خۆیان دەگرت و دەردەکەوتن.

### ئەو نەخشانە بە چ ڕەنگێک بوون؟

ئەو نەخشانە بریتی بوون لە «خاڵ، سکەیچ و ئەستێرە. هەروەها لەسەر سنگی ژنان وێنەی دوو غەزاڵ دەکوتران. هەروەها خاڵی پیاوانیش، وەک مۆرێکی بازنەیی لەسەر هەردوو لای «جێنگ»یان و لەسەر دەستیان دەکوترا.

### خاڵ لەلایەن چ کەسانێکەوە دەکوترا؟

خاڵیش وەک چین و تەون، خاوەن قاڵبێکی ئەستەتیکە، بۆیە پێویستی بە زانیاری هەیە. ئەو کەسانەی خاڵیان دەکوتا، ئەو ژنانە بوون کە زانیارییان لەم بوارەدا هەبووە و زۆربەیان تەمەنیان زۆر بووە. بە تایبەتی لە شاری کۆبانی لە ڕابردوودا، قەرەچییەکان دەهاتنە گوندەکان و خاڵیان بۆ ژنان دەکوتا (ئەو قەرەچییانە ژن بوون). هەروەها بەدەگمەن لەلایەن پیاوە





بەتەمەنەکانی ناوچەکەوە خاڵ دەکوترا و ئەگەر خاڵیا کوتابا، بۆ ژنانیان نەدەکوتا.

### خاڵکوتان لە ئێستادا:

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، شێوازی خاڵکوتانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە ڕابردوودا ژنان زیاتر خاڵیان دەکوتا، بەڵام لەم سەردەمەدا هەم ژنە گەنج و هەم پیاوە گەنجەکانیش خاڵ دەکوتن، بەڵام نەک بە شێوازی نەریتە کۆنەکانی ئێمە، بەڵکوو بە شێوازێکی نوێ و بەپێی نەریتی بیانییەکان، ئەویش بە مەبەستی خەملاندن و ڕازاندنەوە. هەرکەسێک حەزی لە چ نەخشێک بێت و لە کوێ بییەوێت بیکوتێت، دەیکوتێت. هەروەها کچانی گەنج ئەستێرە لەلای گەردنیان دەکوتن. لە سەردەمی ئێستاماندا ئامێرێکی نوێ داهێنراوە کە بەتایبەتی بۆ کوتانی خاڵە. بە واتایەکی تر هونەری خاڵکوتان مۆدێرنیزە کراوە و خاڵکوتان وەک جاران نییە، هەروەها شێواز و کەرەستەی خاڵکوتانیش وەک جاران نین.

سەرچاوەکان:
- دوو ژنی خەڵکی شاری کۆبانی؛ مەولید ئیبراهیم و ئەمینە ئەلۆ.
- زاربێژێک بە ناوی حەنیف عیسمەت، خەڵکی شاری کۆبانی.
- وێنە: ئینستاگرام، کوردخانە و مێردین.

هەواڵنامەی ئێتیپ

# مەشکە و تایبەتمەندێتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا



ئەرشەد تەحسین

زۆرن ئەو کەل و پەلە کەلەپووری و کوردیە ڕەسەنانەی سەردەمانێک ڕۆڵێکی گرنگیان لەژیانی تاکی کورددا هەبووە و لەئێستادا بەهۆی گۆڕانکاری ژینگەیی و ئابووری و شێوازی ژیانکردنەوە تاڕادەی بیرچوونەوە فەرامۆشکراون، مەشکە یەکێکە لەو کەلوپەلە گرنگانەی بەدرێژایی مێژوو وەک کەرەستەیەکی خۆماڵی ڕەسەن بەکارهێنراوە و شوێنێکی دیاری لەپرکردنەوەی پێداویستییە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤدا هەبووە، بەڵام لەئێستادا بەهۆکاری جیاوازی قۆناغ و سەردەم و هاتنەکایەی تەکنەلۆژیا و فراوانبوونی پیشەسازی دروستکردنی چەندین ئامێری پلاستیک و کانزا جۆراوجۆرەکان، مەشکە وەک زۆرێک لەکەلوپەلە کوردەوارییەکانیتر بەکارهێنانی کەمبووەتەوە، ئەگەرچی گۆڕینی ئەو کەلوپەل و کەرەستانە و بەکارنەهێنانیان بووەتە دیاریدەیەکی فراوان و جیهانیی، بەڵام ڕاستیەکی ئاشکرا و نکوڵی لێنەکراوە کە تام و چێژی بەرهەمی ئەو کەلوپەل و کەرەستانەی ئێستا بەکاردێن هیچ کات تام و چێژی بەرهەمی جاران نادەن لەبەرئەوەشە زۆرکات گلەیی ئەوە دەکرێ کە پیشەسازی چێژی جارانی نەهێشتووە.

مەشکە لەچی ئامادە دەکرێت؟. مرۆڤ لەدێر زەمانەوە چەندین گیانلەبەر و ئاژەڵ و پەلەوەری ماڵیکردوە و خزمەتیان دەکات، لەبەرامبەر پێوە ماندووبوونیان سەرباری ئەوەی سوود لەخۆیان وەردەگرێت بەڕێگای جۆراوجۆر، لەهەمان کاتیشدا بەچەندین ڕێگایتر کەڵکیان لێوەردەگرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، لەوانەش ئاژەڵی (وەک مەڕ و بزن و مانگا

) کە ناوە گشتیەکانیانە و بەپێی نێر و مێ و قۆناغی تەمەنیان ناوی جیاوازیان هەیە، مرۆڤ بەدرێژایی ساڵ ئەم ئاژەڵانەی بەخێو کردووە و بەپێی وەرزەکانی ساڵ و بەرێگای جۆراو جۆر کەڵکی لەخۆیان و بەرهەم و پاشەڕۆکانیان وەرگرتووە، یەکێک لەسوودەکانی ئەو ئاژەڵانە بەکارهێنانی کەوڵەکانیانە بۆ درووستکردنی مەشکە ئەمەش دوای بەڕێوەچوونی چەندین کرداری پڕ ماندوبوون و درێژخایەن تا مەشکەکە بەرهەم دێت و ئامادە دەبێت بۆ بەکارهێنان.
چۆنیەتی ئامادەکردن و دروستکردنی مەشکە.
کرداری دروستکردنی مەشکە لەناوچەکانی کوردستان هاوچەشن نیە، بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی سروشتی جوگرافیا و پێکهاتەی شوێنەکانی کوردستان، کەرەستە و مادەکانی خاک و سروشتی ناوچەکان، پێداویستییەکانی ئامادەکردنی مەشکە وەک یەک نیە بۆیە هەر ناوچە و بەشتێک یان بەجۆرێک ئامادەی دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی کاتێک ئاژەڵێک سەردەبڕدرێت و بڕیاردەدرێت کەوڵەکەی بکرێت بەمەشکە، لاشەکەی لەملەوە دەردەهێنرێت (بەم



کرداره دەوترێت کەوڵکردن ) بەبێ ئەوەی پێستەکە ببڕدرێت یان کون بکرێت، دواتر موو یان خوریەکەی لێدەکرێتەوە پێی دەوترێت ( غاراندن ) و ئامادەدەکرێت بۆ خۆشکردن، هەروەها بەکرداری خۆشکردن و ئامادەکردنی پێستەکە دەوترێت پێستە خۆشکردن یان دەباغی، بەشوێنەکەش دەوترێت دەباغ خانە. چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری دەباغی یان لێکردنەوەی خوری و مووی کەوڵەکە و خۆشکردنی بۆ مەشکە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کەوڵەکە لەشلەیەکی ئامادەکراوی خوێیاو هەڵدەکێشرێت و چەند ڕۆژێک دەهێڵدرێتەوە، دواتر بەدەست یان تیغێک لەدیوی ناوەوەی کەوڵەکە گۆشتی بەجێماو یان چەوری لێدەکرێتەوە و بەجوانی پاک دەکرێتەوە، هەروەها خوری و مووەکەی لێدەتاشرێت، ئەمجا لەتێکەڵەیەکی ئامادەکراو لەجەوت و ترش یان سێچکەی مازوو هەڵدەکێشرێت، دەهێڵدرێتەوە تا ئەوکاتەی پێستەکە خۆش دەبێت و ئامادە دەبێت بۆ کرداری ئاخاندن، زۆرکات توێکڵی وشکی هەناریش بەکاردەهێنرێت. کاتێک پێستەکە پاک دەکرێتەوە و ئامادە دەکرێت بۆ لەقاڵبدان، بەجۆ یان گەنم یان نیسک دەئاخنرێت و پڕ دەکرێت بۆ ئەوەی قاڵبی خۆی وەربگرێت، بەو شێوەیە چەند ڕۆژێک دەهێڵدرێتەوە تاوەکو بەتەواوی قاڵب دەگرێت و ئامادە دەبێت، دواتر لەبنمیچی تەنووردا هەڵدەواسرێت بۆ ئەوەی دوکەڵ بگرێت، چونکە بە دوکەڵگرتن ڕەنگی جوان دەبێت و پتەودەبێت، هەروەها دۆی خۆشتری لێ بەرهەم دێت، بەم شێوەیە کەوڵ و پێستی ئاژەڵ بۆ مەشکە ئامادە دەبێت. مەشکە و هاوشێوەکانی، ناو و بەکارهێنانیان. کەوڵی ئاژەڵ دوای بڕینی ئەو کردارانەی باسکران،



دەتوانرێت بۆ چەند مەبەستێک بەکاربهێنرێت، بەگوێرەی هەر بەکارهێنانێک یان بەگوێرەی جیاوازی ئامادەکردنیان، یان لەناوچەیەک بۆ ناوچەیەکیتر ناوێکی جیاوازیان هەیە، دەتوانین بەکورتی تیشک بخەینە سەر هەندێکیان:. گاوس: مەشکەی ئامادەکراو لەگا و گوڵک. مەشکە: پێستەی ئامادەکراو بۆ کرداری مەشکە ژەنین و بەرهەمهێنانی دۆ و کەرە. شیرمەشک: مەشکەیە کاتێک شیری تێدەکرێت، لەبەهاراندا بێری دەچنە دەشت و دەر و کەژ و کێو بۆ دۆشینی شیری مەڕ و بزن، کاتێک شیری دۆشراو بکرێتە مەشکەوە پێی دەوترێت شیر مەشک. دۆران: کاتێک مەشکە دەژەندرێت و کەرەکەی لێدەردەهێنرێت و تەنیا دۆی تێدا دەمێنێتەوە پێی دەوترێت دۆران. مەشکەی ژەندراو: کرداری مەشکە ژەنین کۆتایی هاتووە و مەشکەکە دۆ و کەرەکەی تێدا دەرنەهێندراوە پێی دەوترێت مەشکەی ژەندراو . مەشکە ژەنین: بریتیە لەکرداری ژەنین و تێکەڵکردنی ماست و ئاو و بەرهەمهێنانی دۆ و کەرە. کوندە: کاتێک مەشکە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاو بەکاربێت پێی دەوترێت کوندە. هەمبانە: کاتێک مەشکە خواردنی وشکەی وەک گەنم و جۆ و نۆک و نیسک و دۆینە و کەشک یان هەر بەروبومێکی تری کوردەواری تێدا هەڵدەگیرێت پێی دەوترێت هەمبانە . هیزە: کاتێک مەشکە کەرە و ڕۆنی ئاژەڵی و دۆشاو یان چەوری تێدا هەڵدەگیرێت. ماوەتەوە بڵێین: هەر یەک لەمانەی باسکران بەپێی جیاوازی ناوچەکان جیاوازییان هەیە و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، بەتایبەت لەڕووی ئامادەکردنی مەشکە و کردارەکانی کەوڵکردن و خۆشکردنی پێستە و هەروەها ناوەکانیان.

# خەونی.. بوون بە شاعیر




ئازاد پێنجوێنی

هەواڵنامەی کتێب

بانگهێشت کرابوم بۆ کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە لەبەرئەوەی سەیارەم نەبوو ناچار بە پاس ڕۆشتم. پاسەکە چەند نەفەرێکی تێدابوو ئەگەر هەڵە نەبم لەو چەند نەفەفەرە سێ یان ئافرەت بوون. ڕێکەوتێکی سەیربوو، ئاخر باس باسی شیعر بوو... سایەق پاسەکە لە ئاوێنەکەی بەردەمی سەیرێکی ئێمەی کردو وتی: لێتان نەشارمەوە منیش شاعیرم بە خوا درۆی نەبێ زیاتر لە ١٠٠٠شیعرم هەیە، بەتەمام بیکەمە دیوانێک، بەڵام تائێستە نازانم چ ناوێکی بۆدابنێم ..کوڕێکی گەنج کە لەدواوەی پاسەکە دانیشتبوو.. بەسایەقەکەی وت: ئەگەر شیعرەکان عاشقانەن.. بۆ ناوی نانێیت .. ئاخ زەمانە ... ئەگەر نیشتمانین .. ناوی بنێ .. عێراق شەکرە .. هەرێم شیرینترە .. سایەق پاسەکە بێ سێ و دوو وتی: وەڵایی بە قسەت دەکەم، براڕۆ کە زیرەکی! چۆن یەکسەر بە خەیاڵتا هات؟! گەنجەکە زور بەفیزەوە وتی: من شامراد خەیاڵی شاعیرم... خاوەنی بیست و پێنج نامیلکە شیعریم ... چۆن ناوی منتان نەبیستوە؟! هەمووحەفتەیەک کۆڕێک ئەبەستم. منیش ڕومکردە کاکی خەیاڵی و لێم پرسی: تەمەنت چەندە؟ شامرادی شاعیر وەڵامی دایەوەو وتی حەڤدە ساڵم ... منیش لە دڵی خۆمدا وتم .. دیارە هەموو ساڵێک نامیلکە و نیوێکی لە چاپداوە!.. ڕوم وەرگێڕا بۆ دەرەوەی پاسەکە .. کۆمەڵێک لە کوڕو کاڵ و کچم بینی وادیاربوو خەریکی خۆپیشاندان بوون ... خۆش حاڵ بوم و وتم لەوانەیە داوای مافی خۆیان بکەن وابەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە هاواردەکەن .. ئاخر لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەوەی حسابی بۆنە کرێت مرۆڤە

.. کە لافیتەکەی دەستیانم بینی .. تەواوپێچە وانەبوو .. تومەس ئەمانەی کە من لە سەر شەقامە کە بینیمن .. هەموویان .. شاعیر بوون! چونکە پاسەکە لە بەر ئاپۆڕای ئەو شاعیرانە ڕێگەی نەبوو بڕوات.. توانیم بەباشی نوسراوی سەر لافیتەکە بخوێنمەوە... نووسرابوو (ئێمەی شاعیران.. کە خاوەنی زۆرترین نامیلکەین .. کاتی هاتووە سەرو پەیکەر یا باخچەو قوتابخانەو نەخۆشخانە بکەن بە ناومانەوە).

سەرم سوڕمابو! باشە ئەمانە تەمەنیان.لە بیست ساڵ تێناپەڕێت ... لە هەمووی سەیرتر، کەسیان نە ناسراون! زەردەخەنەیەک گرتمی و ڕوم وەر گێڕا بۆ ناو پاسەکە .. باشبوو پاسەکەش لەوقەرەباڵغی شەقامە.تێپەڕی .. ئەوسێ ئافرەتەی ناو پاسەکەش .. شاعیر دەرچوون.. هەڵبەت بەوەدا زانیم .. کە سەرو نامیلکە شیعری خۆیان پێشکەش کردم .. گێژبوو بووم ... لەپاسێکدا ئەم هەمو شاعیرە بەسایەقەکەشەوە .. شەقامێک، هەموو خەڵکەکەی هەر شاعیر .. کەوایە وڵات لە شیعر نووسیندا .. غەرق دەبێت .. هێشتا وێستگەیەکم مابوو بەناچاری دابەزیم .... ئاخر کاکی سایەق .... خەریکی شیعر خوێندنەوە بوو بەدەنگە ناقۆڵاکەی و ئاگای لە پێشەوە نەمابوو .. وتم وابڕوات توشی ڕوداوێکمان دەکات.. دابەزیم و پاسەکە ڕۆشت .. تەواوی جامەکەی دواوەوەی شیعر باران کردبوو .. قاقایەکم لێدا... ئاخر لە شیعرێکیاندا نووسیبووی .. ئەگەر منت خۆشدەوێت لوت قنج .. وەرە باوەشی .. خاڵەباوەی خۆت .... تەواو وڕوکاس بووبووم واملێهاتبوو نەچم بۆ ئەو کۆڕە شیعریە .. بەڵام هەردەبوو بچوومایە .. دەنا نەمدەتوانی تامردن ئەم چیرۆکە تەواو بکەم .. خولاسە ... گە یشتمە ئەو نزیکانەی کە هۆڵەکەی لێبوو .. چونکە



یەکەم جارم بوو بچم بۆ ئەو هۆڵە، پرسیارم لە کەسێکی قاورمە فرۆشکرد .. ئحمێکی بۆکردو.. خۆی گیڤکردەوەو وتی: ئەگەر گیانە لەحاڵی من دەپرسی هۆڵ لە کوێیە .. پێت ناڵێم .. ئەگەر پێم نەڵێیت یار لە کوێیە .. بەڵێ کاکی لەفە فرۆشیش شاعیر دەرچوو! نامیلکەیەکی پێدام و هۆڵەکەی پیشاندام.

بە خۆم و چوار نامیلکە شیعرەوە خۆمکرد بەهۆڵەکەدا .. لە ناو دەرگای هۆڵەکە کەسێک وەستابوو بۆ بەخێرهاتنی میوانەکان، سڵاوم لێکردو لێم پرسی: کۆڕەکە دەستی پێکردوە؟ بەگاڵتە پێکردنەوە وتی: ئاگات لە چییە برا! ئەوە دە شاعیر شیعریان خوێندوهوەتە و منیش سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کرد و وتم کاتژمێر سێ و پێنچ خولەکە ئەی سێ و نیو دەست پێ ناکات!؟ وتی: با.. بەڵام کردیانە سوپرایز پانزە شاعیری خوێن شیرینی لاویان بانگکردووە شیعر بخوێننەوە، ئێ خۆشیان بیست و پێنج شاعیرن .... بۆیە کاتەکەیان پێشخستووە. بزەیەک گرتمی و دەستم خستە سەرشانی و سوپاسم کردو پرسیارم لێکرد: تۆش ..شاعیریت!؟ سەرێکی

خوراندو وتی: جاریّ نا، بەڵام شاعیرێکی .. برادەرم وەعدی داوە بمکاتە شاعیر.
چوومە ژوورەوە لە شوێنێکی ئەلاحەدا دانیشتم .. چاوم گێڕا بەهۆڵەکەدا کەسم تیا نەناسی، ئەوانەی هاتبوون بۆ کۆڕەکە بەمنیشەوە ژمارەمان لە پانزە کەس تێنەدەپەڕی بەڵام شاعیرانی بەشداربوو سی شاعیردەبون، ناوی شاعیرێکیان خوێندەوە کە بچێت شیعری خۆی بخوێنێتەوە سەرەتا پێش ئەوەی خۆی بناسێنێت وتی شیعر منە .. من شیعرم ... شیعر دەخۆم .. شیعر ئەم خوات .. پە رداخە ئاوەکەی نابەدەمیەوە و وتی: من حەبیب دڵسوتاوی شاعیر .. فەرمون ئێوە و ئەم قەسیدەیە .. درۆم نەکردبێت .. قەسیدەکە پانزە لاپەڕەدەبوو .. تاتوانی ڕێسای .. ئەو خەڵکەش هەروا مشغوڵی موبایلەکانیان بوون .. بەلای چەپدا یەک دوانێک خەوتبوون، پرخەیان دەهات .. یەک دوو کەسیش لەبەردەمی مندا پشتیان کردبووە مینبەرەکە و خەریکی شیعری تازەبوون .. لە ناو ئەو بەناو کۆڕە شیعریە دا من خەریکبووم گوێم دەگرت لەحەبیب دڵسووتاو کە زووزوو دەیوت ... لە سەر بانیژەکە دام لەشەقەی باڵ .. کەچی خۆم باڵم نەبوو .. لەو کاتەدا شاگردی قاوەخانەکە هات و سینییەکی بەدەستەوەبوو .. ئاوێکی بۆ دانام و وتی: توشەرفف کەست دیوە باڵی نە بیّ و هەڵیشفڕێت منیش ئاوەکەم لیّ وەرگرت و پێم وت بۆنا لای ئەم شاعیرانە ئەبێت بۆ تۆش لە شیعر هیچ دەزانی؟ قاقای لێدا و وتی: پێش ئەوەی چایەکت بۆبێنم حەزدەکەم شتێکت پێبڵێم..... من پێنج ساڵە لێرەم هە موو ڕۆژێک ئێرە کۆڕی شیعری تێدایە، ئەوە بووەتە ئیلهامێک بۆ من با نامیلکەکەم دەرچێت بزانە ئەم شاعیرانە هەمویان چۆن واز لە شیعر دێنن و دەستدەکەن بە لەبزینە فرۆشتن، منیش تەنها



ئەوەم پێکرا پێی بڵێم سەرکەو توبیت ویستم پێی بڵێم برۆ چاکەم بۆ بێنە، بوو بە هات و هاوار .. ئاخر یەکێک لە شاعیرەکان بوو .. هاواریدەکرد و ئەیکێشا بەسەری خۆیدا.. کە شیعرەکە یان دزیوە ... بۆ ئەوەی کێشەکە گەورە تر نەبێت کەسی بەردەرگاکە یان ڕاسپارد کە گیرفانی تەواوی شاعیرەکان بگەڕێت.

بەڵێ کابرادە ستیکرد بە گەڕان بە گیرفانی شاعیرەکاندا .. هەرشاعیرێک دەگەڕا .. ڕەنگی دەبو بەزەردچەوە یەک دوانێک لە شاعیرەکان لە ترسا هەڵدە لەرزین .. ژنێکی عابا بەسەر چپانی بە گوێی ژنێکی هاوڕێیدا و وتی: هەمویان بوون بەتەماتە ئەوەندە یان شیعر لەشاعیرە گەورە کان و ناو کتێب و فەیسبوک دزیوە، بۆیە زیرەیان کردووە، لەو کاتەدا کۆڕگێڕەکە لاقیتەکەی گرت بەدەستیەوەو شیراندی و وتی: بەداخەوە شیعرەکەی کامیلی بەقاڵ دزراوە، ڕۆحی دەرهات... سەد قەڵەمی سەرفکردوە تا




ئەو شیعرەی نووسیوە، بۆئەوەی ئەم شاکارەی کامیل نەفەوتێت ناچارین .. میوانەکانیش بگەڕێین .. منیش پێم خۆشبوو، وتم: هەرچی بێت دزی عەیبەیە.

ئەوەبوو میوانەکانیان پشکنی و هاتە سەرەی من، دەرگاوانەکە بەئەدەبەوە وتی: دەزانم تۆ لەوانە نیت بە سەرو شکڵتا دیارە، بەڵام ناچارین، هەستام و دەستم بەرزکردەوە و تەواوی گیرفانەکانم گەڕا، دواجار دەستی برد.. گۆرەویەکانم وەرەقەیەکی دەرهێناو بەدەنگی بەرز بە خەڵکەکەی وت: دزمان گرت ... من هەرزو زانیم ئەم زەبەلاحە بوو.

لە ڕاستیدا توشی شۆک بووم تاسابوم هەر ئەو نەم بۆ وترا بڵێم بابە من شاعیرنیم، شیعرم بۆ چییە من دزنیم.. کاتێکم زانی تەواوی ئەو شاعیرانە هاتن بۆم و بەنوکی قەڵەمەکانیان کەوتنە وێزەم ئەوە بەقاڵی شاعیر لەولاوە بووەستێ بە هینی؟ خوشکم و دایکما هاتە خوارەوە لەسەر ڕیتمی شیعری و تاهێزی تیابوو یەک کەللەی لە ناوچاوم دا لە پڕ ڕاپەڕیم ئینجا زانیم ئەمەخەو بووە.

جیرانی ژنم خەبەریکرومەتەوە کە ئەم هات و هاوارەم لە چییە و بەردەوام دەڵێی من نەمدزیوە، سوپاسی جیرانم کرد کە خەبەریکردمەوە و لەدەستی ئەو هەموو شاعیرە ڕزگاریکردم، وتم: چییە ژنەکە.. بە پێکە نینەوە وتی: هەستە .. کاک کامیلی بە قاڵ لە بەردەرگایە ..دەڵێت شیعرەکەی بۆچاککردوم، منیش بە خێرایی چوومە بەردەرگا و شیعرە کەم دایەدەستی و پێم وت: لە بری ئەوەی شیعرەکەم بۆچاک کردویت، چاکەیەکم لەگەڵ بکە.. لەبەرئەوەی تۆ شایستەیت، وەرە تۆ ببە بە ڕۆژنامەنووس و منیش دەبم بە بەقاڵ.

# گریانی دەربەدەری!



نوسینی. ئاوات قە رە داغی

هەواڵنامەی کتێب

لە شەقامە بێ سیماکاندا دەڕۆم، کۆڵانە نەناسراوەکانیان قووتم دەدەن، دیوارە بێدەنگەکان دەورم دەدەن و دەموچاوێک دەبینم کە سەیر نین، بەڵام بە تەواوی ئاشنا نین. وەک ئەوە وایە بیانناسم. ڕەنگە لە خەونێکی تێپەڕ، یان لە یادەوەرییەکی ناتەواودا یەکترمان بینیبێت، بەڵام سەیر و سەمەرە دەردەکەون و منیش بەلای ئەوانەوە کەسێکی نەناسراو، سێبە رێک کە بەبێ شوێنەواری بەلایدا تێدەپەڕێت، وەک ئەوەی من تەنیا سەرابێک بم لە شارێکدا کە بە ڕووخساری بەتاڵەوە قەرەباڵغە. هیچ شتێک لە دەوروبەرمدا ئاشنا نییە جگە لە لێکچوونی بارودۆخی خەڵک. وەک ئەوە وایە ژیان لە بازنەیەکی خراپدا بسوڕێتەوە، و هەموو کەسێک بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، منیش لە دەوری ئەوەی دەسوڕێنەوە، لەناو ئەو قەرەباڵغییەی مانا ونبووەکاندا دەگەڕێم بۆ مانا.

لە گۆڕەپانی خەمدا کۆدەبینەوە، هەموومان هاوبەشین لە باوەشکردنی نیگەرانییەکان، بەڵام بە تاک خۆشی وەردەگرین، دەترسین بەشداری بکەین و بریقەی کاڵ دەبێتەوە. ئێمە بە چاوی ڕابردوو پێشوازی لە سبەی دەکەین، بە حوکمەکانی کۆن حوکم لەسەر نوێ دەکەین، بۆیە سەرسوڕمانەکە کاڵ دەبێتەوە، تامەزرۆیی دۆزینەوە کاڵ دەبێتەوە و خۆمان بە دیلی یادەوەرییەکانی ڕابردوو دەبینینەوە، زیندوویان دەکەینەوە وەک ئەوەی ترسمان لەوە هەبێت کە بۆشایی قووتمان بدات.

لە ناو ئەو قەرەباڵغییەدا، لە نێو ئەو کۆمەڵە ئازار و نامۆییانەی ڕۆژەکاندا، هەر کاتێک




پێم وابوو خۆم دۆزیەوە، بۆم دەرکەوت کە تەواوبوون تەنیا وەهمێکە، وەک سەرابێک کە لە ئاسۆدا دەدرەوشێتەوە و هەستی پێناکرێت. لە وردەکارییەکانی ئەوانی تردا بەدوای خۆمدا دەگەڕێم، بە ساتەوەختە زوو تێپەڕەکان دەلکێم، بەڵام کەمییەکان دەگەڕێتەوە، وەک ئەوەی بەشێکی دانەبڕاو بێت لە من، وەک ئەوەی تەواوبوون جگە لە پشوویەکی کورت هیچی تر نەبێت لەسەر ڕێگایەکی دوور و درێژی لەدەستدان.

تەنها شتێک کە لە سەفەرەکەمدا لەگەڵم ماوەتەوە، (قەڵەمەکەمە،) ئەو دارە ڕۆیشتنی ڕێگاکانم بۆ دەکێشێت کاتێک ڕێگاکان کاڵ دەبنەوە. لەگەڵیدا دەنووسم بۆ ئەوەی هێڵانە بۆ خۆم لەسەر لوتکەکان دروست بکەم، و گۆڕەکەمی پێ هەڵکەنم پێش ئەوەی کات بۆم هەڵکەنێت. چەکی منە دژی بێدەنگی،

ئایا نامۆبوون باجی هەیە؟ بەڵێ، بەڵام تەنها ئازار نییە، بەڵکو ئەزموونێکی سەختە کە وانەی لەبیرنەکراومان پێدەبەخشێت. نامۆیی شوێنەکە ڕەنگە بەرگەی بگرێت، بەڵام نامۆیی دۆخەکە توندترە، نامۆیی دڵەکان توندترە. نامۆ بیت لە وڵاتی خۆتدا، لەناو گەلی خۆتدا، لە دونیایەکدا بژیت کە قەرەباڵغە بەڵام لە ناوەوە چۆڵە، ئەوە نامۆبوونێکی ڕاستەقینە یە.

چۆن هەست دەکەیت وەک غەریبێک لە کاتێکدا هەموو دونیا لەناو تۆدایە؟ کتێبخانە و شانۆ و کافێ، قەرەباڵغی دروشم و جنێودان، چەپڵە لێدان، بەڵام کاتێک هەموو ئەم دەنگانە کاڵ دەبنەوە، کاتێک شارەکانی دڵ دەبنە وێرانە، کاتێک ناوەوە دەبێتە بیابانێکی بێ بەرهەم کە بای نەزۆک هەڵیداوە، تەنیا ئەو کاتە تێدەگەیت کە تۆ غەریبی، تەنانەت ئەگەر لەناو خێزانەکەت و منداڵەکانتدا بیت، تەنانەت ئەگەر لە زێدی خۆتدا بیت، کەواتە چ نیشتمانێک لە باوەشت دەگرێت کەگرێبەستی لەگەڵ کراوە..

# سوتماک




عبدالرحیم سەعاتچی



من بڵێسەی ئەو گڕەم لە سوتماک هەڵگیرسامەوە
من سۆزی ئەو دڵەم پاش دەیان شکان گەشامەوە
من ئەو مۆمەم بۆ تۆ سوتام و دڵۆپ دڵۆپ توامەوە
من ئەو منداڵە پێ خاوسەم بەناو بەردەڵانی هەڵکشاندا هەڵچوومەوە
من ئەو ڕێبوارەم لە سێبەری دار بەڕووەکەی نیشتماندا حەسامەوە
من فێربووم لەپاش کیمیا باران لە پاش ئەنفال دووبارە چەک هەڵگرمەوە
ئەمجارەیان دەبێت ڕێگای یەکدەنگی یەکریزی یەک ڕەنگی بدۆزمەوە

# جەنگ بێرەدا تێدەپەڕێت



نامۆ پێنجوێنی

مێژوو دەڵێت : لەوەتەی هەم
جەنگ بەرۆکم بەرنادات؛
بەبەقەترانبوونی دڵی بەرد ئاسا
خوێن لە جەستەی نیشتیمان دەچۆڕێت
هەموو چرکەکانمان ڕاچڵەکینە
لە هەواڵی بەپەلە و هەڵوەرینی تەمەنی ئازیزان
ساڵەکان سەرو ڕیشیان سپی بوو
جەنگی نەفرەتی کۆتایی نەهات
ئاسمان ماتەم گێڕی جەستەی شەقار
شەقاربووی پەپولەیە،
مافی مرۆڤ درۆیەکی شیرینە
کەڕەنای ئەم ماڵوێرانیە کەی کۆتایی دێت!؟
ئاسوودەیی کوا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی دڵ!
ئاشتی لە کوێی ئەم جیهانەدا خۆی مەڵاس داوە
ماندووین لە جەنگ......
دڕەندەکان دەستیان لەسەر تفەنگەکانیان لانابەن
هەتا ڕۆڵەکانی نیشتیمان نەدەنە دەست مردن
هەتا گیانی پەپولە ئاسای جوانیی
خەتانی خوێن نەکەن
لەم جەنگەڵە پڕ وەیشومەدا
جریوە ئەستێرە نابیستی
تریفەی خەندەیەک لە سیمای هیچ کەسێک
نابینیت
کازیوە لەدەم کەل وونبووە
گوێم لە شکانی دڵمە بەدەست ئازاری مەینەتەوە
چاوەکانم برین دەبینین نەک گوڵ
تۆ لە کوێیت باخەوان
نابینیت گوڵەکان دەوەرێن!؟
مێژووی شکست دووبارە دەبێتەوە
ئێمەش لەکەناری گیانەڵادایین..
جەستەمان ماندوو
مێشکمان جەنجاڵ
بەدەست کارەساتە تەمەن درێژەکانەوە
بزەو شادی سەفەری کرد
ئەوەی هەیە مەرگێکی هێواش و
ماڵوێرانییەکی بەردەوام.



# فرمێسک

نەجم محەمەد

هەواڵنامەی کتێب

فرمێسکی تۆ نمە بارانە لە  قەندیلەوە دێ
فرمێسکی تۆ بۆ تینوێتی خاک .... ئەبارێ
فرمێسکی تۆ پەڵە هەورە بۆ ئازادی ئەگەڕێ
فرمێسکی تۆ ڕووبارێکە کۆیلایەتی ڕائەماڵێ
سەر بەرز کەرەوە پێڵاوی خۆتت نەدیوە
سەر بەرزکەرەوە دوژمن لەژێرپێتا لەرزیوە
سەر بەرزکەرەوە بڕوانە چیای مەتین و گارا
دووکەڵی چەکەسووتاوەکان بونەوە بە گەریلا
غوربەت مەبە گەروت لێوان لێوە لە ژانی گەلێ
غوربەت مەبە ئازادی جیهان بۆت پێ ئەکەنێ
دانانی چەکی شانت چەند گرانە بە ئازارە
کردنەوەی پشتێنەکەی کەمەرت پڕ لە ژانە
پرچت بە سیخە سەهۆڵی زەنویر بکە شانە
ڕووی سوورت ماکیاجی ناوێ هێندە جوانە
ئەشکەوتی جاسەنە ئاردۆغان دیاریکردووە
پەیامێکی زۆر ترسناکە بۆ باشووری ناردووە
خەمی کوردستان  بەباڵای تۆ چنراوە
دڵنیام ئەگەڕێیتەوە... قەندیل دووبارە
تەواری بەرزە فڕی سەر لوتکەی شاخم
دیمەنەکە ناخ هەژێنە بۆ تۆیە ئاخو داخم
تۆ هەرلەمەیدانی،شۆڕەسوارەکەی نیشتمان
بیکە بەیەک هەر چوار پارچەی کوردستان



# فەرهەنگۆکی وشەو دەستەواژەو بێژەی کوردی



بەکر ئەحمەدی

بەش و ئەندامەکانی لەش( جەستە) و ڕۆڵیان لە ڕۆنانی وشە ودەستەواژە لە زمانی کوردیدا

١- دانپێدانان : درکاندن، گرتنە ئەستۆ، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی

٢- پێڵێنان:درکاندن، گرتنە ئەستۆ، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی

٣- دەست پێدادان: سوێند خواردن، بەڵێن پێدان

٤- چاوی لێکردن: لاسایی کردنەوە، تەماشاکردن

٥- پەنجەی بۆ ڕادێرە: ئاماژەدان، نیشاندان ، دیاریکردن

٦- پاڵپشتی کردن: یارمەتیدان، هاوڕایی، پێکەوەیی

٧- دەستگیرۆیی: یارمەتی، هاوکاری

٨- مل لارکردنەوە: ڕازیبوون، گیانەڵا

٩- سەر لەقاندن: بەڵێ، ڕازیبوون

١٠- چاوتێبڕین: تەماح، مرخ لێخۆشکردن، ئیرەیی پێبردن

١١- مۆڕەکردن( چاو): تورەبوون، هەڕەشە، چاو زەقکردنەوە

١٢- خێسەکردن: تورەیی و هەڕەشە

١٣- پێ لەقە: لەقە لێدان ، پێ پیاکێشان ، لێدان بە پێ

١٤- سەربەدەرەوە: گەڕۆک، گەڕایدە، بزۆز

١٥- جگەر سوتاو: کۆست کەوتوو، لە دەستدانی ئازیزێک یان خۆشەویستێ

١٦- دەست و پێ سپی: نەشارەزا،هیچ نەزان

١٧- بەژن ڕێک: باڵابەرز و قیت و قۆز

١٨- تەنگە قەوی: ورگ زل


١٩- ناوقەد شمشاڵی : شووش و بارک، لاواز

٢٠- مل ئەستوور: یاخی ، ناقۆڵاو و نەگونجاو

٢١- پێ پەتی: پێ خاوس.

٢٢- کەلە پووت: بێ مێشک ، ئیناکار

٢٣- سەرزلی بێ خێر: کەسی بێ سوود و نەزان



# خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ پرسی کورد لە باکووری کوردستان و پرۆسەی ئاشتی و دیموکراتیک




خوێندنەوەو ئامادەکردنی:
د. ژیلوان عەبدوڵا هەڵەدنی

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

دروستبوونی کۆماری تورکیای نوێ و هاوچەرخ لەسەر داروپەردووی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-_١٩١٨) دا تێک شکاو خاکەکەی دابەش بوو بەسەر چەندین دەوڵەت و نەتەوەیی جیاواز، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەبوو، کە دەوڵەتی عوسمانی لەسەر دەستی سێکوچکەی ئتیحادییەکان(ئەنوەر و جەمال و تەلعەت) پاڵیدایە پاڵ ئەڵمانەکان بە ئامانجی فراوانخوازی ڕووە و ناوچە تورکنیشینەکانی ئاسیاو بەدەست هێنانەوەی ناوچە لەدەستچووەکانی، کە لە سەدەی نۆزدەدا لە کیسی چووبوو، پێیان وابوو دەتوانن ئەو ناوچانە بەدەست بهێننەوە، ئەوەبوو نەک نەیان توانی ئەو ناوچانەی وەکوو میسر و لیبیا و قوبرس بەدەست بهێننەوە، بەڵکوو نیشتمانی عەرەبیشیان بە تەواوی لەدەست دا، ئەوەیشی کە لە پاشماوەی جەنگەکە مابووە تەنها بەشێکی کەمی خاکی تورکیای ئەمڕۆ بوو، ئەوەی تری کەوتبوە ژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکان وبەریتانییەکان و فەڕەنسییەکان، ئەمەوجگەلەوەی لەڕووی سەربازیشەوە بەتەواوی تێکشکا بوو، لەناوخۆشیدا تووشی چەندین گیروگرفت ببوو، ئەم بارودۆخە وای




لە هەندێک سەرکردەی ناسیۆنالیستی تورک کرد، کە ئەم بارودۆخەیان پێ قبووڵ نەکرێت و هەوڵی سەندنەوەی خاکی لەدەست چوویان بدەن، یەکێک لەو کەسایەتییە سەربازییە ناسیۆنالیستانەی تورک، کە خۆی ئەفسەر بوو لە نێو سووپای عوسمانییەکان (مستەفا کەمال) بوو، پاش ئەوەی لە لایەن فەرماندەی گشتی سووپاوە ڕەوانەی ئەنادۆڵ کرا وەک ئەفسەری پشکنەر، بەڵام لەوێ دەستیکرد بە کۆکردنەوەی فەیلەق و یەکە سەربازییە جۆراوجۆرەکان و هاندانیان بۆ ئەوەی بەرگری لە خاک و ئاوی لەدەست چوویان بکەن، بێگوومان مستەفا کەمال لەم هەوڵەیدا تەنیا نەبوو، بەڵکوو چەندین سەرکردە و کەسایەتی تر هاوکاری بوون، هەندێک لە سەرکردە خێڵەکییەکانی کوردیش بوونە پاڵپشت و هاوکاری و لە دوو کونگرەی سیواس و ئەرزەڕۆم لە ساڵی ١٩١٩ بەشدارییان کرد و پاڵیان دایە پاڵ سووپاکەی مستەفا کەمال، دوای چەندین سەرکەوتن و کێشمەکێش لەگەڵ دەسەڵاتی هاوپەیمانان توانی

شەرعییەت بە دەسەڵاتەکەی بدات و لەڕەگەوە هەوڵی گۆڕینی پێکهاتە و بنەماکانی دەوڵەتی عوسمانی دا، ئەم هەوڵەشی لەدوای گرتنە دەستی دەسەڵات و هەڵبژاردنی وەکوو یەکەمین سەرۆک کۆمار سەری گرت و ئامانجەکەی خۆی پێکا، دەسەڵاتدارانی دوای ئەویش تاوەکوو (ئۆزال) لە ساڵی ١٩٩٣، سیاسەتی گشتیان بریتی بوو لەنکوڵیکردن لە نەتەوەی کورد و مافەکانی، هەر لە هەموو دەستوورەکانی دوای کودەتاکانی (١٩٦٠_١٩٧١_١٩٨٠) بریتی بوو لەوەی خاکی تورکیا هی تورکە و زمانی فەرمیشی تورکییە و، دانی بە هیچ مافێکی کورددا نەنابوو، کوردی لە هیچ پارچەیەکدا وەکوو نەتەوەییەکی سەربەخۆ دان پێدا نەدەنا، پارتی کرێکارانی کوردستانیش، کەلە ١٩٨٤وە شۆڕشی چەکداری دەست پێکردبوو، حکومەتی تورکیا بەهیچ شێوەیەک ئامادەی هیچ جۆرە دانووستان و گفتوگۆیەک نەبوو، تەنانەت فشاری دەخستەسەر عێراق و سووریاش، تاوەکوو چەکدارانی پەکەکە دەربکەن و بە پەیمانە دوو قۆڵی و سێ قۆڵیەکانی هەوڵی

هاتنەناوەوەی سەربازی و کیۆماڵکردنی دەکردن، ئەم بارودۆخە سیاسی و سەربازییە تا کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بەردەوام بوو.

بەڵام لە دوای جەنگی ساردو ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکەدا ڕوویدا، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تورگوت ئۆزال بانگهێشتی سەرکردایەتی کوردی لە باشووری کوردستان کرد بۆ کۆشکی کۆماری لە ئەنقەرە، بۆ خێراترکردنی پرۆسەی ئاشتی، ئەم بانگهێشتە، دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ کورد، بەڵام کۆچی دوایی تۆرگۆت ئۆزال لە مانگی نیسانی ١٩٩٣دا پرۆسەکە شکستی هێنا.

لەو کاتەوە تاوەکوو گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان(١٩٩٩) و دواتریش هاتنە سەرکاری ئاکەپە، حکوومەتی تورکیا سیاسەتی نکوڵی کردن لە پرسی کورد و شەڕی سەربازی لەگەڵ پەکەکە گرتبووە خۆ، هەرچەندە پەکەکە چەندین جار ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاندو ئامادەی خۆیشی بۆ دانووستانی ئاشتی دەربڕیبوو.

هاتنەسەرکاری «حزبی داد و گەشەپێدان» (ئاکپارتی/ ئەکەپە) لە ساڵی ٢٠٠٢، بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسیی کۆماری تورکیا هەژمار دەکرێت؛ بەم پێیەی کە حزبێک لە دەرەوەی چوارچێوە و بنەما کەمالیستییەکان و دەسەڵاتی فەرمیی ناسراو و تەنانەت نائاشکرا (ئەوەی کە لە تورکیادا بە دەوڵەتی سێبەر یاخود دەوڵەتی قووڵ یاخود لە دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا دەناسرێت) دەسەڵات دەگرێتە دەست و بەردەوامیش دەبێت، پاشان کۆدەتای ناسەرکەوتووی (١٥ی تەمووزی ٢٠١٦)، دەتوانێت درێژەپێدەری ئەم وەرچەرخانە یاخود تەواوکەری بێت بۆ هەنگاوی کۆتایی گۆڕانکارییەکان؛ لەم ڕوانگەیەی کە ئەم حزبە، هەوڵەکانی خێراتر بوویەوە بۆ کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی دەسەڵات و لادانی بەربەستە یاسایی و سەربازییەکان بۆ هێژموونیی سیاسی و ئابووری بەسەر ئەو وڵاتەدا.

لەم چەند تەوەرەیەدا دەمانەوێت، کورتە مێژوویەکی پرۆسەی ئاشتی و دانووستان لە تورکیا و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا ڕوویدا شی بکەینەوە، پاشان تیشک بخەینە سەر گرینگترین ئەو ڕووداوانەی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی ئاشتی هەبووە.

### یەکەم: کاریگەری گۆڕانکارییە دەرەکییەکان لەسەر پرسی کورد

پرسی کورد لە تورکیا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ژێر گۆڕانکارییە دەرەکییەکانی وەکوو دووەمین جەنگی کەنداو و کۆڕەوی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ و بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کورد، خۆی نواند، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا سەرهەڵدانی داواکاریی سەربەخۆیی لە کۆمارەکانی پاشماوەی یەکێتیی سۆڤییەت و هەڵوەشاندنەوەی خودی یەکێتیی سۆڤییەت، سەرهەڵدانی ئاسۆیەکی ڕوون لە ململانێی عەرەب/–ئیسرائیل، هەروەها بڵاوکردنەوەی گەڵاڵە نامەی تایبەت بە کەمینەکان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپاوە، دەرکەوت، هەموو ئەمانە فاکتەری دەرەکی بوون بۆ گەشەکردنی زیاتری بزووتنەوەی کوردایەتی لە تورکیا، لەناوخۆشدا ناشتنی تەرمی گەریلاکانی پەکەکە بە شێوازی مەراسیمی نارەزایی، هێندەی تر کێشەی کوردی لەناوخۆی تورکیادا خستە بەرچاو.

پرسی کورد لە تورکیادا، لە ژێر کاریگەری

ئـەم گـۆڕانـكـاريـيـانـەدا و لـە سـايـەی بيری ليبرالّی(تورگوت ئۆزال١٩٨٩_١٩٩٣ )دا هەنگاوی گەورەی هەڵهێنا و دەرگای چارەسەری پرسی كورد لە لايەن لايەنە جياوازەكانەوە دەستی پێكرد، ئەوەبوو لـە(١٩٩١/٤/١٢) ڕێگە بەبەكارهێنانی زمـانـی كـوردی درا، بـەڕەتـكـردنـەوەی ياسای ژمـارە(٢٩٣٢)ی سـاڵی ١٩٨٣، كە جگە لە زمانی توركی هەموو زمانێكی تر قەدەغە دەكرد، ئەمە هەنگاوێكی گـەورە بـوو لە توركيا بۆ كێشـەی كورد، لێرەوە دەرگای چارەسەركردنی كێشـەی كورد كرايەوە و گفتوگۆ لەم بارەيەوە لە لايەن لايـەنـە جـيـاوازەكـانـەوە دەسـتـی پێكرد، ئـۆزال ئـەم هـەلـەی قـۆسـتـەوە، بـۆ ئـەوەی كـوردەكـان بەشێوەيەكی ديموكراتی لە وڵاتەكەيدا بەشداری پـێ بـكـات، ئـەوەش لـە ڕێـگـای گفتوگۆيەكی ديموكراسی لە نێوان كوردە بەرهەڵستكارەكانی توركيا لە ناوخۆ، كەپارتی كرێكارانی گەل(HEP) لەگەڵ پارتی ديموكراتی(DEP) دەگـرتـەوە و لە دەريشەوە، كە پەكەكە، ئەو بـاوەڕی وابوو، كە ئاشتی دەچەسپێت لە ڕێگای گفتوگۆ لەگەڵ پەكەكە، ئەم ئاشتييەش بە هەنگاوی ئاگربەست دەستپێدەكات.

بۆ يەكەمجار بە ئاشكرا پرسی كورد بووە مايەی گرنگی پێدانی ڕای گشتی تـوركـی، لە نيسانی ١٩٩٠و لـەمـيـانـەی كـۆبـوونـەوەيـەک، كە ئـۆزال و ڕابيتەی پياوانی پيشەسازی و پـيـاوانـی كـاری تـوركـی لەخۆ گرتبوو، ئـۆزال گـوتـی:» حكوومەت بەڕاستی لە دۆزيـنـەوەی نموونەيەكی نوێی بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد دوور لە ڕێوشوێنی پۆليسی دەكۆڵێتەوە«، لەهەمان ساڵيشدا پارتی ديموكراتی ئۆپۆزسيۆن قـەدەغـەكـردنـی بەكارهێنانی زمـانـی كـوردی بـە ڕێوشوێنێكی وەحشيگەری وەسـف كـرد، لە(١٣تشرينی يەكەمی١٩٩١) ئۆزال سەردانی هەكاری كرد و دانی بەوەدا نا كە كورد لە توركيا هەيە و پێويستە ڕێزيان لێ بگيرێت.

لە توركيا پەرەسەندنێكی گەورە ڕوويدا و بوارەكانی پرسی كوردی ساڵی١٩٩٣ی گۆڕی، پەكەكە لـە(١٩٩٣/٣/١٧) ئاگربەستی يەكلايەنەی لە (١٩٩٣/٣/٢١) تا (١٩٩٣/٤/١٥) ڕاگەياند. ئەو بەڵگەنامەيەی، كە ئۆجەلان بە (مـام جـەلال)ی دا، كەڕێبەرايەتی هەوڵەكانی ميانگيری نێوان حكوومەتی توركی و پەكەكەی دەكرد، هەندێک سازشی تێدا بوو، كە ئەگەر توركەكان ويستيان هەنگاوێک بهاوێژن، ئێمە دە هەنگاو دەهاوێژين، دەسـتـپـێـشـخـەری لـە بـــواری كــاری سياسی پێشكەش دەكەين.

لەو كاتەی كە ئۆزال بۆماوی هەفتەيەک دەبوو هەوڵی دەدا، كە لە كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئـەمـنـی نـەتـەوەيـی سـەركـردە سـەربـازی و مەدەنييەكان بە پێكهێنانی ليژنەيەک بۆ دۆزينەوەی چارەسەرێكی سياسی بۆ پرسی كورد ڕازی بكات، لە (١٩٩٣/٤/١٧) مردنی لەناكاوی ئۆزال ڕاگەيەنرا، مردنی ئۆزال گورزێكی كوشندە بوو بە هەوڵەكانی ئاشتی لە توركيا كەوت.

مـردنـی ئـــۆزال بـۆشـايـيـەكـی سـيـاسـی وای دروستكرد زەحمەت بوو پڕ بكرێتەوە، دووبارە سياسەت لە توركيا دوای چەند هەفتەيەک لە بەستەڵۆک، بە هاتنەسەركاری سلێمان دێمێرێل چوە بازنەيەكی بۆشەوە، لە ڕۆژە يەكەمينەكانی وەرگرتنی سـەرۆكـايـەتـی كـۆمـاردا، دۆسـيـيـەی پرسی كـورد كـەوتـە دەسـت عـەسـكـەرەوە، ئيتر لەوە بەدوا شەڕ و پێكدادان لەنێوان پەكەكە و توركيا دەستی پێكردەوە، كە تيايدا هـەردوولا ڕووبـــەڕووی زيـانـێـكـی گيانی زۆر بـوونـەوە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە كانوونی دووەمـی ١٩٩٥

بۆجاری دووەم ئاگربەستی ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی هەلێک بە حکوومەتە نوێیەکەی (مەسعودی ئەڵماز ١٩٩٦/٣/٦ تا ٢٨ /١٩٩٦/٦) بدات، بەڵام ئەو بانگهێشتە ڕەتکرایەوە.

ئۆجەلان لە ئەیلوولی ١٩٩٨ بۆ جاری سێهەم ئاگربەستی خستەڕوو، بەبێ ئەوەی تورکیا وەڵامی بداتەوە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ لەناکاو تورکیا (١٠)هەزار سەربازی لەسەر سنووری باکووری سووریا کۆکردەوە و داوای ڕادەستکردنەوە یان دەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی کرد، سەرەنجام ڕێککەوتنامەی (ئەدەنە)ی لە(١٩٩٨/١٠/٢١)، لەگەڵ تورکیا واژۆکرد، بەو پێیە سووریا بەڵێنی دا تەواوی سەربازگەی پەکەکە لە خاکەکەی دابخات و ڕێگەی نەدات خاکەکەی بەکاربهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا، زیاتر لەوە سەرکردەکانی دەربکات، هەر لەم ڕێککەوتنەدا سووریا پەکەکەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناشەرعی سەلماند، دوای هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوان ژەنەراڵەکانی تورکیا و ئەمریکا و ئیسرائیل و دوای ئەوەی ئۆجەلان بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئەدەنە لە سووریا دەرچوو و بەرەو ڕووسیا بەڕێکەوت و دواتر بۆ ڕۆما، کە لەوێ لە تشرینی دووەمی ١٩٩٨ دەستگیرکرا، دوای ئازادکردنی ڕایگەیاند، کە ئامادەیە چالاکییە سەربازییەکان بوەستێنێت و لە بەرامبەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانەی پرسی کورد، دواتر ئۆجەلان ڕۆمای بە فڕۆکەیەکی ئەمنی ئیتالی بەرەو ڕووسیا لەسەر داوای خۆی بەجێهێشت، لەوێ بەرەو شوێنێکی ڕانەگەیەنراو چوو، بۆ ئەسینا، لەوێش بەفشارێکی زۆری ئەمریکی دەرکرا، لەوێش بۆ نایرۆبی، کە بنکەی هەواڵگری ئەمریکایە لە ئەفریقیا، لە(١٩٩٩/٢/١٥) لە ڕێگای فڕۆکەخانەی نایرۆبی بەرەو ئەفریقیا ڕفێنرا و ڕادەستی هێزە تایبەتییەکانی تورکیا کرا، ئەویش لە دوورگەی ئیمرالی لە دەریای ئیجە لە بەندیخانەی تاکەکەسی، دەستبەسەری کرد.

**دووەم: پارتی دادو گەشەپێدان و پرسی کورد**

بەردەوامبوونی کورد وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز، خاوەن شوناس و فەرهەنگ و زمانێکی جیاواز لە تورکیا نکوڵی لێکراوە، هەر کوردێکیش



کوردی وەکوو گەلێکی جیا لە تورک باس کرد بێت، دووچاری گرتن و سزای توند بۆتەوە، قسەکردن و خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، تەنانەت ناونانی منداڵ بە ناوێکی کوردی قەدەغەیە، لە ساڵی (٢٠٠٢)بەپێی ڕاپۆرتی فیدراسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا باس لەوە دەکات(٧٦) دایک و باوک بانگهێشتی دادگا کراون لەسەر ئەوەی ناوی کوردیان لە منداڵەکانیان ناوە، ئەم دۆخە وردە وردە لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە گۆڕانی بەسەردا هات، ناوبەناو سەرکردە باڵاکانی وڵات باسی بوونی کوردیان کردووە، وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز یان وەکوو کەیسێک کە پێویستی بە چارەسەرکردنە. بۆیەکەم جار (سلێمان دیمیریل) سەرۆککۆماری تورکیا دانی بەبوونی کورددا نا، مێژووی دانووستانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (تورگوت ئۆزال)، کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو گرینگترین هەوڵ و جدیترین هەنگاوی نا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتدا هاتە ئاراوە.

لەژێر سایەی ئەو گۆڕانکارییانەدا( لەدوای کودەتای ساڵی١٩٩٧)، کە توندییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی لە نێوان ئیسلامییەکان و سیستەمە سێکیورەکەدا بە سەرۆکایەتی دامەزراوەی سەربازیی، ئیسلامییەکان تۆمەتبارکران بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی سروشتی سیستەمەکە و بە ئیسلامیی کردنی دامەزراوەکانی و کودەتا بەسەر فەلسەفەی کەمالیزمدا، لە ئابی ساڵی(٢٠٠١) ڕەجەب تەیب ئۆردوگان سەرۆکی پێشووی شارەوانیی ئەستانبوڵ داوای مۆڵەتی بۆ پارتەکەی کرد بە ناوی پارتی (دادو گەشەپێدان )، دەستەی دامەزرێنەرانی سیازدە ژنی لەخۆ دەگرت، کە چواریان باڵاپۆش بوون، لەناویشیاندا گۆرانبێژو ئەکتەر و دکتۆر و مامۆستا هەبوون، سەرباری چەندین کەسایەتی پارتی فەزیلەت، کەپێشتر کاری سیاسییان لێ قەدەغەکرا بوو، لەگەڵ برێکی تر لە پارتە ناسیۆنالیست و سیکیولارەکان، دروشمی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دادو گەشەپێدان لە (١٤ئابی ٢٠٠١) لەژێر ئەم ناونیشانەدا بوو (کارکردن لەپێناو تورکیا و کەمەندکێشکردنی چین و توێژەکانی تورکیا) و بەبەرنامەیەکی سیاسییەوە، خۆی ڕاگەیاند.

دوای هاتنە سەرکاری حوکمی پارتی دادوگەشەپێدان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی(٣تشرینی دووەمی ٢٠٠٢) بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ناوخۆیی تورکیا بە تایبەتی دوای کابینەی دووەمی حکوومەتەکەی ئاک پارتی لە(٢٠٠٧) و بەهێزبوونی کورد لەشار و شاخ، تورکیا جارێکی تر گەیشت بەوبڕوایەی، کەوا ناتوانێت ڕێگە لە فشاری ناوخۆیی کورد بگرێت و ناشتوانێت بەهیچ جۆرێک لە ڕێگەی سەربازییەوە شکست بە پەکەکە بهێنێت و نکوڵیکردن لە کورد بووە بە مێژوو، چونکە کورد بووە بەژمارەیەکی بەهێز لە ناوچەکە و دەبێت لە نەخشەی سیاسەتی داهاتوودا هێندەی قورسایی خۆی حسابی بۆ بکرێت، بۆیە گەیشتن بەوبڕوایەی دەبێت ئەم کێشە گەورەیەی تورکیا، کە بەدرێژایی دروستبوونی هەیبووە و بەردەوام زەقتر بووتەوە، چارەسەر بکرێت و مافی سیاسی و کولتووری و هونەری و نەتەوەیی کورد بدرێت، بۆ ئەوەی چیتر نەبێتە ڕێگر لە بەردەم بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە نەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئاسایشی گشتیی وڵات و پێشکەوتنی ئابووری بەتایبەتی، چونکە بەپێی هەندێک ڕاپۆرت ساڵانە تورکیا(١٠)

ملیار دۆلاری لە شەڕی پەکەکە خەرج کردووە. واتە دادو گەشەپێدان لە ڕوانگەی بڕوابوونی بە کێشەی کورد ئەمەی نەکرد، بەڵکوو ویستی لەو ڕێگەیەوە دەنگێکی زۆرتری کورد بۆخۆی مسۆگەر بکات.

## سێیەم: دانووستانەکانی ئۆسلۆ

درێژترین گەڕی دانووستانەکان کە بەنهێنی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەنقەرە و پەکەکە بەڕێوەچوو لە (ئۆسلۆ)ی پایتەختی نەرویج بوو، کە لەساڵی ٢٠٠٩ەوە تا تەمووزی ٢٠١١ی خایاند، زانیارییەکان بە ئێستاشەوە دەربارەی کۆبوونەوەکانی نێوان پەکەکە و ئەنقەرە کە بەدانووستانەکانی ئۆسلۆ ناوی دەرکردووە، زۆر کەمن، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە هەوڵ دراوە گفتوگۆکان زۆر بەنهێنیی بەڕێوەبچن، لەو بارەیەوە (موراد قەرەیلان) لە( ٢٠١١/٧/٦) ئاشکرای کرد، کەبە چاودێریی ڕێکخراوێکی شارستانیی(مەدەنی) نێودەوڵەتی کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەبووە.

ئەو وڵاتە یان ئەو ڕێکخراوە وەکوو لایەنی سێهەمی نێوان پەکەکە و ئەنقەرە کێ بوو، بە ئێستاشەوە لێدوانی فەرمی چ لە لایەن ئەنقەرە چ لە لایەن پەکەکەوە نییە، بەڵام (خەتیب دیجلە) هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتی(کەجەدە) لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ ڕایگەیاند، بەریتانیا چاودێری دانووستانەکانی ئۆسلۆی کردووە. (٢٠١١/٩/١٣) لە ڕاگەیاندنەکانی بزاڤی خزمەت و تورکیا تۆمارێکی دەنگی نهێنی بڵاوکرایەوە، بەپێی ئەو تۆمارە جێگری سەرۆکی هەواڵگری و ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیران بەوە تۆمەتبار کران لەگەڵ بەرپرسانی پەکەکە لە ئۆسلۆ کۆبوونەتەوە. بڵاوبوونەوەی ئەو تۆمارە دەنگییە زیانێکی زۆری گەیاندە پرۆسەکە، حکوومەت بەوە، تۆمەتبارکرا لەگەڵ پەکەکە دانووستانی کردوە، کەسی ساڵە شەڕی لەگەڵ دەکات،.

دەسەڵاتدارانی تورکیا بڵاوبوونەوەی ئەو تۆمارە دەنگییەیان خستەپاڵ پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەرامبەریشدا لە(٢٨ی ئەیلوولی ٢٠١٢)دا کۆما جڤاکێن کوردستان(کەجەکە)، وەڵامی ئەو بانگەشەیەی ئۆردۆغانیشی دایەوە، کە دەیگوت لایەنی (کەجەکە) پابەند نەبوون بە خاڵە سەرەکییەکانی دیدارەکانی ئۆسلۆ و بەنهێنیی هێشتنەوەی دیدارەکان، لەوبارەیەوە کەجەکە ڕایگەیاند: «دزەکردنی دیدارەکانی ئۆسلۆ ئەنجامی شەڕی دەسەڵاتی نێو دەوڵەتە»، گوتیشی: «سەرۆک وەزیری دەوڵەتی تورک لەم بابەتە و زۆر بابەتی تردا ئاوەژووکردنەوەی وەک شێوازێک پەیڕەو دەکات»، لێدوانەکەی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی تورک، کە دەڵێت: «زانیاریمان لەسەر دیدارەکانی ئۆسلۆ دزە پێ کردووە بەتەواوی درۆیە«، هەر لەو بارەیەوە جەمیل بایک ئاماژەی بەوەدا:» لەسەرەتادا وامان دەزانی ئیسرائیل تۆمارەکەی بلاوکردووەتەوە، بەڵام دەرکەوت گولەنییەکان (جەماعەتی فەتحوللا گولەن) و هەواڵگری ئاساییش تۆمارەکەیان دەست کەوتووە«.

هاکان فیدان ڕاوێژکاری دەزگای هەواڵگریی تورکیا(میت) بە فەرمانی سەرۆک وەزیر(ڕەجەب تەیب ئۆردوگان) و بە سیفەتی (نوێنەری تایبەت) بەشداریی چاوپێکەوتنەکان بووە، ڕاوێژکاری یاریدەدەری میت (ئافەت گونەش)، لایەنی تورکی بوون لە گفتوگاکاندا، لە لایەن کوردەکانیشەوە (مستەفا قەرەسوو، سەبری ئۆک و زوبەیر ئایدار)لەو ناوانەت بەشداریی کۆبوونەوەکان

دیجیتاڵکردنی هەڵوێستی

بوون.

(زوبەیر ئایدار) ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتیی کەجەکە، کەبەشداری کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی میت و پەکەکە لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج بووە، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بی بی سی تورکیدا، کە لەسایتی (ڕۆژنیوز) لە (٢٤ی دیسەمبەری ٢٠١٢) بەشێوەی سۆرانی وەرگێڕانەکەی بڵاوکردەوە، پێشێلکارییەکانی حکوومەتی تورکیا لە ماوەی بەڕێوەچوونی دانووستانەکانی ئۆسلۆ بەڕوونی باس دەکات و ئاماژەی بەوەداوە، کە ساڵی ٢٠٠٩ قۆناغێک بوو، دانووستانەکانی ئۆسلۆ بەخێرایی پێشکەوتن، ئەوان لە پێڤاژۆی بێ چالاکییدابوون، کە خەڵک لەسەر دۆزی کەجەکە گیران و پێی وایە ئەم ڕووداوە یەکەم زەبر بوو لە قۆناغەکە کەوت.

ئایدار بەو گرووپی ئاشتی پەکەکە کە ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ لە دەروازەی سنووری خاپورەوە چوونە ناو تورکیا، ڕای گەیاندوە«لە سەر پەیمانی خۆیان نەمانەوە، گرووپەکانی ئاشتی تاقیکرانەوە، ئێمە بەڕێمان کردن، بڕیار بوو کەس دادگایی نەکرێت و نەگیرێت، ئەو کەسانەی لەناو گرووپەکەدا بوون، ئێستا لە سووچی گرتووخانەن، دەوڵەت بەڵێنی دا هیچیان بەسەر نەیەت، بەڵام بەڵێنەکەی هەر ئەوەندە بڕی کرد».

موراد قەرەیلان ئەو کاتە سەرۆکی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان( کەجەکە) بوو، لە چاوپێکەوتنێکدا دەربارەی گرووپی ئاشتی ئاشکرای کرد» دانووستانەکانی ئۆسلۆ گفتوگۆی جدی بوون بۆ چارەسەرێکی هەمیشەیی، ئێستا باش نییە و گونجاو نییە مرۆڤ هەموو گفتوگۆکان ئاشکرا بکات، بەڵام بەڕاستی بۆ چارەسەری هەم لە ئیمرالی و هەم لە ئۆسلۆ دانووستاندن هەبوو، مەسەلەی چوونی دوو گرووپەکەی ئاشتی شتێکی نێو ئەو چوارچێوەیە بوو، تەنانەت پێشنیاری خودی ئۆردوگان بوو، بۆ ئەوە شاندێکی ناردبووە لای سەرۆکی ئێمە لە ئیمرالی، هەروەها هەمان پەیامیشی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعوود بارزانی) نارد بوو، لەو هەردوو شوێنەشەوە پەیامەکە گەیشتە ئێمە، ئەو کات ئیمەش گفتوگۆیەکمان لە نێوان خۆماندا کرد و بڕیارماندا دوو گرووپ بنێرینەوە، بەو شێوەیە ئەو گرووپە کەوتنە ڕۆژەڤەوە، واتە لەسەر داوای ئۆردوگان بوو، ئەوکاتە پرۆسەکە بەرەو چەقین و کۆتاییهاتن بوو، بۆئەوەی ڕێگە لەبەردەم پرۆسەی چارەسەر ببێتەوە، ئێمە هەنگاوەکەمان بە گونجاو بینی، ئۆردوگان بۆئەوەی زیاتر دەستی بەهێز ببێت، ئەو داوایەی کرد).

هەرچەندە پارتی دادو گەشەپێدان سوودی زۆری حیزبی بینیی لەو ئاگربەستە و ڕێککەوتنە کاتییانەی کەوا لەگەڵ پەکەکە هەیبوو، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە کێشەی کورد لە باکوور وەکوو کێشەی نەتەوە بناسێنێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە کێشەی کورد کێشەی ناسنامەیە، هەر بۆیە نەبوونی بڕوای تەواو بە کێشەی ناسنامەی نەتەوەیەک و پێویستی بوونی دانان بەو کێشەیە و مامەڵە کردن لەگەڵ بابەتەکە بەوشێوە و قەبارەی، کە بوونی هەیە ئاسۆکانی چارەسەری زیاتر و زیاتر دوور خستۆتەوە، بەهەمان ڕێگای حکوومەتەکانی ڕابردوو هەنگاوی ناوە، بەڵام بە تاکتیکی جیاواز.

چوارەم: دانووستانەکانی ئیمرالی

دوای شکستهێنانی کۆبوونەوەکان لە چوارچێوەی دانووستانی ئۆسلۆ، لە حوزەیرانی (٢٠١٢) دا

(بەشیر ئاتالای) جێگری سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی حکوومەتی تورکیا لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (سی ئێن ئێن تورک) ڕایگەیاند:»چەکدانانی پەکەکە لە ڕۆژەڤدایە و لەناو کاروبارێکی فرە لایەنین لەسەر پەکەکە«، هەروەها پاش شکاندنی مانگرتنی بێ وادەی زیندانییانی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکیادا بە فەرمانی ئۆجەلان جارێکی تر هەلێکی تر دروست بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە، بە نوێنەرایەتیی دەوڵەتی تورکیا نەک حکوومەتی تورکیا، کە ئەوەش ڕەوایی زیاتر دەبەخشێت بە پرۆسەکە، هاکان فیدان سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی تورکیا(میت) لە (١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢) سەردانی ئۆجەلانی کرد لە زیندانی ئیمرالی، بەوەیش گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەبدوللا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی پێکردەوە، ئەوەیش بۆ یەکەمجار بوو، کەوا حکوومەتی تورکیا ڕازی بووە بەوەی وەکوو نوێنەری ملیۆنان کوردی باکوور لەگەڵ ئۆجەلان گفتوگۆ بکات.

### چوارەم: گەڕی دووەمی دانووستانەکانی ئەمجارەی نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا، چەندین فاکتەری لەپشتەوە بوو:

یەکەم/ مانگرتنی زیندانییانی سیاسیی کورد: لە (١٢ی ئەیلوولی ٢٠١٢) لە (٥٨) گرتووخانەی تورکیا(٧٠٠) زیندانیی سیاسی کورد بە تۆمەتی پەیوەندییان بە پەکەکە و چالاکیی سیاسییەوە زیندانی کرابوون، بۆ کۆتاییهێنان بە گۆشەگیریی سەر عەبدوللا ئۆجەلان( تا١٢ی ئەیلوول) (٤١٥) ڕۆژ بوو هیچ هەواڵێک نەبوو) و باشکردنی ڕەوشی تەندرووستی و کۆتاییهێنان بە گوشارەکانی سەر زمانی کوردی و مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد، دەستیان کرد بە مانگرتنی بێوادە، لەناو مانگرتووەکاندا ژمارەیەک لە بەرپرسانی پارتی ئاشتی و دیموکراتیی(بەدەپە) و (٣٠) سەرۆک شارەوانی و(٥) پەرلەمانتار و (٥٦) ئەندامی ئەنجوومەنی بەدەپە هەبوون، دواتر مانگرتنەکە فراوان بوو، هەموو زیندانییانی سیاسیی کورد کە بە(١٠) هەزار دەخەمڵێنران، دەستیان بە مانگرتنەکە کرد، بەڵام سەرەتا بە (٧٠٠) زیندانیی سیاسی دەستی پێکرد.

مانگرتنی زیندانییان لە خواردن تا درێژەی دەکێشا دەنگدانەوەی زیاتر و فشاری زیاتری لەسەر حکوومەتەکەی ئاکەپە دروست دەکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی دۆخی تەندرووستی مانگرتووان بەرەو خراپی دەچوو، نزیک دەبوونەوە لە مردن.

پارتی ئاشتی و دیموکراسیی(BDP) بۆ پشتیوانی لە داواکانی گەلی کورد و مانگرتووان و وەکوو حیزبێکی کوردی بڕیاری دا ڕۆژی(٣٠)ی هەمان مانگ کە(٤٩) ڕۆژ بەسەر مانگرتنی بێوادەی زیندانییانی کورد لە زیندانەکانی تورکیا تێپەڕ دەبوو، مانگرتنی سەرتاسەری ڕاگەیاند، بۆ ئەم مەبەستەش بەدەپە بانگەوازی سەرجەم گەلی کوردی کرد لە سەرانسەری کوردستان دەستبەرداری ژیانی تایبەت ببن بۆ پشتیوانی لە زیندانییانی مانگرتوو بچنە سەر شەقام، لەسەر بانگەوازی پارتی ئاشتی و دیموکراتی و کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە(٢٠١٢/١٠/٣٠) کاتژمێر(١٢) بەکاتی تورکیا، لە(٢٢)شاری گەورەی باکووری کوردستان (ئامەد، وان، ئەلیح، سەمسوور، سێرت، شرناخ، چنار، ڕەحا، دێرسیم، نسێبین، سلۆپی، جزیرە، سخکێ، بایەزید، جۆلە مێرگ، ئەردیش، گۆلە، کۆپێ، بەدلیس، لەگەڵ شارە تورکییەکانی وەکوو ئەنتالیا، ئیزمیر)،

مانگرتن و خۆپیشاندانی سەرتاسەری بۆ پشگیری کردنی زیندانیانی سیاسیی باکووری کوردستان دەستی پێکرد، هەمان ڕۆژ دوای دەستپێکردنی مانگرتنە سەرتاسەرییەکەی باکووری شاری ئەنقەرە و ئامەد و گەڤەر و نسێبین، چەندین شاری تر پێکدادان لە نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران ڕوویدا.

کوردان لە هەموو لایەکەوە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بۆ پشتگیری لە داخوازیی مانگرتوەکان و دژی سیاسەتەکانی تورکیا خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان ئەنجام دا، لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا ڕەوەنـدی کـوردی خۆپیشـاندان و نـاڕەزای ئەنجامدرا، لە (١١/٥) لە سلێمانی و کەرکووک بۆ پشتگیری لە مانگرتووان خۆپیشاندان کرا و لە هەولێریش لەبەردەم کونسولخانەی تورکیا خۆپیشاندەران ئاڵای تورکیایان سووتاند.

حکوومەتی تورکیا چەندین هەوڵیدا بۆ کۆتاییهێنان بە مانگرتنەکە، بەڵام زیندانییان تا جێبەجێکردنی داواکانیان سوور بوون لەسەر مانگرتنەکەیان، کاتێک حکوومەت زانی هەوڵەکانی بێ سوودە بۆ کۆتاییهێنان بە چالاکیی مانگرتن، بۆیە ناچار پەنای بردە بەر ئۆجەلان، چونکە تەنیا ئەو دەیتوانی ئەو کارە بکات، ناچار حکوومەت یەکێک لە داوای مانگرتووان، کە هەڵگرتنی قەدەغەی گۆشەگیری بوو لەسەر ئۆجەلان جێبەجێی کرد و لە(٢٠١٢/١١/١٧) ڕێگەدرا (محەمەد ئۆجەلان) ی برای سەردانی ئاپۆ بکات، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ڕێگەی براکەیەوە داوایکرد لە زیندانییە مانگرتوەکان دەستبەجێ مانگرتنەکەیان کۆتایی پێ بهێنن.

دوای وتوویژی پەرلەمانتاران لەگەڵ زیندانییانی مانگرتوو لە زیندانەکانی دیاربەکر بۆ ماوەی زیاتر لە سەعاتێک، مانگرتووان بڕیاریاندا مانگرتنەکەیان بشکێنن، (دەنیزکایا) گوتەبێژی زیندانییە مانگرتووەکان، کە خۆی یەکێک بوو لە مانگرتووەکانی ناو زیندان لە لێدوانێکییدا بەناوی مانگرتووەکانی دۆزی پەکەکە ڕایگەیاند، بانگەوازەکەی ئۆجەلان بەبناغە وەردەگرین، لە (١٨ی تشرینی دووەمـی ٢٠١٢) کۆتاییان بە چالاکییەکەیان هێنا، وەک جێبەجێکردنی یەکێکی تر لە داواکارییەکانی مانگرتووان، پارتی دادو گەشەپێدان پڕۆژە یاساییەکی ئاڕاستەی پەرلـەمان کـرد، بۆ ئـەوەی بە غـەیری زمانی تورکی لە دادگاکاندا قسە بکرێت.

فاکتەرێکی تر ئەوەیە، شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، گۆڕانکاریی گەورەیان لە ناوچەکە هێنایە ئاراوە، تورکیا ترسی گەورەی هەبوو هەمان ئەو ڕاپەڕینانەی لە وڵاتانی عەرەبی دراوسێی ڕوویان دا وڵاتەکەی بگرێتەوە و پەکەکە بە پاڵپشتیی جەماوەر و ڕێکخستنەکانی لە شارە کوردییەکان بەهـاری کـوردی دەستپێبکەن، بـەڵام هەمیشە کەجەکە و ئۆجەلان وەکوو کورد دیالۆگیان بە باشترین بژاردە داناوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد وەک لە شەڕو ململانێی چەکداری.

ڕۆژئـاوای کـوردسـتـان، لـە لایـەکـی تـرەوە سوپای سووریا لە سەرەتای ئابی(٢٠١٢) دا لە بەشێک لەو ناوچانەی، کە زۆرینەیان کوردن، وەکوو عفرین لە باکووری خۆرئاوای سووریا و جـەزیرە لە بـاکـووری ڕۆژهـەڵاتـی سووریا کشایەوە، لەگەڵ کشانەوەیدا ئەو ناوچانە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی پارتی یەکێتیی دیموکراتی(پەیەدە)، کە پارتێکی کوردی و نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بوو، بەوهۆیەشەوە تورکیا لەوە دەترسا ببێتە هـۆی دروستـبوونـی هەرێمی کوردی لە سنووریدا لەگەڵ سووریا، کە لەڕووی جوگرافیا و مرۆییەوە لکاوە بە ناوچە کوردییەکانی

تورکیا و عێراقەوە، ئەو هەرێمەش ببێتە بنکەی گەریلاکانی پەکەکە بۆ شەڕی چەکداری لەگەڵیدا، ڕێککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا هەنگاوێکی پێشوەخت بوو، بۆ هەر کاردانەوەیەکی داهاتووی پێشبینیکراو بەهۆی ڕووخانی سووریاوە ڕوویدات، هەر بۆیە دەیویست لە ڕێگەی دانووستانەوە ئەو مەترسییە لەخۆی دوور بخاتەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی و تاکتیکیش بێت.

بەم شێوەیە پاش چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ ئۆجەلان لە ئیمرالی جۆرێک لە ڕێککەوتن دروست بوو لەسەر نەخشە ڕێگەیەک، جیاوازی گفتوگۆکانی ئیمرالی لەگەڵ گفتوگۆکانی ئۆسلۆ ئەوەبوو دەوڵەت دوای ئەنجامدانی چەند دیمانەیەک پرۆسەکەی بۆ ڕای گشتی ئاشکراکرد.

یەکێک لە خواستەکانی ئۆجەلان و پەکەکە ئەوەبوو، کە بەپێچەوانەی دانووستانەکانی ئیمرالی بە شەفافی و ئاشکرا بکرێن و بەبەردەوامی خەڵک و ڕای گشتی لە دانووستانەکان ئاگادار بکرێنەوە، هۆکارەکەیش ئەوەبوو، کە ڕێگە لەوە بگرن کەسانێک بەناوی ئاشکراکردنی دانووستان و گفتوگۆکانەوە هەوڵی تێکدانیان بدات، ئەمەو جگەلەوەی خەڵکیش لەو ڕێگەیەوە بزانێت کێ پابەند نابێت؟ کێ جدییە لە مەسەلەکەدا؟ ئەمەش بوە هۆی ئەوەی حکوومەتی تورکیا دانووستانەکان ئاشکرا بکات، ئەمەش پاش ئەو زنجیرە گۆڕانکارییە هەرێمی و نێوخۆییەی لە تورکیا هاتبوونە ئاراوە، بەجۆرێک بە گوێرەی ئەنجامەکانی دوو ڕاپرسی، کە لەتورکیا ئەنجامدرا بوون، دانیشتووانی تورکیا پشتگیری ئەو پرۆسەیەیان دەکرد، یەکێکیان لە( نیسانی ٢٠١٣) ئەنجامدرا بوو، (٦٧,٧٪) بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پشتگیری بەردەوامی پرۆسەی چارەسەریان دەکرد و لە بەرامبەریشدا (٣٣,٣٪) لایەنگری بەردەوامی شەڕبوون لەگەڵ پەکەکە، لە ڕاپرسییەکەی کۆمپانیای (ئیپسۆس) لە ساڵی(٢٠١٥) (٥٩,٥٪) دانیشتووانی تورکیا پشتگیریان لە پرۆسەکە دەکرد، لە بەرامبەریشدا( ٤٠,٥٪) پشتگیریان لەو پرۆسەکە نەکرد.. واتە زۆرینە لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی و دانووستاندا بوون...

پرۆسەی دانووستانەکانیش، لە تشرینی دوەمی (٢٠١٢) لە نێوان تورکیا و عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە زیندانی ئیمرالی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، لە چوارچێوەی تورکیا بەشێوەیەکی ئاشتییانە گەڕێکی تری دانووستانەکان دەستی پێکرد.

موراد قەرەیلان پێشتر ڕایگەیاند بوو: تا پێویستییەکانی هەرسێ مەرجەکەی ڕێبەر ئاپۆ وەکوو ئاساییش، تەندرووستی و دەرفەتی دانووستاندنی ئازاد پێک نەیەت، ئێمە باوەڕ بە گوتەکانی ئاکەپە و کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک ناکەین»، دانووستانەکانی ئیمرالی لە نێوان دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی تورکیا و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەڕێوە دەچوو، تا ئەوکاتەی (هاکان فیدان) دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، بەو شێوەیەیش میت لە پرۆسەکەدا شوێنی خۆی دا بە حکوومەت، هەر لەبەرئەوەیش بوو لە کۆشکی دۆڵمەباخچە حکوومەت ڕاگەیاندنە هاوبەشەکەی لەگەڵ شاندی ئیمرالی قبووڵ کرد، کە لە(١٠) خاڵی پێشنیارکراوی ئۆجەلان پێک هاتبوو، بۆ کۆتاییهێنان بە کردەوە توندوتیژییەکان لە نێوان هەر دوولادا، لە بەرامبەر ئەنجامدانی چاکسازی و پێدانی ماف بەکورد، بۆ بەرجەستەکردنی متمانە لەنێوان هەردوولادا، لە (٣ی کانوونی دوەمی٢٠١٣) (ئایلا ئاکات ئالا) نوێنەری

پارتی ئاشتی و دیموکراتی و ئەحمەد تورک نوێنەری سەربەخۆ سەردانی ئۆجەلانیان کرد لە زیندانی ئیمرالی، بۆ تەواوکردنی پرۆسەی دانووستانەکان لە(٢٣ی شوباتی٢٠١٣)دا پەروین بولدان و ئالتان تان و سرِی سوورەیا ئۆندەر سەردانی ئۆجەلانیان کرد لە زیندانی ئیمرالی، لە(٩ی ئازاری ٢٠١٣) شاندێکی هەدەپە سەردانی قەندیلیان کرد.

وەک دەستپێشخەریەک و نیاز پاکی دەوڵەتی تورکیا کۆمەڵێک لەو سەرۆک شارەوانییانەی پێشووی کوردی ئازادکرد، کە پێش زیاتر لە سێ ساڵ لە دۆسیەی کەجەکە لە ئامەد لە لایەن حکوومەتەوە دەستگیر و زیندانی کرا بوون، هەروەها پەرلەمانی تورکیا یاسایەکی پەسەند کرد، کە ڕێگە بەکورد دەدات زمانی کوردی وەکوو زمانی دایک بەکاربهێنن، کە یەکێک بوو لەداواکارییەکانی کورد، وەکوو نیەتپاکی بۆ پرۆسەکە لە بەرامبەریشدا پەکەکە لە(١٣ی ئازاری ٢٠١٣)هەشت سەربازی تورکیای ئازادکرد، کەماوەی دووساڵ بوو دەستگیریان کرد بوون، (بەشیر ئاتالای)جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا ئازادکردنی سەربازەکانی وڵاتەکەی لە لایەن پەکەکەوە وەکوو ئاماژەیەک بۆ نیازپاکی ناوبرد، هەروەها (عەبدوڵڵا گویل)ی سەرۆککۆماریش لەو بارەیەوە گوتی: «دڵخۆشین بە گەڕانەوەی سەربازەکانمان، کە ماوەیەکی درێژیان لە دووریی وڵاتەکەیان بەسەربردووە».

دواجار حکوومەتی تورکیا و ئۆجەلان و پەکەکە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لە ئاهەنگی نەورۆزی(٢٠١٣) ئۆجەلان پەیامێک بۆ ڕای گشتیی تورکیا و جیهان بڵاو بکاتەوە، هەروەها پەکەکە لەگەڵ پەیامەکەی ئۆجەلان لە نەورۆزی هەمان ساڵدا ئاگربەستی یەک لایەنەی ڕاگەیاند، ئەوەش هەشتەمین ئاگربەست بوو لە لایەن پەکەکەوە بەدرێژایی چەندین ساڵ شەڕو ململانێ و خەباتی سیاسیی و سەربازیی لە باکووری کوردستان.

ئەوەبوو لە ئامەد(دیاربەکر) لە ئاهەنگی نەورۆزی(٢٠١٣)دا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە و بە ئامادەبوونی نوێنەری پارت و ڕێکخراوەکانی باشووریش ئامادەی ئاهەنگەکە بوون پەیامەکە خوێنرایەوە، کە ئەمەش بەگوێرەی شیکەرەوانی سیاسیی و میدیاکان شتێکی بێ پێشینەبوو لە مێژووی کورد لە دەوڵەتی تورکیای هاوچەرخدا، کەپێشتر بە ئەستەم ڕێگە بەکاری لەو شێوەیە دەدرا...!!

ئەوەبوو پەیامەکە لە لایەن (پەروین بولدان) جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە، بەزمانی کوردی خوێنرایەوە، نامەکە کاردانەوەی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، هەموو لایەک پشتگیرییان بۆ دەربڕی، ئۆردوگان لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند: «ئەم داواکاری و بانگەوازە، پێشهات و پێشکەوتنێکی ئەرێنی و ئیجابییە، بەڵام ئەوەی گرنگە جێبەجێکردنی ئەو بانگەوازەیە، جێبەجێکردنی ڕاگرتنی شەڕ لە لایەن پەکەکەوە هەنگاوێکی گرنگە»، هەروەها گوتیشی: «ئەنقەرە کردەوە سەربازییەکانی ڕادەگرێت، ئەگەر پەکەکە پەیامەکەی ئۆجەلان جێبەجێ بکا و کردەوەکانی ڕابگرێت». ...پەکەکەش لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، پێشوازی لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەکەین و پێوەی پابەند دەبین.

ئەوەبوو پەکەکە چەند هەنگاوێکی وەک نیازپاکی و بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە ئەنجامدا، لەوانە کشانەوەی هێزەکانیان لە ناو خاکی تورکیا بۆ

چیای قەندیل لە باشووری کوردستان، کە بەشێک لە بارەگا سەرەکییەکانی لێیە، لە بەیانێکدا پەکەکە لە ڕۆژی(٨ی ئایار) ڕایگەیاند، «یەکەم گرووپی گەریلاکانیان لە بەیانیی ئەو ڕۆژەوە دەستیان بە جووڵە کردوە بۆ کشانەوەیان لە خاکی تورکیا». هەر لەو بەیانەدا ڕایانگەیاند بوو: «پێویستیان بە چوار مانگە بۆ کشانەوەی تەواوی هێزەکانیان». ئەوەبوو هەفتەیەک دوای بڕیاری کشانەوەیان لە (٢٠١٣/٥/١٤) یەکەم گرووپ کە لە(١٥) گەریلا پێکهاتبوون لە شرناخەوە گەیشتنەوە قەندیل، (کاجار) ناوی سەرۆکی ئەو(١٥) گەریلایەی پەکەکە بوو، ڕای گەیاند:» لەسەر داوای ئاپۆ گەڕاینەوە، دەمانەوێت لەم ڕێگەیەوە دەرگایەک بۆ ئاشتی بکەینەوە«، هەر لەو چوارچێوەیەدا تا سەرەتای مانگی حوزەیران (حەوت گرووپ)ی گەریلاکانی پەکەکە لە تورکیا کشابوونەوە، لە (٦/١٤)یش گرووپێکی تر گەیشتنەوە قەندیل، ئەم پرۆسەیە تاوەکوو مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵ بەردەوام بوو.

دواتر ئۆجەلان نەخشەڕێگەی پرۆسەی ئاشتیی ڕاگەیاند، کەسێ قۆناغی لەخۆ گرتبوو: یەکەم، ئاگربەست بەو مەرجەی حکوومەت و سوپای تورکیا هێرش نەکاتە سەر گەریلا، دووەم: کشانەوەی پەکەکە لەناو خاکی تورکیا، سێیەم: بێدەنگ کردنی چەکەکان نەک چەک دانان لە دوای ئەوەی لە ئەگەری بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی و هەنگاونانی حکوومەت بەرەو گۆڕانکارییەکان لە دەستوور و ئەو خاڵانەی، کە ئۆجەلان و پەکەکە باسیان لێوەکردوون و پەکەکە بەحیزبێکی سیاسیی و فەرمیی لە تورکیا ئەو کاتە بابەتی چەکدانان تاوتوێ دەکرێت و هێزی گەریلا دەبێتە بەشێک لە سوپا لە ناوچەکانی کوردستان بۆ پاراستنی کۆمەڵگا، ( بەمەرجێک حکوومەتیش هەنگاوی وەڵامدەرەوەی هەبێت)، ئەمەی سێهەمیان خاڵێکی قورس بوو، زۆرترین قسەی لەسەر کرا.

لە (٢٠١٤/٧/١١) پەرلەمانی تورکیا پرۆژە یاسایەکی پەسەند کرد، کە لەلایەن حکوومەتەوە پێشکەشکرا بوو، کە ڕێگە دەدات بە دانووستاندن لەگەڵ پەکەکە، کە مەبەست لێی پاراستنی یاسایی دیارترین بەرپرسە بەشدارەکانی دانووستانەکان لەگەڵ پەکەکە بوو.

## پێنجەم: ڕێگرییەکانی بەردەم پرۆسەی دانووستاندن و هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی

دانووستانەکانی ئەمجارەی نێوان حکوومەتی تورکیا بە نوێنەرایەتی هاکان فیدان سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا و لایەنی کوردی بە نوێنەرایەتی(عەبدوڵڵا ئۆجەلان)، بەدوور نەبوو لە هەندێک ڕێگری و بەربەست، کە لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

١.تیرۆری سێ ئەندامە کچەکەی پەکەکە لە (٩ی کانوونی دووەمی٢٠١٣) لە پاریس بەدەستی هەواڵگریی تورکیا، کە لە نێوانیاندا (سەکینە جانسز)، کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی پەکەکە، لەگەڵ فیدان دۆغان و لەیلا شویلەمەز، کە تارادەیەک پرۆسەکە یەکەم بەربەست و دڕۆدۆنگی لەلایەن پەکەکەوە بۆ دروست بوو، هەرچەندە هەردوو لایان نەیانهێشت کاریگەری خراپ بکاتە سەر پرسی چارەسەری، چونکە لایەنی کوردی لە کاتی ڕووداوەکە دانی بەخۆیدا گرت و هیچ کاردانەوەیەکی خراپی نەبوو، ئەویش لە پێناوی سەرگرتنی پرۆسەی چارەسەری ئاشتی.

٢.یەکێکی تر لەو ڕێگریانە، بەربەستی یاسایی و دەستووری بوو، کە ئەوکاتە و ئێستاش

هەوارنامەی کتێب

خاڵێکی جەوهەریی پرۆسەکەیە، لەوانەیش چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە ڕەگوڕیشەوە و دانانی فەرمی و یاسایی و دەستوورییە بە شوناسی کورددا، لەگەڵ زیادکردنی ڕۆڵی حکومەتە خۆجێیەکان و چەسپاندنیان لە دەستووری تورکیادا، لەماوەی دوو ساڵ و نیوی گفتوگۆکان و پرۆسەی چارەسەری حکومەت ئەوانەی جێبەجێ نەکرد.

٣. نەبوونی متمانەیش لە نێوان هەردوولادا تاڕادەیەک بەربەست بووە، کە هەریەکە لە لایەنی کوردی و حکومەتی تورکیاش یەکتریان بە دروستکردنی بەربەست و هەڵنانی هەنگاوی پێویست بۆ جێەجێکردنی پرۆسەکە تۆمەتبار دەکرد، لە ڕاگەیاندنەکانەوە.

٤. یەکێکی تر لە هۆکارەکان بریتی بوو لە پرسی کورد لە خۆرئاوای کوردستان و سووریا، کە کاریگەری هەبوو لە سەر پرسەکە، چونکە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی سووریا(٢٠١١/٣/١٥) کورد توانی جیاواز لە لایەنەکانی تری شۆڕشی سووریا پێگەیەکی بەهێز بۆخۆی دروست بکات و بەرگری و پاسەوانی ناوچە کوردییە ئازادکراوەکان بکات، تەنانەت دامەزراندنی سێ کانتۆن و خۆبەڕێوەبەری، ئەوەیش تورکیای ترساند بە دامەزراندنی کیانێکی کوردی لە باکووری سووریا، کە پەکەکە هەژموونی تەواوی هەبوو لەو پارچەیەدا.

ئۆردوگان لە (٢٠١٥/٣/٢٣) جارێکی تر گوتی: «شتێک نییە بەناوی پرسی کورد و قسەکردن لەو بارەیەوە مانای جودا خوازی دەکات، هیچ دیدار و کۆبوونەوە و مێزی گفتوگۆ لە نێوانماندا نییە، هەبوونی مێز واتە هەڵوەشاندنەوە دەوڵەت»..!!

هەر لەم ماوەیەدا بوو، هێرشەکانی داعش بۆ سەر شەڕڤانانی یەپەگە لە کۆبانێ توندتر دەبوو، لە هەفتەی سێیەمی هێرشەکەدا فشارێکی زۆر کەوتبووە سەر شەڕڤانان چ لەڕووی چەم و تەقەمەنی و پێداویستی سەربازی چ لە ڕووی خواردن و پێداویستی تەندرووستی و داودەرمان، لەو لایشەوە تۆپبارانی چەکدارەکانی داعش بەردەوام بوو، بەهۆی ڕێگەنەدانی تورکیا بە گەیاندنی هاوکاری بە شەڕڤانان و لەو لایشەوە هاوکاریکردنی داعش درزی گەورە کەوتە نێوان تورکیا و کورد لە باکوور و خۆرئاوا، کاریگەری



نەرێنی لەسەر ڕێڕەوی دانووستانەکانی ئیمرالی دانـا، هـەرچـەنـدە (سـاڵـح موسلیم) ڕایگەیاند، لـە(٢٠١٤/١٠/٥) لەگەڵ بەرپرسانی باڵای میت و حکوومەتی تورکیا کۆبووینەتەوە و بەڵێنیان داوە هاوکاریی کۆبانێ بکەن، بەڵام تورکیا هیچ هەنگاوێکی ئەرێنیی نەنا.

لــەدژی سیاسـەتـەکانی حکـوومـەتی تـورکیا، هاووڵاتییانی باکووری کوردستان و شارەکانی تـری وەکـوو ئەستانبووڵ و ئـەنـقـەرە لـە(٦ی تشرینی یەکەم) ڕژانە سەر شەقامەکان، کەجەکە ڕۆژی دواتـر ڕایگەیاند: « دەبێت گەلەکەمان لە باکوور هەموو مەیدانێک بکاتە کۆبانێ و بەرخۆدانێکی مێژوویی نیشان بدات، لەم سەعاتە بـەدواوە دەبێت بە ملیۆنان مرۆڤ وەک لافاو برژێنە سنوور و لـەم ساتە بـەدواوە هەستنە سەر پێ، کات کاتی گەورە کردنی چالاکییەکانە»، بـەوهـۆیـەشـەوە حکـوومـەتی تـورکیـا لـە پێنج پارێزگای باکوور ( ئامەد، باتمان، ماردین، سێرت و وان) باری نا ئاسایی ڕاگەیاند، لە ئەنجامدا پـێکدادان لـە نـێوان خـۆپـیشـانـدەران و هێزە ئەمنییەکان ڕوویدا و دەیان خۆپیشاندەر بوونە قوربانی، تـا(٢٠١٤/١٠/٨) (١٩) خۆپیشاندەری کـورد بـە دەسـتی هـێزە ئەمنییەکانی تورکیا کوژران.

٥. یەکێکی تـر لـە ڕێگـری و بەربەستەکانی بـــەردەم سـەرنـەکـەوتـنی دانـووسـتـنـەکـان و پرۆسەی چارەسەری تەقینەوەکەی (پرسوس) و هاوکاریکردنی داعش لە لایەن پۆلیسی تورکیاوە بوو، بۆ ئەنجامدانی ئەو تەقینەوەیە و کوشتنی ئەو پۆلیسانەی هاوکاریی خۆکوژەکان بوو لە لایەن ڕێکخستنەکانی ناو شاری پەکەکە، بەبێ فەرمانی ناوەندی هەپەگە، بیانوویەکی تری دا بە تورکیا بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ، ئەوەبوو کاتژمێر (١١)ی شـەوی (٢٠١٥/٧/٢٤) فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دوای دوو ساڵ و نیو ئاگر بەست هێرشیان کردەسەر بارەگاکانی پەکەکە لە هەرێمەکانی پاراستنی میدیا و بە فەرمی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورد کۆتایی هات و شەڕ لە نێوان پەکەکە و تورکیا دەستی پێکردەوە.

## شەشەم: هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا لەسەر پرۆسەی چارەسەری و دانووستانەکانی نێوان پەکەکە و حکوومەت

هەر لەسەرەتای دانووستانەکانەوە حیزبی گەلی کۆماری کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە پشتگیری پرۆسەکەی کرد لە پێناو چـارەسـەرکـردنـی کـێشـەی کـورد، بـەمـەرجـی ئەوەی، کە هەموو هەنگاوەکان شەفاف بێت و هیچ شتێک لە خەڵکی نەشاردرێتەوە، بەڵام تاکە پارت کە دژی پرۆسەی چـارەسـەری کێشەی کـورد بـوو لـە تـورکیا بـزووتـنـەوەی نـەتـەوە پەرستی تورکیا(مـەهـەپە) بـوو، کـە ڕەخـنـەی توندی لە حکوومەت و پرۆسەی ئاشتی گرت و ئاکەپەی بە ئەڵقە لەگوێی پەکەکە ناو دەبرد و پرۆسەی چارەسەری بە پلانێک بۆ دابەشکردنی تورکیا دەزانی.(بەڵام خوێنەرانی ئازیز بۆ مێژوو ئەمـجـارەیـان پـرۆسـەکـە بـەجیـاواز لـە جـاری پێشوو، لـەلایـەن دەوڵـەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپەوە پشتگیری دەکرێت و تەنانەت ئەو، لە ٢٠٢٤/١٠/٢)پێشنیاری پرۆسەکەی کردووە).

بەدرێژایی مـاوەی دانووستانەکان مەهەپە لە زاری دەوڵـەت باخچەلی سەرۆکی حیزب و بەرپرسەکانی تریەوە گوتەی ئاگرین و توندیان دەربـــارەی پـرۆسـەی ئاشتی و حـکـوومـەت و پەکەکە و ئـۆرودوگـان و ئۆجەلان دەگوتـەوە،

بەشێوەیەک هەموو هەوڵێکیان خستە گەڕ بۆ شکستپێهێنان بە پڕۆسەکە، تەنانەت یەکێک لە مەرجەکانی بەشداریکردنیان لە حکوومەتێکی هاوپەیمانی لەگەڵ ئاکەپە کۆتاییهێنان بوو بە پڕۆسەکە.

بەڵام پارتی گەلی کۆماری لەو قۆناغەدا هەڵوێستێکی ئەرێنی هەبوو بەرامبەر بە کێشەی کورد، تەنانەت پرۆژەیەکیشیان پێشکەش بە پەرلەمان کرد، کەباسی لەمافی کورد دەکرد، جەهەپە لە کارنامەی هەڵبژاردنی خۆیدا لە (٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥)، باسی کێشەی کوردی کردووە و پشتگیری چارەسەری سیاسی کوردی دووپات کردەوە، ڕایانگەیاند: (دەتوانین پرسی کورد چارەسەر بکەین).

لەدوای ڕووداوەکانی (٢٠١٦/٧/١٦/١٥) قۆناغێکی تر لەدوای هەوڵی کودەتا شکستخواردوەکە هاتە ئاراوە.

## حەوتەم: پڕۆسەی ئاشتی ئێستا لە (٢٠٢٤/١٠/٢)ەوە تاوەکوو ئەمڕۆ

دوای شکستی پڕۆسەی دانووستان و هێرش و پێکدادانەکانی ساڵانی ٢٠١٦ تاوەکوو ٢٠٢٤، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە هاتەئاراوە، ئەمەش دەسەڵاتدارانی تورکیای والێکرد، کە بیر لە پڕۆسەی چارەسەی ئاشتییانە و گفتوگۆ و دانووستان بدەن، بەڕای چاودێرانی سیاسی و شیکەرەوان یەکێک لەو هۆکارانە ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە بوو، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای شەڕی داعش و دواتریش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر و هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە و کەوتنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و لێدوانەکانی بەرپرسانی پایەبەرزی ئەمریکا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، کە بێگومان گەلی کوردیش لەم ناوچەیەدا وەکوو گەورەترین گەلی بێ دەوڵەت لە سەر مێزی زلهێزانی جیهانی باسکراوە و وەکوو پرسێکی گرینگ لە ناوچەکەدا، ئۆردوگانی سەرۆککۆماری تورکیاو دەسەڵاتدارانی تورکیا لەوە تێگەیشتوون پرسەکە لەڕێگەی سەرکوت و ڕێگەچارەی سەربازیی کلاسیک و نوێش چارەسەر ناکرێت، ئەمەو جگەلەو گۆڕانکارییەی لە بیری نەتەوەپەرستانی تورکیا بەتایبەتی، دەوڵەت باخچەلی سەرۆک پارتی نەتەوە پەرست لە (٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤) ڕایگەیاند کە پێویستە پڕۆسەی ئاشتی بێتەئاراوە و ئۆجەلان بێتە پەرلەمان و وتاربدات، لە ٢٠ی هەمانگ مانگیشدا سەردانی پەرلەمانتارانی هەدەپەی کرد، ئەمە وەک وەرچەرخانێک بوو لە بیرو تێڕوانینی مەهەپە، کە چەندین ساڵ بوو دانیان بە پرسی کورد و مافەکانیدا نەدەنا، ئەمە ڕێگەی خۆشکرد بۆ چەندین سەردان و گفتوگۆی نێوان باخچەلی و ئۆردوگان، پاشانیش ڕێگەی کردەوە بۆئەوەی گرووپی سەردانی ئیمرالی پێکبێت و سەردانی ئۆجەلان لە زیندان کرا، سەردان وچاوپێکەوتنەکان گەلاڵەی پڕۆسەی ئاشتی کرد، لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٥دا ئۆجەلان پەیامە مێژووییەکەی لەڕێگەی ئەو دەستەیەوە ناردە دەرەوە و لەبەرچاوی هەموو میدیاکان و ڕای گشتی تورکیادا خوێنرایەوە و تێیدا داوای بەستنی کۆنگرەی پەکەکە و دانانی چەک و گرتنەبەری ڕێگەی ئاشتی ودیموکراتیکی بۆ تورکیا کرد، ئەوەبوو هەر زوو لەلایەن سەرکردایەتی پەکەکەوە وەڵامی ئەرێنی بە پڕۆسەکە درایەوە، لە ٧ی ئایاری ٢٠٢٥ کۆنگرەی ١٢ی پەکەکە بڕیارە مێژووییە گرنگەکەی پەسەندکرد، هەم بە چەک دانان و هەمیش بە خۆهەڵوەشاندنەوە، بەو

مەرجەی بارودۆخی سیاسی و یاسای لەبار بۆ ئەم پرۆسەیە دروست ببێت، تا ئەوەی گەیشتە ئەوەی ئۆجەلان لە ڕێگە وتارێکی ڤیدیۆیەوە دووپاتی داواکارییەکانی پێشووی کردەوە، ئەوەبوو پەکەکەش وەک دەستپێشخەریەکی پرۆسەکە و نیازپاکی لە بەرانبەر بانگەشەکانی تورکیا بۆ پرۆسەی ئاشتی، لە مەراسیمێکدا لە ١١ی تەمووزی ٢٠٢٥ چەند گەریلایەک لە ئەشکەوتی جاسەنە، بە پێشەنگایەتی (بەسێ هۆزات)ی هاوسەرۆکی کەجەکە، چەکەکانیان داناو لە کورەیەکدا سوتاندیان، ڕۆژی پاشتریش پرۆسەکە لەلایەن خودی سەرۆکۆماری تورکیا بەرزنرخێنراو بە پێشکەوتنێکی بەرچاوی ئاشتی و نەمانی توندوتیژی و جەنگ و برایەتی گەلانی تورکیا لە وتارێکی دووروودرێژ لەبەردەم ئەندامانی ئەکەپەو ڕای گشتی تورکیا جەختی لەسەر کرایەوە....

ئەوەی بۆ مێژوو گرینگە لەم پرۆسەیەدا چەند خاڵێکە، کە دەکرێت بە گۆڕانکاری سیاسی لە مێنتاڵێتی تورک و دەسەڵاتدارانیدا هەژمار بکرێت:

١.پرۆسەکە لەسەر ئاستی سەرەوەی دەسەڵات و نوخبەی وڵاتەکەوە ڕابەرایەتی دەکرێت، واتە دەسەڵات لە تورکیا گەیشتووەتە خاڵێک، کە ڕێگە چارەی سەربازی لە بەرژەوەندییان نییە.

٢.بەدەمەوە چوونی پرۆسەکەش لەلایەن سەرکردایەتی پەکەکەوە، بە واتای ئەوەی کورد هەمیشە لە وڵاتەکەدا حەزی بەئاشتی و ڕێگەچارەی گفتوگۆو دانووساندن هەیە، هەموو جۆرە توندوتیژییەک ڕەت دەکاتەوە و ئاشتیخوازە.

٣.یەکێک لەو خاڵانەی گرینگە ئەوەیە، کە لەناوخۆی تورکیاش وەک کۆمەڵی تورکی پێشوازییان لەم پرۆسەیە کرد و نارەزاییەتیان لە بەرانبەر نیشان نەدا، وەک ئەوەی بڵێن ئاشتی خواستی ئێمەشە وەکوو تورک...!

٤.ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ داهاتوو، ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تورکیا ئەمە وەک ستراتیژی کاری سیاسی و داهاتوویی دەبینن، یان تاکتیک و کات کوشتنە...! دروستکردنی متمانە گرینگە، ئەمەش دەبێت لەڕێگەی یاسای و گۆڕینی دەستووری تورکیایە، بۆ دەستوورێکی مەدەنی، دیموکراتی، فرەیی تورکیا لە خۆبگرێت و هەر جۆرە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی ڕەت بکاتەوە.

٥.پێویستە لەم جۆرە پرۆسانەدا، بۆ ئەوەی متمانەی دوولایەنە زیاتر بکەن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی و ئەورووپی، ئەمریکا، نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمسیۆنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و....هتد، چاودێری هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەکە بن، ئەوان گرەنتی گیانی هەموو ئەو گەریلاو سەرکردانە بکەن، کە خوازیاری کاری سیاسی و یاسایین لە تورکیای دوای پرۆسەی ئاشتی، چونکە لەم بارەوە ئەزموونێکی تاڵ هەیە...!

پرسیاری ئەم شیکارییە مێژوویی و سیاسییە ئەوەیە، ئایا دوای زیاتر لەسەد ساڵ دروست بوونی دەوڵەتی تورکیا، ( کە لەسەر نکوڵیکردن لە کورد و کەمە نەتەوەییەکانی تر لەسەر دروست بوو) دەسەڵاتدارەکانی گەیشتوونەتە ئەوە بڕوایەی، کە دەبێت کوردیش مافی نەتەوەیی و سیاسیی و یاسایی لەو وڵاتەدا هەبێت؟ یاخود ئەمە تاکتیکێکی سیاسییە بۆ پاشەکشە پێکردنی خەباتی چەکداری کورد و لەداوخستنی؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ڕۆژانی داهاتوو دەیدەنەوە.....

هەولێرنامەی کتێب

# مێژووی مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکە لەسلێمانی



ئامادەکردنی: جەمال مەلا سەعید

**مۆزەخانە نیشاندەری شارستانیەتی گەلانە**

مۆزەخانە شوێنی پاراستنی بەڵگەنامە ودیکۆمێنت وپارچەشوێنەوارەکان وتابلۆی هونەری وکەلوپەلی فۆلکلۆری وکەلەپووری ئەونەتەوەیە ،هەروڵاتێک بە پێی نەرێت ویاساو ڕێسای خۆیان مۆزەخانەی نیشتمانیان لە بواری جیاواز دروست کردووە ،لەسەرئاستی نێودەوڵەتی چەندین مۆزەخانەی نیشتمانی هەن کەمێژوویەکی دێرینیان هەن وەکو؛مۆزەخانەی لۆڤەر لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا ،مۆزەخانەی ئەمریکا بۆمێژووی سروشت لەشاری نیۆرک ،مۆزەخانەی نیشتمانی چین لەپەکینی پایتەختی چین ،مۆزەخانەی نیشتمانی ئەڵمانیا لەشاری نومیۆرخ ،مۆزەخانەی ئاستراخان لەڕوسیا،مۆزەخانەی ڕیجیکس لەشاری ئەمستەردام لەهۆڵندا ،مۆزەخانەی نێودەوڵەتی بەرازیل لەڕیۆدیجانیرۆ ،مۆزەخانەی بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆسەدەی( ٥) ی پێش زاین هەموو ئەومۆزەخانانەو مۆزەخانەکانی تر نەتەوەی کوردیش خاوەنی شارستانیەت ورەسەنایەتی ومێژووی پڕشنگدارە کەبەپێی قۆناغەکان گوزەری کردووە ،دوای دابەشکردنی خاکی نیشتمان ڕووبەڕووی جینۆساید بۆتەوە لە ئەنفال وکیمیاباران وکۆمەڵ کوژی و لەسێدارەدان وئەشکەنجدان وڕاگواستن و وێران کردنی شاروگوند ،لە بەرابەردا بەرخۆدان وقوربانیدانی داوە توانیویەتی کولتوورو شارستانیتەکەی بپارێزێ کە زمان وکەلەپوورو فۆلکلۆرو هونەربووە،بۆیە لەهەمووشاروناوچەو بەشێک لەگوندەکان مۆزەخانەی گەورەو بچوک هەن بۆ


ئاکۆ غەریب بەڕێوەبەری گشتی مۆزەخانە - جەمال مەلا سەعید

پاراستنی ئەو شارستانیەتە، لەشاری سلێمانی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سوورەکەهەی بەپێویستمان زانی راپۆرتێکی رۆژنامەوانی لەسەربکەین بۆئەومەبەستە رۆژی ٢٠٢٥/٧/٢٧ سەردانی بەڕێز/ئاکۆ غەریب بەڕێوەبەری گشتی مۆزەخانەکەم کرد گفتوگۆمان کرد چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد؛

پ١/ مێژووی دامەزراندنی مۆزەخانە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

وەڵام:

## مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکە


ساڵی (١٩٧٩)، سەدام حسێن لە عێراقدا دەسەڵاتی گرتەدەست و یەکێک لە بڕیارە دیکتاتۆرییەکانی، جێبەجێکردنی پرۆژەی ناوەندی سەرکوتکاری بوو لەژێر ناوی (مدیریەتی ئەمنی عامە) بۆ سەرجەم شارەکانی عێراق، بەڵام سلێمانی بوو بە یەکەمین شار کە ئەم پرۆژەیەی تیادا ئەنجامدرا و بەهۆی کاریگەریی سیاسیی شارەکەوە، پرۆژەکە بە قەبارەیەکی گەورەتر لە شارەکانی دیکەی عێراق بنیاتنرا، چونکە شاری سلێمانی لە ڕووی سیاسی و کلتوورییەوە، شارێکی سەرکێش و سەرچاوەی شۆڕشەکانی کورد بووە.

لە ڕۆژی (١٩٧٩/٩/٣٠) و لەسەر ڕووبەری (١٦,٨٨٠) مەتر چوارگۆشە، لە ناوەندی شاری سلێمانی و بەناوی (مدیریەتی ئەمنی سلێمانی) بەردی بناغەکەی دانراوە. دیزاینەکەی لەلایەن ئەندازیارانی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتی ئەوسا ئەنجامدراوە. بە سێ قۆناغ تەواوکراوە: قۆناغی یەکەم و دووەم؛ ساڵی (١٩٨٤) لە ڕێگەی (ئیدارە محەلی)ی سلێمانییەوە جێبەجێکراوە و لە ساڵی (١٩٨٥)دا بە فەرمی بووە بە ئەمنی عامەی سلێمانی، پاشان قۆناغی سێیەمی وەک بینایەکی ئاسایی لە ساڵی (١٩٨٧)دا دروستکراوە، دواتر لە ڕێگەی وەستای موعتەمیدی خۆیانەوە، دیزاینی ئەم بینایە گۆڕاوە بۆ زیندان و بەشی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، ئاوارەکانی پارێزگای کەرکوک و ناوچەکانی خانەقین و گەرمیان، بە ناچاری تا ساڵی (١٩٩٦) تێیدا نیشتەجێبوون.

لەسەر پێشنیاری خاتوو هێرۆ برایم ئەحمەد و لە ڕێگەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان و بە سەرپەرشتیی خاتوو شاناز برایم ئەحمەد، لە وڵاتی بەریتانیا پیتاکێک بە بڕی






(١،٠٠٠،٠٠٠) پاوەن کۆکرایەوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی نیشتەجێبوون، کە لەلایەن شارەوانیی سلێمانییەوە زەوی دابینکرا بۆ ئاوارەکانی ناو ئەمنەسوورەکە و هۆتێل حەسیب ساڵح (سلێمانی پالاس). پاشان لە ساڵی (١٩٩٩) لەسەر ئەرکی خۆی و کۆمپانیای نەورۆز، دەستکرا بە ڕێکخستنەوەی بەشەکان، تا بتوانرێت وەکو مۆزەخانەیەکی نیشتمانیی بپارێزرێت و ناونرا (مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکە / تا لەیادمان نەچێت)، چونکە بەهۆی ڕەنگی سووری بیناکانەوە، خەڵکی سلێمانی ناویان نابوو (ئەمنەسوورەکە)، بۆ جیاکردنەوەی لە ناوەندە سەرکوتکارییەکانی تری ناو شاری سلێمانی.


پ٢/ نەخشەی مۆزەخانەو بەشەکانی بەچی شێوازێک پێک هاتون؟

وەڵام: لەم بەشە جیاجیایانەی خوارەوە پێکهاتون کە بەوردی ئاماژەیان پێدەکەین:

### ئۆفیسی مۆزەخانە

ئەم بینایە لەسەر ڕووبەری (٢٥٠)م٢ لە قۆناغی یەکەمی بنیاتنانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی سلێمانی (ئەمنەسوورەکە) دروستکراوە، کە لە دوو نهۆم پێکدێت:

نهۆمی یەکەم ڕێستۆرانتی تایبەت بە بەڕێوەبەر و ئەفسەرانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو و نهۆمی دووەمیش هۆڵی کۆبوونەوەکانیان بووە.



لە ساڵی (١٩٩٩)دا وەکو یەکەم هەنگاوی بنیاتنانی مۆزەخانەکە، دەستکرا بە نۆژەنکردنەوەی ئەم بینایە و نهۆمی یەکەمی کراوە بە ئۆفیسی بەڕێوەبەرێتیی مۆزەخانە و نهۆمی دووەمیش کراوە بە کتێبخانەیەکی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەی مێژوویی و جینۆسایدی کورد.

## مۆزەخانەی جینۆساید

ئەم باڵەخانەیە، لەسەر ڕووبەری (٥٥٠)م٢، بە چوار نهۆم و ژێرزەمینێک ساڵی (١٩٧٩-١٩٨٣) لەلایەن ڕژێمی ڕووخاوی بەعس و لە قۆناغی یەکەمدا تەواوکراوە. بەشی بەڕێوەبردنی ئەمنی ئابووریی لەخۆگرتووە.

لە نهۆمی یەکەمدا، بەشێکی تایبەتبووە بە بەڕێوەبەر و ژێرزەمینەکەشی وەکو زیندان بەکارهاتووە. لە نهۆمی دووەمدا، بەشێکی زیندان بووە، تا ئەو کاتەی بەشی زیندانەکان لەناو ئەمنەسوورەکەدا تەواوبووە.

ساڵی (٢٠٢٠) لەلایەن ئیدارەی مۆزەخانەی



نیشتمانیی ئەمنەسوورەکەوە، بڕیاردرا بکرێتە (مۆزەخانەی جینۆساید) بۆ پیشاندانی ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدانەی کە بەسەر کورد و گەلانی دنیادا هاتوون.

تێبینی : ئەم بەشە لە ئێستادا کاری تێدا دەکرێت و بەڕووی میوانإندا نەکراوەتەوە.

## مۆزەخانەی پێشمەرگە

ئەم باڵەخانەیە، دوو نهۆمە و ڕووبەرەکەی (٣٧٠)م٢، کە بریتییە لە (١٦) ژوور، لە ساڵی (١٩٨٤) لەلایەن ڕژێمی ڕووخاوی بەعس و لە قۆناغی دووەمدا تەواوکراوە. بەشی بەڕێوەبردنی



ئەمنی ئینشائیی دەڤەری سلێمانیی لەخۆگرتبوو، بۆ کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی هەموو جۆرە بنیاتنانێک.

ئێستا کراوە بە مۆزەخانەی پێشمەرگە، کە تایبەتە بە نمایشکردنی وێنە و چالاکیی شاخ و ناوی شەهیدان و پەیکەر و کەرەستەی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان لە شۆڕشی نوێدا.

تێچووی ئەم مۆزەخانەیە، لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال و خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد،

وەک پێشمەرگەی دێرین لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگە و ڕێکخستنی دێرین، باربۆی بۆ کۆکرایەوە و لەساڵی (٢٠١١)دا کاری دیزاینی لەلایەن ئاکۆ غەریب-ەوە بۆ کراوە و لەلایەن ستافی تایبەتی مۆزەخانەوە جێبەجێکراوە و لە ڕۆژی (٢٠١٣/٩/١١) بە ڕووی گەشتیاراندا کراوەتەوە.

## هۆڵی گەلەری

لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، لە قۆناغی دووەم و لەسەر ڕووبەری (٩٥٠)م٢ دروستکراوە و بۆ گەراجی ئۆتۆمبێلی کارمەندان و ئەفسەرەکانیان بەکارهاتووە.

ئێستا کراوە بە هۆڵی گەلەری بۆ نمایشکردنی کاری هونەریی هونەرمەندانی شێوەکار لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی، کە ساڵانە چەندین نمایشی تێدا ئەکرێتەوە.

ئەم هۆڵە، لە ساڵی (٢٠٠٣)دا دەستکراوە بە کارکردن تێیدا و لە ساڵی (٢٠٠٤)دا کراوەتەوە.



## مۆزەخانەی کۆڕەو

ئەم بەشە لە هۆڵێک بە ڕووبەری (١٩٠)م٢ پێکهاتووە، کە لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسدا شوێنی نووستن و حەوانەوەی کارمەند و سەربازەکانی ئەمنەسوورەکە بووە و لە قۆناغی دووەمدا دروستکراوە.




ئێستا کراوە بە مۆزەخانەی کۆڕەو، بۆ نمایشکردنی وێنە و مێژووی کۆڕەوە مەزنەکە، کە لەلایەن فۆتۆگرافەرانی کورد و بیانی و ڕاپۆرتی کەناڵە جیهانییەکانەوە تۆمارکراون.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، هێزە سەربازییەکانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس، پەلاماری شارە کوردییەکانیان دایەوە، بەڵام خەڵکی کوردستان لە (١٩٩١/٤/١) بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا ئاوارەبوون و ئامادەنەبوون جارێکی تر بچنەوە ژێر ڕکێفی حوکمی بەعسییەکان.

ئەم کارەساتە هەموو دنیای بەئاگا هێنایەوە و ویژدانی مرۆڤایەتیی بە شێوازێک هەژاند، کە نەتەوە یەکگرتووەکانی ناچارکرد بڕیاری (٦٨٨) بۆ پاراستنی گەلی کورد دەربکات.

مۆزەخانەی کۆڕەو، کاری دیزاینی لەلایەن ئاکۆ غەریب-ەوە بۆ کراوە و لە ساڵی (٢٠٠٧)دا لەلایەن ستافی تایبەتی مۆزەخانەوە دەستکراوە بە کارکردن تێیدا و لە ڕۆژی (٢٠١٢/٤/١٦) بەڕووی میوانانیدا کراوەتەوە.



## هۆڵی سینەمای یەڵماز گۆنای

ئەم بەشە لە دوو نهۆمی لێکدراو پێکهاتووە، کە رووبەرەکەی (١٩٠)م٢یە، لە سەردەمی رژێمی رووخاوی بەعسدا شوێنی نووستن و حەوانەوەی کارمەند و سەربازەکانی ئەمنەسوورەکە بووە و لە قۆناغی دووەمدا دروستکراوە.

ئەم بەشە، کاری دیزاینی لەلایەن ئاکۆ غەریب-ەوە بۆ کراوە و لە ساڵی (٢٠٠٥)دا لەلایەن ستافی تایبەتی مۆزەخانەوە دەستکراوە بە دروستکردنی ئەم هۆڵە و لە رۆژی (٢٠٠٩/٣/٢١)دا کراوەتەوە و زیاتر لە (١٠٠) کورسیی تێدایە و بەکاردێت بۆ نمایشکردنی فیلمی دۆکیومێنتاری و فیستیڤاڵ و چالاکیی هونەریی ناوخۆیی و جیهانی.

بۆیە ناونراوە (هۆڵی سینەمای یەڵماز گۆنای)، چونکە یەڵماز گۆنای یەکێکە لە هونەرمەند و دەرهێنەرە کوردەکانی باکووری کوردستان لە تورکیا، کە توانیی بەهۆی فیلمی (رێگا – یۆڵ) ـەوە خەڵاتی (کان)ی فەرەنسی بەدەستبهێنێت.

## مۆزەخانەی ئەنفال

ئەم بەشە لە دوو نهۆمی لێکدراو پێکهاتووە، کە رووبەرەکەی (١٩٠)م٢یە، لە سەردەمی رژێمی رووخاوی بەعسدا شوێنی نووستن و حەوانەوەی کارمەند و سەربازەکانی ئەمنەکە بووە و لە قۆناغی دووەمدا دروستکراوە.

ئەم مۆزەخانەیە، کاری دیزاینی لەلایەن ئاکۆ غەریب-ەوە بۆ کراوە و لە رۆژی (٢٠١٣/٨/٢٦) لەلایەن ستافی تایبەتی مۆزەخانەوە دەستکراوە بە کارکردن تیایدا و لە رۆژی (٢٠١٤/١١/٨) بە رووی میوانانداً کراوەتەوە، کە تایبەتە بە نمایشکردنی ناو و وێنەی قوربانییانی تاوانەکانی پرۆسەی سەربازیی ئەنفال، کە لەلایەن سوپای رژێمی رووخاوی بەعس، کە لەنێوان (١٩٨٨/٢/١٨ هەتا ١٩٨٨/٩/٦) ئەنجامدرا، بە مەبەستی جینۆسایدکردن و لەناوبردن و قەتڵوعامکردنی خەڵکی کوردستان، کە بەهۆیەوە نزیکەی لە (١٨٢,٠٠٠) کورد ئەنفال کران.



## مۆزەخانەی شەهیدانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش

ئەم بەشە لە دوو نهۆمی لێکدراو پێکهاتووە، کە ڕووبەرەکەی (١٩٠)م٢یە، لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسدا شوێنی نووستن و حەوانەوەی کارمەند و سەربازەکانی ئەمنەسوورەکە بووە و لە قۆناغی دووەمدا دروستکراوە.

مۆزەخانەی شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش-ی تیرۆریست، تەواوی ناو و وێنەی هەموو ئەو شەهیدانەی کە لە شەڕی دژ بە هێزەکانی داعش شەهیدبوون لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان لە سوریا نمایشکراون، لەگەڵ بەشێک لە کەرەستە و جلوبەرگی شەهیدان و ئەو کەرەستانەی هێزەکانی داعش کە دەستیان بەسەردا گیراوە، وێنەو ڤیدیۆی جەنگیی بەرەکانی پێشەوەی شەڕ و نەخشەکان و هەروەها وێنەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس، کە لە جەنگی بەرگریدا شەهیدبوون.



ئەم مۆزەخانەیە، کە یەکەمین مۆزەخانە بوو بۆ ئەو جەنگەی کە یەخەی جیهانی گرت، کاری دیزاینی لەلایەن ئاکۆ غەریب-ەوە بۆ کراوە و لە ساڵی (٢٠١٤)دا لەلایەن ستافی تایبەتی مۆزەخانەوە دەستکراوە بە کارکردن تیایدا و لە ڕۆژی (٢٠١٧/٩/١٦) بەڕووی میواناندا کراوەتەوە.

## مۆزەخانەی مین

ئەم بەشە، پێکهاتووە لە هۆڵێک بە ڕووبەری (١٩٠)م٢، کە لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسدا شوێنی نووستن و حەوانەوەی کارمەند و سەربازەکانی ئەمنەسوورەکە بووە و لە قۆناغی دووەمدا دروستکراوە.

ئێستا کراوە بە مۆزەخانەی مین، کە تایبەتە بە نمایشکردنی هەموو ئەو جۆرە مینانەی لە ساڵی (١٩٦٠) بەدواوە لە چیاکانی کوردستان و سەر سنوورەکان چێنراون و بوونەتە گەورەترین



مەترسیی مەرگ بۆ سەر خەڵکی سڤیلی گوندەکانی کوردستان، لەگەڵا دەستنیشانکردنی ئەو وڵاتانەی (مین)یان داوەتە عێراق و ئەو وڵاتانەی بەشداربوون لە پاککردنەوەی هەرێمی کوردستان لە مین. هەروەک ناوی هەزاران شەهیدی قوربانیی مینی تێدا نمایشکراوە.

مۆزەخانەی مین، کاری دیزاینی لەلایەن ئاکۆ غەریب-ەوە بۆ کراوە و لە ساڵی (٢٠١٢)دا لەلایەن ستافی تایبەتی مۆزەخانەوە دەستکراوە بە دروستکردنی و لە ڕۆژی (٢٠١٤/١١/٨) بەڕووی میوانانددا کراوەتەوە

## مۆزەخانەی خۆڕاگری

لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسدا، ئەم بەشە لەسەر ڕووبەری (٣٢٠)م٢ دروستکراوە، لە (٧) ژوور پێکهاتووە، کە بریتیبووە لە بەشی لێکۆڵینەوە و بەڕێوەبردنی زیندانەکان، کە هەر ژوورێک تایبەت بووە بە بەڕێوەبەر و ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە و حاکمێکی کارتۆنی.

ئێستا کراوە بە مۆزەخانەی خۆڕاگری و تایبەتە بە ناو و وێنەی ئەو زیندانییە سیاسییانەی لە ئەمنەسوورەکەدا گیراون، هەروەها بەڵگە و ساتی گوللەبارانکردنی گەنجان و هاووڵاتییان و یادگاری و نامە و کاری دەستیی زیندانییانی سیاسیی کوردستانی تێدا نمایشکراوە.

ئەم مۆزەخانەیە، کاری دیزاینی لەلایەن ئاکۆ غەریب-ەوە بۆ کراوە و لە ساڵی ٢٠١٧دا لەلایەن ستافی تایبەتی مۆزەخانەوە دەستکراوە بە کارکردن تیایدا و لە (٢٠١٩/١٢/١٩)دا بەڕووی گەشتیاراندا کراوەتەوە.

## مۆزەخانەی زیندانەکان

ئەم بینایە، لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس و ساڵی (١٩٨٧) و لە قۆناغی سێیەمدا، لەسەر ڕووبەری (٦٣٠)م٢ وەک بینایەکی ئاسایی دروستکراوە، دواتر لە ڕێگەی وەستای موعتەمیدی خۆیانەوە، دیزاینی ئەم بینایە گۆڕاوە بۆ زیندان، کە لە دوو نهۆم پێکهاتووە و ناسراوە بە بەشی زیندانەکان، بریتیبووە لە زیندانی ژنان و مندالان و پیاوان و زیندانی ئینفرادی و بەشی





هەواڵنامەی کتێب





ئەشکەنجەدان.

لەم بەشەدا، ڕۆژانە سەدان زیندانی بەردەوام لە ژێر ئەشکەنجە و لێکۆڵینەوەدا بوون و لە ڕێگەی دادگایەکی کارتۆنییەوە حوکم دەدران و ڕەوانەی زیندانەکانی ئەبوغرێب و بەغداد و موسڵا و کەرکوک دەکران بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانیان.

ئێستا بەشەکانی ئەم زیندانانە وەکو خۆی ماونەتەوە و یادگاری و نووسینی زیندانییەکان پارێزراون. هەروەک چەندین پەیکەری تێدا نمایشکراوە، کە هێمان بۆ شێوازەکانی ئازار و ئەشکەنجەدانی زیندانییان.

مۆزەخانەی زیندانەکان، لە ساڵی (٢٠٠٠) دا دەستکراوە بە کارکردن تێیدا بە مەبەستی چاککردن و ڕێکخستنەوەی و هەر هەمان ساڵا بەڕووی میواناندا کراوەتەوە.

### کۆفی نێت

لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسدا، ساڵی (١٩٨٤) و لە قۆناغی دووەمدا و لەسەر ڕووبەری (٣٧٠)م٢ دروستکراوە و چێشتخانەی ئەمنەکان بووە.

ئێستا کراوە بە کافتریا بۆ میوانانی مۆزەخانە و لە هەمان کاتدا ئێوارەی مۆسیقی و شیعری و سیمیناری ڕۆشنبیری و ناساندنی کتێبی نوێ بۆ نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی گەلەکەمانی تێدا سازدەکرێت.

### مۆزەخانەی کەلەپووری کورد

لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، ئەم بینایە لەسەر ڕووبەری (٣٥٠)م٢ و بە سێ نهۆم لە قۆناغی دووەمدا و لە ساڵی (١٩٨٤) دروستکراوە و بەشی کۆنترۆڵکردنی حاڵەتی ئەمنی بووە لە شاری سلێمانی، هەر لەم بەشەدا (چاودێریی چاپەمەنییەکانی شاری سلێمانی)ی تێدا بووە.

لەو ڕوانگەیەی کە سڕینەوەی کلتوور جۆرێکە لە جۆرەکانی جینۆساید، بۆیە ئێستا کراوە بە مۆزەخانەیەکی کلتووری بۆ نمایشکردنی فەرش و جلوبەرگ و متوموورو و کەرەستەی



فۆلكلۆری، چونكە لە ئەمنەسوورەكەدا، جگە لە قەتڵوعامكردنی خەڵكی كوردستان بەگشتی و سنووری پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی، ناوەندێكی گرنگی بڕیاردانیش بووە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی كورد و شێواندنی مێژوو و كلتووری میللەتەكەمان.

ئەم بەشە، كاری دیزاینی لەلایەن ئاكۆ غەریب-ەوە بۆ كراوە و لە ساڵی (٢٠٠٦)دا لەلایەن ستافی تایبەتی مۆزەخانەوە دەستكراوە بە كاركردن تێیدا و لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٣/٢١) بەڕووی میواناندا كراوەتەوە.


## گۆڕەپانی چەكە قورسەكان

لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسدا گۆڕەپانێكی ئاسایی بووە، كە ڕووبەرەكەی ( ١٥٠٠)م٢ یە. لە ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)دا، ئەم گۆڕەپانە هەڵدراوەتەوە، چونكە لەلایەن خەڵك و پێشمەرگەوە گومان دەكرا زیندان و ڕاڕەوی نهێنیی تێدا بێت, بەڵام بە پێچەوانەی هەموو گومانەكانەوە هیچ شتێكی لەو جۆرە بوونی نەبوو.

لە ساڵی ٢٠٠٤ كراوە بە مۆزەخانەیەك بۆ نمایشكردنی ئەو تانك و تۆپ و گوازەرەوە سەربازییانەی كە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاودا بۆ جینۆسایدكردنی كورد بەكارهێنراون , و یەكێك لەو چەندەها پەیكەرانەی سەدام حسێن كە لە سەرجەم شارەكانی عێراق دانرابوون , بە ڕووخاوی نمایش كراوە.

## مۆزەخانەی ئاوێنەكان

مودیریەتی ئەمنی سلێمانی (ئەمنەسوورەكە)، ئەم ڕاڕەوەی لكاندبوو بە پرسگەیەكی تایبەت،





کە تەرخانکرابوو بۆ هاتوچۆی ئەفسەر و کارمەندان و جاسووسەکانیان. لێرەوە دەهاتنە نێو ئۆفیس و بەشی تایبەت بە ئەفسەرەکانیان. ئەم ڕاڕەوە درێژییەکەی (٥٧) مەترە و لە قۆناغی یەکەمی دروستکردنی ئەمنەسوورەکەدا بنیاتنراوە.

ئێستا لە شێوەی ئەشکەوتێکدایە، کە بیرۆکەکەی لەلایەن خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد-ەوە داڕێژرا، بەو مانایەی سەردەمانی شۆڕش، ئەشکەوتەکان ببوونە پەناگەیەکی باش بۆ خۆحەشاردانی پێشمەرگە لە چاوی دوژمن. دیوارەکانی ڕووپۆشکراوە بە (١٨٢,٠٠٠) پارچە ئاوێنە، کە سیمبولە بۆ ژمارەی ئەنفالکراوان لە خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان. سەقفەکەشی داپۆشراوە بە زیاتر لە (٥٠٠٠) لامپ، کە سیمبولە بۆ ژمارەی ڕاگواستن و ڕووخان و وێرانکردنی دێهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

لە ساڵی (٢٠٠٢)دا دەستکراوە بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە بە ناوی (مۆزەخانەی ئاوێنەکان) و لە ساڵی (٢٠٠٤)دا بەڕووی گەشتیاراندا کراوەتەوە.

پ٣/ کاروچالاکیەکانتان چۆن بەڕێوە دەبەن؟


وەڵام : بەردەوام کاروچالاکی ئەدەبی وڕوناکبیریو هونەری لەبەشەجیاوازەکانی مۆزەخانە بەڕێوەدەچن، لەهەمووچین وتوێژێک سەردانمان دەکەن لەشارەکانی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ وڵاتنی دەوەوە،

پ٤/ پەیوەندیتان لەگەڵ مۆزەخانەکانی وڵاتان چۆنە؟

پەیوەندی باشمان لەگەڵ مۆزەکانی کوردستان وعێراق وڵاتانی دراوسێ زۆرباشە وەفدیان سەردانمان دەکەن وئێمەش وەفدمان سەرانیان دەکەین بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری وبەرەوپێشچوون،

پ٥/ هەوڵتان نەداوە ئەوپارچەو دکۆمێنت وبەڵگەنامانەی پەیوەستن بەکوردو کوردستان بگەڕێننەوە بۆ ئەم مۆزەخانەیە؟

وەڵام: تائێستا ئەم مۆزەخانەیە سەربەحکومەتی هەرێمی کوردستان نیە هەوڵیشمان داوە لەساڵی ٢٠١٤ بەڕێز/نێچیرڤان بارزانی سەردانی ئەم مۆزەخانەی کرد دوای گفتوگۆی زۆر ئەوبابەتەمان لەگەڵ باس کرد کەئەم مزەخانە بکرێتە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی نێو دەوڵەتی زۆری لاپەسندبوو هەرئەوڕۆژە وەعدی دا کە یەک ملوێن دۆلار خەرج بکات بۆ کەموکوڕیەکانی کردنەوەی بەشی زیاترو گەشەی پێ بدێ وپێش بکەوێ بچێتە ئاستی مۆزەخانەنێودەوڵەتیەکان بەڵام تائێستا وەڵامی نەبوە.



پ٦/ ئامانجی داهاتووتان چییە؟

وەڵام: ئامانجمان ئەوەیە ئەم مۆزەخانەنیشتمانیە پێش بکەوێ ولەسەرئاستی کوردستان ونێودەوڵەتی گرنگی پێ بدرێت ببێتە مۆزەخانەی نیشتمانی نێودەوڵەتی .

# کوردەکانی ئەفغانستان



سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

هەواڵنامەی کتێب

کورد بە گشتی بە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهاندا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ناسراوە. ئەم نەتەوە کۆن و گەورەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچە سنوورییەکان (ڕۆژئاوای ئێران، ڕۆژهەڵات و باکووری عێراق، باشووری تورکیا، ڕۆژهەڵات و باکووری سووریا) دەژی. لە ڕاستیدا خاکی گەورەی کوردستان بە پێی بەرژەوەندی زلهێزەکان بەسەر ئەو چوار وڵاتەدا دابەش کراوە. جگە لەوەش لە هەندێک خاڵی مێژووییدا هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای زۆربەی خاکەکانی کوردستان دراوە. بێگومان بەگوێرەی دەقە مێژووییەکان کورد تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامادەیی نییە، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، قەفقاز، ترانسۆکسیانا، ئاسیای ناوەڕاست و بەڵکان ئامادەییەکی فراوانتر و بەربڵاوتری هەیە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە دانیشتوانی کورد لە ناوچە غەیرە کوردەکانی وەک ئەفغانستان کاریگەری کۆچی زۆرەملێ و پێکدادانی مێژوویی و شەڕ و دەربەدەری نەخوازراویان لەسەر بووە. تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشدا کورد بەرەو ڕۆژئاوا کۆچ دەکات و هۆکاری سەرەکیی ئەمەش نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیە. نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەگەری زۆریان لێ زەوت کردووە و هیوای لێ سەندووە؛ بۆیە ئەم کۆچکردنە درێژخایەنە هێشتا بەردەوامە.

لێرەدا ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی کوردانی ئەفغانستانە. ڕەنگە بەهۆی ململانێکانەوە زۆرتان لەبارەی وڵاتی ئەفغانستانەوە بیستبێت. زۆربەی زانیارییەکانیش لەسەر ئەم وڵاتە بەهۆی ناسەقامگیری و شەڕی ئەم خاکەوە بێت، بەڵام پێویستە بزانن ئەفغانستانیش کوردی تێدایە و کوردەکانی ئەم وڵاتە چەندین ساڵە لەم وڵاتەدا دەژین.

بەڵێ کورد لە ئەفغانستانیش هەیە، بەڵام بوونی کورد لە ئەفغانستان بەهۆی کۆچی زۆرەملێ و شەڕ و دەربەدەری نەخوازراوەوە بووە.

### کۆچی کورد بۆ ئەفغانستان

بەپێی هەندێک سەرچاوەی مێژوویی، لە ساڵانی ١٥٠٠ کوردەکان لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە گواستراونەتەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەفغانستانی ئێستا بۆ بەرگریکردن لە خۆیان بەرامبەر دەستدرێژی مەغۆلەکان. واتە کورد لە ئەفغانستان هەر لە سەرەتای لەشکرکێشی مەغۆلەکانەوە هات، کاتێک کورد لە باکووری خۆراوای ئێرانەوە بردرانە ئەفغانستانی ئێستا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەغۆلەکان، هەمان هۆکاری کوردی خوراسانی کە بۆ دروستکردنی هێڵی بەرگری لە دژی ڕەوانەی خوراسان کران کۆچەری تورکمان و ئۆزبەکستان. کورد لە





سەردەمی جیاوازدا هاتووەتە ئەفغانستان و لەوێ ژیاوە. ئەمە تاکە حسابی بوونی کورد لە ئەفغانستان نییە. هەروەها گێڕانەوەی هاوچەرخی تریش هەن کە پشتڕاستی دەکەنەوە کە کورد لە سەردەمی جیاوازدا هاتۆتە ئەفغانستان و لەوێ ژیاوە. هەروەها پێدەچێت کۆچی کورد بۆ ئەفغانستان درێژەپێدەری کۆچکردنیان بێت لە ناوچە کوردستانییەکانی ئێرانەوە بۆ خوراسان و ڕۆژهەڵاتی ئێران لە سەردەمی شانشینی ئەفشاریدا. شەپۆلێکی تری گەورەی کۆچی کورد بۆ ئەفغانستان، درێژەی کۆچکردنیان بوو لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ خوراسانی گەورە لە سەردەمی شانشینی ئەفشاریدا. دوو گرووپی سەرەکی سوپای نادر شایان پێکهێنا. یەکەمیان کۆمەڵێک تورکی شەهسێڤان بوون کە بەرپرسی شەڕ و شەڕ بوون و دووەمیان کۆمەڵێک کورد بوون کە وەک یەدەگێک بۆ سوپای نادر خزمەتیان دەکرد. بەپێی گێڕانەوەی کەسانی بەتەمەن لە گەڕەکە کۆنەکانی کابول، نادرشا ئەفشار بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان پێویستی بە چەندین سکرتێر و دەربار و جەنگاوەر هەبووە بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان، بۆ ئەوەی ئەفغانستانی ئێستا داگیر بکات. دوو گرووپی سەرەکی لەشکری نادرشا ئەفشاریان

پێکهێنا. نەتەوەی یەکەم، تورکەکانی شا سون کە ئەرکی جەنگ و جەنگاوەرانیان لە ئەستۆ بوو و دووەمیشیان نەتەوەی کورد (کوردەکانی ئێستای باکووری ڕۆژئاوای ئێران کە زۆرینەیان کرمانجی بوون) یاوەری سوپای نادر شا بوون. ئەو کوردانەی یاوەری نادرشا ئەفشار بوون، لە سێ شاری بەناوبانگی ئەفغانستانی ئەمڕۆدا بڵاوبوونەوە. شارەکانی غەزنی و مەزار شەریف و کابول. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە، نادر شا ئەفشار بە ڕەچەڵەک تورک بووە و کوردەکانی بە کەسانی متمانەپێکراوی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران زانیوەو سەرباز و فەرماندەی کوردو بە ڕەچەڵەک کورد لە دەربارەکەیەوە نزیک بوون. لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە کەریم مەریوانی فەرماندەی قەڵای نادر بکرێت. هەروەها لە دوای میرنشینی ئەفشار، شانشینی زەندیش لەلایەن کەریم خانی زەندەوە لەم سەربازانە دامەزرا، کە دڵسۆزی نادر بوون. لە ناحیەی خواجە ئومەری گوندی دێە نەهال سەر بە پارێزگای غەزنی، کۆمەڵێک کورد کە خەریکی کاری سکرتێری و کاروباری ئیداریی حکوومەتی نادرشا ئەفشار بوون، دەژیان. تا ئێستاش بەردێکی گۆڕی زۆر کۆنی سەرۆکی گرووپی کوردی لە غەزنی بوونی هەیە. لەسەر



بەردی گۆڕەکە نووسراوە کە غولام ڕەزاخان کورد بووە. کورد جگە لە غەزنی، ڕوویان لە ناوچەیەکیش کردبوو بە ناوی چاند ئاوال کابول. چاند ئاوال لە زمانی فارسیدا بە واتای «خێوەتێکی زۆر» دێت، کە ئاماژەیە بۆ چادرەکانی نەتەوەکانی شا سوون و کورد. ئەم دوو نەتەوەیە لە بناری چیای چاند ئاوالیش نیشتەجێ بوون. هەروەها زیاتر لە ٥٠ خێزانی کوردیش لەم ناوچەیەدا نیشتەجێن و چالاکیی سەرەکییان ئەنجامدانی کاروباری مەدەنی و میرزای و سکرتێری حکومەتی سەربەخۆی ئەفغانستانە.

لە کۆی ئەو ٥٠ خێزانە کوردەی لە کابول نیشتەجێ بوون، زۆربەیان ئەفغانستانیان بەجێهێشتووە یان کۆچی دواییان کردووە. لە نێو ئەو بنەماڵانەدا دواهەمین و تاکە کورد لە کابول کاک ئامانە کە تەمەنی ١٠٠ ساڵە. کاک ئامان کە خۆی بە نەوەی زەمەن خانی کورد دەزانێت، پێی وایە یەکەمین گرووپە کوردییەکان لەلایەن نادر شا ئەفشارەوە هێنراونەتە کابول و غەزنی. لەبەرئەوەی کورد بە تایبەتی لە کاروباری سکرتێری و مەدەنیدا شارەزا بوون، لە نزیک کۆشکی سەرۆکایەتی یان ئارگ نیشتەجێ بوون. هەروەها کاک ئامان ئاماژە بەو کوردانە دەکات کە لە سەردەمی ئەمیر حەبیبوڵڵاخاندا ڕۆڵێکی سەرەکییان لە کاروباری ناوخۆ و دەرەوەی حکومەتدا هەبووە: فیرقەی موشیر جەعفەر خان، میر ئەحمەد خان، میر عەلی ئەسغەر شا، و سەروەر خان لە یەکەمین کەسەکان بوون کە بوونە بریکاری سیاسی دیار لە حکومەتەکەی مەلیک حەبیبوڵڵاخاندا.


هەرچەندە زۆرینەی کوردانی ئەفغانستان لە نەوەی ئەو کوردانەن کە بۆ شەڕی مەغۆلەکان

هەوارنامەی کتێب



هێنراون، یان نەوەی ئەو کوردانەی کۆچیان کردووە بۆ ئەفغانستان، یان نەوەی کوردانی دڵسۆز بۆ نادر شا، بەڵام برێکی بەرچاو لە کوردەکانی ئیسلامییەکان ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هات بۆ شەڕکردن لە سۆڤیەت –جەنگی ئەفغانستان بۆ شەڕکردن لەگەڵ سۆڤیەت. کوردانی ئەفغانستانی ئەمڕۆ زۆرتر ئاسمیلەکراون، لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا دەنێن کە کوردن، زۆربەیان بە زمانی داری وەک زمانی یەکەمی خۆیان قسە دەکەن و تەنیا چەند زمانێکی کورد لە نێویاندا بوونیان هەیە. پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ پەشتوونەکانی ئەفغانستان هەیە. لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لە کوردانی ئەفغانستان لە شارەکاندا نیشتەجێ بوون، بەڵام زۆرێکیان هێشتا شێوازی ژیانی کۆچەری خۆیان پراکتیزە دەکەن، لە چیاکانی ئەفغانستان لەگەڵ بزن و مەڕدا دەژین. ئەوان پەیڕەوی لە ئیسلامی سوننە دەکەن و بە شێوەیەکی سەرەکی لە شارەکانی هەرات و غەزنی و مەزار شەریف و کابول دەژین. ژمارەی دانیشتووانیان نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسە.

بە پێچەوانەی بیروڕای جەماوەرییەوە کە کورد گەلێکی شەڕخوازە، کوردەکانی ئەفغانستان خەڵکی سیاسی بوون. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، زۆرینەی کورد لە ئەفغانستان پۆستی مەدەنی و حکومی و سیاسەتی دەرەوەیان هەبووە. هەروەها چالاکییە سیاسییەکان بەشێکی سەرەکیی چالاکییەکانی کوردانی ئەفغانستان بوون. لە کابول گەورەترین ڕاپەڕین و شۆڕشی پێشکەوتنخوازیش لە ناوچەی چاند ئاوال و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەوە سەریان هەڵدا. لەو پێوەندییەدا کاک ئامان ئاماژە بەوە دەکات کە میر عەلی ئەسغەر شا وەک چالاکێکی سیاسی کورد لە کاتی کودەتاکەی دژی دەسەڵاتی پاشایەتیی زاهیر شا دەستبەسەر و پاشان لە سێدارە دراوە. هەروەها ئاسکار خان و جەعفەر خان لە سەرکردە سیاسی و جەماوەرییەکانی دیکە بوون کە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی زاهیرشا ڕاپەڕینیان کردبوو و دواتر لە سێدارە دراون. هەروەها لە دەستپێکردنی بزووتنەوەی دەستوریدا، سەروەر خان، وەک بیرمەندێکی سیاسی کورد، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە دەستپێکردنی بزووتنەوەی دەستووری لە ئەفغانستان. هەروەها یەکەم ڕاپەڕین دژی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە لە گەڕەکی چاند ئاوال دەستی پێکرد. لە سەردەمی ستەمکارانە و تاریکی حافیزوڵڵا ئەمیندا، زۆربەی ئەو زیندانییە سیاسیانەی کە بە دوای ڕاپەڕین دژی حکوومەتی کۆمۆنیستی ئەو سەردەمەدا بوون، چالاکانی سیاسی کورد بوون کە لە چاند ئاوال نیشتەجێ بوون. لەم ڕووەوە نادروستە نازناوی جەنگاوەر بەتەنها بۆ کورد بگەڕێنرێتەوە و تەنها بۆ شەڕکردن و قڕکردن و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی زیاتر لە سەردەمی نادرشا ئەفشاردا بیهێنرێت. لە ڕاستیدا ئەرکی سەرەکی ئەم کەسانە پێشخستنی کاروباری



سیاسی و چالاکی سیاسی و مەدەنی بوو.

### شێوازی ژیانی کورد لە ئەفغانستان:

شێوازی ژیانی کوردانی دانیشتووی کابول هاوشێوەی شێوازی ژیانی کلاسیکی ناوچە کوردستانییەکانی ئێرانە. کاروان کەریم خان لە بابەتێکیدا کە لە کوردییەوە وەریگێڕابوو بۆ فارسی، تیشکی خستبووە سەر پەیوەندییە کەلتورییەکانی نێوان کوردستان و ئەفغانستان. ئەم بابەتە، لە ڕۆژنامەی (هەشتی بەیانی) لە ئەفغانستان بڵاوبۆتەوە. نووسەر باسی لە پێویستبوونی پەیوەندی کەلتوری و فراوانبوونی جوگرافیای شارستانیەتەکانی سەردەم، کردبوو. ئەو نووسەرە کە سەفەری کوردستانی کردووە، لەوانە: ناوچەکانی مەریوان، سەقز، دزلێ، سنە و هەورامان، دەڵێت: ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر لە ناوچەی کوردنشینی چاند ئاوال لە کابول دەچێت .


شێوازی تەلارسازی و خانووسازیان لە ئەفغانستان زۆر لە ناوچە کۆن و گوندنشینەکانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران دەچێت. کۆڵانەکان و بازاڕە سەر داپۆشراوەکان و خانووە دوو نهۆمییەکان لە شاری چاند ئاوال لە کابول لەو پێکهاتەو تەلارسازییە دەچن کە لە فیلمی «فڕین لەگەڵ هەڵۆکان»دا بینراوە.

لەو بەرهەمە کۆنە کوردیانەی کە لە چاند ئاوال لە کابول ماونەتەوە، تەنیا حەمامە کوردییەکان و مزگەوتی کوردی ماونەتەوە. مزگەوتی کوردی بە تەلارسازییەکی ناوازە و بە بەکارهێنانی داری سروشتی دروستکراوە. هەروەها تەلارسازی مزگەوتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم مزگەوتە لە بنەڕەتدا پەرستگایەکی سۆفیانە بووە بۆ کوردانی نیشتەجێی کابول. چونکە پێیان وایە زۆرینەی کورد ڕوانگەیەکی سۆفیگەری و میانڕەوییان هەبووە نەک ڕوانگەی ئیسلامی و ئایینی. تەلارسازی مزگەوتەکە بەجۆرێکە کە زیاتر ئاماژەیە بۆ خانەقا نەک مزگەوت. سەبارەت بەم خانەقا کوردییە، پەهلەوان مەنسور پێی وایە کە مزگەوتەکە تەمەنی زیاتر لە سەد ساڵە، بەڵام شارەزایانی وەزارەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری پێیان وایە کە مزگەوتەکە تەمەنی ٢٣٠ ساڵە. بەڵام کاک ئامان پێی وایە ئەو مزگەوتە تەمەنی ١٦٠ ساڵە. لە ڕاستیدا بە تەواوی ڕوون نییە ئەم مزگەوتە تەمەنی چەندە.


### سەرئەنجام:

بەم شێوەیە، دەبێ ئەوە بڵێین کە بە درێژایی هەوراز و نشێوییە مێژووییەکان، خەڵکی کوردستان بەرەو ناوچەکانی تر کۆچیان کردووە و ئەمەش توێژینەوەی زانستی دەخوازێ. ئەم بابەتەش وەکو کەرەستەیەکی خاو بۆ توێژینەوە مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بەسوود دەبێت.

# Dr. Nûredîn Zaza: 1919 – 1988 (Pêşmergeyê ku ji berî 37 salan ve li Lozanê ji hespê xwe peya bûye!)



Konê Reş




Bi helkeftina ku di roja 072025/10/an, (37) sal di ser koçkirina lehengê Kurd Dr. Nûredîn Zaza (1919/ Maden – 1988/ Lozan) re derbas dibe, xweş e ku em kurtiyekê ji têkoşîniya wî, ked û xebata wî ji xwendevanên kovara (Pirsî Kurd) re raxînin ber çavan.. Mixabin ku ta niha, me ew mafê wî, yê ku ji me tê xwestin lê venegerandiye.. Me navê wî baş, bi nifşê nû re nedaye naskirin..! Evê ku jiyana xwe bi van çend gotinên kurt li ser kêla gora rêhevalê xwe Dr.







Nûrî Dêrsimî daye zanîn:
Li ser vê riya dijwar
Min jî kire pir hawar
Da ji bo we rojekê
Dinya bibe gulbihar.

Erê, Dr. Nûredîn Zaza, tev jiyana xwe di ber gelê Kurd de xerc kiriye, tevî ku gelek zilm û zor hatin serê wî ji girtin, zindankirin û sirguniyê.. Lê wî negot ez poşman im.. Îro, bi min xweş e ku ez wî, di vê nivîsê de wek nivîskarekî kovara Hawarê ji we xwendevanên kovara (Pirsî Kurd) re bidim naskirin.

❊ ❊ ❊

Di sala 1930î de, dema ku bi birayê xwe Dr. Nafiz Beg Zaza re ji neçarî binxetî Sûriyê bûn, temenê wî 11 sal bûn. Di sala 1931ê de tevlî kerwanê penaberên kurd li Şamî bûn. Ewên ku ji tirkiyê, ji ber Kemalîstan revyabûn Sûriyê, piştî serhildana Şêx Seîd û Agiriyê.. Li Sûriyê desthilata Fransî ew kiribûn bin rûniştina zorê de li Şamê, ew jî ev bûn: Mîr Celadet Bedirxan, Dr. Kamîran Bedirxan, Memdûh Selîm Beg Wanî, Hemza Beg Miksî, Osman Sebrî, Qedrî Beg Cemîl Paşa, Ekrem Beg Cemîl Paşa, Bedrî û Mihemed Beg Cemîl Paşa, Haco û zarokên xwe.. Hingê welatparêzê Kurd Elî Axa Zilfo yê ku ji Kurdên Zaza bû, mala xwe tevî xulam û xizmetkarên xwe ji wan re terxan kiribû.. Di wê mişextiyê de Dr. Nafiz birayê xwe Nûredîn di dawa Mîr Celadet Bedirxan de sinet kir û bûn kirîvê hev. (Her ku ez diçim serdana dotmîr Sînemxan Celadet Bedirxan li Hewlêrê û dibe qal û behsa Dr. Nûredîn Zaza, ew navê wî hilnade, bi tenê dibêje; Kirîvo..).

Li Şamê, Dr. Nafiz, birayê xwe Nûredîn bi perwerde, şîret û xwendin mezin



kir.. Ew di dibistana Layîk a Fransî de li Şamê bi xwendin da.. Paşê di zankoyên Beyrûtê de.. Piştî ku Dr. Nafiz bû bijîşkê artêşa Fransî û hat Eyndîwerê û Qamişlo, her pêlekê Nûredîn dihat serdana wî, bêhinvedanên xwe li cem derbas dikirin û di encam de serwextî jiyana civaka xelkên Cizîrê dibû.. Di sala 1941ê de dema ku li Beyrûtê dixwend, dest bi nivîsandina zimanê Kurdî kir û gotar û çîrokên xwe ji kirîvê xwe Mîr Celadet Bedirxan re dişandin, Mîr jî di kovara Hawarê de belav dikirin..

Mirov dikare li kovara Hawarê vegere, gotar û çîrokên wî yên ku di bin navê (Nûredîn Ûsif) de nivîsandine, bixwîne:

Yekemîn nivîsa wê bi navê (Xurşîd), di kovara Hawarê, hejmara 27, sala 1941an de hatiye weşandin. Du çîrokên wî bi navê (Derketî) û (Gulê), di hejmara 29, sala 1941an de belav bûne, Du çîrokên wî bi navê (Keskesor) û (Ji xortan re), di hejmara 30, sala 1941an de belav bûne, Du çîrokên wî bi navê (Şîretên Ehmedê Xanî) û (Stêrk), di hejmara 32, sala 1941an de belav bûne, Çîrokek bi navê (Perîşan), di hejmara 35, sala 1941ê de belav bûye, (Hevîna Perîxanê), di hejmara 37, sala 1941ê de belav bûye, (Xatûn an Piling), di hejmara 44, sala 1942an de belav bûye, (Dê An Xûşk) di hejmara 47, sala 1942an de belav bûye.

Di gotarê wî, (serpêhatî) (Keskesor) wiha dibêje:

(Di sala 1925an de bû, wê salê ez hîn nû diçûm dibistanê, lê dibistana tirkan bû.. Rojekê kurd hatin.. Xelk li dora serayê kom dibûn. Em zaro jî çûn; ew tiştê rengîn di ser serê me re sekinî bû. Lê ew ne keskesora ezmên bû. Ez bê sebir bûm.. li bavê xwe geriyam.. Leşker rêz girtî bûn. Stranek digotin.. Çavên wan ên tûj têrken bûn.. Min ew li ser hespê dît, ez çûm cem; wî ez danim ber xwe. Min jê pirsî:

– Bavo! Ev çi keskesore li ser serayê?

– Ev ala me ye; kurê min! Ev şan û şerefa milettê kurd e..!

– Berê yek sor hebû; ew çi bû bavo?

– Ew ya neyaran bû. Neyarên ku bi zor ketibûn welatê me. Em kurd îro wan ji erdê xwe derdixînin û dibin xwdiyê wê..

Ev hal pir dom nekir! Rojekê dijminan dora bajêr girt.. weke gurên birçî ketin bajêr.. Ala rengîn şan û rûmeta me çirandin..

Ev şanzdeh sal in ko ev hal di Kurdistanê de hikimferma ye. Û disa şanzdeh sal in ko ala rengîn di dilê min û dilê hezar xortên kurd de pêl dide..)

Di gotarê (Şîretên Ehmedê Xanî) wiha dibêje: (Eger hon dixwazin her gav bextiyar bibin, û tu caran pir bedbext nebin li du tiştan bigerin: Hejkirin û xebat. Kî hejî we dike hejî wî bikin: Îro hejî merivên xwe bikin; hejî diya xwe,



هەواڵنامەی کتێب

hejî bavê xwe bikin, hejî hevalên xwe bikin, piştre hone hînî hejkirina diya me gişan Kurdistanê bibin..)

Di çîroka Derketî de wiha dibêje: (..Derketî li her derê tenê ye! Heval, bav û bira, xweşî, rehetî û serbilindî, bi tenê li welêt hene. Derketî li her derê bi tenê ye..)

Digel ku Dr. Nûredîn ZAZA di serê salên 1950î de (Destana Memê Alan) çap kiriye. Ewa ku kurdînasê Fransî Rojê Lêsko (Roger Lescot), di sala 1942an de bi alîkariya Mîr Celadet Bedirxan li Beyrûtê çap kiribû. Dr. Nûredîn careke din ev Destana Memê Alan çap kiriye, piştî ku kurmanciya wê paqij kiriye, bi çend wêneyan xemilandiye û pêşgotinek dirêj û zor bedew di pêşiya wê de, di bin naznavê xwe (Çîroknivîs) de nivîsandiye.. Di vê pêşgotinê, beşê (Rewşa Edebî) de wiha dibêje:

(Di hemî stranên şer û çîrokên mewzûn ên kurdî de, beytên dirêj û beytên pir kurt hene. Ev tişt li gor bêhna dengbêj tête saz kirin. Li gor rêza si›re yên kevin, ev awayê ha bê qîmet têtе jimartin. Lê li gor edebiyata îro, li gor si›rên serbest, bi erebî (الشعر الحر), (Le vers libre) bi fransîzî, dibin eserên pir hêja. Eger şair û edîbên me isûlên erebî û farsî berdin û di folklora xwe de li çere ya xwe bigerin û ilhama xwe jê bistînin, ne bi tenê ewê tiştên bijarte bînin meydanê, lê ji cîhanê re serweta xwe ya milî, ya mezin bidin zanîn û wan heyran bihêlin..)

Sê bijarte ji fikrên Dr. Nûredîn Zaza (Çîroknivîs), ji pêşgotina Memê Alan:

- Memê Alan dibe şahesereke exlaqî û nemir, wek ên (Sophocle/ Sofokle) ê Yewnanî, an (Shakspear/ Şekespîr) ê Îngilîzî û yên din..
- Divê em bizanin ko Ehmedê Xanî çiraya kurdîtiyê 100 salî berî Hêgel û 150 sal berî Markes hatiye dine. Di dîtina wan de, bê şik ferq hene..
- Ma ne gereke ku jin û mêrên me adetên xwe yên kevin û hêja vejînin û ji dinê re nîşan bidin, ku kurd ne li paş miletê din in?!

Hem jî di rûpelê pêşî de ji wê pêşgotinê, bang li Kurdan kiriye û gotiye:

(Gelî Kurdan! Eger hûn naxwazin ji hev tarûmar û winda bibin, berî her tiştî, bi zimanê xwe bixwînin û bidin xwendin. Lê eger dixwazin xwe nas bikin û xwe bidin naskirin û hezkirin, û bi hevaltî û dostaniya miletên din re pêş ve herin û bi rûmet û serbilind bijîn, dîsa zimanê xwe bixwînin û bidin xwendin).

* * *

Di sala 1956an de, dema ku xwendina xwe li Swêsrayê bi dawî tîne û dizîvire Sûriyê, rojnameyên Sûriyê li Şamê, bi manşeteke stûr, wiha dinivîsînin: (Vegera kurê Sûriyê yê wefadar Dr. Nûredîn Zazaعودة ابن سورية البار الدكتور نور الدين ظاظا /). û di zanîngeha Şamê de dersên sosyolojî û pedagojîyê dide.

Di roja 141957/06/an de dema ku Partiya Demokratî Kurdistan li Sûriyê hat damezirandin Dr. Nûredîn Zaza dibe serokê wê.

❊ ❊ ❊

Di roja 152019/2/an de, bi helkeftina ku (100) sal di ser rojbûna Dr. Nûredîn Zaza re derbas bû, weşanxaneya SÎTAVÊ ev pirtûkeka ku min bi navê (Dr. Nûredîn Zaza/ Kurdê Nejibîrkirinê), berhev kiribû, çap kiriye. Min di vê pirtûkê de xebat, çalakî û berxwedanên wî li Sûriyê, Libnan û Ewropa baş anîne ziman, herwiha berhemên wî.. Hem jî, min du eserên wî yên giring têde belav kirine; yek jê ew reporta ku sala 1960î, di zinda Mezê de li Şamê nivîsandiye û pêşkêşî dadgeha Şamê ya bilind kiriye, ya din, ew pêşgotina bedew û bi nirx ku ji destana Memê Alan re nivîsandiye.
Qamişlo.

Berî ku navê Pêşmerge di nav kurdan de belav bibe û deng vede, wî pêşmergetî di bajaran de dikir.. Pêşmergetî ne tenê bi hilgirtina tevingê û şerê çekdariyê ye, pêşmergetî bervedêriya di ber azadî, parastin, bilindkirin û pêşketina navê kurd û Kurdistanê de ye.. Di vî warî de ez Dr. Nûredîn Zaza di pey Dr. Kamîran Bedirxan û Tewfîq Wehbî beg re dibînim. Ew sêyemîn pêşmegeyê Kurd e li Ewropa ku xebat û bizavek ji dil û can di ber gelê xwe de kiriye.. Ew ji pêşengên xwendekaranên kurd bû li Ewropa..

Di serê sala 1949an de, wî û çend hevalên xwe (Komela Xwendekaranên Kurd li Ewrûpa: Kurdish Students Society in Ewrope/ KSSE) damezirandin û wî ji hevalên xwe bêtir, xwe di ber de diwestand û serkêşiya wê dikir. Vê komelê yekemîn rojname bi navê (Dengê Kurdistan), bi zimanê Fransî, Inglîzî û Kurdî li Ewropa weşandin. Têde zilm û zora dagîrkerên Kurdistanê ji Ewropiyan re diyar dikirin.. Û Navê Kurd û Kurdistanê bilind dikirin..

Piraniya babetên vê rojnameyê Dengê Kurdistan yên bi zimanê Kurdê, Fransî û Ingilîzî, Dr. Nûredîn dinivîsand, hem jî wî, tev babetên wê berhev û çap dikirin..

# بۆچی کوردەکانی تورکیا لە شەڕ بێزارن؟

**مات برومفیڵد**
**لە فارسییەوە: ب-لیڤا**

**خەباتی چەکداری سەر بە سەدەی ڕابردووە**

کاتێک گەریلاکانی پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٤ دەستییان بە خەباتی چەکدارانە کرد، شەڕی سارد بەرەو نەمان بوو. ڕۆناڵد ڕێگان هەوڵیدەدا پاشەکشە بە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا بکات، سۆڤیەت لە گواستنەوەیەکی ئاژاوەگێڕانەدابوو بۆ سەردەمی گۆرباچۆڤ و سوپای کۆماری ئێرلەندا تازە لە هەوڵەکانی بۆ تیرۆرکردنی مارگرێت تاتچەر شکستی هێنابوو.

هەندێک لە گەریلاکان لەوسەردەمەوە هەتا ئێستا لە شاخەکان ماونەتەوە و هەڵمەتێکی بێکۆتاییان دژی تورکیا ئەنجامداوە. ئەم هەفتەیە، کاتێک بۆ لەناوبردنی چەکەکانیان وەک بەشێک لە پرۆسەی ئاشتی، کە بەوردی چاودێری دەکرا لە شاخەکان هاتنەخوارەوە، بە شێوەیەکی سیمبولی کۆتاییان بە سەردەمی شەڕی سارد و هەڵمەتە چەکدارییەکان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی هێنا. عەبدوڵڵا ئۆجەلان، کەسایەتی سیاسی کورد، کە لە دوورگەی ئیمراڵی زیندانییە، لە یەکەم دەرکەوتنی ڤیدیۆییدا دوای زیاتر لە ٢٥ ساڵ وتی: «بزووتنەوەی پەکەکە و ستراتیژی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، سەردەمەکەی کۆتایی هات. باوەڕم بە چەک نییە، بەڵکو باوەڕم بەهێزی سیاسەتە».

گەریلاکانی پەکەکە بە جلوبەرگی کوردی و کلاشینکۆفەکانیانەوە، بە ڕوونی ژمارەیان



له گرووپەکانی میدیا و بریکارە نهێنییەکان و سیاسەتمەدارەکان، کە لە دامێنی شاخ چاوەڕێیان دەکرد، زیاتر بوون. ئۆجەلان لە گرتە ڤیدیۆییە مێژووییەکەیدا بەکراسێکی «پۆلۆی لاکۆستەوە» بینرا، ئەمەش وایکرد کوردانی ئاسایی ڕوو لە دوکانەکان بکەن بۆ کڕینی ئەو براندە.

ئەمڕۆ کاتێکی سەیرە، بەڵام ئاشنایە. دەکرا پێش چەند هەفتەیەک، هەندێک لە مانشێتە هەواڵییەکانی ساڵی ١٩٨٤ نووسرابان، بۆ نموونە: «گرژییە ئەتۆمییەکان بەرزدەبنەوە، لە کاتێکدا ئەستێرەی تەلەفزیۆنی گاڵتەجاڕی سەرۆکی ئەمریکای بۆ فڕێدانی بۆمب گۆڕی».

کوردەکان لەناو جەنگی ساردی نوێی سەدەکەماندا، بە نوسخەی نوێوە دەستوپەنجە لەگەڵ هەندێک لە پرسیارە کۆنەکان نەرم دەکەن. کاتێک هەرگیز شەڕەکان کۆتاییان نایەت، بەڵکو بەشێوەیەکی کۆتاییینەهاتوو دەگۆڕێن بۆ شەڕی بەوەکالەت و چەقبەستوو، ڕاگەیاندنی سەرکەوتن، یان شکست، چ مانایەکی هەیە؟ لە نێوان تەشەنەکردنی بەرەوڕووبوونەوەی ناوچەیی، دەرئەنجامە ئەگەرییەکانی پەیماننامە لەگەڵ شەیتان و هاوتەریببوون بە ستەمکارە درێژخایەنەکانمان چین؟

کاتێک بە فڕۆکە بۆ بینینی ڕێوڕەسمی بەوردی چاودێریکراو دەچوومە هەرێمی کوردستان، بەردەوام ئەم پرسیارانەم بە مێشکدا دەهاتن: پەکەکە سەرەتا لە تورکیا بوو، ڕێگایەکی زۆر جیاواز لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەبەر. لە کاتێکدا پەکەکە بە پشتبەستن بە چەکی بازاڕی ڕەش شەڕی هێزە چەکدارەکانی تورکیای کردووە بۆ گەیشتن بە فیدراسیۆنێکی لامەرکەزی و ئۆتۆنۆم، کە لەسەر بنەمای دیموکراسی ڕاستەوخۆ و ئۆتۆنۆمی ژنان دامەزراوە، هەرێمی کوردستان ڕێبازێکی ئاساییتری گرتۆتەبەر. دوای جینۆسایدکردنی کوردەکانی عێراق لەلایەن سەدام حسێن و پاڵپشتی دڵسۆزانەیان بۆ لەشکرکێشی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣، نیمچە دەوڵەتێکی بە کوردەکانی عێراق بەخشیوە، کە سامانی نەوت و خۆرئاوا پاڵپشتی دەکات. بەشێک لە هێزە تایبەتەکانی

هەواڵنامەی کتێب

کوردی عێراق لەسەر خاکی «بێلایەن» پاسەوانی ڕێوڕەسمەکە دەکەن، کە ئاڵای ئەمریکایان لەسەر کڵاوە فرەڕەنگەکانیان داناوە. بەوتەی ڕەخنەگرانی کورد، بەمشێوەیە هەرێمی کوردستانی عێراق بووەتە نوسخەیەکی دوبەی. لەوانەیە لێرە سەروەری یاسا و ئاستی ژیان باشتربێت لە شوێنەکانی دیکەی عێراق، بەڵام کۆمەڵەیەکی گچکەی دۆستی سەرۆک خێڵەکانی کورد لە کۆمەڵگا دەروازەدارەکاندا سامانیان کۆکردۆتەوە، لە کاتێکدا زۆرینە لە هەژاری و بێباکی سیاسیدا دەژین. هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی، کە لە دیارترین ڕەخنەگرانی هەرێمی کوردستانە، دەڵێت: «لێرە هیچ حکومەتێک نییە، بەڵکو تەنها دەسەڵاتدارن. شۆڕشی دیموکراسیمان نەیتوانی وەربگێڕدرێتە سەر ڕەوایەتی ڕاستەقینە».

سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانە، هەرێمی کوردستان دنیاییەکی جیاوازی تۆڕی تونێلەدوورەکانە، کە هێشتا هەزاران گەریلای پەکەکە تێیاندا لە پەلامارە ئاسمانییەکانی تورکیا خۆدەپارێزن. هەرێمی کوردستان بە ئاسمانەڕووتە بەرزەکانی و شانشینە سیاسییە دەستلێنەدراوەکانی، کە لەسەر ناوبانگی ئازادیخوازانی پێشوو بنیادنراوە، وێنەی ڕێگایەکی متمانەپێنەکراوە بۆ کوردەکانی تورکیا دەخاتەڕوو، کە زۆربەیان دڵخۆشن بە کۆتاییهاتنی دوژمنایەتییەکان، تەنانەت دەزانن دانانی چەکەکانیان بەبێ گەرەنتییەکی ڕوونی تورکیایە.

**بەسە شەڕ، بەسە ئازار**

کەشوهەوای ڕێوڕەسمی داماڵینی چەک وورووژێنەرە، دوای وەرگرتنی موبایل و کامێراکان لێمان، بەرەو شوێنی شاخاوی سیمبولی ڕێوڕەسمەکە چووین، ئەشکەوتێک، کە بۆ یەکەمجار پەناگەی چاپخانەیەکی نهێنی کورد بووە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٣ دژی هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانیا. بەردەوام دەستەواژەی وەک «تاڵ و شیرین» و «حەبێک، هەردەبێت قوت بدرێت» لە گفتوگۆی نێوان بەشداربوان دەوترایەوە. شوێنی تایبەتی بۆ نوینەرانی «دایکانی ئاشتی» تورکیا دانرابوو. ئەم ژنە سەرسەختانە، کە هەموویان لچکی سپییان لەسەربوو، لە شەڕی سوپای تورکیادا منداڵیان لەدەستداوە. تەمەنیان لە شەست و حەفتاکاندابوو، ئازایانە نارەزایەتییان بەرامبەر بەردەوام سەرکوتکردنی دۆزی کورد لەلایەن تورکیاوە دەردەبڕن و ڕووبەڕووی مەترسی سزای قورسی زیندان دەبنەوە. یەکێکیان وتی: «بەسە شەڕ، بەسە ئازار، بەسە خوێنڕشتن. ئێمە تەنها ئاشتیمان دەوێت، ئەوکاتە هەمووشتێک باش دەبێت». سەرەڕای ئەم قسە ئازایانە، ڕوخساری خەمباربوو، ئەندامانی دیکەی شاندەکەی لە کاتی ڕێوڕەسمەکەدا دەگریان.

خودی گەریلاکانی پەکەکە بە ئاشکرا، سەرسەخت و خۆڕاگرن، تەنانەت لە کاتێکدا دان بە سەختی ئەو هەنگاوەدادەنێن، کە دەیگرنەبەر. بەپێی ڕێوڕەسمەکە، ژمارەیان لە٥٠٪ی ژنان پێکهاتووە و بەسێ هۆزات، فەرماندەی باڵای ژنی پەکەکە، سەرۆکایەتی دەکات. لە ڕاگەیەنراوێکی پێشتر ئامادەکراودا وتی: «وەک دەزانین، ئەم دەستکەوتانە بە ئاسانی، بەبێ قوربانی و تێکۆشان بەدەستنەهاتوون». دەنگی لەناو شاخەبەرزەکان زایەڵەی بوو. «بە پێچەوانەوە، هەموو دەستکەوتەکان بە قوربانیدانی قورس و تێکۆشانی سەرسەختانە بەدەستهاتوون».

ئەم ڕووداوە، شەڕێکی گێڕانەوەی تیمە سینەماییە

کێبڕکێکارەکانە، هەرلایەک هەوڵدەدات بانگەشەی سەرکەوتن بکات. لە کاتێکدا تەلەفزیۆنی تورکیا وێنەی چەکەسوتاو و ڕەشداگەڕاوەکان پەخش دەکات، ئەردۆگان باسی «تورکیای بێ تیرۆر» دەکات، کوردەکان هیوادارن چەکدانانی پەکەکە ڕێگا بۆ چاکسازیی ناوخۆیی تورکیا و داهاتوویەکی باشتر بۆ کوردەکانی ناوچەکە خۆشبکات. سەرەڕای هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ ڕێنەدان، هەندێک لە ئامادەبوان بەسەرپێچیکردن لە بڕیارەکان، هەڵدەستان، چەپڵەیان لێدەدا و دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»یان دەوتەوە. کوردەکان لەجیاتی ڕادەستکردنی چەکەکانیان بە دەسەڵاتدارانی تورکیا، بە ئەنقەست چەکەکانیان کەڵەکە دەکرد و سوتاندیانن. هۆزات وتی: «ئێمە بەویستی خۆمان چەکەکانمان دەسوتێنین، وەک هەنگاوێکی نیازپاکی و ورەبەرزی».

## ئامادەبوونی نوێنەرایەتی «باسک» لە ڕێوڕەسمی چەک دانانەکەدا

ئێستا چی ڕوودەدات؟ ڕێگای ئاشتی هەڵدێرە، بەڵام مەحاڵ نییە. بزووتنەوەی ئازادیبەخشی ئیرلەندا، ئەفریقای باشوور و باسک، کە هەموویان پاڵپشتی ئایدیالی کوردن، ئەگەری سنووردارییەکانی پرۆسەی ئاشتی نیشاندەدات. (لە هاوکاتێکی بێمانا، بەڵام سەرنجڕاکێش، دەوترێت سەرکردەیەکی دوورخراوەی باسک لەکاتی دانوستانەکانی ئاشتی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ ئیسپانیا بەهۆی پۆشینی کراسێکی لاکۆستەوە جەنجاڵییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمەش بووە هۆی تۆمەتی پارانۆیایی( ) بە هاوکاری لەگەڵ فەرەنسا).

ئیگۆر زۆلایکا، نوینەری سیاسی باسک، کە لە ڕێوڕەسمی چەکدانانەکە ئامادەبوو، هەستی «سەرەگێژە»ی پارتەکەی لە ئەزموونی کورددا دەبینێت، کاتێک هەنگاوی پێویست «کوێرانە»یان لە خەباتی چەکدارییەوە بۆ بەشداریکردنی پەرلەمانی ناوە. وتی: «ساتێکی مێژوویی بوو، ساتێکی پڕ لە هیوا، گومانیش بەشێکە لە هەرساتێکی لەوجۆرە و ئەوەش قابیلی تێگەیشتنە».

هاوکات، لە ڕێوڕەسمەکەدا نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی بنیادنانی ئاشتی ئامادەبوون و لە پرۆسەی داماڵینی چەک نیگەرابوون، چونکە ئەم پرۆسەیە «بەپێچەوانەوە» ڕێدەکا. چەکی کوردەکان پێش هیچ بەدیلێکی کۆنکرێتی دادەنرێت، بێئەوەی لایەنی سێیەم چاودێری ئەگەری هاتنەناوەوەی پەکەکە بۆ ژیانی سیاسی تورکیا بکات. زولایکا بیردێنێتەوە و وتی: «ڕاستە ئێمە ستراتیژییەکمان هەبوو، یەککگرتووبووین و پشتیوانی گەلەکەمان هەبوو، وایکرد پرۆسەکە بەرەوپێش هەنگاو بنێت».

ئێستا کوردەکان لە تورکیا لەگەڵ یاساخکردنی بەردەوام و دەستگیرکردنی هەزاران هاوڵاتی، حزبی سیاسی، نوێنەری پەرلەمان و چالاکوانیان هەیە. هاوکات، نوێنەرانی کورد باسی گواستنەوەی بەرپرسیاریی لە پەکەکە و گرووپە پزشکۆکانی بۆ کۆمەڵێک دامەزراوەی مەدەنی و سیاسی پەیڕەوکەر لە دیدگای فیدراڵی ئۆجەلان، دەکەن. ئازادکردنی سیستماتیکی زیندانیانی سیاسی کورد، ئیرادەی تورکیا بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەی ئاشتی نیشاندەدات، بەڵام هەتا ئێستا ئەردۆگان تەنها بە پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی نوێی پەرلەمانی بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی داماڵینی چەک وەڵامیداوەتەوە. پرۆسەی ئاشتی پێشووی تورکیا و کوردەکان بەهۆی

گۆڕانکارییە ناوخۆیی و جیۆپۆلەتیکیەکانەوە سەرینەگرتووە، هاوکات هێرشەئاسمانییەکانی تورکیا بەردەوامن، جگەلەوەی گوایە ئاگربەست هەیە.

## خاڵی وەرچەرخانی کلیلی

ئەوەی لە داهاتوو ڕوودەدات، ئەم ڕێوڕەسمە خاڵی نەگەڕاوەیە بۆ تێکهەڵچوونی چەند دەیەیەک و بەمەش خاڵی وەرچەرخانی کلیلییە بۆ هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لە کاتێکدا شرۆڤەکارانی سیاسی حەزدەکەن باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئەردۆگان بە کوردەکان بگەڕێننەوە بۆ هەوڵە دوور لە چاوەڕوانییەکانی بەدەستهێنانی پاڵپشتی کورد لە پەرلەمانی تورکیا، بەڵام دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە نەک تەنها تورکیا، بەڵکو کاریگەریی لەسەر چەند گۆڕەپانێکی سەرەکی شەڕی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت. لە کوردستانی سوریا، دراوسێی تورکیا، وابەستەکانی پەکەکە ئازایانە لە دژی داعش و تورکیا جەنگاون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دانپێدانەنراو، کە ملیۆنان کەس لەدەوری دیدگای فیدراڵی خۆی یەکدەخات. پێویستە گواستنەوەیەکی کاریگەر بۆ ئاشتی هاوکاری ئەم کوردە جەنگاوانە بکات، کە هاوپەیمانی خۆرئاوان لە دانوستانە بەردەوامەکانیاندا، چونکە هەوڵی پاراستنی خۆسەری و هاوکات ئاشتبوونەوە لەگەڵ هێزە ئیسلامگەراکانی هاوپەیمانی تورکیا دەدەن، کە هەژموونیان بەسەر دیمەشقەوە کردووە.

تورکیا زیاتر لە ١٠٠ بنکەی سەربازی لە هەرێمی کوردستان لە داگیرکارییە نافەرمییەکان بنیادناوە، فڕینی بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی یاساخ و هەزاران هێرشی ئاسمانی بێئەنجامی کردووە، کە زیاتر خەڵکی سڤیل و ڕۆژنامەنوسانی کوشتووە. ڕێبین بەکر ڕۆژنامەنوسی کورد، لە هێرشێکی ئاسمانی ڕزگاری بووە، کە دوو هاوکاری کوشتووە. وتی: «ئێمە ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نین، بەڵکو ڕۆژنامەنوسین، وەک ئێوە»، برینەکانیمان نیشاندەدات.

جگەلە ئەگەری کۆتاییهێنان بەم پێشێلکارییانە و بەدیهێنانی سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستان و سوریا، ئاگربەست دەتوانێت ڕێگا بۆ ڕێکخستنەوەی جیۆپۆلەتیکی فراوانتر برەخسێنێت. لەمێژە تورکیا، ئێران، عێراق و (حزبی دەسەڵاتداری کورد)، ناکۆکییەکانیان وەلاناوە و لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا دژی پەکەکە هاوئاهەنگن، بەڵام لە ئەنکارا، لەوانەیە ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت. ئەمە بۆ زۆربەی کوردەکان گرنگە، کە ڕێککەوتنی ئاشتی نەک لەلایەن ئەردۆگان، بەڵکو حکومەتی باخچەلی، کەسایەتی ناسیۆنالیستی ڕاسترەوی توندڕەو بەرەوپێش دەچێت. بەگشتی باخچەلی وەک نوێنەری «حکومەتی قوڵ»ی تورکیا دەبینرێت. کۆمەڵەیەکی سەربازی، ئەمنی، کە لە کۆتاییدا گرنگی بە پشتگیریی ئەردۆگان نادات، بەڵکو گرنگی بە پاراستنی پێگەی ناوچەیی تورکیا




دەدات، لە دژایەتیکردنی ئێران و ئیسرائیل.
لەلایەک، ڕەنگە ئەنکارا ئومێدەواربێت، کە دژایەتی و پرەنسیپی لەمێژینەی ئۆجەلان لەگەڵ ئیسرائیل، هەر پشتیوانییەکی گریمانەیی ئیسرائیل لە ئایدیالی نەتەوەیی کوردەکان نەزۆک بکات. بە تایبەت، تورکیا بەم دواییە بەڵگەیەکی بڵاوکردەوە سەرۆکی کوردی زیندانی هۆشداری دابوو، ڕێگانەدەن ئیسرائیل دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگای ناوچە کوردییەکان لە سوریا و ئێران فراوان بکات، «کوردستان بکاتە غەزەیەکی دیکە».
لەلاکەی دیکە، ئەنکارا بەورادەیەی نێوان ئێران و پەکەکە وەک زەواجێکی بەرژەوەندی دەیبینێت، وریایە و هاوکات ئومێدەوارە هەڕەشەی قۆستنەوەی کوردەکان لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی داهاتووی نێوان تورکیا و ئێران نەزۆک بکات. لە خراپترین دۆخدا، بە لەبەرچاوگرتنی خواستی ئەنکارا بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە واشنتۆن بە تیشکخستنەسەر بروانامەی دژە ئێرانی، تەنانەت ڕەنگە بەرژەوەندییەکانی تورکیا و کورد ڕاستەوخۆ لە دژی حکومەتی ئێران هاوتەریب بن. ئەگەر پەکەکە بەگشتی چەکەکانی دابنێت، دوورنییە زۆربەی چەکەکان بکەونە دەست پژاکەوە، کە جدیترین هێزی چەکدارییە لە ناوچەکە و توانای هەڕەشەکردنی لە تاران هەیە.
چ ڕێککەوتنی ئاشتی بەردەوام بێت و چ بەردەوام نەبێت، پێگەی ستراتیژییەتی کوردەکان واتا ئەوان ئامادەن فشاری ناهاوسەنگ بخەنەسەر ئەوەی بە زۆروزەوەند هاوشێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سێلایەنەی نێوان تورکیا، ئیسرائیل و ئێرانە، لەگەڵ عێراق و سوریا وەک بەرەی شەڕی کلیلی. هەڤاڵ ئەبوبەکری پارێزگاری سلێمانی، وتی: «ئەگەر ڕێگا بە کوردەکان بدرێت بەشێکبن لە سەقامگیریی، نەک فاکتەرێک بۆ فشاری زیاتر، بۆ هەموان باشترە».
لەگەڵ ئەوەشدا، دوو ڕۆژ پێش گفتوگۆکەمان، درۆنە خۆکوژییەکان، کە لەوانەیە ملیشیاکانی سەر بە ئێران هەڵیاندابن، بەسەر سلێمانیدا کەوتنەخوار. ئەم واقیعییەتە، بەیتە خەمناکەکانی شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی بیردێننەوە، کە سێ سەدە لەمەوبەر نووسیویەتی: «کوردەکان هاوشێوەی دیوارێکی گەورە لە نێوان تورکەکان و فارسەکان ڕاوەستاون. هەردوولا قبیلەی کوردەکان، دەکەنە ئامانجی تیرە ژەهراوییەکانیان».
نوێنەرانی کورد بە گەشبینییەوە، ڕێوڕەسمی چەکدانانەکە بەخاڵی وەرچەرخانی خەبات و خیانەتێکی درێژخایەنیان لە سەدەی بیستەم بە دیدگای ئۆجەلان دەناسرێتەوە بۆ بزووتنەوەیەکی ئاشتییانە لە سەدەی بیستویەک، کە بەدوای گۆڕانکاریی لە خوارەوە بۆ سەرەوە و بنەڕەتییدا دەگەڕێت. گەریلا وەک ئاماژەیەکی سیمبولی، یەک بە یەک کلاشینکۆفەکانیان لەناو کەڵەکەی پەنا ئارپیجی و بیکەسی دادەنێن. دار و بەنزینی تێدەکەن و ئاگری تێبەردەدەن.
ئاگری چەکەکان بەشێوەیەک دانراون لە ئاگری نەورۆز بچێت، کە هێمای ژیانەوە و نوێبوونەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەم هێما گەشبینییە، لەڕاستیدا چەکەکان سوتێنران. بە گەڕانەوەی چەکدارانی گەریلا بۆ شاخەکانیان، دەستەکانی دەیانساڵە چەکیان بەدەستەوەیە، نەۆ بە ئازادی لە پەنایانەوە هەڵپەسێدراوە.

سەرچاوە: iran-emrooz

هەواڵنامەی دیتین

# جیاوازییەکان دەسەڵات دروستییان دەکات؛
# ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە



پاتریشیا هیل کالێنز
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە، گەڵاڵەی ئایدیالی دادپەروەری کۆمەڵایەتین و ئەم وتارە دەیەوێ بزانێت چۆن دەشێ پەرەپێدانی شیکارە ئاڵۆزەکانی دەسەڵات و سیاسەت ڕووناکی سەر مۆتیڤە بەرچاوەکانی ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە پەرچ بکەنەوە.

### پێشەکی وەرگێڕی فارسی

چەمکەکانی ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم و لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوتن، کە ڕژێمەکان بەپێی دەوڵەت، میللەت هەوڵدەدەن وەک یەکەیەک نوێنەرایەتی تاکەکان بکەن، ئینتەرسکشنالیتی بۆچوونی نوێ پێشکەش دەکات و پەنجە دەخاتە سەر لایەنە جیاواز و بەیەکداچووەکانی ستراکچەرە جیاکارە گشتیترەکانی ڕەگەز، نەژاد، چین و سەرنجمان بۆ جیاوازیی جۆری باڵادەستی ڕادەکێشێت، کە لەوانەیە بە بوونی هەر یەک لەم تووخمانە ئەزموون بکرێت.

دیموکراسی بەشداریکەرانەش ڕێکاری جیاواز لەمۆدێلی دەوڵەت-میللەت دەخاتەڕوو و ڕەخنە لە ستراکچەری دەسەڵاتی سەنتراڵ و بۆرۆکراتیک دەگرێت. پێشتر پرسیاری ئینتەرسکشنالیتی و سیاسەتی جێگرەوە بۆ دژبەری جۆرەکانی ستەمی چەوساندنەوە کراوە. نەستەرەن موسەوی باسی مەحاڵی

بەگژداچوونەوە بەستەمی چینایەتی، ڕەگەزی و نەتەوەیی بەجیا دەکات و دەڵێت: «ئەوەی لە ئێستادا بارودۆخی کردەگەرێتی بۆی ئامادەتر بووە و منیش هاوڕامی سیاسەتێکە، گرنگی بەهەموو شێوەکانی جیاکاری دەدات و لە پێوەندییەکانی نێوانیان دەگات».

بەهمەن سدیقیش لە باسی ناکارایی دیموکراسی نوێنەرایەتی و بە بردنە ژێر پرسیاری هەڵبژاردنی نوێنەر بەگوێرەی جوگرافیا دەڵێت: «ئەم فۆرمەی دیموکراسی نوێنەرایەتی، نوێنەرانی ڕاستەقینە هەڵنابژێرێت. نوێنەرانی زادەی ئەو فۆرمە، بەدروستی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی تاکەکان ناکەن».

هەروەها نەستەرەن موسەوی لەباسی ناکاریگەربوونی نوێنەرایەتی پەرلەمانی ئاماژەدەکات بە «خەڵکانێک کە لەمیکانیزمی ئیدارەی کارەکان نوینەرایەتی ناکرێن». ئەم وتارە بەچاوخشاندنەوە بە شیکارەکانی دەسەڵات، سیاسەت و ڕوانین بۆ کاری کۆمەڵایەتی ژنانی پێسترەش و ڕێکارەکانی بیرمان لێکردنەوە، هەوڵدەدات پێوەندی نێوان ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە ڕوون بکاتەوە و گەڕانەوە بۆ ئەم چەمکانە بەزەروری دەزانێت.

بۆ بەگژداچوونەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بەکۆمەڵێ تێکەڵاوە تا تاکەکان بتوانن بەوەی پێکەوە ئەزموونیان کردوە و پشتبەستن بەو لێکچووانەی دەتوانن بەردەوام بن، بەدیموکراسی و دوور لەزەینگرتنی بەرژەوەندی تایبەتی بۆ کۆمەڵەیەکی تایبەت نەک تەنها بارودۆخ بگۆڕن، بەڵکو کارایانە بەگژ جۆرەکانی دیکەی دەسەڵات و قەیرانەکاندا بچنەوە.

## پێشەکی

ئینتەرسکشنالیتی، پێناسەیەکی ستانداردی نییە و دەبێت بۆ دەربڕینی پەیڕەوی لە یەک یان هەندێک لەم بنەمایانە بکرێت: یەک. نەژادپەرستی، ڕەگەز، چەوساندنەوەی چینایەتی و سیستەمەکانی تری دەسەڵات پێکەوەگرێدراون و یەکتری بەرهەمدەهێننەوە. دوو. شێوەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی زادەی چەوساندنەوەن. سێ. تێگەیشتنی جیاواز لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، پەرچکەرەوەی باشی تایبەتی چۆنێتی جێکەوتەی کارەکتەرانی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پێگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی. چوار. لەبەرئەوەی تاک و گروپەکان پێگەیان لەسیستمی چەوساندنەوەدا جیاوازە، هەر یەکە و سیناریۆی خۆی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

لەوانەیە سازانی گشتی و کۆدەنگی ئاست و سنووری ئینتەرسکشنالیتی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا زانکۆکان کۆدەنگ نین لەئاوێتەکردنی ئەکادیمی و زیادبوونی ڕەوایەتی ئەکادیمکی ئینتەرسکشنالیتی. سەرەڕای پشکی بەرچاوی کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لە هێڵی پێشەوەی ناوخۆ و دەرەوەی زانکۆ، ئینتەرسکشنالیتی وەک فۆرمێکی ڕەخنەگرانە لە لێکۆڵینەوە و پراکسیس دا، ڕووبەڕووی کاردانەوەی زۆر بووەتەوە. (بۆنموونە بڕوانە ئەلێکساندەر، فلۆرید ساڵی ٢٠١٢). گێڕانەوە پێداچوونەوەخوازەکانی ئینتەرسکشنالیتی بەسڕینەوەی ئەندێشە و کردەی ژنانی پێسترەش، بەڕەگەز لاتینەکان، هەژارەکان، کۆمەڵگای LGBTQ و گروپەکانی تری دەستڕۆیشتووی گێڕانەوەکان لەسەر ڕاستی و دروستی ئینتەرسکشنالیتی، دەڵێن

دیتنی ئەم گروپانە لەئینتەرسکشنالیتیدا وادەکات ئینتەرسکشنالیتی هەمەگیری نەمێنێت. ئەم دووبارە نووسینەوەیەی مێژوو کە ڤیڤیان مەی لێهاتووانە بە «کشاندنەوەی ئینتەرسکشنالیتی» باسیدەکات، هەم بەئاشکرا دژی ئینتەرسکشنالیتی و هەم لەسەر میتۆدە هەستپێ نەکراوتر و ناڕاستەوخۆتری لاواز وەستاوەتەوە. ئامانجی ئەم هەوڵانە داماڵینی ئینتەرسکشنالیتییە لە سیاسەت و خزمەتکردنی ڕاکانییەتی بەئاقاری ئامانجەکانی لیبڕالیزمی نوێ، کە بۆ کێشەوگرفتە گشتییە کۆمەڵایەتییەکانی جەختدەکاتەوە لەچارەسەرەکانی تاک و بازاڕتەوەر.

ئەم چاوپێداخشاندنەوە سیاسییە دینامیزمییە، فۆڕم بە تێگەیشتنی هاوکاتی دەسەڵات و سیاسەت لە ئینتەرسکشنالیتی دەدات. گەڕانەوە بۆ دەسەڵات لەنموونەکانی تووێژینەوەی ئینتەرسکشنال زۆر بەرچاو دەکەوێت، بەردەوام پشدەبەستریت بەدەسەڵات، ناوی دەبرێت و بیردەخرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت تەنیا ئاماژەکردن بەهێز زیانبەخش بێت تا سوودبەخش. لە وتاری ئینتەرسکشنال کۆدەنگی جێگرەوە «نەژاد» لەگەڵ نەژادپەرستی، بەکارهێنانی «سێکس» بۆ جیاکاری ڕەگەزی و «چین» بۆ سەرمایەداری، سەرچاوەی ئەبستراکت چەمکی دەسەڵات بەهێز دەکات و گوێ بە حەقیقەتی بەناویەکداچووی تایبەتی سیستمەکانی دەسەڵات نادات. بە هەمان شێوە کە «نەژاد، چین و سێکس» بەهۆی پرۆسێسی بەردەوام دەبنە درووشمی بریقەدار، بەکارهێنانی شێوەی کورتکراوەی زاراوەکان بۆ باسکردنی پلەبەندی چەوساندنەوە و سوودوەرگرتن لە «ڕژێمە چەوسێنەرەکان» بۆ ستەمی چەوساندنەوەش، هەمان چارەنووسییان دەبێت.

دەستەواژەکانی وەک ڕژێمە چەوسێنەرەکان ئەو دالانەن کە لەهەموو شوێنێک بەرچاو دەکەون، دەسەڵات وەک زاراوەی تاریفکردن و جێگرەوە دەخاتەڕوو، کە کەمترین ڕادەی کاریگەری سیاسی هەیە. ئەم وتارەی دەسەڵاتی ڕووتەڵی ئەسکوێی هەموو دیزەیەکە هەتا ئەوجۆرەی سیاسەت سنووردار دەکات، کە لەچوارچێوەی ئەو ڕووتەڵییانەدا مومکینە.

دەسەڵات و سیاسەت بۆ تووێژەرەوان و چالاکوانانێک کە دووبارە پێوەندی لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردن و پراکسیسی لەئینتەرسکشنالیتی دەناسنەوە، دۆخی جیاواز بەخۆوەدەگرن. بەوهۆیەوە کارەکتەرانی کۆمەڵایەتی لەبواری جوڵانەوەکانی ئینتەرسکشنالیتی وەک سەنگی مەحەکێک بۆ کردەی سیاسی لەبەرچاودەگرن. کارەکتەرانی کۆمەڵایەتی وەک کەسانێک لەهێڵی پێشەوەی ڕێکخراوە کارگێڕییەکانن کە لەڕێکخراوە جەماوەرییەکان کاردەکەن و زۆربەی کات وەک شوێنێک بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکانی پرسەرئێشەی ئاوارەکان، نایەکسانی لەخوێندن و تەندرووستی و چارەسەرکردن، زیندانە گشتییەکان و توونوتیژی هەمیشەیی، تەماشای ئینتەرسکشنالیتی دەکەن. کرێکارانی کۆمەڵایەتی، مامۆستایان، پارێزەران، پەرستاران و کارە گشتییەکانی هاوشێوە بۆ هاوکاریکردنی چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان ڕوولە ئینتەرسکشنالیتی دەنێن. بە پێچەوانەی شارەزایی پسپۆڕییان، پلەبەندی دەسەڵات بەڵگەنەویست دەردەکەوێت، کە زادەی نایەکسانی کۆمەڵاتییە و پرسە کۆمەڵایەتییە جیا جیاکانی لەگەڵە. لەچوارچێوەی بۆرۆکراسی ئەوکۆمەڵە کارەکتەرە کۆمەڵایەتییانەی داوای بۆچوونی ئینتەرسکشنالیتی بەدوای ڕێنماییەکەوەن، کە

دەرفەتی فۆرمدان بەستراتیژی چارەسەرکردنی پرسەکانیان پێ بدات. پێسترەشەکان، ژنان، بەرەگەز لاتینیەکان، خەڵکانی ڕەسەن، بێ ناسنامەکان و گروپە دەستڕۆیشتووەکانی دیکە کە زۆر زیاتر کەوتوونەتە ژێرکاریگەری گرژییە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی ئاسایی ئینتەرسکشنالیتی بۆ پرۆژە سیاسییەکانی خۆیان بەزەرەوری دەزانن. (ڕۆبێرت و جسۆداسن ٢٠١٣- نزیکتر ٢٠١٥)

جەختکردنەوەی ڕواڵەتی لە دەسەلات و سیاسەت لەتوویژینەوە و کردە ئینتەرسکشنالیتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، گۆڕانکاریی مانا داری لەگرێدانی ئینتەرسکشنالیتی بە تایبەتمەندییەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەجوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم نیشاندەدا. هێشتا تێگەیشتنێکی نایەکسان لەدەسەڵات و سیاسەت وەک خۆیان ماونەتەوە، کە مافە مەدەنییەکان و جوڵانەوەکانی فێمێنیستی، جوڵانەوە دژەجەنگەکان و جوڵانەوەکانی دیکەی خوازیاری دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەسەر بونیادنراوون. هەر چەند دوورنییە پرۆژەکانی ئینتەرسکشنالیتی بگۆڕێن، ئایدیای سەرەکی ئینتەرسکشنالیتی لە پەیوەند بەم پێشنیارانەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی پەروەردە کراوە، کە لە ئەکادیمییەکاندا هەیە. لەگەڵ بوونی گەشەکردنی زانیاری بنکەکان (بۆنموونە بڕوانە نش ئاونز ٢٠١٥)، کارەکتەرانی کۆمەڵایەتی لەناوخۆ و دەرەوەی زانکۆ بەزۆری ڕوویان لەدەرککردنی ئینتەرسکشنالیتی لەڕووی فۆرمدان بە پراکسیس کرد. هەندێک جار ئەو کۆمەڵە کارەکتەرە کۆمەڵایەتییانە کە بە هۆی سیستەمەکانی فرەلایەنەی تواناوە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتەوە لە پێگەی باشتردان تا بزانن

چۆن سیستمێکی دەسەڵاتگەرا کە بە پلەبەندی دەسەڵات، نایەکسانی کۆمەڵایەتی و گرژییە کۆمەڵایەتییەکان تاریفی دەکرێت، نەک تەنها هاوشێوەی سیستەمەکانی دیکەیە، بەڵکو ئەم سیستەمە فرەلایەنانە هاوتەریب کاردەکەن تا فۆرم بەئەزموونی تێپەڕکراوییان بدەنەوە. دەکرێت ئینتەرسکشنالیتی فۆکەس بخاتەسەر فشاری لیبراڵیزمی نوێ، کە ئاڵنگارییەکانی لەسەر پێشنیارەکانیتر داناوە و هەنوکە دەیەوێت لەسەدا سەد لەسیاسەت دابیماڵێت. لەم دۆخەدا دیموکراسی بەشداریکەرانە پێشنیارگەلێک دەکات. ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە هەر دووکییان گەڵاڵەی ئایدیالی کۆمەڵایەتین کە لەبۆچوونی چارەسەرکردنی پرسەکان و پراکسیس، چالاکی سیاسی کۆمەڵانی خەڵک و جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان فۆرمییان گرتووە. ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە لە قۆناغێکی زەمەنی یەکساندا بەرجەستە بوون. ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەرچاوترین قۆناغەکانی جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانن، کە بەدەوری پرسەکانی نەژادی، دادپەروەری جێندەر و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئەمریکا و سەردەمی دووبارە چالاکی جوڵانەوە هاوچەرخەکانی دادپەروەرانی کۆمەڵایەتی لەجیهان فۆرمی گرت. دیموکراسی بەشداریکەرانەش وەک ئینتەرسکشنالیتی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاریی بووەتەوە و ئامانجییان پاراستنی شێوەی کارگێڕی دیموکراسییە لە دەوڵەت – میللەتی لیبراڵی نوێ، کە بەردەوام لە فراوانبووندایە. هەروەها دیموکراسی بەشداریکەرانە لە پەیوەند بە لیبرالیزمی نوێ ڕووبەڕووی ئاڵنگاری نوێ بووەتەوە. بە تایبەت کە پێوەندییە

مێژووییەکەی بەجولانەوە کۆمەلایەتییەکانی گروپی ژێر دەسەلات، ڕووبەڕووی فشارگەلێکە بۆ نۆژەنکردنەوەی لە قالبی پرۆژەیەکی دەولەتیدا. تووێژینەوەی پەیوەندییە مێژوویی و تیۆرییەکانی ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە بە شێوەیەکی بەهێز شووناسێکی نوێی لە هەر دوو بوارەکە دەخاتەڕوو. بە تایبەت بەدەرککردنی ئالۆزتری دەسەلات و سیاسەت، دەکرێت هەر یەکەیان بەجیا بەرەوپێش ببرێت تا هاوکاری پرۆژەکە بکات، بەلام گرینترین مەسەلە خێراییدانە بە بوونی گفتوگۆی نێوانییان. (پلاشس ٢٠١٦)

ئەم وتارە هەولدەدات لەوە بکۆلێتەوە کە چۆن دەکرێت پەرەپێدانی زیاتری شیکارە ئالۆزەکانی دەسەلات و سیاسەت تیشکبخاتەسەر مۆتیڤی دیاری ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە. بە پێی لێکۆلینەوەی ئینتەرسکشنالیتی بەشی یەکەم، نادیار: دەسەلات گەورە کراوە و کاری سیاسی نەبینراو» گەلالەی گشتی سێ خالی چەقی شیکردنەوەی کێشەی دەسەلات دەخاتەڕوو:

١- چۆن شیکردنەوەکان بەرنامەڕێژی دەکەی تا بەرمەبنای ستەمەکانی چەوساندنەوە و بوونیادی سیستمەکانی دەسەلات بێت.

٢- چۆن شانشینەکانی دەسەلات کۆمەلێک میکانیزمی چەمکی بۆ شیکارکردن و وەلامدانەوە بە پێوەندییەکانی چەوساندنەوە فەراهەم دەکات.

٣- چۆن شیکارە تەواوترەکانن، کردەی سیاسی گروپەکانی ژێردەسەلات ڕووندەکاتەوە.

بەشی دووەم «فێمنیزمی ڕەش، نەرم لە هاوپێوەندی و ئینتەرسکشنالیتی» لەسەر شیکردنەوەی دەسەلات بونیادنراوە و ئەم شیکردنەوەیە بەهۆی لێکۆلینەوەی دەسەلات و کاری سیاسی لەڕوانگەی نەریتی بەرخودانی ئەو گروپانە دەکرێت، کە لەڕووی مێژووییەوە ستەمییان لێ کراوە.

هەرگیز کردەی سیاسی ژنانی بەرەگەز ئەمریکی – ئەفریقی تەنیا نەخشەی شیکردنەوەی جێگرەوەی دەسەلات و سیاسەت نەبوە. فێمینیزمی ڕەشی ئینتەرسکشنالیتی و سیاسەتی نەرم و کردەگەرایانەی بەچەمک کردووە و سیناریۆی زۆری هەبوە و زاراوە نەگۆڕ و ئایدۆلۆژی تیۆرە سیاسییەکانی تێ پەڕاندوە. بەمەش پێگەی گرانبەهای بۆ بینینی زیاد زەروریبوونی دیموکراسی بەشداریکەرانە وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ بەرنامەی کاری پسپۆڕی دەولەت هاتووەتەئاراوە. بەشی سێیەم «جیاوازییەکانی دەسەلات دروستییان دەکات، ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە» باسی شیکردنەوەی پرسی دەسەلات لە ئینتەرسکشنالیتی بۆ پرۆژەکانی ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە دەکات.

### یەکەم/ شاراوە لە بینین: گەورەکردنی دەسەلات و کاروباری سیاسی نەبینراو

تێگەیشتن لە ئینتەرسکشنالیتی دەسەلات وەک دیاردەیەکی فرەڕەهەندی، لەم بەشەدا سێ چوار چێوەی دیاریکراو لە کاری خۆم لە پرسی دەسەلات و سیاسەتدا دەخەمەڕوو تا شوێنی چوونەناو باسەکەوە بۆ شیکردنەوەی چەوسانەوە لە پێوەندییەکانی دەسەلاتدا دیار بێت.

دوو. ماتریس کە باسی سیستمی دەسەلات دەکا، چۆن سیستمی چەوساندنەوەی دەسەلات، لایەکانی یان بەشەکانی دەسەلاتی سیاسی

دەسازێنێت. (کالینز ٢٠٠٠)

سێ. چوارچێوەی شانشینی دەسەڵات کە بەدەستەبەندییەک پیشانی دەدات ڕەهەندە ستراکچەری، دیسپلینی، کلتووری و مامەڵەییەکانی دەسەڵات بە شێوەیەکی تاک یان لە پێوەندی ستراکچەری چۆن کاردەکەن تا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەسەڵات فۆرمۆلە بکەن.

چوار. ستراکچەری کۆمەڵ وەک میکانیزمێکی شیکاریی بۆ تووێژینەوەی بەرخودان و شێوەکانیتری ڕەفتاری سیاسی.

سەرەتا هەر چوارچێوەیەکییان بەشیکاری پێوەندییەکانی دەسەڵات لەڕوانگەی ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی - ئەفریقی و گروپەکانی هاوشێوە پەرە پێبدەین، کە لە چوارڕیانی سیستمەکانی دەسەڵاتدان. لە دەرئەنجامی ئەم سێ چوارچێوە بە شێوەیەکی هاوبەش نەخشەی شیکردنەوەیەک لە دەسەڵات دەکێشن، کە ستەم و ستراتیژی بەرخودان لە بەرامبەری ڕوونبکەنەوە.

ماتریس ئاماژە بەدەسەڵات بەچۆنیەتی ڕێکخراوی دەسەڵاتی سیاسی لە شیکردنەوەی لە ئاستی گەورە لەڕێگای سیستمەکانی چەوساندنەوەی ستەم دەکات. باوکسالاری هاوڕەگەزباز، پۆست کۆلۆنیالخوازی، سەرمایەداری، نەژادپەرستی و ئیمپریالیزم، کە شێوەگەلێک لە دەسەڵات دروست دەکەن، نەخشەی جیۆپۆلەتیکی جیهان دەکێشن کە لە دەوڵەت – میللەتان بە شێوەی جیاواز دەبێت و تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێرکاریگەرییەوە. جەختکردنەوەی ئینتەرسکشنالیتی لە سیستمەکانی چەوساندنەوەی دەسەڵات ئاماژە بە شێوەی جۆراوجۆری دەسەڵات دەکات، کە

هەر یەکەیان ڕایەڵەی دەسەڵاتی خۆیان هەیە و ماتریسێکی دیاری کراو، دینامیکی چوارڕیانی دەسەڵاتمان پیشان دەدات. بۆ نموونە چوارڕیانی نەژادپەرستی، سەرمایەداری و ڕەگەزپەرستی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرازیل جیاوازە. دەکرێت لە هەر دەوڵەت – میللەتێک و لە نێوان دەوڵەت – میللەتەکانی ماتریاس، دەسەڵاتێکی دیاری کراو بەرهەم بهێنێت.

لەوانەیە دوو وڵات لە مێژووی دەسەڵات و فەرمانڕەواییدا هاوبەشیگەلێکیان پێکەوە هەبێت، بۆ نموونە دەربارەی ئاستی دەستێوەردان لە بازرگانی کۆیلەکانی ئەفریقا وەک کۆلۆنیال و دەوڵەت – میللەتی نادیموکراسی، کە تواندنەوەیان لەسەرمایەداری جیهانیدا بەس بێت. لەگەڵ ئەوەشدا مۆدیلی دەستنیشانکەری دەسەڵات بە شێوەیەکی بەرچاو لە یەکتری جیاوازن. ناتوانین ستەمی نەژادی، چینایەتی، ڕەگەزی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەرازیل بەڕەبەیەک بپێوین و لە نائامادەیی تایبەتمەندییە مێژووییەکانی هەر یەکەیان، دەرفەتی دیاریکردنی بنەما گشتییەکانی شووناسی دەسەڵات بۆ وڵاتان نییە.

چوارچێوەی مەودای هێز، کۆمەڵێک میکانیزمی چەمکی بۆ دیاریکردن و وەڵامدانەوەی ستراتیجی لە هەر جۆرێک لە ماتریسییەکانی دەسەڵات فەراهەم دەکات. بە گشتی ئەم چوارچێوانە بە شێوەیەکی ناهێڵی بەرنامەڕێژیکراوون. لێرەدا پێوەندی نێوان جۆرەکانی ستەمی هۆ و هۆکار لە بەرچاونەگیراوە و جۆرێک ستەم دیاری ناکات، کە لە جۆرەکەی دیکەی ستەم چی ڕوودەدات. ئەم ڕوانگەیە لە شیکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان، کە لە ماتریسێکی دەسەڵاتی دیاری کراو، کاریگەری بە سەر کۆمەڵەیەکی تایبەتی

دەبێت و کارایی هەیە. بۆ نموونە لە دەربڕینی چۆنیەتی کاریگەری سیاسەتی کۆچبەری بەسەر مافەکانی هاوڵاتیبوون. چوارچێوەی مەوداوی هێز دەرفەتی شیکار کردنی وردتری دەربارەی چۆنیەتی ڕێکخستن و بەرخودانی پێوەندییەکانی دەسەڵاتی نادادپەروەرانە ئامادە دەکات. مەودای هێز لە فەرامهێنانی کۆمەڵێک لە میکانیزمەکانی شووناسی بۆ تاکەکان لە گروپەکان و میللەتانی ژێر ستەمیش ڕێکەرەوە دەبێت تا لەم ڕێگایەوە ستراتیژییە زانستییەکان لە وەڵامدانەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان کە هاوڕێی ڕژێمە چەوسێنەرەکانن، شیکارییان بکەن و پەرەیان پێ بدەن. لە ڕاستیدا چوارچێوەی مەودای هێز فەزای شیکارکردنی فراوانتری لە ماتریسێکی دەسەڵاتی تایبەتی بەدینامیزمییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی سیاسی تاک و کۆ لە پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەبەستێتەوە. چەمکی کۆمەڵ پانتاییەکی فراوان لە پێوەندییەکانی دەسەڵات پێکدەهێنێت و بوارێکە بۆ تیۆرسێنی بەرخودانی گروپەکانی ژێر ستەم و کردەی سیاسی تاکەکان لەم گروپانەدا. گروپەکانی ژێر ستەم بەشێوەیەکی ئاسایی بێبەشن لەدامەزراوە ڕەسمی و یاسادانان و دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی زانست، کە لە ئاکامی ناوەکییە کۆمەڵایەتییەکان ئەزموونیدەکەن، تواناییانە لە بەکارهێنانی دەسەڵات لە بواری فرەلایەنەییەکەی سنووردار دەکات. ئەم سنووردداربوونە بەنۆرەی خۆی ڕێکارەکانی داینەمۆی چارەسەرکردنی پرسەکەش سنووردار دەکات، چونکە تێڕوانینی ئەو تاکانە پەراوێز دەخرێن، کە لە ئەوانی دیکە زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا توانای گروپێک خەڵک لە پەیوەندیکردن پێکەوە و گرەنتیکردنی مانەوەیان، بواری سیاسییە بۆ مەشقکردنی بەرخودان لە بەرامبەر بێبەشی و دەستڕۆیشتووییە.

لە کۆی ئەم سێ چوارچێوەی پەرچکەرەوەی هەوڵەکانم بۆ چەمک دانان لە دەسەڵات بە شێوەیەکە کە لێکۆڵینەوە و پراکسیسی ئینتەرسکشنال لە دەرەوە و ناوەوەی زانکۆ بەرەوپێش دەبات. چڕبوونەوەی ئینتەرسکشنالیتی لەسەر بەیەکگەیشتنی ستەمەکان وەک بنەمایستراکچەری دەسەڵات، شیکردنەوەی ئەوەی کە چۆن ناوەکییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە بەیەکگەیشتنی ستەم ڕیشە دەگرن، لەسەرانسەری شانشینی دەسەڵات دیسپلین دەکرێن. گرنگی سەنترالی کۆمەڵ وەک مۆدێلێک بۆ سیاسەتی دەسەڵات و بەرخودان، ڕەهەندی بەرچاو لە شیکردنەوەی دەسەڵات بۆ ئینتەرسکشنالیتی و بە شێوەیەکی شاراوە بۆ دیموکراسی بەشداریکەرانە پێک دەهێنێت.

### ١.١. دەسەڵات و بەرخودان وەک ئامانجێک بۆ تووێژینەوە: کەلێنی چوارچێوەی ماتریاسی دەسەڵات

چڕبوونەوەی ئینتەرسکشنالیتی لەسەر پێوەندییەکان و ڕێژەکان لە ستەمی چەوساندنەوە و گەڕان بۆ تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی کە هەمیشە لە ستەمی فرەلایەنی هەڵدەتۆقێن، دەتوانێت تێگەیشتنی قووڵتر لە شێوە جیاوازەکانی دەسەڵات و بەرخودان بخاتەڕوو. لەم ئاقارەدا، ستراکچەری ماتریاسی دەسەڵات یەکێکە لە ڕێگاکانی گەیشتن بەڕوانگەی ڕاست لە ئەدەبی جۆراوجۆری دەربارەی دەسەڵات فەراهەم دەکات و تیواری

بە شیکردنەوەی پێوەندیەکانییان دەبەخشێت. بەدەربڕینێکی دیکە، لەوانەیە دەسەڵاتی سیاسی پشت بە بنەمای لێکچوو ببەستێت کە بە شێوەی جیاواز ئیمپریالیزم، باوکسالاری و شێوەکانی دیکەی دەسەڵات ڕێکییانخستوون. جگەلەوە دەکرێت بەکارهێنانی ئینتەرسکشناڵتی بۆ تاوتوێکردنی ماتریسی دەسەڵات لە هەر پێگەیەکی دیاری کراو، پێوەندییەکانی نێوان سیستمی چەوساندنەوەی هێز، دەسەڵات و بەرخودانی سیاسی ڕوونبکاتەوە.

چۆن لە تیۆری سیاسیدا لە چەمکی دەسەڵات دەگەین؟

کۆلۆنیال، پۆست کۆلۆنیالگەرایی، ئیمپریالیزم، باوکسالاری ئەوی تری هاورەگەزباز، سەرمایەداری، ناسیۆنالیزم، نەژادپەرستی و نیۆئیستعمارگەرایی شێوە بە شوویناس لە دەسەڵاتی سیاسی دەدەن. بەرهەمێکی زۆر و فراوان دەربارەی دەسەڵاتی سیاسی هەیە، کە لە ڕەهەندی هاوبەشەوە، شێوە مێژووییەکانی دەسەڵات لە ئاستی بەرز سەرەداوگەلێک دەخەنەڕوو. بۆ نموونە دەربارەی جیاوازی نێوان نەژادپەرستی و بە شێوەی کۆمەڵکوژی یان توندوتیژی (وەک جینۆساید لە لایەن نازییەکان) یان نەژادپەرستی بە شێوەی دەسەڵات و چەوساندنەوە (هاوشێوەی جیاکاری نەژادی لە ئەمریکا یان ئاپارتاید لە ئەفریقا و نەژادپەرستی کۆلۆنیالی). ئاتین بالیبار لە تیۆرێکی ڕەخنەیی جیاکاری نەژادی بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەچێتە ناوەوە (بالیبار ١٩٩١). بالیبار بەڵگەدەهێنێتەوە کە کەم و زۆر وادێت ئەم جۆرە نموونانە بە شێوەیەکی لێکجیا و تاک سەرهەڵبدەن و ئاساییە کە لە پێوەند پێکەوە دەربکەوون. کتێبی مۆدێرنیتە و هۆلۆکۆست، بەرهەمی کلاسیکی زیگمۆند باومەن، پەرە بە تیۆری نەژادپەرستی ڕیشەکێشکردن و بنەبڕکردن دەدات و باسەکەی بالیبار بەرەو هەمەلایەنەی ناسیۆنالیزم فراوان دەکات تا نەژادپەرستی ڕیشەکێشکردن و بنەبڕکردن بە خودی مۆدێرنیتە ببەستێتەوە (باومەن ١٩٨٩). هانا ئارێنت تیۆرسێنی سیاسی کە فۆکەسی خستووەتە سەر تیۆرسێنی لە بواری نەژادپەرستی، لە کتێبی ڕیشەکانی تۆتالیتاریزم گرنگی بە مێژووی دەسەڵات دەدات، تیۆرەکەی بالیبار دەربارەی نەژادپەرستی لە ناوخۆ و دەرەوە، هاودەنگی ڕاڤەکردنەکەی باومانە بۆ نەژادپەرستی و مۆدێرنیتە (ئارێنت ١٩٦٨). ئەم سێ نموونە لە تیۆری سیاسی نیشانەی ئەوەیە کە بتەوێ یان نەتەوێ، میکانیزمی گرنگ بۆ بیرکردنەوە لە شێوەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەخرێتەڕوو.

کاتێک بەرهەمێک لە بواری دەسەڵاتی سیاسی یان تیۆری ستەمی چەوسانەوە لە ئینتەرسکشنالیتی دێنە ناو گفتوگۆوە، سەرەتایەکی بەسوود بۆ نەخشەکێشانی ماتریسی دەسەڵات فەراهەم دەکات کە لە ڕێگای پێکەوەبەستراوی سیستمە تایبەتییەکانی هێز فۆرمۆلە دەبێت. قامووسی ئۆکسفۆرد مانای جیاواز و ورد لە وشەی ماتریس پێشنیاردەکەن. ماتریس دەتوانێت بەڵگەودەلیلی لەسەر ناوەندی کلتووری، کۆمەڵایەتی یان سیاسی هەبێت کە شتێک لەم ناوەندەدا گەشە دەکات یان قالبێک کە لەوشتەدا تۆمار یان چاپ بکرێت و فۆرمۆلە بێت، یان شتێک وەک بارودۆخێک یان کۆمەڵێک لە هەلومەرجەکان، کە تێیدا شتێکی دیکە فۆرمۆلە دەبێت یان گەشە دەکات. ئەم پێناسانە وەک تەلارێکی ستراکچەربەخش لەسەربنەمای

ماتریس قاڵبڕێژی دەکەن و هاوکات شوێنی نەزۆک نین کە تەنیا پانتایی بەڕێکەوت بن، بەڵکو شتێکن کە شێوە و بنەما بە دیاردەی دینامیزمی دەدەن. هەر چۆنێکبێت ئینتەرسکشنالیتی دەخاتە سەر تێگەیشتنی گشتی لە ماتریسی ڕاڤەکاری سیاسی. بە هەمان شێوە کە ویویان ئاماژەی پێ کردووە (ئینتەرسکشنالتی پێشگریمانەکان ئاڵنگاری تاک، هێز و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەکات. بە تایبەت کە لایەنگیرکردنی فرەڕەهەندی ماتریس لە ئینتەرسکشنالیتی واقیعیەتە سیاسی – کۆمەڵایەتییەکان، ڕێسا زانستی و چوارچێوەکانی دادپەروەری تاک تەوەری جیاوازە.

هەندێک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی ماتریسی دەسەڵات، لە گەڵاڵەی ستراکچەری دەسەڵات و بەرخودان دەردەچن.

یەکەم، تەواوی کەش و هەوای دەسەڵات پێکهایەتەکە لە چەندین ستەمی چەوساندنەوە و دەسەڵات و بەرخودان لە بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ڕێکدەخرێن. لەوانەیە ماتریسی دەسەڵات لە دەقی هەر وڵاتێک شێوەی جیاوازبێت – نموونەکەی سەرەوە کە دەربارەی ئەمریکا و بەرازیل هێنامانەوە – لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی ماتریسی دەسەڵات دەلالەتی بە سەر جیهانگیری بوونی ستەمەکانی چەوساندنەوە لەگەڵ واقیعیەتەکانی تایبەتی ناوخۆدا هەیە. ڕێک بە هەمان شێوە کە شێوە تایبەتییە مێژوورییەکانی ستەمەکانی چەوساندنەوە لە وەڵامدانەوەی کردە مرۆییەکان گۆڕاوە – هەر وەک جیاکاری نەژادی بەردەوامە، بەڵام شێوەکەی لەسەردەمەکانی ڕابردوو جیاوازە –، شێوەی دەسەڵاتیش گۆڕاوە.

دووەم، تا ئەوکاتەی ڕێساکانی هێز بە شێوەی تیۆری هەن و لە ماتریسی دەسەڵاتدا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەدۆزرێنەوە، هەندێک لە جۆرەکانی هێز لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا زەقترن. ئینتەرسکشنالیتی مۆدێلەکە بۆ لێکۆڵینەوە لەو کۆمەڵە سیستمە فرەلایەنەی هێز، کە بەزوویی دەگەن و هەڵبەتە هەموو سیستمەکانی هێز هاوشێوە نین و بە ماتریسێکی دەسەڵاتی دیاری کراویش دیاری ناکرێن. بە هەمان شێوە کە کردەی سیاسی بۆ بەرخودان لە بەرامبەر دەسەڵاتدا زەرورە، خستنە ڕووی شیکردنەوەیەکی ورد لە خاڵە بەرجەستە و جیاوازەکانیش، بۆ شیکردنەوەی چەوساندنەوەی پێویستە. بۆ نموونە نەژاد، ڕەگەز، چین و نەتەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکانگیرن، هەندێک جار نەژاد بەنوێنەرایەتیکردنی چین کاردەکات. جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە خەبات، کارنامەی خۆیان شتێک سەرووتر لە چەمکی شووناسی نەتەوەی ئەمریکی دیاری بکەن، لە ڕاستیدا کێشە بۆ نەتەوە دروستبکەن و هاوکات سیستمەکانی دەسەڵاتی پشتگوێخراو زەقبکەنەوە. فێمێنیزم کاریگەری بەرچاوی لە سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەبووە، بەم هۆیەوە کە پێوەندییە ڕەگەزییەکانی بە سیاسی کردووە و باش پیشانی دەدا چۆن ئەوەی لە ئاستی جیهانی بە سیاسەتی نەتەوەیی ناودەبرێت، بە هۆی ڕەگەز و سێکسواڵیتە فۆرمۆلە دەبێت. زۆر لەمێژە ڕەگەز و سێکسواڵیتە خراونەتەڕوو، بەڵام لە وەڵامدانە بە جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی فێمێنیزم تۆختر بوونەتەوە.

سەرئەنجام بەرمەبنای چڕبوونەوەی ئینتەرسکشنالیتی بە سەر ستەمەکانی چەوساندنەوەی چوار چێوەی ماتریسی

دەسەڵات، ئاڵۆزییەکان و ناسەقامگیری لە وەسفکردنی چۆنیەتی پێکەوەژیانی دەسەڵات و بەرخودان باشتر پیشان دەدات. هەمیشە چ دەربارەی نەژادپەرستی و چی دەربارەی ڕەگەزپەرستی بەرخودان هەیە، تەنانەت ئەگەر لەڕوانگەی نائامادەبوون بێت. بەرخودان لە ناو دەسەڵاتدا ڕیشەی داکوتیووە. پشتبەستن بە ماتریسی تایبەت لە دەسەڵات، کە لە پێوەندییەکانی ڕۆیشتن و گەڕانەوە فۆرمۆلەدەبێت، ستەمەکانی چەوساندنەوە و بەرخودان پێکەوە دەبەستێتەوە. ماتریسی تایبەت لە دەسەڵات ڕەفتاری سیاسی پێکدەهێنن، کە تانوپۆیەکەی چوارڕیانی ئیمتیازات و لاوازییەکانی لە خۆگرتووە. بەوەیکە تاکەکان و گروپەکان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دینامیزییەکان بەشدارن، هەڵکردن لەگەڵ لێکدژییەکانی نێوان پاداشت و سزا لەم پێگە ئاڵۆزانەی گۆشەی ڕوانینی تر بۆ هێز و بە هەمان شێوە بۆ جۆرێک لە کردەی سیاسی بونیاد دەنێت کە لەم پێگانەدا ڕوو دەدات.

بە هۆی ئەوەی ئینتەرسکشنالیتی لە قووڵایی نەریتەکانی بەرخودان سەریهەڵداوە، پەرەپێدانی شیکردنەوەی هێز لە هزری ماتریاسی دەسەڵات خۆی لە خۆیدا دەتوانێت بە سەر ستراتیژییەکانی بەرخودان شۆق بداتەوە. گروپەکانی ژێر دەسەڵات لایەنگرییان بۆ شێوەدان بەئاشکراکردن، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە چۆن دەسەڵات دەتوانێت ئەزموونەکانییان لە ماوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەربڕیووە. لە بەرامبەردا گروپەکانی نووخبە ئارەزوومەندن کاریگەری دەسەڵات لە هەموو بوارەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کەم بکەنەوە یان خەوشداری بکەن. هەر چەند گروپەکانی نووخبە چالاکی ئەکادیمی کۆنترۆڵدەکەن، دەکرێت دەسەڵاتی سیاسی بە کارێکی زۆر باو، ئاشکرا و ئاسایی دابنرێت. بەم حاڵە بە لەبەرچاوگرتنی دەسەڵات وەک پێگەیەکی ئاسایی و باو، بەرخودان لە بەرامبەر دەسەڵات کارێکی نائاسایی و ڕیزپەڕە. بەم ئاقارەدا چوارچێوەی ماتریسی دەسەڵات گرنگی پێوەندی دوولایەنە زەق دەکاتەوە، کە لە نێوان دەسەڵات و بەرخودان لە بوارەکانی هێز ڕێک دەخرێت.

## ٢.١. میکانیزمەکانی شیکردنەوەی پێوەندییەکانی هێز: چوارچێوەکانی پەراوێزی هێز

چوارچێوەی مەودای هێز، میکانیزمێکی ئاشکرایە بۆ لێکۆڵینەوە لەڕێکخستنی پێوەندییەکانی هێز. دەکرێت ئەمشێوە ئاشکرایە بۆ شیکردنەوەی سیستمەکانی هێز، چ بە شێوەی تاک و چ لە پێکەوە بەستنەوەیان سوودییان لێوەربگیرێت. وەک نموونە، ڕێکخستنی نەژادپەرستی وەک سیستمێکی تاک لە ستەم (کالینز ٢٠٠٩) و سیستمەکانی چەوساندنەوەی هێز. بە هەمان شێوە دەکرێت بۆ شیکاری بەرخودان لە بەرامبەر ستەم لەمشێوە ئاشکرایە سوودوەربگرێت، وەک نموونە دەتوانن لە ڕاڤەکردنی پێشینەی بەگژداچوونەوەی نەژادپەرستی یان فێمێنیزم و لێکنزیکبوونەوەیان لە فێمێنیزمی ئینتەرسکشنالیتی بەکاربهێنرێت.

بە کورتی، شێوەی دۆزینەوەیی چوار ڕەگەزی سەرەکی هەیە. سیاسەتە گشتییەکان کە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی پێکهێنەرییەتی، مەودای ستراکچەری هێز ئۆرگانیزە و ڕێک دەخات. قاتبەندی کۆمەڵایەتی لە قاڵبی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بانکەکان، کۆمپانییاکانی بیمە، فەرمانگەی

پۆلیس، پیشەسازی ملکومالّ، قووتابخانەکان، فرۆشگاکان، ڕیستۆرانتەکان، نەخۆشخانەکان و فەرمانگە حکومییەکان فۆرمۆلە دەبێت. کاتێک خەڵک یاسا و بڕیارەکانی ژیانی ڕۆژانە و سیاسەتی گشتی بۆ پشتگیریکردن لە قاتبەندی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن یان ئاڵنگاری دەکەن، چالاکی و هەنگاوەکانییان مەودای دیسپلینی هێز پێکدەهێنێت. خەڵک بە پێی تاکتیکەکانی چاودێریکردن تەماشای یەکدی دەکەن و پێکەوە میتۆدی دیسپلینی لە ڕەفتاری کەسی، خۆیان سانسۆر دەکەن. مەودای کلتووری هێز ئاماژە بەدامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەگەلێک دەکات کە ئایدیای هەژموونی بەرهەم دەهێنن و پاساو بۆ نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دەهێننەوە. ئایدیای دژە هەژموونی بەرهەم دەهێنن و ڕەخنە لە نادادپەروەریبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرن. لەڕێگای میدیا کلاسیکی و کۆمەڵایەتییەکان، هەواڵنێری و بەرنامەی وانەیی، مەودای کلتووری و کۆبوونەوەکان، ئایدیاکان و ئایدۆلۆژیا لە پێوەند بە نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دروستدەکەن. مەودای نێوان تاکی هێز بریتییە لە هەزاران ستەمی چەوساندنەوە کە تاکەکان ئەزموونییان کردوە.

شێوەی دۆزینەوەیی بەرمەبنای مەودای هێز، بە ئاشکرا چەندین ڕۆڵ بۆ پەرەپێدانی شیکردنەوەی هێز دروست دەکات.

یەکەم، چونکە چوارچێوەی مەودای هێز شێوەیەکی دۆزینەوەییە نەک مۆدێلێکی ڕوونکردنەوەیی، پەیوەست نییە بە چەوساندنەوەی ستەمی بانگەشەیی. هیچ بوارێک بەگرنگتر لە بوارەکەی دیکە دانانرێت. دەکرێت پێوەندییەکانی هێز لە هەر بوارێک و یان لە ڕێگای هەر چوار بوارەکەوە شی بکرێتەوە. شێوەی دۆزینەوەیی پیشانی دەدات کە هەموو مەوداکانی هێز لە هەر بوارێکی کۆمەڵایەتیدا هەن و کار لە ڕیکخراوی هێز دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک لە نەریتە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵایەتیدا، گرانی سیاسی مەودایەک سەبارەت بە مەودایەکیتر لەڕوانگەی مێژوویی و ناوەڕۆکەوە دەردەبڕێت، ئەم شێوەی دۆزینەوەیی گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شوێنی لە شیکردنەوەی پێوەندییەکانی چوارڕیانی هێز پیشان دەدات. ئەم بابەتە بە هۆی ئاڵۆزی پێوەندییەکانی چوارڕیانی هێز بە شێوەیەکی تایبەتی لە بەچەمککردنی پێوەندییەکانییان زۆر گرنگە. شێوەی دۆزینەوەیی کاریگەرە، چونکە نەرمونییانە. دەکرێت هەنگاونان لە مەودایەک بەدرێژایی قۆناغێکی مێژوویی بەرخودان یان بە پێگەی جوگرافیای جیاواز بەراورد بکرێت.

دووەم، شێوەی دۆزینەوەیی لە بەرامبەر داشکانخوازی لە خودی بەرخودان پیشان دەدات، چونکە هاوکاری نێوان مەوداکانی هێز، شێوە ئاڵۆزەکانی دەسەڵات و بەرخودان ئاشکرادەکات (کالینز ٢٠٠٩) وەک نموونە، هەوڵەکان بۆ سەرکوتکردنی دەنگی خەڵکانی پێسترەش و بەرەگەز لاتین لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ساڵی ٢٠١٦ی ئەمریکا، دەکرێت لە هەر چوار مەودای هێز بنوێنرێتەوە، واتا هەنگاونانی یاسایی بۆ پووچەڵکردنەوەی دەنگەکان بە شێوەیەکی بنەمایی (پێکهاتەیی)، هەواڵی ساختە بەرمەبنای ساختاکاری فراوان بێ خستنەڕووی بەڵگە، بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی بێمتمانەیی نێوان هاوڵاتییان (کلتووری)، دروستکردنی بارودۆخێکی دووژمنکارانە بۆ دەنگدەرانی پێسترەشی داهات کەم لەڕێگای هەنگاونانی

وەک گواستنەوەی شوێنی دەنگدەران بۆ ناو ئۆفیسی پۆلیس (ئاسایش) و پاڵنانی هاوڵاتییانی پێستسپی بۆ هاتوچوون لە شوێنی دەنگدان بۆ ترساندنی دەنگدەران لە کەمینەکان (نێوان تاکەکەسی). هەر یەک لەم کۆمەڵە هەنگاونانە، پەیوەستن بە جۆرەکانی تایبەتی بەرخودان و چالاکی سیاسی پۆست بازنەیی. دواجار، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە چۆن هەنگاونانی تایبەتی، ڕواڵەتی سیاسی، دامەزراوەی کۆمەڵایەتی یان ڕووداوی ناخۆش دەتوانێت لەڕێگای مەودایەکی هێز یان بە بەکارهێنانی سیستمێکی دەسەڵات ڕوونبکرێتەوە، هەر چۆنێکبێت میتۆدی دۆزینەوەیی بەرمەبنای مەودای هێز، لەخستنەڕووی شیکاریی یەکتربڕ لە هێز، جۆرێک لە ئاڵۆزی شیکاریی دروست دەکات. دەکرێت پێوەندییەکانی هێز لەڕوانگەی تیۆرییەوە لە ڕێگای ستراکچەرە فرەلایەنەکانی وەک نەژادپەرستی و جیاکاری ڕەگەزی وەک ستەمەکانی چەوسانەوە و لەڕێگای مەودای هێز، واتا ستراکچەری، دیسپلینی، کلتووری و نێوان تاکەکەسی شیکار بکرێت. هاوکات، سادەیی شێوەی دۆزینەوەیی مەودای هێز هاوکاری ڕێنماییکردنی ئاڵۆزی زادەی شیکردنەوەی هەڤبڕی هێز دەکات. ئەم چوارچێوەیە توانامان پێ دەدات تا مەوداکان بەگوێرەی پێداویستی پرۆژە فیکری و سیاسییەکانی خۆی بنووسین تا لەسەر یەک یان چەند مەوداویەکی تایبەتی قووڵ ببینەوە. ئەمە هەمان جۆری نووسینی چەمکییە کە پێشینەدان بە شێوە تایبەتییەکانی جیاکاری لە ماتریسێکی دەسەڵات پیشان دەدات. پۆلێنکردنی سیستمەکانی هێز بە پێی ڕادەی زەقییان بۆ بارودۆخی تایبەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بەم مانایە، کە تاک دەتوانێت نەژادپەرستی یان ڕەگەزپەرستی بە بێ لەبەرچاوگرتنی هەموو سیستمەکانی هێز شیکار بکات.

### ٣.١. ڕەفتاری سیاسی بەکۆمەڵ و سیاسەتی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵی ستراکچەری، بۆ تیۆرسێنی ڕەفتاری بەکۆمەڵ ئامادە دەکات. تاکەکان لە ناوەندی جڤین لە بەرامبەر قاتبەندی جڤاکی لەخودی ژێردەستەیی یان بەرخودان نیشان دەدەن و لە ناوەندی گروپی، ئایدیاکان و کردارەکانیان هاوبەش دەکەن. دیموکراسی لیبراڵ وەک پانتایی سیاسی و دیموکراسی ئاماژە بە مافەکانی هاوڵاتیی تاک دەکات و بەڵێنی ئازادی تاک بەوانەدەدەن کە ڕەخنەگرتن لە بەشداری بەکۆمەڵییان خستووەتەلاوە. بەم حاڵە نایەکسانی کۆمەڵایەتی بەم مانایە نییە کە تاکەکانی گروپی ستەمدیدە ناتوانن مافەکانیان بەکاربێنن و دووره مافگەلێکی وەها بێکردەی بەکۆمەڵ بەردەوام بەدەست بێنن. لەم بارودۆخەدا، کۆمەڵەکان پانتاییەکی سیاسی زەروری و هەر چەند نەخوازراو پێک دەهێنن (کالینز ٢٠١٠).
تایبەتمەندییەکانی فرە ستراکچەری کۆمەڵ، گرژییەکی بەرچاو لە دەرککردنی سیاسەتەکاندا دەبینن.
یەکەم، کۆمەڵەکان میکانیزمگەلێکی زۆر لە خۆدەگرن، کە تاکەکان بەدامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستنەوە و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان ڕێک دەخەن. نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان، ستەمی یەکتربڕ لە ڕێگای مەوداکانی هێز بە شێوەیەکی ڕێکخراو پێک دەهێنن و لە کۆمەڵدا بوارێک دەڕەخسێت کە خەڵک ئەم پێوەندییانەی هێزی تێدا ئەزموون دەکەن. تاکەکان پەیوەندییەکی بێ نێوەدگیرییان

بە پێوەندییەکانی هێزەوە نییە. لەجیاتی کۆمەڵی فرەلایەنە و یەکتربڕ، پێگەی تاک لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکات. لەڕوانگەی چەمکییەوە، کۆمەڵەکان نەمۆدێلی بەشداری دیموکراسیین و نەقاتبەندییەکانی ڕیشە قووڵ. ئەگەرچی جۆرەکانی کۆمەڵ لە زۆربەی گەلاڵە سیاسییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر وێنادەکرێن، بەڵام هەمیشە لە لایەن ئەندامانی خۆیانەوە دروست دەکرێن. کۆمەڵ ئەندامەکانییان بۆ ئەوە دەگۆڕن دەیانەوێت یان ئەگەر نا، دەیانسڕێتەوە. خەڵک چی بە شێوەی ئیرادی و نائیرادی لە قاڵبی کۆمەڵ بۆ دەرککردن و ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی ستراکچەری کۆمەڵ، لەوانە کاردانەوە سیاسییەکان، سوود لە هەلومەرجی خۆیان وەردەگرن. بە شێوەیەکی هاوشێوە، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێکخستنی ناوەکییە کۆمەڵایەتییەکان، لە سیمبولەکان و بنەماکانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵ سوودوەردەگرن. دووەم، زۆرجار ئایدیاکانی بەستراوە بە خەڵک لەڕێگای بەهێزکردنی هەستیارییەکان دەربارەی ئەندامەکانییان ناچار بە کردە دەکەن. کۆمەڵ تەنها ستراکچەرێکی شووناسی نییە، بەڵکو تێکەڵە بە هەستیارییەکان و ماناکانی هەڵسەنگێندراو. کۆمەڵی گریمانەیی چی دراوسێتی بێت لە شوێن، یان میتۆدێکی ژیانی هاوبەش لەگەڵ گروپێک لە خەڵک، یان کۆمەڵەیەکی کلتووری فۆرمۆڵە بوو بە پێی نەژاد، نەتەوە، قەوم یان مەزهەب، خەڵک بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێزگرتن، پارێزگارییکردن، داکۆکی و زۆربوونی کۆمەڵی خۆیان و بەنادیدەگرتن، گوێپێنەدان، دووری و لە کاتی پێویست، پێویستی بە لەناوبردنی کۆمەڵەکانی دیکەیە (ئەندرسۆن ١٩٨٣). توانای جڵەوکردنی هەستەکان بەم مانایە نییە کە ستراکچەری کۆمەڵ پێکەوە گونجاندن و کارامەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم تایبەتمەندییە هاوشێوەیە پێشگریمانەی ئەزموون نەکراو دەربارەی ئەوەیکە کۆمەڵەکان چین و دەبێت چۆن بن، پەروەردە دەکەن (کۆهن ١٩٨٥). وشەی کۆمەڵ لە ژیانی ڕۆژانە و گوتاری ئەکادیمیدا بە شێوەی تاریفکردن و بە کەمینەی شیکارکردن و ڕوونکردنەوە سوودی لێوەردەگیرێت. لە ئەنجامدا، دەکرێت کۆمەڵەکان بە شێوەی جیاواز وێنابکرێن، لە شیکارکردن لە ئاستی عەقڵ و لە دەروونناسی کۆمەڵایەتی زۆر فراوان لە بەرچاوبگیرێن و لە شیکارکردنی ئاستی زۆری وڵاتێک وەک کۆمەڵ گریمانە بکرێت. دەکرێت کۆمەڵگا لە ماوەی زەڕەبینی فرەکلتووری بریتی لە نەژادپەرستی، سیکسیزم و گوتەزای هاوشێوەی شوینکەوتەیی و بەشخوراویی وێنا بکرێت (یوڤاڵس دیڤیس ٢٠١١).

بەمشێوەیە، ئەوەکە خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا وەک تاکێک کە لە کۆمەڵگادا ئامادەن، هێز بەکاردێنن و بۆ بیرکردنەوە و سیاسەتکردن سوود لە ستراکچەری کۆمەڵ وەردەگرن. بەدەربڕینێکی دیکە، ستراکچەری کۆمەڵ مۆدێلێک بۆ تاریفکردنی پێوەندییەکانی هێزی ڕاستەقینە و مەلمووس و وێناکردنییان فەراهەم دەکات. خەڵک بۆ ڕێکخستن و دەرککردنی هەستەکانی تاک و کۆی خۆیان سوود لە قاتبەندی وەردەگرن. کۆمەڵ شتێکی زیاتر لە کۆمەڵەیەکی ڕێککەوتە لە تاکەکان. لەجیاتی، کەشوهەوای بەرچاو بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پێوەندییەکانی چەوساندنەوەی ستەم و پێک هەڵپژان و ڕکابەری نێوانییانە. نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان لە یەک دەوڵەت – میللەتی دیاری کراودا، شووناسی نەتەوەی ڕێک دەخەن،

یان هەستی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی وەک ڕێگایەک بۆ وێناکردنی پێگەی خۆیان لە پێوەندییەکانی چەوساندنەوەی هێز بەگوێی تاکەکاندا دەدەن. کەوایە، کۆمەڵی ستراکچەری سیاسی و ناوکێک پێک دەهێنێت، چونکە وەک مۆدێلێک بۆ ڕەفتاری سیاسی کاردەکات. سەرئەنجام، ڕوانین بۆ کۆمەڵ وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕەفتاری سیاسی دەستەجەمعی، گرنگی کردەی دەستەجەمعی بەرجەستە دەکات. ئەو کۆمەڵانەی کە ستەمی شووناسی تاکییان ئەزموون کردووە، زۆر جار کەشوهەوای زیاتر بۆ تاک و مرۆڤایەتی لە سنووری کۆمەڵگاکانی نەژادی، قەومی، مەزهەبی یان چینایەتی دروستدەکەن، تا لە کۆمەڵگایەکی فراوانتر. گرووپەکانی ژێردەسەڵات پێویستییان بە یەکە گشتییە بەردەوامەکانە کە بە سەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستییەکاندا قووڵ بووبنەوە. لە بنەمادا، کۆمەڵ وەک مۆدێلێک لە پێوەندییەکانی هێز و لەودیو بەهادانانی تاکەکان وەک هاوڵاتییانی گرنگ، جەختدەکاتەوە لە سیاسەتی دەستەجەمعی. شیکارکردنێک لەهێز کە لێیکۆڵرایەوە، شیکارکردنی لەسەرەوە بۆ خوارەوەی هێز و سیاسەتی خستووەتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستپێکی شیکارکردن بە پێی ڕەفتاری سیاسی و شیکردنەوەی گرووپەکانی ژێردەسەڵات، گۆشەنیگای جیاواز لە هێز و سیاسەت فەراهەم دەکات. لە بەشی داهاتوو لێی دەکۆڵمەوە کە چۆن نەریتەکانی بەرخودانی گرووپەکانی ژێردەسەڵات، بۆچوونی جیاواز دەربارەی چەمکی هێز و سنوورەکانی سیاسەت دەخاتە ڕوو.

**دووەم/ فێمێنیزمی ڕەش: هاوپێوەندی خۆڕێکخەر و ئینتەرسکشنالیتی**

کۆمەڵەکان نەک هەر دەرفەتی سەپاندنی زووڵم و ستەم فەراهەم ناکەن، بەڵکو دەتوانن ببنە شوێنی بەرخودان لە بەرامبەری. ژنانی بەرەگەز ئەمریکی – ئەفریقی کووژرانی باوک، براو کوڕەکانی خۆیان دیتووە، منداڵانی خۆیان لەبەر چەک و مادەی هۆشبەر لە دەست داوە، چاوییان لەسەر کچە نەوجەوانەکانی خۆیان بووە و سەردانی براکانییان لە زیندان کردووە. هەڵبەتە زۆربەی ئەم مەسەلانە نەک هەموویان، لە سنوورەکانی جیاکاری نەژادی ڕوودەدەن. ئەزموونی ژنانی ڕەشی ژێر ستەم، شایەتحاڵ بوون بە سەر ئازاری خۆشەویستانییان و دەرککردنی جەوهەری توندوتیژی دژی ڕەشەکان، ژنان، خەڵکی هەژار و تاکەکانی LGBTQ لە کۆمەڵ، کردەی خێرا کردووە. ژنانی بەرەگەز ئەمریکی – ئەفریقی بە هۆی میتۆدی جۆراوجۆرەوە لە چوونەناوەوە بۆ کردەی سیاسی توانییان هەستیاریی جدی سەبارەت بە پرسی ژنان دروستبکەن. ئەمان ئەم کارانەیان لەڕێگای گشتاندنی شیکارەکانی پێشوو دەربارەی نەژادپەرستی و چەوساندنەوەی چینایەتی کۆمەڵایەتی بۆ ستەمی ڕەگەزی دووئەوەندە کردووە، کە ژیان و کۆمەڵەکەیانی خستبووە ژێر کاریگەرییەوە. جگەلەوانە، بە هەمان شێوە کە دەربارەی فێمێنیزمی ڕەش ڕوویداوە، لە کاتی نەبوونی کۆمەڵی سیاسی، خەڵک دروستی دەکەن.

فێمینیزمی ڕەش بابەتێکی تووێژینەوەیی گرنگە بۆ ئەم پرسە کە چۆن تاکە دەستڕۆیشتووەکان، خۆیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەمریکا بەهێز دەکەن. ژنانی بەرەگەز ئەمریکی – ئەفریقی وەک پرۆژەیەکی یاخیبوونی ئاگایانە پەرەیان بە هزری فێمێنیزم داوە، کە هۆگری سیاسی و نەریتەکانی بەرخودانی ژنانی پێسترەشە

(کالینز ٢٠٠٠). زانیارییەکی وەها جەختدەکاتەوە لەدەرککردنی ئاڵۆز لە دەسەڵات کە ڕێکخراوە و کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبات (ستەمی چەوساندنەوە) و ڕوانگەگەلی ئاڵۆز دەربارەی دەرفەتی سیاسی لە بوارەکانی وەک دەرککردنی فێمێنیزمی ڕەش لە هاوپێوەندی. لەم دۆخەدا، پێوەندییەکانی فێمێنیزمی ڕەش یان ڕەگەزناسی ئینتەرسکشنالیتی، ئەم بابەتە بە تایبەت بۆ تووێژینەوەی جیاوازییەکانی کە دەسەڵات دروستییان دەکات، گرنگ و دەیکاتە چەقی سەرنج.

لەڕوانگەی مێژووییەوە، پرۆژەی فراوانکردنی فێمێنیزمی ڕەش وەک یاخیبوون، دەرئەنجامی ڕەفتاری سیاسی ڕۆژانەی ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی لە خێزانەکان، شوێنی کار و بەشداریکردنی مەدەنییانە و ئەمجۆرە دەرککردنی سەرۆکانی جوڵانەوەی فێمێنیستی ڕەشەکان، ڕۆشنبیران یان ئەکتیڤیستەکان لە هێز و سیاسەت پێک دەهێنێت. ئەم پرسە لەم ڕوانگەیەوە جێگای بایەخە کە ژنانی ڕەش تێگەیشتنی سیاسی جیاوازییان دەربارەی ئینتەرسکشنالیتی و بە شێوەیەکی کارامە دەربارەی دیموکراسی بەشداریکەرانە دروست کردووە، هەستیارییەک کە پیشانی دەدات چۆن تاکەکان لە ئاستی خوارەوەی قاتبەندی کۆمەڵایەتی، پەرە بە شیکارکردنەکانی پێشتری هێز دەدەن.

نەژادپەرستی، سەرمایەداری و ڕەگەزجیاوازی باوکسالاری شێوەکانی زۆر زەقی دەسەڵاتیش بە سەر ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی پێک دەهێنن (مارایل ١٩٨٣). شیکارکردنی قووڵی ژنانی ڕەش لەئینتەرسکشنالیتی و پێوەندییەکانی بەکردەی سیاسییەوە، وەک نموونە دەربارەی هاوپێوەندی خۆڕێکخەر، پەرچکەرەوەی ڕێکخراوی تایبەتی پێوەندییەکانی چەوساندنەوەی هێز لە کۆمەڵی بە ڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی و لە کۆمەڵگای ویلایەتە یەکگرتووەکانە. ژنانی پێسترەش وەک کەسێک و وەک ئەندامی کۆمەڵەیەک کە بە شێوەیەکی مێژوویی بوونیادنراوە، ڕوویان لە ئینتەرسکشنالیتی و هاوپێوەندی خۆڕێکخەر کردووە. لەوێ کە ژنانی پێسترەش دەسەڵاتی چینایەتی – نەژادی بە پێی ڕەگەزی خۆیان و بە شێوەیەکی تایبەتی ئەزموون کردووە، بۆ باشتر دەستنیشانکردنی چۆنێتی کاریگەری ڕەگەز و سێکسواڵیتە لە چەوساندنەوەی ستەمەکانی ڕیشەگرتوو لە نەژادپەرستی و سەرمایەدارییان خستووەتە پێگەیەکی دروستترەوە. بەدرێژایی کات، ژنانی ڕۆشنبیری بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی بەدەرککردنی ئاڵۆزتری چەوساندنەوەی ستەم و ڕوانگەی کردەگەرێتییانە بە قووڵبوونەوە لەسەر مامەڵەی سیاسی نێوانییان گەیشتوون. ئەم ماتریسی دەسەڵاتەی بەرمەبنای چەوساندنەوەی ستەمەکانی نەژادی، چینایەتی، ڕەگەزی و سێکسی، پێوەندییەکانی هێز لە ناوخۆ و دەرەوەی شوێنی ژیانییانی ڕێک خست. لە بەشەکانی داهاتوو لێیدەکۆڵمەوە کە چۆن فێمینیزمی ڕەش چالاکییەکانی فیکری ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی هاوشانی ئینتەرسکشنالیتی و هاوپێوەندی خۆڕیکخەر وەک ڕەهەندە بەرچاوەکانی قۆناغێکی پێگەیشتنی فێمێنیزمی ڕەش پەرچ دەکاتەوە.

### ٢.١. کاری کۆمەڵایەتی ژنانی ڕەش و هزری فێمێنیزمی ڕەش

گۆڕانی مۆدێلی کاری کۆمەڵایەتی ژنانی

پێسترەش، هێڵی ڕەوتی هزری فێمێنیزمی ڕەش لە کۆمەڵگاکانی ئەمریکی – ئەفریقی پیشان دەدات (کالینز ٢٠٠٤). پێش قۆناغی مافە مەدەنییەکان بە شێوەیەکی سەردەمییانە، کاری کۆمەڵایەتی ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی لە ناخی سیاسەتەکانی ئەمریکی – ئەفریقیدا بوو. هەوڵەکانی ژنان و پیاوانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی بۆ گۆڕینی ڕەوتی جیاکاری لە قووتابخانە، ڕواڵەتەکانی هەڵبژاردنی دەمارگیرانە، پرسی نەژادی لە ماڵ دروستکردن و سیاسەتەکانی بەکارهێنانی جیاکاری ئامێز، هاوڕێی زیادکردنی پێگە و ئازادی چارەنووسساز بوو، کە دەستگەیشتنییان بە پێگە و ئازادییەکانی تاکییان بۆ ڕەخساند. هاوکات، ژنانی پێسترەش بەفۆکەس خستنەسەر لێکدژی توندوتیژی و خۆشەویستی ناو کۆمەڵگای مەدەنی ئەمریکی – ئەفریقی و بە دەربڕینی دژایەتییان بۆ توندوتیژی دژی ژنانی پێسترەش و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی هاوشێوە لە کاروباری کۆمەڵایەتی ئەمریکی – ئەفریقی چالاکن. کاری کۆمەڵایەتی ژنانی ڕەش وەک شێوەیەک لە سیاسەتی مانەوە، هاوکاری خۆشگوزەرانی گشتی کۆمەڵگای کردووە. کەوایە، چالاکی سیاسی ژنانی ڕەش بە هۆی هەوڵدان بۆگۆڕانکاریی دامەزراوەیی و مانەوەی گروپ لە چوارچێوەی گورەتر لە ئیمتیازەکانی دەستەجەمعی گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی خۆیان پیشاندا (کالینز ٢٠٠٠).

پێش جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، بە شێوەیەکی گشتی کاری کۆمەڵایەتی ژنانی پێسترەش لە کۆمەڵگایەک بە پێی جیاکاری نەژادی و بریتی لە جوڵانەوە نارەزاییەکان و سیاسەتی مانەوە بووە و هەڵبەتە بەزیندوویی مانەوە پشکی شێری هەبووە. کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێک لە چالاکییەکان، واتا شێوەیەک لە کاری دووبارە بەرهەمهێنانەوە کە (١) تایبەتە بە گرەنتیکردنی مانەوەی فیزیکی منداڵانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی. (٢) دروستکردنی شووناسی ڕەشەکان کە لە ئەمریکی – ئەفریقییەکان لە بەرامبەر شاڵاوی خۆ بە لەسەرووتر زانینی سپییەکان پارێزگاری دەکات (٣) پشتگیریکردن لە خێزانە ئەمریکی – ئەفریقی، ڕێکخراوەکان و دامەزراوە گرنگەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی. بەدرێژایی قۆناغی کۆیلایەتی و ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی لە کۆمەڵگایەکی فراوانتر بە ڕەسمی ناسراوون. بۆ نموونە ئانا جۆلیا کویر، ئایدا وڵز، بارنێت، ماری مەک لیۆد بتۆنی، پائۆلی مۆری، ئالا بیکەر و ئانا ئارنۆڵد همەگن، مرۆڤی ڕێزپەڕ بوون کە ئایدیاکان و هەنگاوەکانییان لە ناسینی بیرمەندانی ژنی ڕەش وەک بەشێک لە هێمای کۆمەڵی ڕەشی ناوخۆیی، نەتەوەیی یان پۆست نەتەوەیی شۆقی داوەتەوە (یی و هاوکاران ٢٠١٥).

لە شوێنەکانی ئەمریکی – ئەفریقی، زۆربەی ژنان ڕابەرییان بەدەستەوە گرتووە و هاوکاری تاکەکانی ناو کۆمەڵی خۆیان بۆ مانەوە، گەشەکردن و بەرخودان لە بەرامبەر نەژادپەرستی دژی پێسترەشان لە هەموو مەوداکانی هێز کردووە. کاری دایکایەتییانەی ژنانی پێسترەش وەک پێگەیەکی بەرچاوی چالاکی کاری ژنانی ڕەش، پێکهاتەیەکی فرەلایەنەی لە سیاسەتەکانی ژنانی ڕەش پیشان دەدات. کاری دایکایەتییانە هاوشێوەی کاری چاودێریکردنە و کاری چاودێریکردن

وەک کۆمەڵێک لە بنەماکان بۆ بەشداریکردنی دیموکراسی لەبەرچاوبگیردرێت (وەک نموونە، ترۆنتۆ ٢٠١٣)، لەوێکە کاری دایکایەتییانە بە شێوەیەکی قووڵ چووەتە ناو سیاسەتی مانەوەی کۆمەڵگاکانی ئەمریکی – ئەفریقی، یان ئامانجی سیاسی فراوانتری تێکەڵاو کردووە. بە چاوپۆشین لەوەی کە ئایا ئەوان منداڵی بیۆلۆژیکییان هەبووە یان نا، کارێک کە ژنانی پێسترەش لە چاودێریکردنی کۆمەڵی خۆیان کردوویانە، لە ڕاستیدا پێگەیەکی بەرچاو بوو کە بە شێوەیەکی هاوکات ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی دەخستەناو کاروباری سیاسییەوە و وەک بنەمای کردەگەرییان کاری دەکرد.

لە جیهانێک داکۆکیردن لە ژیانی لاوانی ڕەش و ئومێد بەژیان بۆ ڕەشەکان بە کردەیەکی بەرخودانی ڕادیکاڵ لەبەرچاوبگیردرێت، کە بەهای ژیانی ڕەشەکان کەمە. لەم ڕوانگەیەوە پێناسەکردنی هاوچەرخ بۆ کاری دایکایەتی، کە پێویستی بەڕیشەی قووڵی کلتوورییە، تێگەیشتنێک بەلایەنە سیاسییە بەهێزترەکان لە پرۆژە سیاسییە پووختەکان بەسەرکەوتن دەگەیەنێت. کاری دایکایەتی بە تێپەڕینی کات شێوەی جیا جیا بەخۆوەدەگرێت (وەک نموونە، ستۆری ٢٠١٤). هاوشێوەی فانی لۆ هامر، ئالا بیکەر و ئەندامەکانی حزبی یانگە ڕەشەکان، هەندێک لە ژنان هەڵدەبژێرن کە «دایکی کۆمەڵ» بن و کاری دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆیان بۆ سیاسەتەکانی مانەوەی کۆمەڵی ناوخۆیی خۆیان بەکاربێنن. داکۆکیکارانی جەماوەری و ناوخۆیی لەگەڵ کردەگەرێتی بۆ بەدەستهێنانی ئاوی پاک، قووتابخانەی باشتر، پەروەردەی کار و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پۆلیسی باشتر بۆ شوێنەکەی خۆیان و چاودێریکردنی کۆمەڵی خۆیان تێکۆشاوون. بە شێوەیەکی ئاشکرا پیاوانیش سەرقاڵی کاری دایکایەتی بوون و بەردەوامی بەم کارە دەدەن، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوە بە بەرکەوتەی پۆلیسی بەرخودان و زیندانیکردنی دەستەجەمعی کە زۆربەی پیاوانی پێسترەش لە کۆمەڵگاکانی ئەمریکی – ئەفریقی دووردەخاتەوە، هەروەها کاری دایکایەتی دەکەوێتە سەرشانی ژنانی ڕەش. کاتێک ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی پەیوەندی بە پێگەیەکی ڕێکخراوی دروستبووی کڵێسای ڕەشەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە دەکەن، زۆر جار پشتگیریکردنی ڕێکخراوەیی بۆ پێشنیارەکان و دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵی خۆشییان دەدۆزییەوە. ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی بە چوونە پاڵ ڕیکخراوێک، کە کڵێسای ڕەشەکان دایانمەزراندووە یان لەڕیکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، دامەزراوەی پشتگیرییان بۆ دەستپێشخەری کار لە جێبەجێکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدەست دێنن. گرنگی ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی لە کڵێسای ڕەشەکان وەک ڕێکخراوێکی سەرەکی کۆمەڵگای مەدەنی ڕەشەکان، پانتاییەکی بەرچاوی بۆ کردەی سیاسی ژنانی ڕەش و قووڵکردنەوەی سەرنجییان بۆ کاروباری سیاسی فەراهەم دەکەن. ئەم نەریتەی ئەخلاقی ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی هانداوە کە بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زیاتر و هەمەگیری ، چاوپۆشی لە بەرژەوەندی خۆیان بکەن. لەم چوارچێوەیەدا ڕەوتی بەرخودان لە لایەنی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کۆمەڵەکانی ڕەشەکان، بەدەستهاتووی بەرخودان بۆ ئازادی تاکی خۆیان بوو. ناتوانین

بە ئاسانی ئەم دوو نیشانەیە لە یەکتری جیا بکەینەوە.

### ٢.٢. بۆچی هاوپێوەندی خۆڕێکخەر؟ بۆچی ئینتەرسکشنالیتی؟

هاوپەیوەندی خۆڕیکخەر و ئینتەرسکشنالیتی دوو ڕەهەند لە فێمینیزمی ڕەش پێک دەهێنن کە گرێدراوون پێکەوە و بەرەنجامی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانن. هەر دووکییان بەتێپەڕینی کات لە وەڵامدانەوە بە سنووردارییەکان و دەرفەتە نوێیەکانی دەسەڵات و بەرخودان لە مەودای هێز، قووڵتر بوونەتەوە. لە جیاتی دیتنی فێمینیزمی ڕەش وەک کۆمەڵەیەکی نەگۆڕ لەو ئایدیایانەی کە لە زەینی ژمارەیەک لە چالاکوانان و بیرمەندانی ژنانی پێستڕەش سەرچاوە دەگرێت، پێگەی نوێی فێمینیزمی ڕەش لە ئاڵوگۆڕکردنی سنووری کاری کۆمەڵایەتی ژنان پیشان دەدا کە فێمینیزمی ڕەشی هاوچەرخ، لە شێوەکانی پرسیارکەر و کردەی کۆمەڵایەتی سوودوەردەگرێت. ئینتەرسکشنالیتی وەک گوتارێک لە ١٩٩٠ ناوبانگی پەیدا کرد (بۆ نموونە، کرنشاو ١٩٩١). لەگەڵ ئەوەشدا، پەیوەندییەکانی نهۆی نێوان ئینتەرسکشنالیتی و هاوپێوەندی خۆڕیکخەر لە فێمینیزمی ڕەش، ئەم شووناسە هاوچەرخە دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

بەشداریکردن لە کاری جڤاکی وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بەشداری سیاسی ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی هەم لەناو کۆمەڵ و هەم بەنوینەرایەتیکردنی کۆمەڵە ڕەشەکان بووە هۆی پەروەردەکردنی پابەند بە هاوپێوەندی ڕەشەکان. بە بێ هاوپێوەندی نێوان بەڕەگەزە ئەمریکی – ئەفریقییەکان، بەرخودانی سیاسی بۆ تێکشکاندنی دەسەڵاتی نەژادی مەحکوم بە فەنابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوپێوەندی ژنانی ڕەش لە نائامادەیی پرسیارکەری نەدەتوانێت خۆی لە خۆیدا خوازراو بێت و نە داینەمۆ. بە تایبەت کاتێک پشتبەستوو بە هاوپێوەندی قاتبەندی ڕەگەز لە نێوان ڕەچەڵەکەکان و لە ژێر باڵادەستی پیاواندا بێت. ئەم هاوپێوەندی قاتبەندییە، توندوتۆڵ و کاتێک مەزهەب یان نەریت پشتگیری دەکرد و کۆسپگەلێکی بۆ کردەی سیاسی کاریگەر دروست دەکرد. ژنانی پێستڕەش زانییان کە پێویستییان بە هاوپێوەندییە، لەگەڵ ئەوەشدا بە جۆرێک ئایدیاکان و کردەکانی خۆیان ڕێکخست، کە تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەیان لە هاوپێوەندی بەهێز بکەن تا بۆ پێشنیارە سیاسییەکان گونجاوتر بێت. هاوپێوەندی گوتەزایەکی خۆیی نەبوو، کۆمەڵێک یاسا بوو کە بە شێوەیەکی نائیرادی بەدرێژایی کات و بارودۆخی جیاواز بەکاردەهێنرێت. لەجیاتی، دەرککردنی خۆڕێکخەر لە هاوپێوەندی، توانای بە ژنانی پێستڕەش دا کار لەسەر ئەم چەمکە و ئاڵنگارییی بکەن.

زۆربەی کات چالاکی ڕێکخراوە ڕەشەکانی ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی– ئەفریقی دەربارەی نایەکسانییە ڕەگەزی و سێکسییەکان لە کۆمەڵی ڕەشەکان و هەروەها لە کۆمەڵگای فراوانتر وریا دەکردەوە. ئەم وریاکردنەوەیە شیکارکردنی یەکتربڕی خێراو بەهێز دەکرد. بەم حاڵە، ئەوبوارانەی کە تاکەکان تێیدا کاری فیکری دەکەن، بە ئەندازەی خودی ناوەڕۆک گرنگن. لەمبارەیەوە، هاوشێوەی ئینتەرسکشنالیتی دەرککردنی هاوپێوەندی لەڕێگای ڕەفتاری سیاسی ڕۆژانە و ڕێکخراو لە کۆمەڵی ئەمریکی – ئەفریقی کاری دەکرد.

هەواڵنامەی ژنیۆ

بەدیوێکی دیکەدا پاراستنی ئامادەیی سیاسی لە ڕووبەڕووبوونەوە بەدەسەڵاتی سیاسی کە تێیدا هەنگاوی نەژادپەرستانە بەرچاو بوو، هەڵبژاردنی ستراتیژی، یەکێک لە نیشانە سیاسییە پێویستەکان بوو.

ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی بەدوای قوولکردنەوەی دەرکی زەینی خۆیان لە ئینتەرسکشنالیتی و هاوپێوەندی نەبوون. بۆ نموونە، زۆربەی ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی کە لە جوڵانەوەی مەدەنی لە SNCC (کۆمیتەی هاوئاهەنگی قەدەغەکردنی توندوتیژی خوێندکاریی) کارییان دەکرد، گەشەکردنی ئاگایی فێمێنیستییان لە بەرەنجامی سیاسەتی جێندەری ڕێکخراو ئەزموون کردووە (ئەندرسۆن – بریکەر ١٩٩٩). لە بەرامبەردا، هەندێکی دیکە نەیانتوانی ئاڵنگاری قاتبەندی ڕەگەزی و جێندەر بکەن، بەم بەڵگاندنە کە قووڵبوونەوە لەسەر بابەتگەلێک بەڕواڵەت لەدەرەوەی کارنامەی مافە مەدەنییەکانن، هەنگاوی دژەنەژادپەرستی لاواز دەکەن. بە شێوەیەکی هاوشێوە، ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی سیناریۆگەلێکی زۆریان دەربارەی ئەم بابەتە هەبووە و کۆمەڵێک لە کردەکانییان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە ڕێکخراوە مەزهەبییەکانی ڕەشەکان جێبەجێ کردووە. زۆربەی ژنانی بە ڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی بۆ پشتگیریکردن لە نایەکسانی جێندەری سوودییان لە تێفکرینی بەرمەبنای تیۆلۆژی وەرگرتووە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە دوودڵ بوون لە ڕاڤەکردنەکانی کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان دەربارەی پێگەی مافەکانی ژنان (هیگینبۆتام ١٩٩٣). هەندێکی دیکەش وازییان لە کڵێسا هێنا بۆ بەدواداگەڕانی ڕێبازی دیکە کە بۆ چاوپێداخشاندنەوەی سیاسییان گونجاو ترە. ژنانی پێسترەش زیاتر لە ڕێگای مامەڵەی ڕۆژانەوە لەو ڕێکخراوانەی کە سووپەری گشتی کۆمەڵی ئەمریکی – ئەفریقییان پێک دەهێنا، بەرکەوتەیان بە پرسی ژنان دەبوو نەک لەڕێگای ڕێکخراوە ڕەسمییەکانی فێمێنیستی.

سەرەڕای بەرەیەکی دەرکەوتوو لە بەرامبەر گشتی، زۆر جار ژنانی پێسترەش لە کۆمەڵی ئەمریکی – ئەفریقی ئەو کۆمەڵەیە لە سیاسەتی هاوپێوەندییان بردووەتە ژێر پرسیارەوە، کە لە گرەوی پابەند بە پیاوانی ڕەش بوون، چونکە ئەوان نەک هەر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی ڕەش نەگەیشتن، بەڵکو لە دروستکرنیاندا بەشدار بوون. لە جیاتی ڕەتکردنەوەی بەتەواوی سیاسەتەکانی هاوپێوەندی، ژنانی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی هەڵویستی نوێیان وەرگرت. بریاریاندا لەگەڵ ئەم هاوپێوەندییە هەڵبکەن، هەندێک جار لەگەڵ پیاوانی ڕەش کارییان دەکرد و جاروبارە دژایەتییان دەکردن. جۆرێک لە خۆڕێکخەری یەکانگیری کردەی کۆمەڵایەتی ڕێسامەند، بەم مانایە نییە کە ژنان بۆ گوێڕایەڵیکردنی بەها دادەنێن، بەڵکو بەم مانایەیە کە بواری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. بە کورتی، ئینتەرسکشنالیتی هاوڕێ بە وێنای خۆڕێکخەریتر و مەرجدار بە هاوپێوەندی ڕەشەکان، شێوەیدا بە بەشداریکردنی ژنانی ڕەش لە پێشنیاری فراوانتری جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و دەرککردن و شووناسی نەریتی لە هاوپێوەندی هەبوو لە سیاسەتەکانی ئەمریکی – ئەفریقییەکانی خستە ململانێوە.

بێگومان نزیکبوونەوەی چالاکوانان و بیرمەندانی فێمێنیزمی ڕەش نەک تەنها ئینتەرسکشنالیتی

لە بنەمای شیکارکردنی تیۆری کێشە تایبەتییە کۆمەڵایەتیەکانییان لە سەدەی بیستەم فراوان کرد، بەڵکو هاوپێوەندی خۆڕێکخەرییان سەپاند کە کاریگەری بەرچاوی بە سەر بەرهەمهێنانی فیکرییانەوە هەبوو. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٨٩٢ کتێبێک بەناونیشانی دەنگێک لە باشوورەوەی ئاناجۆلیا کوپر، شیکاری یەکتربڕ دەخاتەڕوو کە فێمێنیزمی ڕەشی مۆدێرن و ئینتەرسکشنالیتی بە لەسەرووی قووتابخانە فکرییەکانی دیکە دەزانێت. ژمارەیەکی زۆر لە تووێژەرانی هاوسەردەمی کوپر بە بوونیادنەر لە فێمێنیزمی ڕەش دەزانن و ئاماژە بە شیکردنەوەی یەکتربڕ لە نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن کە پێوەندییەکانی هێزی نەژاد \ چین \ جێندەر و نەتەوە لە بەرچاودەگرێت. کوپر بە بەرهەمەکەی خۆی دەربارەی شۆڕش لە هایتی و فەرەنسا، ڕوانگەی جیهانی دەربارەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو، کە تێگەیشتنی بۆ ئیستعمار و ئیمپریالیزم وەک شێوەگەلێک لە دەسەلات پیشان دەدات (ئایاری ٢٠٠٧). ئایدا بی. وڵز (١٨٦٢ – ١٩٣١) ڕۆشنبیر و فێمێنیستی بە ڕەگەز ئەمریکی–ئەفریقییەکی دیکەیە کە بایەخ بە شیکردنەوەی یەکتربڕ لە بواری چالاکی سیاسی دەدات. وڵز سوود لە دۆسیەی سزای کووشتن جمک بە ئازاردان بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە چۆن پێوەندییە ڕەگەزییەکان بە نەژادپەرستی و ڕەگەزپەرستی گرێدراوە، وەردەگرێت. وڵز لە تیۆرییە باوەکانی نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و بە تایبەت ئەوانەی کۆڵییەوە، کە بە سەر لادانە بایۆلۆجی و کلتوورییەکانی ئەمریکی – ئەفریقی دا قووڵبوونەوە (کالینز ٢٠٠٢). کوپر و وڵز ڕێکخەرانی کۆمەڵایەتی بیناو و هەر دووکییان ژنانێک بوون کە پەیوەندی لە نزیکەوەیان بەکۆمەڵەکانی ئەمریکی – ئەفریقی هەبوو. لە پرۆسەی پەرەپێدانی شیکردنەوەی یەکتربڕ لە بارودۆخی ژنانی پێسترەش و کووشتنی جمک بە ئازاردان، کوپر و وڵز لە کۆمەڵەکانی ئەمریکی – ئەفریقی ورد بوون و کاریگەریی کارامەی چالاکی فیکری خۆیان بە شێوەی دەستی یەکەم دیتووە. بەم حاڵە، چالاکییە فیکرییەکانییان لەسەرووی کار دەربارەی کۆمەڵی ژنانی ڕەشە و لە گەلاڵەی فراوانتری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و دژە ئیمپریالیزمیش چالاک بوون. پیشەکەیان سەریکێشایە هاتنەئاراوەی هاوپێوەندی خۆڕێکخەر لەگەڵ پیاوانی ڕەش، ژنانی سپی، بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی چینی مام ناوەند و ئەو بەشە لە چالاکوانانی سیاسی، کە دەیانتوانی هاوکاری چارەسەرکردنی کێشەکانی پێوەند بە ئەوان بن.

دووبارە سەرهەڵدانەوەی فێمێنیزمی ڕەش لەسەرەتای سەدەی بیستەم، بەردەوامی ئینتەرسکشنالیتی و هاوپێوەندی خۆڕێکخەری لە چالاکییە فیکرییەکانی ژنانی ئەمریکی بەرجەستە کرد. فێمێنیزمی ڕەشی هاوچەرخ بەئاشکرا خۆی لە قاڵبی دەستەواژەکانی یەکتربڕ پێناسە دەکات و هاوپێوەندی خۆڕێکخەر لە چالاکییە ڕێکخراوەییەکاندا نەخشەی خۆی دەکێشێت. سەرهەڵدانی جوڵانەوەی «بزووتنەوەی ژیانی ڕەشەکان گرنگە» لە ساڵی٢٠١٢، ناوەندێتی وێنای ژنانی پێسترەش وەک کارەکتەرانی سیاسی و بووژاندنەوەی ژیانی فێمێنیزمی ڕەش وەک جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی پیشان دەدات (کاب ٢٠١٦). سەرەتا ئەم جوڵانەوەیە لە لایەن سێ ژنی کوییری بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی خرایەڕوو، کە هاشتاگی «گیانی پێسترەشان گرنگە»یان دروستکرد. گەشەکردنی

هەوارنامەی کتێب

درەوشـاوەی بزووتنەوەی گیانی پێسترەشان گرنگە لە ساڵی ٢٠١٢ تا ساڵی ٢٠١٦، پیشانی دەدات کە چۆنچۆنی میراتی فێمێنیزمی ڕەش سەریکێشاوەتە پرسی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، واتا توندوتیژی نەژادییەوە. هاشتاگی «گیانی پێسترەشان گرنگە»، بە شێوەیەکی جێگا سەرنج بەڕۆژەڤ بووە و ڕێکخراوەکەیان گەشەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیامەکەیان هەر وەک بەجێگیریی ماوەتەوە:

هاشتاگی گیانی پێسترەشان گرنگە، کە ڕیشەی بۆ ئەزموونی خەڵکانی ڕەش لەم وڵاتەدا دەگەڕێتەوە و بە شێوەیەکی کارا لە بەرامبەر شێوەکانی دژەمرۆیی بەرگری دەکەن، بانگهێشتکردن بۆ کردە و کاردانەوە بە نەژادپەرستی دژی ڕەشەکانە، کە دزەی کردووەتە ناو کۆمەڵگاکەی ئێمەوە. گیانی پێسترەشان گرنگە، بزووتنەوەیەکە تایبەت بەو تاکانەی کە سەرووی کۆمەڵکوژی نایاسایی خەڵکی ڕەش لە لایەن پۆلیس و کەسانی سەرکێش سەرووتر دەکەوێت. گیانی پێسترەشان گرنگە، لە ژیانی کوییرەکان و ترنسەکانی ڕەش، خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان، هاوڵاتییانی ڕەشی بێناسنامە، کەسانی پێشینەدار، ژنان و هەموو ڕەشەکان لەسەرانسەری لایەنی ڕەگەزی جەختدەکاتەوە و ئەو گروپانە دەخاتە چەقی سەرنجەوە، کە لە جوڵانەوەی ئازادی ڕەشەکان پشتگوێخراوون.

بزووتنەوەی ژیانی ڕەشەکان گرنگە پیشانی دەدات پێوەندی لە نزیکەوەی ئینتەرسکشنالیتی و هاوپێوەندی خۆڕێکخەر و ئاڵنگاری بەردەوامی سوودوەرگرتن لەم ئایدیایانە لە لێکۆڵینەوە و پراکسیسی سەردەمیانە. ئەم بزووتنەوەیە کە لە لایەن بوونیادنەرانی هاشتاگی ژیانی ڕەشەکان گرنگە دامەزراوە، بە ئاشکرا بەجەختکردنەوە لەوەی کە چۆن تەواوی ڕەشەکان لە کۆمەڵی ڕەش شایستەی پشتگیریکردنی سیاسیین، بزووتنەوەیەکی پەڕینەوەیە. کارنامەی پەڕینەوەیان شیکار کردنی ئەم مەسەلەیە قووڵتر دەکاتەوە کە چۆن گروپە لاوەکییە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵی ڕەش، ستەمی نەژادی ئەزموون دەکەن. بە شێوەیەکی جێگا سەرنج، شێوەکانی بزووتنەوەی ژیانی ڕەشەکان گرنگە، ئاڵنگارییەکانی بەکارهێنانی هاوپێوەندی خۆڕێکخەر، ناو کۆمەڵی سیاسی و ناو کۆمەڵە سیاسییە جیا جیاکان پیشان دەدا. ئەم بزووتنەوەیە کامڵ بووە و بەدامەزراوەکردنی قاتبەندی ڕەتکردووەتەوە و ڕێکخراوەکانی مافە مەدەنییەکانی گۆڕیوە بۆ ستراکچەرەکانی ڕێکخراوی ناسەنتراڵ و میانڕەوتر.

ئـەم بـزووتـنـەوەیـە لـەڕێـگـای ئـایـدیـا و چالاکییەکانی خودی دژەگێڕانەوەی پەیوەست بە پێوەندییەکانی هێزی چەوساندنەوە و دژە سیاسەتەکانی بەرمەبنای کردەی دەستەجەمعی فراوانی کردووە، کە جەختدەکاتەوە لە هاوکاری ئایدیا و کردەوەکان. هەروەها ئەم پرۆسەیە بریتییە لە میکانیزمەکانی شیکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. وەک نموونە، ئینتەرسکشنالیتی ئامرازێکی شیکارییە بۆ تێگەیشتن لە ڕێکخراوی توندوتیژی پشتگیریکراوی حکوومەت لە مەودای هێز. بزووتنەوەی «ژیانی ڕەشەکان گرنگە»، هەروەها ئایدیای هاوپێوەندی خۆڕێکخەر وەک پانتاییەک بۆ کردەی سیاسی بەرەوپێش دەبات.

جۆرێک لە فێمێنیزمی ڕەش لە بزووتنەوەی «ژیانی ڕەشەکان گرنگە» گەشەی کردووە، کە گرنگی بزووتنەوە دەستەجەمعییە

کۆمەڵایەتییەکان لە چینەکانی خوارەوە پیشان دەدات و خاڵی تیۆری دژە لە لایەنی فۆرمۆلەبوونی دیموکراسی بەشداریکەرانە. بەرەوپێشبردنی کارنامەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێویستی بە قووڵبوونەوەیە لە بەشداریکردنی دیموکراسی، هەنگاوگەلێک کە کێشەی ئەخلاقی نێوان خوازراوبوون، شیاو و پراکتیک بوون بەرجەستە دەکات. لە قاڵبی هەر یەک لەم ڕوانگە تایبەتییانە دەربارەی ئینتەرسکشنالیتی یان میتۆدەکانی گۆڕینی ئەزموونەکان لە جیهان بۆ ژنانی ڕەش، وانەگەلێک لە هاوپێوەندی خۆڕێکخەر هەیە. ژنانی ڕەش ژیانی ڕۆژانە وەک ژیانێکی ڕیشەدار، مەرجدار، دینامیزمی و گشتگیر ئەزموون دەکەن، کە دەرفەتگەلی بێ سنووری بۆ گیرۆدە بوون لە شیکارکردنی ڕەخنەگرانە یان کردەگەرێتی لەگەڵە. بنەماگەلێک لە ژیانی ڕۆژانەدا هەن کە مانا بە ژیان دەدەن و ئەم کردانەن کە ئەوە دەکاتە ئامانج مەند.

سێیەم/ جیاوازییەکانی زادەی دەسەڵات: ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە ئەوەکە ڕەوتی مێژووی دیموکراسی بەشداریکەرانە و ئینتەرسکشنالیتی هاوبەشە، لە مامەڵەدانانییان بە شێوەیەکی پەنهان بەرژەوەندی هەر دوو پێشنیارەکەی لەگەڵە. هەر دووکییان ماوەی جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بۆ مافە مەدەنییەکان، فێمینیزم و چەپی نوێ دەکەنە چەقی سەرنج (وەک نموونە کالینز و بیلجی ٢٠١٦، دئاویگدۆر ٢٠١٥). هەروەها دیموکراسی بەشداریکەرانە و ئینتەرسکشنالیتی کۆمەڵێک نیگەرانی هاوبەشیشییان هەیە. هەر دوو ئارەزووەکەن پێوەندییە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لەڕوانگەی یەکسانی، ویژدان، شمولییەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە بێت. بۆ ئەم دوو پێشنیارە، دەستگەیشتن بەم ئامانجە ئەخلاقییە پێویستی بە دروست بوونی کۆمەڵێکی دادپەروەرانە، پرسیارکەر و پراکسیسە، کە دەکرێت لەژێر گوشاری هەمیشە بەردەوامدا بێت. هەر دوو پێشنیار ڕووبەڕووی دژواری بنەمای هاوپێوەندی فیکری و سیاسی نێوان ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی ناو هێز بوونەتەوە.

ئینتەرسکشنالیتی لەم خاڵە هاوبەشانە سەرچاوەی تایبەتی بۆ ئەرکێکی تایبەتی و دروستبوونی هاوپێوەندی فیکری و سیاسی هەمەگیری سەرکەوتوو کردووە، کە بە شێوەیەکی پەنهان بەرژەوەندیگەلێکی بۆخۆی و دیموکراسی بەشداریکەرانە بەدوادایە. شیکارێک کە لێرەدا خراوەتەڕوو، پیشانی دەدات کە ڕوانگەی جیاواز دەربارەی کردەی دەستەجەمعی هەیە و بەنۆرەی خۆیان تێگەیشتنی ئاڵۆزترییان لە هاوپێوەندی سیاسی پەروەردە دەکات. سوودوەرگرتن لە ستراکچەری کۆمەڵگا وەک ئامرازێکی ستراکچەری خۆڕێکخەر بۆ هاوپێوەندییە ئاڵۆزەکان و جەختکردنەوە لە دروستبوونی هاوپێوەندی سیاسی نێوان تاکەکان بەفۆکەس خستنەسەر ئەوە تەواو دەکات، کە چۆن ستراکچەرو گروپەکانی بەئەندازەیەک لە هەنگاونانی سیاسی جێگا سەرنج نین. تاکەکان بەدەسەڵات دەگەن، بەڵام هەر ئەوتاکانە لە ناو ستراکچەرگەلێکدان کە وەک گفتوگۆکەرانی بێدەنگ لە هەنگاونانی سیاسی کاردەکەن. ئامادەبوون لە گروپ و پرۆسەکانی دەستەجەمعی ڕێگای نوێی بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە دروست دەکات بۆ نموونە، بوونی هاوپێوەندی سیاسی (١) لە ناو و نێوان ناوەندە

دەستەجەمعییە جیاوازەکان وەک نموونە، ئەو کۆمەڵانەی لە سیستمەکانی دەسەڵات خاوەن مێژووچکە و کلتووری هاوبەشن (٢) لە ناو مەوداکانی هێزی تایبەت و لە ناو ئەم مەودایانە بۆ نموونە کۆمەڵگاکانی بیرمەندان و زاناکانی کە زەروریبوونی هاوکاری بەڕەسمی دەناسن (٣) لە بوارە تایبەتییەکانی ناوخۆیی، ناوچەیی و نەتەوەیی وەک پرۆژەکانی بۆهاوپێوەندی و بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە سیاسەتی گشتی و (٤) جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان وەک فێمێنیزم، یەکێتییە پیشەییەکان و جوڵانەوەی مافە مەدەنییەکان کە داواکاری خەڵک بەدامەزراوەکانی حکوومەت یان ئابووری دەگەیەنن. ئەم دووبارە قووڵبوونەوە لە هێز و سیاسەت کە لە کۆمەڵگا پرسیارکەر و کردەگەرێتی ڕیشەی داکوتاوە، چەندین چەمکی نوێی بۆ ئینتەرسکشنالیتی یان دیموکراسی بەشداریکەرانەی لەگەڵە.

یەکەم، دەبێت بیرمەندانی ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە دەست لە پشتبەستوو بە پرسە جێگا سەرنجەکانی دەستەبژێران هەڵگرن، بەڕیزپەڕی ئەوکەسانەی نیگەرانی گروپە دەستڕۆیشتووەکانن. دەربارەی ئینتەرسکشنالیتی گۆڕینی ناوەندی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ زانیاری دەزگا، ئامادەیی پارێزگاریکردن لە ئایدیاکانی فێمێنیزمی ڕەش و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەهێز کردووە. لە بەرامبەردا خواستەکانی دیموکراسی بەشداریکەرانە بۆ دووبارە نۆژەنکردنەوە لە ستراکچەری لیبراڵی نوێ وەک ئایدۆلۆژیای دەستەبژێران، زیاتر پشگوێ دەخرێت، چونکە دیموکراسی بەشداریکەرانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە دەسەڵاتی حکوومەت دەکات. وەک ئەم ئایدیایانەن کە گرنگن، بەڵام زۆر جار لە زانکۆکان و دامەزراوەکانی حکوومەت، لە ڕووبەڕووبوونەوە بە ڕوانگەی دژ لە لایەن دەستەبژێران و گروپەکانی پەیوەست، کاریگەری خۆیان لەدەست دەدەن.

لەڕوانگەی دەستەبژێرانەوە، واتا کەسانێک کە لە دەستگەیشتن و کۆنترۆڵکردنی زیاتری بە سەر حکومەتەوە بەهرەمەندن، دیموکراسی بەشداریکەرانە دەتوانێت وەک مەسەلەیەکی هونەری چارەسەری بکات، نەک پرۆژەیەکی سیاسی کە ئامانجەکەی دەسەڵاتدانە بە گروپەکانی ژێردەسەڵات. ڕوانگەی دەوڵەت تەوەر بەتێکەڵاوکردنی یەکسانی مافەکانی هاوڵاتییان و یەکسانی ڕواڵەتی هاوڵاتییانی حەقیقی، کە هەوڵی بەدیهێنانی مافەکانییان دەدەن، سوود لە چوارچێوەی ڕاکردن لە دەسەڵات وەردەگرێت. زۆربەی هەنگاوەکان و پێشنیارەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکان بە بەشداریکردنی خوێندکاران، دەستەی زانستی و کارکەران بە قاتبەندی دەسەڵاتی ئاکادیمی موتووربە دەکرێن، پشتبەستوون بە چوارچێوەیەکی ڕاکردن لەدەسەڵات، کە لەجیاتی گۆڕینی ناوەند، جەخت لە گۆڕینی تاکەکان دەکەنەوە. پێشنیارەکانی دیموکراسی بەشداریکەرانە ڕووبەڕووی گوشاری هاوشێوە بوونەتەوە. کاتێک یەکسانی مافەکان لە پشت پانتایی سیاسەتە دیموکراسییەکان بگۆڕێت، نایەکسانییە کۆمەڵاتییەکان لە ناو هاوڵاتییان و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خودی ناوەندە دیموکراسییەکان نەبینراو دەبن. هاوشێوەی دەستپێشخەرییە جۆراوجۆرەکان لە کەشوهەوای ئاکادیمی پێشنیارەکانی حکومەتیش دەتوانن بەئامانجی وەک هاندان، فێرکردن یان ڕێنماییکردنی هاوڵاتییان بۆ بەشداریکردنی

باشتر لە پرۆسە دیموکراسییەکان هاوکاری بکەن. بەم حاڵە، گریمانە لەسەر ئەوەیە کە هاوڵاتییان یەکەی سەرەکی شیکردنەوەن، هاوڵاتییان لە یەکە دەستکردەکان بەناوی خەڵکانی ڕەشی ڕزگار بوو لە بارودۆخی گشتی، ژنان، ڕەسەنەکان، بەڕەگەز لاتینەکان، خەڵکانی هەژار و گروپە بێبەشەکانی دیکە هەم لە بەشداریکردنی سیاسی بەهرەمەند دەبن و هەم دەکەونە ژێرکاریگەرییەوە. هەموو تاکەکان لەسەر کاغەز یەکسانن. لەگەڵ ئەوەشدا بە کردەوە، ئەم بابەتە بەدەگمەن دەبێتە واقیعی.

هەم لە ئینتەرسکشنالیتی و هەم لە دیموکراسی بەشداریکەرانە، خستنەڕووی پرسەکانی پەیوەند بە دەسەڵات وەک بگۆڕەکانی بارودۆخ، نەک وەک تووخمگەلی دروستکەری پرۆسە دیموکراسییەکان، ڕێگا بۆ شوێنەکانی بەڕێوەبردن لە بەرامبەر کێشە هونەرییەکان دەکاتەوە. هەندێک جار ئەم بڕیارە ڕوونە و جاروبار بەمشێوەیە نییە. بە هەمان شێوە کە دەربارەی چالاکی فیکری ژنانی پێستڕەش باسی کراوە، کارەکتەرانی کۆمەڵایەتی و پرۆژەکانی کە ئەوان بەدوای دەکەون دەتوانن بە شێوەیەکی ناڕەخنەیی بەرژەوەندی گروپەکانی دەستەبژێر قبوول بکەن و بەرژەوەندی گروپەکانی ژێر ستە نادیدە بگرن یان جۆرێک مامەڵەی واقیعگەرایانەیان لەگەڵ هەر دوو گروپ لە چالاکوانان هەبێت. ئەم بوارەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەستیاری فیکری و سیاسی جیاوازی لە ناو فێمێنیزمی ڕەش دروست کردووە و بەدرێژایی ڕۆژگار بەرەو شیکردنەوەی پەرینەوە بردووە، کە جەختدەکاتەوە لە گرنگی هاوپێوەندی لە ڕووبەڕووبوونەوە بەدووژمنێکی ترسناک و کۆمەڵگای لە قاڵبی بارودۆخی سیاسی چەمکسازی و پێناسە کردووە.

دووەم، چڕبوونەوەی ئینتەرسکشنالیتی بە سەر پێوەندییەکانی پەڕینەوەی هێز پێشانی دەدات کە تیۆرە باوەکانی دەربارەی هێز و سیاسەت زۆر کەمتر لەوەی وێنادەکرێت، جیهانین. لیبرالیزم یان بەهایەک کە بەمافەکانی تاکی دەدات و دیموکراسی بەشداریکەرانە وەک هزرێک دەربارەی ئەوەی چۆن دەبێت مافەکانی هاوڵاتیبوون یەکسانی گرەنتی بکات، هیچ کامییان بۆ لەبەرچاوگرتنی گروپەکانی ژێردەسەڵات نەخشەیان نەکێشراوە. زۆربەی کات ڕەشەکان، ژنان، گروپە نەتەوەیی و دەستڕۆیشتووەکان ئاماژەگەری نەبوونی مافەکانن، کە بۆ هاوڵاتییان پێناسەکراوون. تیۆری سیاسی کە پستبەستووە بە پێشگریمانەگرتنی هاوڵاتییانی خەیاڵی، ڕێسامەند و ئایدیال، لەوانەیە جیهانگیر بە زەین بگات. لەگەڵ ئەوەشدا، تیۆری سیاسی کە پێوەندییەکانی پەڕینەوەیی هێز نادیدەگرن و بە شێوەیەکی ئاسایی بەشێکی گەورە لە دانیشتوان لە هاوڵاتیبوونی پلە یەک بێبەش دەکەن، تیۆری تایبەتین کە خۆیان وەک تیۆرییە جیهانییەکان دەگونجێنن. کەمبوونەوەی گروپە دەستڕۆیشتووەکان بۆ هاوڵاتی پلە دوو، یان ڕەتکردنەوەی مافەکانی هاوڵاتیبوونییان، بەشێک لە خستنەڕووی پێناسەی هاوڵاتی پلە یەک و ئاساییە.

چڕبوونەوەی ئینتەرسکشنالیتی بە سەر پێوەندییەکانی هێز، ڕوانینێکی ڕووبەڕووبوونەوەییانە و گرنگی بۆ چوونەناوەوەی تیۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان فەراهەم دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا سنووردارییی تیۆرەکانی بەڕواڵەت جیهانیش دەتوانن پرۆژەی

هەواڵنامەی کتێب

دژ بەرەورووی کێشە بکەنەوە. بۆ نموونە، لە زەینی بگرە چۆن گریمانەکانی پەیوەست بەمافەکانی هاوڵاتیبوونی تاک کە کاریگەری بە سەر فێمێنیزمی خۆرئاوا و دیموکراسی بەشداریکەرانەوە هەیە، دەتوانێت کاریگەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە سەر فێمێنیزمی ڕەش تووشی بەدگۆڕان بکات. بۆ ربەی بیرمەندان و زانایانی فێمێنیزمی چینی مام ناوەندی خۆرئاوا، چالاکوانانی کۆمەڵایەتی سەرەکی خودی تاکەکانن و ئەمە خودی ژنان کە پشتگیریکردنی ئەوانی دیکە بۆ بەرژەوەندی کەسی خۆیان ڕادەکێشن، بەڵام ئەم مۆدێلە، جیاوازی و فرەجۆری نێوان ژنان نمایش ناکات. ڕەفتاری گروپی کەسانی پێستڕەنگاڵەیی، دانیشتوانی کۆچبەر، خەڵکانی هەژار و کەسانی دیکەی کە مافەکانی هاوڵاتی پلە یەکییان نادیدەگیراوە و بە تایبەت کەسانێک کە بەرمەبنای مافەکانی هاوڵاتی دەرفەتییان بۆ کردەی سیاسی کەمە، لەدەوری یەک کۆ دەکاتەوە. ئەمە بژاردەیەکی نێوان تاک یان کۆ نییە، بەڵکو بەم مانایایە کە چۆن تاکەکان پێکەوە کارێک کۆدەکەنەوە. ژنانی پێستڕەش وەک تاکێک پشتگیری خۆیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا، شێوەیەکی بەرجەستەیان لە بەشداریکردنی سیاسی و دەستێوەردان لە کاروباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵەکەی خۆیان پیشان دەدەن، کە هەم بە شێوەی کەسی و هەم لە پێوەند پێکەوە کراوە.

سێیەم، پرۆژە زۆر بەتواناکەی ئینتەرسکشنالیتی و دیموکراسی بەشداریکەرانە لە ڕێگای کردە، بە شێوەیەکی زۆروزەبەند لە کۆمەڵگا پرسیارکەر و کردەمەند گەشە دەکەن، لە کاتێکدا لە بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی تایبەتیدا سەرهەڵ دەدەن و کپ دەبنەوە، بەڵام هەرگیز نادیدە ناگیرێن. لە قەڵەمدانی دیموکراسی بەشداریکەرانە وەک کۆمەڵێک لە بنەماکانی دەرەوەی دەقەکە کە لە ئاکادیمی دەردەچن و دەتوانن بکەونە کارنامەی حکومەتەوە، گرنگی جەختکردنەوە لەوەی چۆن و بۆچی ئازادی، دادپەروەری، دیموکراسی و ئایدیا ئەخلاقییەکانی هاوشێوە دووچاری بەهەڵە تێگەیشتن دەکەن. لە نوورەکانی ستەمی پەڕینەوە، بانگهێشتکردنی چینەکانی باڵا بۆ خستنەڕووی نمایشێک لە لەخۆگرتن لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان، فرەجۆری ئایدیاکانی دەستپێشخەری لە بارودۆخی زانکۆیی یان کارگێری سۆسیالیستی بە هۆی هاوڵاتییان هەڵبژێردراو لە دامەزراوەکانی حکوومەت، دروست بەزەین ناگات. لەخۆگری ناتەواو و هێماییین وەک بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی نییە. لەوانەیە بە ڕواڵەت نوێنەرانێک لە گروپی دەستڕۆیشتوو لە هەموو ئاستەکانی فەرمانڕەوایەتیکردن بەشدار بن، لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی کارییان نییە. دەرککردنی خاوەن پۆستەکانی هەڵبژێردراوی دیموکراسی بەشداریکەرانە زۆر لە دەرککردنی گروپە دەستڕۆیشتووەکان جیاوازە. لەوانەیە هەر دووکییان بنەماکانی دیموکراسی بەشداریکەرانە قبووڵ بکەن، بە تایبەت ئەگەر بنەماگەلی وەها لەسەرووتر بن، بەم حاڵە باوەڕ بە هەمان سیستمی بەهایی ناتوانێت نایەکسانی لە دەرفەتی بەشداریکردن لەبوارە جیاوازەکانی هێز هەڵبوەشێنێتەوە. بە پێچەوانەی ڕەفتاری قاتبەندی و باڵا بۆخوارەوەی بەڕێوەبردن، دەرککردنی دیموکراسی بەشداریکەرانە لەڕێگای کارکردەکەیەوە قووڵتر بووە. ژنانی چالاک و بیرمەندی بەڕەگەز ئەمریکی – ئەفریقی پیشانی

دەدەن کە ئایدیای فێمێنیزمی ڕەش دەربارەی ئینتەرسکشنالیتی و هاوپێوەندی خۆڕێکخەر ریشەیان بۆ کۆتایی ساڵی ١٨٠٠ دەگەڕێتەوە. کاتێک بەدرێژایی دەیەیەکی وەها ژنانی پێسترەش لە بارودۆخی نوێ ڕووبەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی پێشتر دەبنەوە، ئەم چەمکانەیان خستەڕوو، تاقییان کردەوە کە ڕێگای کردە کۆمەڵایەتییەکان ریفۆرمییان کردن. هەر وەک چەمکەکانی ئینتەرسکشنالیتی و هاوپێوەندی خۆڕێکخەر جێگیرن، ئەم چەمکانە پلەی جیاوازییان لە دیاربوون بۆ دەستەبژێران هەیە، چونکە لە پرسیارکەری و پراکسیسی ژنانی ڕەش لە کۆمەڵ سەرچاوە دەگرن.

لە کۆتاییدا، دروستبوونی کۆمەڵی دیموکراسی و هەمەگیر پێویستی بەڕەتکردنەوەی قاتبەندی هەمیشەیی لەبەرژەوەندی پەرینەوە لە هاوپێوەندییە، کە دروستبوونی هاوپەیوەندی ئاسان دەکات. ئینتەرسکشنالیتی و هاوپێوەندی خۆڕێکخەر دەتوانن لە بیرکردنەوە لە خۆرەکانی یەکیتی و پێکەوەبەستنەوەکان سوودبەخش بێت، کە لەوانەیە بە شێوەیەکی کاریگەری دیموکراسی بەشداریکەرانە بەهێز بکات. لەوانەیە هاوپێوەندی ئامانجێکی سیاسی شایانی هاندان بێت، بەڵام دوورنییە تێیدا قاتبەندیی کۆمەڵایەتی پتەو هەبێت، کە بە شێوەیەکی ئاسایی تاکەکان و یان خوار گروپەکانی دیاریکراوی تاوان دەیدەن. لەجیاتی، هاوپێوەندی خۆڕیکخەر دەتوانێت یەکێتیی نێوان گروپەکان ئاسان بکات کە پابەندی هاوبەشییان بەئایدیالێکی کۆمەڵایەتی وەک ئازادی، دادپەروەی کۆمەڵایەتی یان دیموکراسی هەیە یان خاوەن کێشەی کۆمەڵایەتی هاوبەشن. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگای زۆر جیاواز بۆ بنەمای هاوپەیمانییەک هەیە. ئینتەرسکشنالیتی ڕاماندەسپێریت کە بنەمای هاوپەیمانی پێویستی بەدەستنیشانکردنی ئەوەیە چۆن ستەمی پەڕینەوە تێگەیشتنی تاک و گروپەکان لەنایەکسانی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنێت. هاوپێوەندی خۆڕێکخەر پیشانی دەدات کە هاوپێوەندی ئامانجێکی بەنرخە، بەڵام مۆدێلی ڕەق و پتەوی تێفکرینی دەستەجەمعی کە دەبێت ئەندامەکانی قاتبەندی هەمیشەیی قبوول بکەن، لە ماوەیەکی دووردرێژدا لەبەریەکهەڵدەوەشێن. هاوپێوەندی خۆڕێکخەر دەتوانێت قاتبەندی کۆمەڵایەتی لە ناو خودی خۆیدا ئاڵوگۆڕ بکات، بەڵام نەک وەک تایبەتمەندی ڕەها و ڕام نەبوونی لە سیاسەتی دەستەجەمعی.

دەبێت بۆ مانەوەی دیموکراسی بەشداریکەرانە و ئینتەرسکشنالیتی ڕیشەکانی لێکۆڵینەوە، تاوتوێکردن و پراکسیس لە کۆمەڵەکاندا بەهێز بکەن و کۆمەڵە یەکپارچە نوێیەکان پێک بهێنن. کۆمەڵی وەها دەتوانن بەپەنابردنەبەر هاوپێوەندی خۆڕێکخەر هاوکاری بەردەوامی لە بەرامبەر ڕابردووبکەن. پێویستە ئایدیاکان هاوکاری چوونەناو کۆمەڵی سیاسی و فیکری بکەن تا خۆیان لە قۆناغێکی زەمەنی دووررودرێژ بپارێزن، کۆمەڵەیەکی وەها دەتوانن بۆ ئاڵنگارییە نوێیەکان، وەڵامی نوێیان هەبێت. هەمیشە دووبارە دەستپێکردنەوە باشترین بژاردەنییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕووبەڕووی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی دیموکراسی بەشداریکەرانە بووینەوە، هیچ بژاردەیەکی دیکەمان لە بەردەم نییە.

سەرچاوە: میدان.

## خۆشنووسانی کورد

# ئەمیر نیزام گەڕووسی



**ئا: ئەحمەد سەعید**

سیاسەتمەداروئەدیبی چەرخی قاجار حەسەن عەلی ئەمیرنیزام کوڕی محەمەد سادق خانی کەبودبەندە ساڵی ١٨٢١ی.ز لەشارەدێی بیجار ناوەندی ولایەتی گەڕووس لەدایک بووە، دایکی حەسەنعەلی خان بەڕەگەز ئەرمەنییە باوکیشی لە پیاوانی هەڵکەوتووی فەتح عەلی شایە. لەتەمەنی منداڵییەوە خرایە بەرخوێندن و زۆرێک لەزانساەکانی ئەو سەردەمەی خوێندووە و وەرگرتووە. ساڵی ١٨٧٣ بەپلەی سەرهەنگ وەک فەرماندەی فەوجی گەڕووس دەستنیشانکرا، ساڵی ١٨٧٤ ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لەدامرکاندنەوەی ئاژاوەو هەرایەک دژ بە محەمەدشاه ئەنجامدرابوو. لەنێوان ساڵانی ١٨٧٥–١٨٧٨ وەک فەرماندەی هێزی گەڕووس ئەرکی پاراستنی ناوچەکانی کرماشانی پێسپێردرابوو. ساڵی ١٨٨١ حاجی میرزا ئاقاسی سەدرولئەعزەم بوو دوژمنایەتی قوڵی لەگەڵ خانەوادەی حەسەنعەلی خان هەبوو بەهۆی ئەو کێشانەی باوکی هەیبوو لەکار دوورخرایەوە و ئەرک و فەرمانداری ئەمانی نەهێشت و سەرتیپ سەلماسی خرایە شوێنی. ساڵی ١٨٨٥ ناسردین شا بەتەختی پاشایەتی گەیشت و ئەمیر کەبیر وەک سەدرولئەعزەم دەستنیشانکراو متمانە درایەوە بەخانەوادەکیان و حەسەنعەلی خان وەک فەرماندەی هێزی گەڕووس دانرایەوە. ساڵی ١٨٨٦ توانی سەرکوتی ئەو هەڵگەڕانەوەیەی ناوچەی خۆراسان دژبە ناسرەدین شا بکات. ساڵی ١٨٨٨ هاوڕێی ناسرەدین شابوو بۆ ئەسفەهان لەو سەفەرەیدا کتێبی پەندنامەی یەحییویەی بۆ یەحیاخانی




برای نووسیوە، دوای گەڕانەوەی ماوەیەک فەرماندەی فەوجی سوڵتانی بووە. ساڵی ١٨٩٢ وەک فەرماندەی فەوجی گەرووس بۆ پاراستنی ئاسایشی مەشهەد دەست بەکاربوو. ساڵی ١٨٩٣ لەگەڵ سوپاکەی و بەهاوکاریی حوسام سەڵتەنەی والی خۆراسان بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزاییەتیەکانی ئەو ناوچەیە ڕۆڵی گەورەو بەرچاوی هەبوو و سەرەنجام توانیان کۆتایی بەو هەڵگەڕانەوەو ناڕەزاییەتیانە بهێنن لەکاتی شۆڕشەکەی کورددا، لەهەمەدانەوە بەهێزێکی گەورەوە و لەسەر داوای خۆی بۆ بەشداریی لەسەرکوت و دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەدا بۆ ناوچەکانی ڕاپەڕینەکە هێنراوەتەوە ساڵی ١٨٩٤ گەڕایەوە بۆ تاران بەهۆی سەرکەوتنە گەورەکانی لەلایەن ناسرەدین شاوە ڕێزلێنانی شایستەی پێشکەشکرا. هەرلەو ساڵەداو بەهۆی سەرکوتکردنی ناڕەزاییەتیەکان باڵوێزی ئینگلیستان تارانی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بەغداو دواتر لەپاریس هەردوولا ئێران و ئینگلیستان لەپاریس پێکەوە دانیشتن و پەیوەندییەکانیان ئاسایی بووەوە. هەرلەو ساڵەدا بۆ ماوەی یەک ساڵ لەلایەن شاوە ئەرکی پاراستنی موڵک و ماڵ و گەنجینەکانی ناسرەدین شای پێ سپێردرا. ساڵی ١٨٩٦ دوای لەکارلابردنی ئیعتیماد دەولە و گەڕانەوەی فەرەخ خان ئەمین دەولە ئیلچی نێردەی ئێران لە وڵاتانی ئەورووپی




لەلایەن وەزیری دەرەوە سەعید خانی ئەنباری حەسەنعەلی خان بە ناونیشانی وەزیری موختار لەپاریس دەستنیشانکرا، لەکاتی ئەو ئەرکەیدا سەرپەرشتی ٤٢ خوێندکاری ئێرانی دەکرد کە بۆ خوێندن لەئەورووپا بوون لەهاوکاریکردنیان دریغی نەکردووە. ساڵ ١٨٩٧ بەناوی مەئموری فوق العادە و وەزیری تایبەتمەند لەپاریس دانرا ماوەی ٧ ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە، جگە لەکاری خۆی لە باڵوێزخانە زوربەی کاتەکانی بە بەسەرکردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەکان بەسەردەبرد. ساڵی ١٩٠٣ بۆ ماوەیەکی کەم گەڕایەوە بۆ تاران و ساڵی ١٩٠٤ ئەنجومەنی شورای گەورە دامەزرا بە ئەندامی کارای ئەو ئەنجومەنە دانرا. ساڵ ١٩٠٨ یەحیاخانی



کوڕی کە فەرماندەی هێزی گەڕووس بوو کۆچی دوایی کرد، حەسەنعەلی خان بۆ ئەم کۆستە زۆر خەمبار بوو. ساڵی ١٩٢١ دوای مردنی محەمەدڕەحیم خان عەلائەدین ناسراو بە ئەمیرنیزام و بەڕاوێژی موزەفەرەدین میرزا وەلیعەهدی ئازربایجان پێشنیاری ئەوەکرا حەسەنعەلیخان ئەرکی سوپاسالاریی پێبدرێت و لەو ئەرکەیدا ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەدامەزراندنی قوتابخانەی ڕوشدییە لە تەورێز. ساڵی ١٩٢٤ وەلیعەهد موزەفەرەدین شا ڕێزی لێنا و شمشێرێکی تایبەتی پێشکەشکرا و نازناوی ئەمیرنیزامی پێبەخشی. دوای بەڕێکردنی تەمەنێکی پڕبەرەکەت لەبەخششی زۆر لە ڕۆژی ٥ی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٣٨ و لەتەمەنی ٨١ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لەسەر وەسێتی خۆی لەماهانی کرمان لەگۆڕستانی تایبەت لەتەنیشت شا نیعمەتوڵای دەولی ئەسپاردەی خاک کرا. ئەمیر نیزام گەڕووسی سیاسەتمەدارو خوێندەوارێکی زیرەک ئەدیب و خۆشنووسێکی ناوداری کورد هەڵکەوتوویەکی





بلیمەتی میللەتەکەمانە بەخەتی خۆی چەندین کتێبی نووسیوە لەوانە( منشات، پندنامەی یەحیویە) دیوانی شیعری زۆرێک لەشاعیرانی کلاسیکی ئێرانی بەخەتی خۆی نووسیوە و چاپی کردوون. خوالێخۆشبوو پتر لە ٦٤ ساڵی تەمەنی بەسیاسەت و کاری هونەری و فەرهەنگی بەسەربردووە، لەکارەکانیدا کەسێکی ڕاستگۆ و خاوەنی ئیرادەیەکی بەرزبووە، هەرچەند ساڵانێکی زۆری کۆتاییەکانی تەمەنی لەئەورووپا ژیاوە و تێکەڵی کلتووری ڕۆژئاوا بووە بەڵام کەسێکی سادە بووە لەژیانیدا و هەمیشە شانازی بە کلتووری ڕۆژهەڵاتی خۆیەوە دەکرد. لەبواری خۆشنووسیدا لەخەتی نەستەعلیق زۆر شارەزا بوو و بەشێوازێکی تایبەت ئەو خەتەی دەنووسی تایبەت بوو بەخۆی و بە شێوازی نیزامە دەناسرێت. لەکۆتاییدا سپاسی مامۆستای خۆشەویست محەمەدی حەمە باقی دەکەم کە هەندێک زانیاری سەرەتایی پێدام لەسەر ژیانی ئەم کەڵە پیاوەی میللەتەکەم و هانیدام تا زانیاری وردتر لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی پەیدابکەم. بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: حسنعلی خان امیر نظام گرووسی.منشات چاپ سنگی کتابخانە ملی، خگ احمد بصیرت. حسنعلی خان امیرنظام گرووسی.پندنامە یحیویە.نسخە چاپ سنگی کتابخانە ملی ایران. وقایع نگار کردستان پیشین مجلە وحید سال سوم شمارە دوم ١٩٦٣.

# نیشتەجێبوونی شێخ مەحموودی حەفید لە بازیان




کاروان محەمەد و یاسین ئەحمەد

شێخ مەحموودی حەفید، مەلیکی کوردستان لە بنەماڵەیەکی ناسراو و ئاینیی کوردستانە و نەوەی کاک ئەحمەدی شێخە کە ئەمیش کوڕی شێخ مەعروفی نۆدێیە و لە زنجیرەی بنەماڵەکەیاندا دەیان زانا و ڕۆشنبیر و زانای ئاینیی و تێکۆشەری دیکە هەیە کە ڕۆڵی بەرچاویان لە مێژووی کورد و ناوچەکەدا گێڕاوە.

بنەڕەتی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزنجە و پاشان شارباژێڕ و دواتر شاری سلێمانی، بەڵام بەشێکی ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە بە هۆکاری جیاوازی سروشتی، سیاسی، ئابووری، ئاینیی و کۆمەڵایەتی ڕویان لە ناوچەی دیکەی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر و تەنانەت دورتریش کردووە و لێی نیشەجێبوون، هەندێکیان پاش سەردەمانێک گەڕاونەتەوە شوێنی بنەڕەتی خۆیان لە شارباژێڕ و شاری سلێمانی و سەدان خێزانیشیان نەگەڕاونەتەوە و لەو شوێنەی کۆچیان بۆی کردووە بەردەوام بوون لە ژیان.

بەهۆکاری سیاسی ماوەیەک شێخ مەحمودی حەفید لە گوندی داریکەلی بازیان نیشتەجێبووە و هەر لەم گوندەش توشی نەخۆشی بووە و بەهۆیەوە کۆچی دواییکردووە، هەڵبژاردنی بازیان و بەتایبەت گوندی داریکەلی بۆ نیشتەجێبوون گەلێک هۆی هەبووە کە بەشێکی پەیوەندی بە لەباری ناوچەکە و گوندەکەوە هەبووە و بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە دۆخی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانیی و هەروەها باری ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاینیی





بنەماڵەکەیانەوە هەبووە.

شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد کوڕی کاک ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مەعروفی نۆدێ لە بنەماڵەیەکی خانەدان و بەناوبانگ و زانا و تێکۆشەری کوردە، ناسراوە بە شێخ مەحمودی حەفید، حەفید بە زمانی عەرەبی بەواتای نەوە دێت، ئەمەش وەک ئاماژەیەک کە شێخ مەحمود نەوەی کاک ئەحمەدی شێخە، لە ساڵی (١٨٨١) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، بنەماڵەکەیان لەدروستکردنی شاری سلێمانییەوە لەلایەن بابانییەکانەوە تێیدا نیشتەجێببوون، ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لەم شارەدا و مایەی پێشخستن و بڵاوکردنەوەی زانست و فێربوون بوون، پاش لەناوبردنی میرنشینی بابان لەلایەن عوسمانییەکانەوە، دەسەڵاتیان پەرەی سەندووە و ڕۆڵی فەرمانڕەواییان بینیوە و سەرپەرشتی بەشی زۆری کاروبارەکانی شاری سلێمانییان کردووە، کاک ئەحمەدی شێخ لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە بانگهێشتی ئەستەنبوڵ کراوە، سوڵتان ڕێزی زۆری لێ گرتووە و گوێی لە وتە و ئامۆژگارییەکانی گرتووە، پاش ئەویش منداڵ و نەوەکانی بوونەتە کەسایەتی شار و دەوروبەر و ناوچەکە و خەڵکی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان پرسیان پێکردون و بە دڵسۆز و خەمخۆری خۆیانیان زانیون، ئەمانیش بەدەنگ خەڵکەوە بوون و هاوکاری و یارمەتیان داون و داواکارییەکانی خەڵکیان گەیاندۆتە دەسەڵاتداران و پاڵپشتیان بوون، لەکاتی تەنگانەدا سەرپەرشتی جوڵە و چالاکی خەڵکیان کردووە و لەڕیزی پێشەوەی داواکردنی مافەکانیاندا بوون، لەڕووی نەتەوایەتییەوە ڕۆڵی بەرچاویان



هەبووە و لەهەر شوێنێکی کوردستانی گەورە شۆڕش و بزووتنەوەی کوردایەتی هەبووبێت بەهەر ڕێگەیەک بووبێت خۆیان گەیاندویەتێ و پشتگیریان کردووە، دژ بە داگیرکەران لەڕیزی پێشەوەی بەرگریکردن لە نیشتمان بوون، بۆ هەلێک دەگەڕان نیشتمانی کورد یەکبخەنەوە و دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنن.

لە گەرمەی شەڕی جیهانی یەکەمدا شێخ مەحمودی حەفید هەوڵەکانی درێژەپێدا بە مەبەستی گەیشتنی گەلی کورد بە دەوڵەتی سەربەخۆ و ڕزگاربوون لەژێردەستەیی، هەربۆیە بە هاوکاری سەرجەم چین و توێژەکان و ناوچەکانی دیکە توانی لە ساڵی (١٩١٨) یەکەم حکومەتی کوردی دابمەزرێنێت و پایەتختەکەی شاری سلێمانی بێت، ئەم حکومەتە ماوەی ساڵێک و چەند مانگێک درێژەی کێشا و بە شەڕی دەربەندی بازیان کۆتایی پێهات و لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە سەرکوتکرا، بەڵام شێخ مەحمودی مەلیک وازی نەهێنا و پاش ئازادکردنی و گەڕانەوەی لە هیندستانەوە، دووبارە لە ساڵی (١٩٢٢) لە شاری سلێمانی حکومەتی کوردستانی دامەزراندەوە و خۆی بووە مەلیکی کوردستان، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندییە داگیرکارییەکانی حکومەتە سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهانی یەکەم ئەمجارەش کۆتایی بە حکومەتی کوردستان هێنرا و شێخ مەحمودی





مەلیکی کوردستان پاش دەیان شەڕی نابەرابەر و بەرگری قارەمانانە کە تا ساڵی (١٩٣١) درێژەی کێشا، دورخرایەوە بۆ شاری بەغدا و لەوێ بە دەربەدەری دور لە نیشتمانی خۆی دەژیا.

شێخ مەحمودی مەلیک لە بەغدا بە دەستبەسەری ڕۆژانی بەڕێدەکرد و بۆ دەرفەتێک دەگەڕا کە لەو دەستبەسەرییە ڕزگاری ببێت و بگەڕێتەوە کوردستان بۆناو میللەت و خەڵکی خۆی، ساڵی (١٩٤١) لەکاتی شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانیدا هەلی دەستکەوت و باری شێواوی بەغدای قۆستەوە و خۆی دەربازکرد و بە هاوکاری حز بی هیوا گەڕایەوە کوردستان، هەرچەندە شێخ مەحمود بەهیوای ئەو ڕۆژە بوو کە بێتەوە سلێمانی و بە ئاو و هەوای شادبێتەوە، بەڵام حکومەتی عێراق ترسی زۆری هەبوو لە نیشتەجێبوونەوەی شێخ مەحمود لە شاری سلێمانی، چونکە دەیزانی خەڵکی سلێمانی هەروا دانانیشن و پاڵپشتی تەواوی مەلیکەکەیان دەکەن و ناهێڵن بەخۆشی داگیرکەر لە خاکەکەیاندا بمێنێتەوە، هەربۆیە حکومەتی عێراق ڕازی بوو کە شێخ مەحمود لەژێردەستەیی نەمێنێت و ئازادبێت و جگە لە شاری سلێمانی لەهەرکوێیەک دەیەوێت نیشتەجێ ببێت، ئەم مەرجەی حکومەتی داگیرکەری عێراق بە پاڵپشتی بەریتانیا بۆ شێخ

هەوارنامەی کتێب

مەحمود قورس بوو، چونکە ئەو لە سلێمانی چاوی بە ژیان هەڵهێنابوو دەیتوانی لەوێ زیاتر چاوی بە خەڵکەکەی بکەوێت و ئاگاداریان بێت، بەڵام لەبەر دوبارە دورنەکەوتنەوەی لە نیشتمانی خۆی ڕازی بوو لە شوێنێکی دیکەی کوردستان نیشتەجێ ببێت، بۆئەو هەموو شوێنێکی کوردستان هەر نیشتمانی خۆیەتی.

پاش پرس و ڕاوێژ لەگەڵ کەسانی دڵسۆز و بیرکردنەوەی خۆی، بڕیاریدا بچێتە ناوچەی بازیان و لە گوندی داریکەلی نیشتەجێ ببێت، ئەو سەردەمە بازیان ناحیەیەک بوو سەربە قەزای ناوەندی سلێمانی و داریکەلی یەکێک بوو لە گوندە گەورە و گرنگەکانی، بازیان سنووری بە شاری سلێمانییەوەیە و تەنها شاخی بەرانان لێکیان جیادەکاتەوە کە لە هەندێ شوێنیدا بەرزی کەمە و سەخت نییە و بە ئاسانی دەتوانرێت هاتوچۆ لەنێوانیاندا بکرێت.

پێش داریکەلی، بڕیاربووە شێخ مەحمود بچێتە گوندی شوانکارە کۆنی بازیان، تەنانەت خانوشیان بۆ دروستکردووە و ئامادەکراوە بۆ ئەوەی خۆی و خێزان و ئەو کەسانەی لەگەڵیدان تێیدا بژین، بەڵام دواتر بڕیارەکەیان گۆڕیوە و چونەتە گوندی داریکەلی.

گوندی داریکەلی دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی ناوەندی قەزای بازیان و (٢٣کم)





لێوەی دورە، هەروەها دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی و (٤٢کم) لێوەی دورە، ئەگەر لەسەر شاخی بەرانانەوە هاتوچۆ بکرێت ماوەکەی زۆر کەمترە و تەنها (٢٥کم) ە، شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی هەیە، بە بناری شاخی کەڵەوێوەیە، سنووری نێوان قەزای بازیان و قەزای قەرەداغە، دەشتی فراوان و بەپیتی هەیە کە بەشێکە لە دەشتی بازیان، سەرچاوەی ئاوی باشی هەیە، لە کۆنەوە ئاوەدانی لێبووە، بنەماڵەی شێخان کە شێخ مەحمود لەو بنەماڵەیەیە لەو گوندە و گوندەکانی دەوروبەری وەک: سۆڵە و سەرزەل و دێلێژە و... نیشتەجێبوون.

عەبولڕەزاق حەسەنی سەبارەت بە نیشتەجێبوونی شێخ مەحمودی حەفید لە گوندی داریکەلی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: لە ئەنجامی وتووێژی شێخ مەحمود و نورەدین مەحموددا شێخ مەحمود بەوە ڕازی بوو کە لە گوندی

داریکەلی دابنیشێت بە مەرجێک ڕێگەی ئەوەی لێ نەگیرێت کە ڕۆژانی هەینی بچێتە سلێمانی بۆ نوێژ لە مزگەوتی گەورە، بەڵام (مەنگوڕی) دەڵێت بە شێخ مەحمودیان وت لە داریکەلی دابنیشێت و ئەوێ جێ نەهێڵێت، مەنگوڕی خۆی هاوسەردەمی ئەو ڕووداوە بووە و سەردانی شێخی لە داریکەلی کردووە، شێخ بابەعەلی شێخ مەحمود دەڵێت شتی وا نەبووە کە حکومەت ڕێگە بدات بە باوکم بۆ ڕۆژانی هەینی بۆ نوێژ بچێتە سلێمانی، شێخ مەحمود کە لە داریکەلی نیشتەجێبوو تەنها سێ جار هاتووەتە سلێمانی، ساڵەکانی (١٩٤٦) و (١٩٥١) و (١٩٥٦) کە دواجار چووەتە سلێمانی و بە نەخۆشی چووەتە بەغدا و لەوێ وەفاتیکرد.

هۆکاری دیاریکردنی گوندی داریکەلی لەلایەن شێخ مەحمودەوە بۆ نیشتەجێبوون تیایدا بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی بەو مەرجە لەگەڵ ئینگلیز ڕازی بوو واز لە سیاسەت بهێنێت کە لە شوێنێک نیشتەجێ بێت سەربەخۆ بێت و حکومەت دەست لە کاروباری وەرنەدات و داوای سەربازی لێنەکات لە خۆی و شوێنکەوتوانی، سەبارەت بە دیاریکردنی شوێنێکی گونجاویش کە لێی نیشتەجێ بێت پرسی بە چەند کەسێک کردووە وەک شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە کە ئایا لە بازیان یان پشدەر نیشتەجێ ببێت ئەویش پێی وتووە کە بچێتە بازیان، چونکە ناوچەیەکی ستراتیژی و کشتوکاڵی و سەرچاوەیەکی باشی داهات بووە و ئاووهەوای فێنک و نزیک سلێمانی بووە، ناوچەیەکی فراوان بووە و کانی و ئاو و زەوی زۆر بووە و بۆ کشتوکاڵ گونجاو بووە و ئاوەدانیشی کەم تیادا بووە، بۆیە شێخ مەحمودیش گوندی داریکەلی هەڵبژاردووە، کاتی چوونی شێخ مەحمود بۆ داریکەلی لەبەر خراپی ڕێگەی گوندەکە، ئینگلیز دوو تراکتۆری ناردووە بۆ شێخ مەحمود تا خێزان و ماڵ و




هەواڵنامەی کتێب

کەلوپەلەکانی لە سلێمانییەوە پێ بگوازێتەوە بۆ داریکەلی.

پێشتریش جارێکی دیکە شێخ مەحمود لە داریکەلی بۆ ماوەی پێنج ساڵ نیشتەجێبووە، ئەویش لە ساڵانی (١٩١٣ – ١٩١٨) لەو خانووەدا بووە کە شێخ مستەفا نەقیبی مامی تێیدا بووە و پاش وەفاتی شێخ مەحمود هاتۆتە ناوی، لەم ماوەیەدا پەیوەندی توند و تۆڵی لەگەڵ خەڵک و هۆزەکانی بازیاندا هەبووە، دانیشتوانی بازیان وەک بنەماڵەیەکی خاوەن ڕێز و پایە سەیریان کردون و لەدوای ئەوەی شێخ دەستی بە شۆڕش کردووە بە هەموو توانایەکیانەوە هاوکاریان کردووە، بازیان پێگەی سەرەکی شۆڕش و حکومەتی مەلیک مەحمود بووە، دواهەمین شوێن بووە کە شەڕی تێدا کراوە و لەڕووی ئابوورییەوە بەشێکی زۆری داهاتەکانی شۆڕشەکە لە بازیانەوە بووە هەروەک ئەحمەد خواجە لە کتێبەکەیدا (چیم دی) باسی دەکات.

پاش ساڵی (١٩٤١) کە مەلیک مەحمود لە بازیان نیشتەجێبووە، بەردەوام کەسانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانا و ڕۆشنبیر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، هەموو چینێکی کۆمەڵگە و کەسانی بیانی لە بازیان و داریکەلی سەردانیان کردووە، بۆ نمونە: ساڵی (١٩٤٥) مێجەر ئەدمۆنس ڕاوێژکاری ئینگلیز لە عێراق لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیکەی وەک: پیرەمێرد و مەعروف جیاوک موتەسەڕیفی سلێمانی سەردانی مەلیک مەحمودیان کردووە لە بازیان و ئەم هەواڵە لە ژمارە (٧٨١)ی ڕۆژی پێنجی نیسانی ساڵی (١٩٤٥) لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٥٢) مەلیک فەیسەڵ لە بازیان سەردانی شێخ مەحمودی کردووە.

نیشتەجێبوونی مەلیک مەحمود لە گوندی داریکەلی بۆتە هەوێنی هۆنراوەی شاعیرانی کورد، چەندین شاعیری کورد لە هۆنراوەکانیاندا باسیان لە شێخ و داریکەلی پێکەوە کردووە و خۆشەیستی خۆیان بۆیان دوپاتکردۆتەوە، هەروەک حەمدی لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

وەک مەدینە بێ (نەبی) بێ، یا نەجەف بێ بێ عەلی
شاری (غەزنە) ئێستە بێ مەحمودە وەک (داریکەلی)

ساڵی (٢٠٠٩) لەسەر بناغەی خانووە کۆنەکەی مەلیک مەحمود لە گوندی داریکەلی مۆزەخانەیەک دروستکرا، ئەم خانووە پێکدێت لە حەوت ژوور کە دابەش بووە بۆ سێ بەش، ژوورەکان: ژووری میوانی تایبەت، ژووری پێشوازی، ژووری نووستنی مەلیک مەحموود (لەم ژوورەدا ژێر زەمینێک هەیە بەکارهاتووە بۆ خۆحەشاردان)، ژووری خێزانەکانی و ژوورێک لە حەوشەی خانووەکە کە تایبەت بووە بە ئامادەکردنی خواردن.

ساڵی (١٩٥٦) مەلیک مەحمود لە گوندی داریکەلی نەخۆش دەکەوێت، هەربۆیە دەنێردرێت بۆ بەغدا بۆ چارەسەر و لەوێ کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەهێنرێتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە مزگەوتی گەورە لەپەنا شێخ مەعروفی نۆدێ و کاک ئەحمەدی شێخەوە بە خاک دەسپێردرێت.

• سەرچاوەکان
١- بازیان مێژوو گەشەسەندنی، کاروان محەمەد و یاسین ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، (٢٠٢٣).
٢-م.ڕ. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم، چاپ: جاف پرێس، لەندەن، (١٩٩١).
٣- چیم دی، ئەحمەد خواجە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم، (٢٠١٣)
٤- الشيخ محمود الحفيد البرزنجي، عبدالرحمن ادريس البياتي، بنکەی ژین، سلیمانیه، (٢٠٠٧).

# ئێمە لەنێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا



تەها عومەر

ئێمە وەک نەتەوەی کوردو وەک خەڵکانێکی ڕۆژهەڵاتی مرۆڤگەلێکین هەرگیز نەمانتوانیوە بۆ ئەو ساتە بژین و چێژ لەوساتەوەختە وەربگرین کە تێیدا ئەژین ، هەتا منداڵین خۆزگە بەگەورەبوون ئەخوازین ، چونکە بەخەیاڵی خۆمان قۆناغێکی خۆشترەو و بەرپرسیارێتی وەرئەگرین ، کچ حەز ئەکات زوو گەورە بێ بۆ ئەوەی شووبکات و مێردو منداڵی هەبێ ، کوڕیش حەزئەکا زوو پێبگات تا خێزان دروست بکاو خاوەنی کارێک بێ ، پێیان خۆشە خوێندن تەواو بکەن و لەشوێنێک دابمەزرێن دەوڵەمەندو بەختەوەربن ، بەڵام کاتێک ئەو ئاواتەیان دێتە دی ، ئەوسا ئەزانن کەخەیاڵەکەیان جگە لەوەهم وسەرابێک زیاتر نییەو پەشیمانی منداڵی ئەبنەوە ، ئەسەف بۆ یادگارییەکانی منداڵی و ئەوژیانە پڕ بەرائەتەو ساتە جوانەکانی ئەوسا دەرئەبڕن ، هێندە بەخەیاڵی ڕابردووەوە ئەژین چێژ لەو گەنجییەش وەرناگرن ، بۆیە کاتێک ئەزانن گەیشتوون بەقۆناغی پیری و کاتێک ئەبینن پشتیان کۆماوەتەوەو دارشەقایێک چۆتە بن هەنگڵیان یان گۆچانێک بەدەسیانەوەو بەبێ ئەو ناتوانن ڕێ بکەن ، ئنجا پەشیمانی بۆ ساڵانی گەنجی و لاوییان دەرئەبڕن و خۆزگەی پێ ئەخوازنەوە چونکە ئەبینن نە ئەو هێزو تواناو گوڕوتینەی ئەوساو نەئەو حەوسەڵەیەی جارانیان نەماوە ، بەم شێوەیە ناتوانن چێژ لەهیچ کام لەو قۆناغانە وەربگرن و دواتر مردن ڕێیان پێ ئەگرێ وەک هەرنەشبووبن بۆهەتا هەتایە

هەواڵنامەی کتێب



ئەیانسڕێتەوە . کورد بەحوکمی پێگەی جوگرافی و ئەوبارودۆخە سەختەوە کەبەدرێژایی مێژوو تێیدا ژیاوە هەمیشە لەململانێدا بووە ، ململانێ لەگەڵ سروشت ، لەگەڵ زلهێزەکانی دونیا ، لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەوروبەر ، لەگەڵ حوکمی وڵاتەکەیان و دەسەڵاتی ناوخۆ ، هەمیشە لەشەڕو ناکۆکی و ناخۆشیدا ژیاوە ، لەجەنگێکەوە بۆ جەنگێکی تر و لەماڵوێرانییەکەوە بۆ ماڵوێرانییەکی تر ، هەمیشە دەنگی تەقەو فیشەک مۆسیقای ژیانی بووە ، لێدان وگرتن و ڕاوەدوونان ژیانی ئارامی شێواندووە ، بۆیە هەمیشە لەهەژاری و دڵەڕاوکێ و نائارامیدا ژیانی بەسەربردووەو هەرگیز نەیتوانیوە ژیانێکی ئاسایی بژی . هەرلەبەر ئەو هۆیانەش ئێمەی کورد هەرگیز نەمانتوانیوە وەک مرۆڤانێکی ئاسایی بژین ، نە منداڵیمان منداڵییەکی ئاسایی بووە ، نە بە گەورەیی ئارام ژیاوین ، نە بەپیرێتی حەواوینەتەوە . بۆیە هەمیشە بەئومێدی ژیانێکی خۆشترەوەلەنێوان ڕابردوو ئێستاو داهاتوودا خەونمان بینیوەو خەیاڵمان لەشەقەی باڵی داوەو لەسەرابێک بەولاوە هیچی ترمان نەچنیوەتەوەو نەمانتوانیوە چێژو خۆشی و ئارامی لە هیچ کام لەساتەکانی ژیانمان ببینین .

# گرنگیی ئەسپ لەلای کوردان

میدیا کەنان

هەواڵنامەی کتێب

ئەسپ بۆ کوردان چ واتایەکی هەیە؟
ئەسپی کوردان بە ڕەسەنبوونیان ناسراون، وەک دۆستی سوارەکان دێنە ئەژمار. هەروەک زانراوە، ئەسپ هەمیشە لەگەڵ سوارەکەیەتی و خۆشی دەوێت و هەستی پێ دەکات. کورد خاوەنی چەندین جۆر ئەسپە؛ ئەسپی «کهێل» یەکێکە لە گرینگترین جۆرەکانی ئەسپ و لەلای کوردان زۆر تایبەتە.
پیاو یان ژنی کورد ئەسپەکەیان خۆش دەوێت، ئەسپەکەیان زۆر بە بەنرخ دەزانن، ماندوویان ناکەن و قامچییان لێ نادەن، بۆیە ئەسپەکە لەگەڵ خاوەنەکەی پەیوەندییەکی باش دروست دەکات.
تایبەتمەندییەک کە ئەسپەکان هەیانە ئەوەیە کە هەستێکی زۆر قووڵیان هەیە و هەست بە هەر شتێک لە دڵی سوارەکەیاندا دەکەن، جگە لەوەش دەبێ سوارەکەیان مێرخاس بێت.
ئەسپ لە ڕابردوودا ژیانی مرۆڤی ئاسانتر و خێراتر کردبوو، هەروەها ئەسپ بە خێراییەکەی بەناوبانگە. هەروەها ئەسپ تەنیا بە چاوی ئاژەڵێک سەیری نەدەکرا، بەڕاستی وەک دۆستی سوارەکەی سەیر دەکرا.
دەگوترێت کاتێک خەڵک دەچوونە ئاهەنگ یان ماتەمینی، ئەسپ هەمیشە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. پیاوانی کورد لە شایی و داوەتەکاندا سواری پشتی ئەسپی ڕازێندراو دەبوون و خۆیان نیشان دەدا. بۆ نموونە باوکی بووک وەک خەڵات ئەسپێکی پێشکەش دەکرد، چونکە ئەسپ بەنرخە و لەلایەکی ترەوە ئەمە دیارییەکی گەورەیە بۆ ئەو کەسەی ئەسپەکەی پێ دەدرێت.



لەلایەکی ترەوە کاتێک کەسێک دەمرد، ئەسپەکەی بە دوای تەرمەکەیدا دەڕۆیشت کە لە زۆر فیلم و ڕۆماندا بینیومانە. ئەسپەکە بەپێی تەمەنی سوارە مردووەکەی دەڕازێنرایەوە، ئەگەر مردووەکە گەنج بووبێت، ئەسپەکەی بە شێوەیەکی جوان و ناسک دەڕازێنرایەوە. ئەگەر مردووەکە پیر بووایەت، پارچەیەکی ڕەش لەسەر پشتی ئەسپەکە دادەنرا.

کورد ئەوەندەی لە توانایدا بێت، ڕێگە نادات کەس زیان بە ئەسپەکانی بگەیەنێت. لە داستان، چیرۆک، گۆرانی و ئەفسانەدا دەتوانرێت بڵێین ئەسپ یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانە.

لە چیرۆکی «مەمی ئالان»دا، ئەسپ ڕۆڵ و گرینگیی زۆری هەیە کە ئەویش «بۆزی رەوان»ە. ئێستا «بۆزی ڕەوان» وەک نموونە وەربگرن.

لە کوردستان کەس نییە چیرۆکی «مەمی ئالان»ی نەبیستبێت، دەتوانین بڵێین یەکێک لە قارەمانەکانی ئەم چیرۆکە، «بۆزی ڕەوان»ە. ئەسپەکەی مەمی ئالان کە لە دەریاچەی ئاو هاتبووە دەرەوە، لە پازدە ڕۆژدا ڕێگای شەش مانگی دەبڕی. لە ڕۆژە سەختە و ناڕەحەتییەکاندا ئەو هاوڕێی ڕۆح و گیانی مەمە. کاتێک مەم دەگاتە جزیری بۆتان، خەڵکی شارەکە بە سەریان بە ئەسپەکەی سوور دەمێنێت. با کەمێک سەرنج بخەینە سەر بۆزی ڕەوان لە چیرۆکی مەمی ئالاندا:

«ڕۆژەکە دن د ناڤ خۆرتان دە بوو شۆرێ
جەناوەرێ بەهرێ و ئەجەبانە
هنەکان دانی بەهسا هووتانە
هنەکان ڤەدکر شۆرا مارانە
هنەکان دگۆت: د بەهرێ دە هەیە هەمبەری هەمی رووئەردانە
هنەکان دگۆت: هەیوانەک هەیە د بنێ بەهرێ دە د شکلێ هەسپانە
کالەکی دگۆت : ئەگەر کویێ لێ بە بەختێ مێرانە
ڕۆژەکێ تێکەڤە دەست ئەڤ جانەوەرێ وەکی هەسپانە
مەری لێ سوار بە، پێ قۆماخێن ڕۆژان دبرە ب سائەتانە
نە ڤەدخوە ئاڤێ ئوونە دخوە ئێمەگێ جۆتانە
تم لێ سوار بی و ل سەر پشتێ پەیا نەبی ب ڕۆژ و ب شەڤانە
- دارێ هکمێ وی هەیە هەیا شەش مەهانە
هنەکان دگۆت: هەیا هکمێ وی هەیە سالەکێ و ددویانە
زارۆکێن بچووک گوهـ ددان کالانە
د بن چاڤان ڤە دکەنین و ب دەستان دکن شارەتانە
دگۆتن هەلە بنێرن ژ ڤێ دەرەوا کالانە



ما ئیشێ هەسپان چیە د بنێ بەهرانە».
زانراوە ئەسپی مەم لە بن دەریاوە دەرکەوتووە. ئەمە زۆرجار دێتە بەرچاومان، دەگوترێت ئەو ئەسپانەی لە دەریاوە هاتوونەتە دەرەوە، ئەسپی نەمرن.

ئێمە گوتمان کە ئەسپ بە هەستە قووڵەکەی ناسراوە، ئەو لە شتانێک کە مرۆڤ ناتوانێت لێی تێبگات، تێدەگات و هەستی پێ دەکات. هەست بە شتگەلێک دەکات یان دەبینێت کە هێشتا ڕوویان نەداوە. لە چیرۆکی مەمی ئالانیشدا مرۆڤ دەتوانت بڵێت گەیشتنی مەم و زین لە سایەی بۆزی ڕەواندایە. مەم لەسەر پشتی ئەسپی خۆی چل ڕۆژ لە ڕێگادا دەچێت، ئەسپەکە قسە لەگەڵ مەم دەکات و دەڵێت: «مەمی ئازیزم، قامچیم لێ مەدە، هەرگیز مەڵێ حاڵی بۆزەکەت چۆنە و چۆن نییە.» لێرەدا زۆر جوان ڕوون دەبێتەوە کە ئەسپی مەم بەڕاستی ئەسپی «چێ»یە.

دەکرێت بڵێین خاوەنی ئەو ئەسپانەش لە سایەی ئەسپەکانییانەوە ئاگاداری ڕووداوە نەقەوماوەکان دەبن، چونکە ئەسپەکەیان پەیوەندییان لەگەڵ دروست دەکات. لە ڕۆمانی مەمی ئالاندا، لە شوێنێکدا، ئەو کەسەی ئامۆژگاریی مەم دەکات، «خزر» نییە، بەڵکوو بۆزی ڕەوانە. کاتێک مەم دەچێت بۆ جزیری بۆتان، «ئەوان»ی کچی «بەکۆ» دەیەوێت مەم فریو بدات و خۆی وەک «زین» بۆ مەم ئاشکرا بکات، بەڵام بۆزی ڕەوان بەهۆی هەستە قووڵەکانییەوە دەزانێت کێیە و مەم لە فێڵێکی گەورە ڕزگار دەکات. بینیمان بۆزی ڕەوان بەم کارە ڕەسەنایەتی و زانینی خۆی نیشان دا و سەلماندی کە تەنیا ئاژەڵێک نییە، بەڵکوو دۆستی سوارەکەیەتی و لەگەڵیدا ڕاستگۆیە.




سەرچاوە:
ڕۆگەر لەسجۆت، مەمێ ئالان، وەشانێن ئاڤەستا، ستەنبۆل، ١٩٩٧، ر٢٥-٢٦

# ئەسپ
# لەکولتوری کوردیدا




میلاد قادر پەنا - ورمێ

ئەسپ، هاوڕێیەکی دێرینی کوردە و بە درێژایی مێژوو و هەر لە سەرەتای دەستەمۆ کردنییەوە هەتاکوو ئەم دواییانە ئەرکێکی گرینگی لە ژیانی خەڵک و دەستەڵاتی کورددا هەبووە. لە سەرەتادا بۆ گواستنەوە و کشت و کاڵ و دواتر وەک یاری جەنگاوەرەکانی گۆڕەپانی شەڕ تێکەڵ بە ژیان و کلتوری کورد بووە. لە شێعر و ئەفسانەکاندا ناوی براوە و سەرکردە گەورەکانی کورد وەک سەلاحەدین ئەیوبی بە ئەسپەکانیان و سوارچاکییان بە ناوبانگ بوون. جۆرێکی تایبەتی ئەسپ کە بە ئەسپی کوردی ناسراوە بە ئازایەتی و خۆڕاگری و توند و تۆڵی ناوبانگی جیهانی هەیە و ساڵانە لە بەشەکانی کوردستان فێسیڤاڵی بۆ سازدەکرێت. لەم بڵاوکراوەیەدا بە هێنانی ناوی ئەندامەکانی جەستەی ئەسپ بە زاراوەی کوردی ناوین و دوو نووسراوەی گرینگ دەربارەی ئەسپ لە دوو پەرتووکی بەنرخ، هەوڵ دەدەین ئەم هاوڕێیەتییە مێژووییەی کورد و ئەسپ بهێنینەوە بەرچاوان و لە شوێنی پێویست کەڵکی لێ وەرگرین.

قامووسی زمانی کوردی

نووسینی عەبدولڕەحمان زەبیحی

گیاندارێکی چوار پێی بەرزی یەک سمی کلک و یاڵ درێژی شۆخ و شەنگی ژیرە. لە زۆر کۆنەوە کەوی کراوە. بۆ سواری و باڵ هەڵگرتن و غارە ئەسپ و گۆیێن بەکاردێت. ٢٥- ٣٠ ساڵ دەژی. هەر پاش کەوی کردن هاتۆتە نێو ڕیزی ئامرازی شەڕی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکانەوە. ئێستاش لەشکری دەوڵەتەکان بەشێک سەربازی سوارەی هەیە. ڕاگرتنی ئەسپ لە کوردستان دەگەڕێتەوە




ڕۆژگارێکی کۆن «دەوری مادەکان» و بەخێو کردنی سەرچاوەی داهاتێکی باشە بۆ خاوەن ڕەوە ئەسپان. گەلێ ڕەنگی هەیە: کوێت، شێ، ڕەش، بۆر، سورخن.

ئەسپی باوبۆران ئەسپێکی خەیاڵییە لە چیرۆکە فولکلۆرییەکانی کوردیدا باسی کراوە، گۆیا وەکوو «با» و «بۆران» بە تەووژم و خێرایە.

ئەسپی بەحری مەوجوودێکی خەیاڵییە شکڵی وەکوو ئەسپ وایە، لە هێندیک چیرۆکی فولکلۆری کوردیدا ناوی دێ، گۆیا لە بەحرا دەژی و بۆ هەندێ پاڵەوانی ئەم چیرۆکانە دێتە دەر و سواری دەبن، زۆر خێرایە دەگەڵ ئەو گیاندارەی کە زانستی ئیمڕۆ بە ئەسپی ئاوی دادەنێ [هیپپۆپۆتام] لێک جودان.

ئەسپی ڕەش بەیتێکە لە بەیتە فولکلۆرییەکانی کوردی، بە دوو لەهجەی ناوەندی و باکووری.

کتێبی پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن -لاپەڕە ١٤٨

نووسینی نەوشیروان مستەفا

ئەسپ نێر و ماین مێ، هەمیشە نرخێکی تایبەتی و ڕێزێکی تایبەتی هەبووە و هەبوونی نیشانەی پایەی کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی بووە. بە زۆری بۆ سواربون بەکار هێنراوە. کە کراوە بە هی باربردن ئیتر پێیان وتووە: بارگیر یان بارگین و کە خەساندوویانە پێیان وتووە: یەختە یا یەرغە. ئەسپی ڕەسەن، کە دایک و باوکی ناسراو بێ، لە ئەسپی تر کە دایک و باوکی نە ناسراو بێ پەسەندترە. ڕەگەزی عەرەبی لە هەموویان پەسەندترە. بە گوێرەی ڕەنگەکانی بە شێ، کوێت، کەحیلە، موحەننەک ناو ئەبرێن.

ماین جوانووی ئەبێ و، کە بوو بە دوساڵ پێی ئەڵێن نۆما. تا ٣ ساڵ هەر بەخێو ئەکرێ، لەبەر ئەوەی ئێسقانی بڕبڕەی پشتی بەرگەی هەڵگرتنی قورسایی ناگرێ، نە باری لێ ئەنێن و نە سواری ئەبن. لەساڵی چوارەم دا ئەڵێن : پشتی گرتووە، ئیتر خەریکی ڕاهێنانی ئەبن بۆ سواری، ڕاهێنانی زانین و شارەزایی و حەوسەڵەی درێژی ئەوێ.

هەواڵنامەی کتێب

ئەسپ ڕەوت و نەرمەغار و غار و لۆقە ئەکا.

ئەسپ وڵاخێکی یەک سم ە، ئەبێ سمی ناڵ بکرێ، ئەگینا ژێر سمی بریندار ئەبێ ...ئەسپ زینی لێ ئەکرێ، زین لە چەرم و تەختە و لباد دروست ئەکرێ، کاتی خۆی بە خشڵی زێر و زیو ڕازاندوویانەتەوە. بۆ زەوتکردنی لەکاتی سوار بوون دا لغاو ئەکرێتە دەمی .

ئەسپ لە تەویلە دا ئەبەسترێتەوە و لە ئاخوڕ دا ئالیک ئەدرێ. پێشینییان وتوویانە لە ئەسپی نەبوو، ئاخوڕ هەڵئەبەستێ، لە بەهاران دا کە بە کۆمەڵ لە لەوەڕگادا بەڕەڵا ئەکرێن، پێێ ئەڵێن ڕەوە و، ئەوی خزمەتیان ئەکا مەیتەر.

لە ئەفسانەی کوردی دا، ئەسپەکەی ڕۆستەم نــاوی ڕەخــش و، هـی خـەسـرەوی پـەروێز شەودێز و هی ئیمامی عەلی دوڵدوڵ بوە. لە چاو ئەسپی ئاسایی دا هەر یەکەیان هونەرێکی هەبووە.

پێشینان وتویانە سواری ئەسپی خەلک بی هەر پیادەی.

سالم لە باسی خۆی و ئەسپەکەی دا ئەڵێ:

خانە خوێم میوان نەوازە، وەرنە سەیری پیاوەتی

دۆشەکی خۆم خاک و خۆڵ و سەر ڕاخەری ئەسپم سەما

شیش سور بێنن وەرن خاڵیگەمان داخ کەن بە جوت

چونکە ژانمانکرد: من و ئەسپم، لە بەر سەردی هەوا

ئەمن و بارگیری کوێت هـەردو بنوین بەشکم بە خەو

من ببینم ڕوی خۆراک و ئەو ببینێ ڕوی کا



# ئاو

## ئەو چەکەی هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات



م/ محەمەد ئەحمەد کەریم

هەواڵنامەی کتێب

ئاو ئەو شلە بێ رەنگە بێ بۆنە بێ تامەیە کە لە تاکە ماددەیە لە سێ دۆخدا هەیە لە سروشتدا ، بە شێوەی رەق وەک سەهۆڵ و بەشێوەی شل وەک ئاو و بە شێوەی گازی وەک هەڵمی ئاو (هەور) کە شێوگە کیمابییەکەی بریتی یە لە ($H_2O$) کە لە دوو گەردیلە هایدروجین و یەک گەردیلە ئۆکسجین پێک هاتووە کە هەردووکیان لە دۆخی گازیدان و ئاو پێک دێنن کە لە دۆخی شلی دایە .

لە چوار بەش سێ بەشی گۆی زەوی ئاوە و بەشەکەی تری ووشکانی یە ، ئەم برە ئاوە زۆربەی سوێرە بەشێوەی دەریا و زەریاکان وە کەمێکی ئاوی سازگارە بە شێوەی بیر و کانیاو و کارێز و ئاوی ژێر زەوی و بەفر کە بۆ خواردنەوە بگونجێت .

هەر لە کۆنەوە مرۆڤایەتی لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بووە و ئاوەدانیان کردۆتەوە و گوند و شار و شاری گەورەیان (Mega city) دروستکردووە کە خاکەکەی خاوەنی چەندین سەرچاوەی ئاوی زۆر باش بووە هەر لە کوردەواریدا زوو ووتراوە ( ئاو و ئاوەدانی )

لەگەڵ زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان و دروست بوونی هەزاران شار و سەدان ووڵات لەسەر رووبەرێکی دیاریکراو وایکردووە پێویستی یەکی زۆر هەبێت بۆ ئاو . بۆ ئەم مەبەستەش ووڵاتان بیریان لە دەیان رێگا کردۆتەوە بۆ دابینکردنی ئاو لە رێگەی دروستکردنی بەنداو و بەربەستی گەورە و بیری (ئیرتیوازی ) و

راکێشانی دەیان جۆگە و بۆری گەورەی ئاو خواردنەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەک یان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بۆ نموونە وەک گەورەترین رووباری دەستکرد لە وولاتی لیبیا کە ساڵی ١٩٨٤ دەستی پێکرد بە راکێشانی ئاو بە بۆری کە درێژیەکەی ٤٠٠٠ کم بە بۆری تیرە ٣ مەتر بۆ گواستنەوەی ٦,٥ ملیۆن مەتر سێجا لە روژێکدا کە پێک هاتووە لە ١٣٠٠ بیر بە قوڵایی ٥٠٠ مەتر هەمووی کۆکراوەتەوە و رووبارێکی لێ دروست کراوە کە بڕی ئەو چیمەنتۆیەی لەم پرۆژەیەدا بەکار هاتووە بەرامبەرە بە دروستکردنی ٢٠ هەرەمی گەورەی میسر ! بە تێچونی زیاتر لە ٣٥ ملیار دۆلار !! یان لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداوی گەورەوە وەک گەورەترین بەنداو لە جیهاندا لە وڵاتی چینە کە بۆ مەبەستی کارەبا و کەمکردنەوەی لافاوو ئاودێری دروستکراوە بە ناوی ( Three Gorges Dam )

لە کوردستانیش خۆش بەختانە لە ساڵی پەنجاکاندا لە شاری سلێمانی دوو بەنداو دروستکراوە بە ناوەکانی (دووکان) و (دەربەندیخان ) کە بۆ مەبەستی دروستکردنی





کارەبا و ئاو دێری و دابینکردنی ئاو بۆ شاری سلێمانی و دەربەندیخان دابین دەکات .

## تورکیا و پرۆژەی گاپ

تورکیا لە ٦٠٪ ی ئاوی دیجلە و لە ٩٧٪ ی ئاوی فوراتی لەبەردەست دایە . ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ١٩٩٢ وە دەستی پێکردووە کە بریتی یە لە دروستکردنی ٢٢ بەنداو لەسەر رووباری دیجلە و فورات کە ١٩ یان بە مەبەستی دروستکردنی کارەبا بەکاردەهێنرێت کە توانای گلدانەوەی ١٠٠ ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە . کێشەیەکی زۆری بۆ وولاتی عێراق و هەرێمی کوردستان و سوریا درووستکردووە و ناچاری کردوە کە ڕێکەوتنی تازە لەگەڵ تورکیا واژۆ بکات . تورکیا دڵنیایە کە لە داهاتوودا دەزانێت دەتوانێت ئاو بەرامبەر نەوت بەکاربهێنێت و عێراق و سووریا ناچار بکات بە هەر بریارێک کە خۆی بیەوێت .

## یاسای نێو دەوڵەتی ئاو

هەر لە پێش جەنگی جیهانیەوە چەند ڕێکەوتنێکی نێو دەوڵەتی لە نێوان ژمارەیەک لە وڵاتانی زلهێز واژۆ کراوە کە ڕێرەوە ئاویەکان دەبێت کراوە بێت بۆ کەشتیوانی ، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات کێشەکان زیادیان کردوە و بە شێوەیەکی گشتی کەسیان پا بەند نابن بە ڕێکەوتنەکەوە لە



ئێستادا چەند برگەیەکی تری بۆ زیاد کراوە و هیچ وڵاتێک ناتوانێت ئاو بەتەواوەتی بگرێتەوە لە سەر وڵاتێکی دراوسێی و رێو شوێنی توند لە بەرامبەری دەگیرێتەبەر بەڵام دەڵێت مافیان هە یە بۆ کارەبا و گلدانەوەی ئاو لەسەر رووبارەکان بەنداو دروستبکرێت . هەرچەندە لە ساڵانی داهاتوودا کێشەکان زیاتر دەکات و پێویست بە ژمارەیەک یاسا و بڕیار نوێ دەکات . چونکە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر رووبار هەیە لە جیهاندا

أ/ رووباری نیشتیمانی

ئەم رووبارانە بەوە جیا دەکرێنەوە کە هەڵقوڵان و کۆتای هاتنی هەر لە ناو وڵاتەکەدایە واتە ناچێتە ناو وڵاتێکی دراوسێوە وەک رووباری (تایمز) لە بەریتانیا و رووباری (وسین) لە فەرەنسا ، ئەمک جۆرانە هیچ کێشەیەکیان نیە بۆ وڵاتەکە و دراوسێکان .

ب/ رووباری نێودەولەتی

ئەو روبارانەن کە هەڵقولانی لە وڵاتێکە و بە چەند وڵاتێکی تردا تێدەپەرێت و دەرژێتە دەریاوە ،لەم کاتەدا زۆرترین کێشە لە نێوان وڵاتان دروست دەبێت و هەندێجار دەگاتە هەڵگیرساندنی جەنگ لەو روبارانەی بەردەوام کێشەی لەسەرە وەک (دیجلەو فورات ) و (نیل ) و (دانوب ) .

ئاوی پاکی خواردنەوە کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر تەندروستی کەسەکان و لە زۆر ووڵات مەترسی زۆرە و هیچی کەمتر نی یە لە مردنی ئەو کەسانەی کە بە روداوی ئۆتۆمبێل دەمرن ! خشتەی ١

لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا خواستی ئاو بە رێژەی ٧ بەرامبەر زیادی کردوە و بە پێی توێژینەوەیەک لە هەر ٦ کەس لە جیهاندا ١ کەسیان ئاوی پاکی خواردنەوەی دەست ناکەوێت وە لە هەر ١٠ کەس لە جیهاندا ٧ کەسیان لە رێگەی بۆری یان سۆندە وە ئاو دەگاتە بەردەستیان ، لە کاتێکدا لە ئێستادا هەر تاکێک لە دانیشتوان بری ١٥ لیتر ئاوی پێویستە بۆ یەک رۆژ بە تێکرایی ، وە دیاری کراوە کەلە



خشتەی (1)، کاریگەری کەمی ئاو لەسەر تەندروستی مرۆڤەکان بۆ ساڵی (2012)، چەند وڵاتێك بە نموونە

| کوبا | تونس | زیمبابۆی | ڤەنزوێلا | سودان | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1.2 ملیۆن کەس | 2.1 ملیۆن کەس | 2.7 ملیۆن کەس | 5 ملیۆن کەس | 12.3 ملیۆن کەس | 23.3 ملیۆن کەس |

ساڵی ٢٠٤٠ دا گەورەترین قەیرانی کەمی ئاو رووبەرووی جیهان دەبێتەوە بە تایبەتی شارە گەورەکانی وەک ( لۆس ئەنجلس و تۆکیۆ و لەندەن و نیودەلهی ....)

لە و برە ئاوەی کەلە سەر زەوی یە لە ٩٧٪ ی هەمووی سوێرە و لە ٣٪ ی سازگارە بۆ خواردنەوە ، لەو برە کەمەی ئاوی سازگار لە ٢٪ ی بەشێوەی بەستەلەکە لە هەردوو جەمسەری باکوور و باشووری گۆی زەوی یە کە گەورە ترین کۆگای ئاوی سازگارە لە جیهاندا، ئەوەی کە بە شێوەی (کانی و کارێز و رووبار و دەریاچە و بیر و .....) هەمووی رێژەی لە ١٪ ی لە بەردەستە بۆ بەکارهێنان . کە برەکەی مەزەندەکراوە بە ٣٢٦ ملیۆن تریلیۆن گالۆن ! واتە ( ٣٢٦ X X ١٠٠٠٠٠٠٠ ١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ X ٣,٨ لیتر )= ١٢٣٨,٨ X ١٨١٠ لیتر

هەژارترین وولات لە رووی ئاوی سازگارەوە وولاتی ( کوێت )ە وە دەوڵەمەنترین وولات لە رووی ئاوی سازگارەوە ولاتی ( کەنەدا )یە

لەو رێژەیەی سەرەوە کە تەنها لە ١٪ ی ئاوی سازگار لە بەردەست دایە بەم شێوەیە بەکاردێت بۆ ناو ماڵ و تەوالێت ٨٪ بۆ کشتوکاڵ ٧٠٪ بۆ پیشە سازی ٢٢٪

بۆ نموونە بۆ دابین کردنی یەک بوتڵ لە کۆکا کۆلا پێویستی بە ٣٢ لیتر ئاو هەیە ، بۆ پەرداخێک بیرە پێویستی بە ١٥٠ لیتر ئاو هەیە ، هەر تیشێرتێک کە لە بەری دەکەین ٢٥٠٠ لیتر ئاوی دەوێت ، نانی خواردن پێویستی بە ١٦٠٨ لیتر ئاو هەیە ، مۆز ١٦٠ لیتر و پەنیر ٥٠٦٠ لیتر ئاو هەیە یەک هەمبەرگر پێویستی بە ١٥٠٠٠ لیتر ئاو هەیە !!

لە جیهاندا هەوڵێکی کەم هەیە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاوی خواردنەوە (Recycling )لە لایەن حکومەت و کەرتی تایبەتی یەوە ،ئەم هەوڵدانەش زۆر کەمە لە چاو بەکارهێنەرانی دا تاکو ساڵی ٢٠٠٧ لە ١٪ ی ئاوی بەکارهاتوو پاککرایەوە کە برەکەی ١٥ کیلۆمەتر سێجا وە لە کۆتای ٢٠١٧ دا گەیشتە ٣٣ کیلۆمەتر سێجا لە کاتێکدا ئێمە ساڵانە پێویستیمان بە ٣٩٢٦ کیلۆمەتر سێجا ئاو هەیە بۆ بەکارهێنان !!

## حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق

کەمتەرخەمترین وولات لە رووی ئەم بابەتەوە



وڵاتی عێراقە و لە ناو عێراقیشدا حکومەتی هەرێم بێباکترینە ! هەرچەندە عێراق لەساڵی هەشتاکانەوە لە ناو جەنگ دایە و دواتر پرۆسەی ئازاد کردن و دواتر روخانی رژێمی بەعس و دواتر ئەمەی ئێستا کە نزیکەی ٤٥ ساڵ دەکات کە هیچ پرۆژەیەکی گەورە یان هیچ هەنگاوێکی باش لەو روەوە نەنراوە تەنها سەرگەرمی کیشەکانی ناوخۆ بوون لە کاتێکدا وڵاتانی دراوسێ و خاوەن ئاو بەردەوام لە جێبەجێکردنی پرۆژە گرنگەکانیان نەوەستاون وەک تورکیا و عێراق

ئەم قسەیە بۆ حکومەتی کوردستانیش راستە کە تەمەنی زیاترە لە ٣٣ ساڵ ئەمیش هیچ هەنگاوێکی نەناوە و ئەوەشی کردبێتی کە چەند دانەیەکن بە پەنجەی دەست دەژمێرێن وە زۆر بچووکن ، یان تەواو نەکراون یان ساڵی دواتر ئاو بردویێتی یان کەمو کورتی زۆری هەبووە .

لە کوردستان بۆ ئەم ساڵ ٢٠٢٥ کە ساڵێکی زۆر ووشک و بێ بارانە ئاستی ئاوی ژێر زەوی بە رادەیک دابەزیوە ئەو بیرانەی ٦٠ بۆ ٧٠ مەتر قوڵن ئاویان تێدا نەماوە و کێشە لە زۆربەی شارەکانی سلێمانی دروستبووە و بە تەنکەر ئاو دابین دەکرێت بۆ ماڵان ! بە راستی ئەمە زەنگێکی مەترسی دارە و هەڵوێستەکردنی دەوێت ! لە هەمان کاتدا چەند رێکارێکی زۆر پێویست و هەنوکە دەبێت بگیرێتە بەر

### پێشنیار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

١/ رێکەوتن بکرێت لە گەڵ عێراق و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان عیراق و تورکیا تاکو برێکی باش ئاو بەرداتەوە ، چونکە لەو بڕەش کوردستان سوودمەند دەبێت .

٢/ بڵاوکردنەوەی هوشیاریەکی باش لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگادا تاکو بزانن چۆن ئاو بەکاربێنن و رێزی لێبگرن .

٣/ دروستکردنی چەند بەنداوێک و چەند بەربەستێکی گلدانەوەی ئاو بە قەبارەی گەورە و بچوک و مامناوەند لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا تاکو پاڵپشتی یەکی باش بێت بۆ کشتوکاڵ و ئاوی ژێر زەوی .

٤/ پاکردنەوەی شا جۆگەکان و کۆنکرێتکردنیان تاکو کەمترین بڕی ئاو بە فیرۆ بڕوات .

٥/ دروستکردنی جۆگەی تازە بە شێوەی بۆری و گواستنەوەی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر چارەکردنی گرفتی ئاو.

٦/ رواندن و سەوزکردنی زەوی بەو دار و درەختانەی کە کەمترین ئاویان پێویستە و لەگەڵ کەش و هەوای کوردستان دەگونجێت و بە رگەی وشکە ساڵی بگرن .

٧/ دووبارە بەکارهێنانەوە و پاکردنەوەی ئاوی بەکارهاتووی ماڵان ، وەک پرۆژەی تەواو نەکراوی (فەرەجاوا) لە رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی لەسەر چەمی تانجەرۆ . کە لە سلێمانی یەوە بە بۆری ئاوی بۆ رۆشتبوو تاکو پاکبکرێتەوە و دوبارە بگەرێتەوە بۆ تەنکی یەکانی شار و پاشە رۆکەشی وەک پەین بۆ کشتوکاڵ بەکار بهێنرێت .

٨/ جیاکردنەوەی ئاوی تەوالێت لەگەڵ تەواوی ئاوی ناو ماڵ و باراناو دا وەک ووڵاتی بەریتانیا چونکە ئەم رێگەیە زۆر ئاسانترە و تەندروستترە بۆ بۆ بەکارهێنانەوە و تێچونیشی کەمترە .


٩/ سنووردارکردنی کارگەکان بۆ بە کارهێنانی ئاو ، چونکە ئەو ئاوەی لە کوردستانبەکاری دەهێنن هەمووی ئاوی سازگارە .

# ساڵیادی دەرچونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری پرسی کورد

بەڕێوەبەرانی گۆڤاری پرسی کورد لەڕۆژی ٢٠٢٥/٨/٥ ڕێورەسمێکی بەدروشمی ( پرسی کورد بەرەوکوێ...!!) بەئامادەبونی بەشێک لە نوسەران وهونەرمەندان وچین وتوێژەکان سازکرد، دوای بەخێرهاتن ساتێک وەستان بۆڕێزلێانی شەهیدانی قەڵەم وسەرجەم شەهیدانی کوردستان، وتەیەک لەلایەن جەمال مەلاسەعید سەرنوسەرەوەپێشکەش کرا،دواترلەلایەن بەڕێز / مامۆستا عسمان سعید ساوجی خوێندنەوەو شیکاری بۆگۆڤارەکە کرا سەرنج وپێشنیارەکان ئاراستەکران ،لەبەشێکی تری ڕێورەسمەکەدا ڕێزلێنان بەخشرایە هەریەک لە مامۆستا عسمان ساوجی و ڕاز ئەسعەدو چاپخانەی کارۆ ،لەهەمان کاتدا بڵاوکراوەی وژمارەی گۆڤارەکان بەخشرایە ئامادەبوان چەپکەگوڵی ڕێز لەلایەن پەروین خان وکوێستان خان پێشکەش بە برایان جەمال مەلاسەعید کرا،کۆتایی بەڕێورەسمەکە هات.






















بەڕێوبەرانی گۆڤاری پرسی کورد
ڕێورەسمی ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ژمارە
بەدروشمی ( پرسی کورد بەرەوکوێ ...؟ )
پرسی کورد

# پرسی کورد بەرەو کوێ...؟!

## بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری پرسی کورد

## Pirsî Kurd berewkwê?

## blawkraweyekî taybete be salyadî derçûnî govarî Pirsî Kurd

١٤ی خەرمانانی ٢٧٢٥ کوردی - ٢٠٢٥/٨/٥ زاینی




# گۆڤاری پرسی کورد لەناو ڕووداوەکانی مێژوودا



جەمال مەلا سەعید

مێژووی کورد لەناو ڕوداوو ململانێی ڕۆژگارەسەختەکاندا بەسەرکەوتن وشکستەکانەوە بەشێوازی بەڵگەیی ودیکۆمێنتی بەشێوازی جیاواز بەپێی قۆناغەکان تۆمارکراون، ڕۆژنامەگەری نوسراوی کاغەز لەڕابردوو ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەخستنە ڕووی ڕووداوەکان وگەیاندنی بەڕای گشتی لە جیهاندا، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکان وبەجیهان بوون (عەولەمە) وژیری دەستکرد ڕۆڵی ڕۆژنامەی کاغەزبەرەو نەمان دەڕوات میدیای ئەلکترۆنی پانتایەکی فراوان داگیر دەکات ،بەڵام کورد نەگەیشتۆتە کەناری ئارامی بۆیە ئێمە بیرمان لەچاپکردنی گۆڤاری پرسی کورد کردەوە وراوێژمان لەگەڵ هاوبیانی نوسەرو ڕۆشنبیران وشارەزایان لەناوەو دەرەوی وڵات کرد کە بەنیازین گۆڤارێک بەم پێناسەیە چاپ بکەین؛ گۆڤاری پرسی کورد گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی سەربەخۆیی وەرزیە، هەمەڕەنگە نوسین وشیکردنەوەی مێژووی شارستانیەت وزانست وکولتوورو زمان و هونەروبوئابووری وئاین وکۆمەڵایەتی وخاک لەخۆدەگرێ ،ئامانجی گەیاندنی بەڕای گشتیە لەپێناوپاراستنی مافی مرۆڤ وئازادی وبەهانیشتمانیەکان، ئەوەی جێگەی


سەرنج بوو بۆ نوسەران ورۆشنبیران کەگۆڤارەکە تایبەت مەندنیە بەبوارێک چونکە تائێستا گۆڤاری لەوشێوازە چاپ نەکراوە دوای ڕاگۆڕینەوە زۆرینە پێیان باش بووکەگۆڤارێکی لەوشێوازەش چاپ بکرێ، کێشەیەکی ترمان هەبوو کەپێمان باش بوو زۆرینەی خوێنەرانی کورد لەبەشەکانی کوردستان ودەرەوەی وڵات بتوانن بیخوێننەوە ئەویش زمانی ستانداردی کوردیە کەبەداخەوە تائێستا نیە، ئەوەش گرفت بوو چونکە کوردانی باکورو ڕۆژئاوا ڕێنوسی کورمانجی سەروو واتە بادینی دەنوسن ودەخوێننەوەو قسەی پێدەکەن ،کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵاتیش ڕێنوسی کورمانجی ناوەند واتە سۆرانی دەنوسن ودەخوێننەوە و قسەی پێدەکەن ،بەڵام بەداخەوە ئەودابەش کاریە بۆتە هۆی لەیەکتێنەگەیشتنی کوردی ئەوبەشانەی کوردستان، واتە بەئەمری واقیع زمانی ستانداردی کوردی بۆتە دووبەش سۆرانی وبادینی، هەرچەند زارەکانی تر وەک زازاکی و هەورامی ولوڕی هتد... مافی هەموو کوردێکە بەکاری بێنن بەڵام دەبێ زمانێکی ستاندارد هەبێ کەهەموو کورد پێی بنوسێ وقسەی پێ بکات لەگەڵ نەتەوەکانی تریش، بەداخەوە تائێستاپرسی کورد لە هەموو بوارەکان چەندین گرفت وکێشەی چارەسەرنەکراوی هەیە کەبوونەتە لەمپەر لە بەردەم ئازادی نەتەوە ونیشتمان ،بەداخە هەندێ دیاردە هەن بەدرێژایی مێژوو بونەتە دواکەوتنی کوورد ئەوانیش دابڕان ویەکتر قبوڵ نەکردن ،عینادی، چاولێکەری وبەدوای ناوبانگ کەوتن ،ئەودیاردانەش بواری ڕۆژنامەگەری گرتۆتەوە چەندین نمونە هەن لەوانە؛ (ڕۆژنامەی کوردستان) لە١٨٩٨/٤/٢٢ واتە ١٢٧ساڵ بەرلەئێستا لەلایەن مقداد مەدحەت بەدرخان لە قاهیرە بەزمانی کوردی چاپکرا لەماوەی چوارساڵدا( ٣١) ژمارە چاپکرا بەڵام دواتر بەفشاری دەوڵەتی عوسمانی لە١٩٠٢/٤/١٤ دەخرا ، دوای ٩٤ ساڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژنامەیەکی سیاسی بەناوی کوردستانی نوێ واتە لە ڕۆژی ١٩٩٢/٤/٢٢چاپکرد کە سەرنوسەرەکە د.فوئاد مەعسووم بوو کەتائێستا نزیکی دووهەزارژمارە بەچاپ گەیەنراوە، نمونەی دووەم؛ گۆڤاری گەلاوێژ لە ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩ لەماوەی ١٠ساڵدا ١٠٥ژمارەی چاپ کردوە کەخاوەنی ئیمتیازمامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وسەرنوسەرەکەی مامۆستا عەلادین سوجادی بووە ،کۆتایی ساڵی ١٩٤٩ داخراوە، بەڵام بنکەی گەلاوێژ دوای ٤٨ ساڵ واتە ساڵی ١٩٩٧ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ یان چاپکرد کەتائێستا چەندجار سەرنوسەرەکەی گۆڕاوە نزیکەی ٨٠ ژمارەیان بەچاپ گەیاندووە.

نمونەی سێیەم؛ گۆڤاری شاربازێڕ لەساڵی ٢٠١٧

2

بەرپرسیارێتیم هەبوو لەناوەندی ڕوناکبیریی شارباژێڕ بیرم لەدەرکردنی گۆڤارێک کردەوە گفتوگۆم لەگەڵ هاوڕێیان لەئەندامان ونوسەران کرد وتیان لەم کاتی قەیرانی دارایی گۆڤاردەرناکرێ چونکە وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە٢٠١٤ وە هاوکاری ڕۆژنامەو گۆڤارەو کارەهونەریەکانی وەستاندبوو ،وتم ئەگەر من بتوانم داهاتی چاپەکەی دابین بکەم ئێوەڕاتان چیە بەنابەدڵی وتیان باشە جگە لەمامۆستا ئەنوەر نەبێ پشتیوان بوو، وتم ئەو ڕەزامەندێیەتان بخەنە سەر کاغەز واژووی بکەن من ڕاسپێرن بۆڕێکارەیاسایەکان نوسراو کرا بەیانی دەستم پێکرد چەندین جارلەناوەو دەرەوەی ناوەند پەیوەنیم پێوەکرا کارەکە ڕابگرم وتم هۆکار وتیان کاتی نیە ،تێگەیشتم کە زۆرێک لەمرۆڤی کورد لای وایە ئەگەرخۆی کارێکی جوانی پێنەکرا خەڵکی تر نەیکات، گوێم نەگرت لەماوەی مانگێکدا ڕێکارە یاساییەکانم جێبەجێ کرد لەماوەی حەوت ساڵدا بەهیمەتی نوسەرانی خۆبەخش وهاوکاری سەرمایەدارانی دڵسۆز توانیمان (٢٥) ژمارە بەچاپ بگەیەنین کەئێستا لەکتێبخانەکانی کوردستانن. لە کۆتایێ ساڵی ٢٠٢٢ وازم لەئەنجومەنی باڵای ناوەندی ڕوناکبیریی شارباژێڕ هێنا وتم خەریکی گۆڤاری شارباژێڕ دەبم کۆبوونەوەم لەگەڵ زۆرینەی نوسەرانی گۆڤارەکەکرد، ڕاشم سپاردن لەگەڵ ئەندامانی ناوەند قسەبکەن وخۆشم قسەم لەگەڵ کردن کەئەگەربەنیازن گۆڤارچاپ بکەن بەناوێکی تر چونکە چەندین ناوی جوان لەسروشتی چەم وکانیاوو چیاکانی شارباژێڕ هەن بەڵام گوێیان نەگرت چونکە گۆڤاری شارباژێڕ ناوبانگی جوانی تۆمار کردبوو لەماوەی حەوت ساڵی ڕابردوو بۆیە گۆڤارێکیان بەناوی شارباژێڕی نوێ چاپ کرد هەمان تەقلیدی گۆڤاری شارباژێڕە ئەسڵەکە تەنانەت نوسین وبابەتەکانش نەیانتوانیوە بگۆڕن، بەهەمان شێوە بەشوێن پێی ئێمەدا هەنگاو دەنێن هەرلەو کاتەی گۆڤاری شارباژێڕ بەردەوام بوو چەندین بابەتمان بۆ دەهات لەشاری هەولێرو کەرکوک وناوچەکانی ترو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ،کەبڵاومان بکردایەوە دەبوو بەڕەخنە چونکە گۆڤاری شارباژێڕ پەیوەستە بەناوچەیەکی دیاری کراو بۆیە ئەوەش هۆکارێک بوو کەبیر لەچاپکردنی گۆڤارێکی گشتگیر بکەمەوە کارەکەشمان بەئەنجام گەیاند لەماوەی ساڵێکدا بەهیمەتی نوسەرانی خۆبەخش وسەرمایەدارانی دڵسۆز چوارژمارە بەچاپ گەیشتووە.

ئێمەوەک نوسەرانی گۆڤاری پرسی کورد داهێنانێکی نوێمان کرد ئەویش چاپکردنی گۆڤاری پرسی کورد کە هەمەڕەنگە هەموو بابەتە جیاوازەکان بەبیروبۆچونی جیاواز لەخۆدەگرێ ،خوازیارین لەداهاتوو بتوانین پەیامی پرسی کورد بە ڕای گشتی کوردو نەتەوەو وڵاتانی جیهان



# واعیزەکانی شاخ!

علی محمد چوارتایی



پێیان وتین : ژیان بۆئێمەوشەهید بوونیش بۆ ئێوە! پێیان وتین:بەهەشتی زەوی بۆئێمە،بەهەشتەکەی ئەودنیاش بۆئێوە! پێیان وتین:کۆشک وتەلار بۆ ئێمەو شەونخوونیو ماندوو بوونیش بۆ ئێوە!! پێیان وتین: بەهەشتێک هەیە لەودیو چیاکانە. هەر کەس زوو کۆڵەکەی پشتی بگەیەنێتە سەر چیا شانسی چونە بەهەشتی نزیکە! پێیان وتین:ڕێگاکان بۆئەودیوو چیا پڕ لەنشێوو کەندووکۆسپەومردنی لەڕێگایە..! ئەوانەی کۆڵەکانیان بۆ مسافیرەکانی بەهەشت ئامادە دەکرد.و.خەڵکیان بۆ ڕەوانە دەکرد لێزان.و.قسە سازن.و. زمان لووس کاراوکارامە.و.فێڵبازوو. تەڵەکەباز بوون... وەک خەڵکە نزیکەکانیان دوای درکانیان خۆیان.باوەڕیان بەبەهەشتەکەی ئەودیوو چیاکان نەبووە.هەرگیز خۆیان وکەس وکاریان ئامادەنەبوون بچن بۆ ئەو سەفرەمەرگهێنە. ئەوان هەرگیز باوەڕیان بەبەهەشتەکەی ئەودیوو چیا نەبووە.پێیان فشە بووە ئەوان ئامادە نەبوون نەخۆیان ونەکەس وکاریان بۆئەو بەهەشتە شەهید یان زامدار بن! ئەوان حازر خۆری ناو ژووورە ڕازاوەکان بوون! واعیزە دەم شیرینەکانی چیا.خەڵکیان ڕەوانەی ئاگرێک دەکرد کەهەژاران وبەشمەیتانی تێدا دەبوو بەقەربرووت.. سەرەتایی ڕۆژێکی بەهاری ڕەنگین بوو. گوڵە مێلاق.و.هێرۆی ڕۆح شیرین تازە چاویان بەژیانێکی نوێ هەڵدەهێنا،تیشکی خۆر یاری و گەمەی لەگەڵ لێو بزەیان دەکرد.و. جارجارەش ماچێکی گەرمی دەکردن.. بەهارێکی سەووزی پڕ

لەلێزمەی باران بوو،هەورەکانی ئاسمان وەک کەو دەیان خوێند،وەک هەڵۆ بەئاسماند دەسووڕانەوە،هەورەکان دەهاتن ودەچوون.ئاوی چاوەکانیان دەباراند بەسەر زەوی ومرۆڤەکانی ناوخانووە قوڕەکاندا.. دوای ماوەیەک هەورەکان وازیان لەگرمە ونالە هێناو پشوویاندا.. ئێمە کۆمەڵێک گەنج ولاوی تازە پێگەیشتوو بووین تاڵ وسوێری شاخ.و.ساردی زستان.وگەرمی هاوینمان نەدی بوو،بەهیوا بووین سەفرەیەکی سەختی ئەودیوو چیا بکەین، نان وپێخۆر بەرین بۆمرۆڤە برسیەکانی ناو گەرووی ئەژدەهاکەکانی ئەوێ..لەهۆڵێکی گەورەدابووین بانگەوازکرا کەبچین بۆگۆڕەپانەگەورەکەی تەنیشتمان.. یەک لەدوای یەک بەرەوگۆڕەپانەکە کشاین.لەژێر سێبەری درەختەکاندا کۆمەڵێک واعیزو سەرکردە ئامادەی چوونی ئێمە بوون.دوای ماوەیەک حەشاماتێکی زۆر گەنجی تازە پێگەیشتوو گۆڕەپانەکەیان داگیرکرد،هەموان بەبێدەنگی تەمەشای دەمی سەرکردەکانمان دەکرد،چاوەڕێی قسەکانیان بووین دوای ماوەیەک،واعیزێکی دەم لووسی فێڵباز کەووتەقسەکردن ووتی: ئەی کوڕە ئازاو بەجەرگەکانی نەتەوە،نیشتمانە داگیرکراوەکەمان چاوەڕێی هیمەت وجوامێری ئێوەی قارەمانە، ئێوە گەنجی ئازان. پیاوی دواڕۆژی ئەم گەلان پێویستە هەموان بمرین لەپێناو ئایندەیەکی گەش بۆ هەژاران وبەشمەینەتان، ئێوە ئەگەر کوژران دەبن بەشەهید ودەچنە بەهەشتی ڕەنگینەوە.ئای کەبەهەشت خۆشە.! پڕیەتی لەفریشتەی چاو جوان.و.خواردنی

بەلەزەت، خۆزگەم بەئێوە کەمردن دەچنەئەو بەهەشتە خۆشەوە.. کوڕێکی زیتەڵە کە لە پێشمەوە بوو.. ووتی: سەگباب کەبەهەشت ئەوندە خۆشە، بۆنایەی پێشمان کەویت.خۆت بەشەهیدکردن بدەیت،من چاوم لێ بزکردووە.. ووتم:ئەو سەرکردە و ڕابەرە پێوویستە ئێمە بمرین لەپێناوی ئەواندا بێدەنگ بە زارت داخە! کوڕەکە کڕوبێدەنگ بوو.. دیسانەوە، سەرکردە کەوتەوەقسە:ئێوە کوڕی بەجەرگی نەتەوەن،سەفەرێکی سەختان لەپێشە.ئەویش ئەوکۆڵە گەورانەیە.کەپێی دەڵێن کۆڵی نەتەوە.دەبێت بیگەیەنن مەنزڵی خۆی، کێ ئامەدەیە ئەوکۆڵە بەرێ بۆناودڵی مێژوو..هەموان بەیەک دەنگ ووتمان: (ئامادەین کۆڵی قورسی نەتەوە بکەینە کۆڵمان و بیگەیەنینە شوێنی مەبەست) سەرکردە.ووتی: هەی ئافەرین کوڕانی خاک ونەتەوە،نیشتمان بەئێوەوە نیشتمانە( یاڵە بەرەوسەرکەووتن )ئێستا کاتی ڕۆیشتنتانە بەروو لووتکەی بەرزی هیوا.. یەک یەک ڕیز بووین، (دوو) واعیزی فێڵ باز هاتن بۆبارکردنی کۆڵەکانمان،دەبوایە جوان بووەستین بۆبارکردنی بارکە..

کۆڵەکەی پشتمان زۆر زۆر قورس وگران بوو،کوڕم دەوویست بچێتە ژێری،وەک دەنکە تەزبیح ڕیزمان بەست،یەک لەدوای یەک کەووتینەڕێ،بوو بەچەپڵەلێدان وئافەرین.. واعیزەکان ووتیان: کوڕە ئازاکانی نەتەوە بڕۆن بۆ لووتکە.ئەگەر مردیشن. دەبن بەشەهیدو دەچنە بەهەشتی بەرین.. بەدڵێکی خۆش وبەهیوایەکی گەورەوە بەناوڕێگایەکی تەڕو قوڕاویدا کەووتینەڕێ،بارانیش هێواش هێواش دەباری،کۆڵەکان زۆر قورس وتاقەت پڕووکێن بوو،بەناو لێزمەی باران وگرمەونالەی هەورەکاندا کەوتینەڕێ،ڕێگاکە زۆر سەخت ودژوار بوو،نازانم سەدەیەک بەڕێوە بووین یان دووسەدە،دوای کەووتینە ناو تەموو.تۆمانێکی سپی،ڕێگایەکی سەختە قووتی داین،دنیا سپی پۆش بووبەناوتەمێکی زریاناویدا بەڕێگاوەبووین،هەر ڕۆیشتین.هەر ڕۆیشتین هەتائێستا بەڕێگاوەین،لەڕێگادا دەیان هەڵۆی ڕۆح سپی جێمان وتا ئێستا بێ گۆڕو ناونیشان.. تائێستا بەڕێگاوەین، نازانم کەی دەگەین بە مەنزڵ... خەیاڵ لەناوخەوێکی شیریندا، بار هەڵگرێکی خڵەتاو.

3

# ساڵڕۆژی دەرچوونی گۆڤاری (پرسی کورد)و چەند سەرنجێک



سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

سەرەتا پیرۆزبایی ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (پرسی کورد) لە خۆمان و سەرجەم خوێنەرانی دەکەم. دیارە پرسی کورد لە دیارترینی پرسە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و خاوەن ڕیشەیەکی مێژوویی و سیاسیی و کولتورییە ، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای دارمانی دەوڵەتی عوسمانی و پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن لە ناوچەکەدا.

هەربۆیە دەرکردنی گۆڤارێک بۆ پرسی کورد، زۆر گرنگ و پێویستە، بەڵام لەگەڵیشیدا چەند سەرنج و پێشنیارێک بۆ گۆڤارەکە دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** کە سەیری لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان دەکەین. چ ڕۆژهەڵاتناسان، چ تورک، عەرەب، فارس و تەنانەت کوردیش، ڕووبەرێکی یەکدەست وەک یەکمان لە جوگرافیا و پانتایی کوردستان نادەنە دەست. لەبەرئەوە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خۆمان مێژووی خۆمان بنوسینەوەو سالانێکی زۆریشە مێژووناسانی وەک: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و د. کەمال مەزهەرو د. جەمال ڕەشید و دەیان مێژوونوسی تر سەرقاڵی ئەم مێژووە بوون ڕێبازێکی باشیان بۆ بوارە کردۆتەوە تا کەسانی تریش لەم ڕێبازەدا هەنگاو هەڵبگرن و خزمەتی مێژووی نیشتمانەکەیان بکەن. هەربۆیە بڵاوکردنەوە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی نوسەرانی کوردو مامۆستایانی زانکۆ لەم گۆڤارەدا پێویست و گرنگە،

**دووەم:** لەبەر ئەوەی تا ئێستاشی لەگەڵ بێ وەک پێویست لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەسەر جوغرافیای کوردستان نەکراوە.

گرنگە گۆڤارەکە ئەم لایەنەش فەرامۆش نەکات و بایەخ بە لایەنی جوگرافیای کوردستانیش بدات. بەوەی هەرجارەو شارو ناوچەیەکی کوردستانەکەمان بە خوێنەران بناسێنن.

**سێیەم:** کوردستان وەک یەک نیشتمان هەموو خاکەکەی بەسەر یەکەوەیە، بەڵام وەک دەوڵەت لەنێو چوار دەوڵەتدا و تەنانەت زیاتریش دابەش کراوە. لەبەرئەوە ئەمەش ئەرکێکی ترە لەسەر ستافی گۆڤارەکە کە بایەخ بە کوردانی ئەو وڵاتە دوورانەش بدات کە کوردیان تێدایەو بەهەر جۆرێک بێت پەریونەتە ئەو وڵاتانە.

**چوارەم:** گۆڤارەکە پێویستە بایەخ بە سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییەکان بدات و لەسەر ڕووپەڕی لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا بڵاویان بکاتەوە. تا لە فەوتان ڕزگاریان بێت و چیتر لە نێو ئەرشیفی ماڵان و فەرمانگەکاندا نەمێننەوە مۆرانە لێیان بدات.

**پێنجەم:** هەوڵ بدرێ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو نوسەرو وێنەگرو چالاکوانە بیانیانەدا ئەنجام بدرێت، کە زیندوون و خزمەتی پرسییان کردووەو دەنگ و ڕەنگی کوردییان گەیاندۆتە ناوەندەکانی جیهان.

**شەشەم:** هەوڵ بدرێ کەمترین بابەتی ئەدەبی و هەمەڕەنگی تیابێت و مادام گۆڤارەکە نازناوی پرسی کوردی هەڵگرتووە، پێویستە زۆرترین ڕووپەڕی گۆڤارەکە بۆ بابەتی پرسی کوردو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەم بوارەوە تەرخان بکرێت.

# چەند پێشنیارێک بۆ گۆڤاری (پرسی کورد )





کاروان محەمەد و
یاسین ئەحمەد

ساڵێک لەمەوبەر بە هەوڵ و کۆششی چەند نووسەر و خەمخۆرێکی بواری کوردناسی بەشێوەیەکی خۆبەخشانە لە سلێمانی گۆڤارێکی تایبەت بە مێژوو و کولتووری کورد بڵاوکرایەوە، ئەم گۆڤارە کە بەناوی پرسی کورد یەکەم ژمارەی دەرچوو و تائێستا چوار ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە، گرنگی دەدات بە هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە لە: مێژوو، سیاسەت، کولتوور، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەدەب و هونەر و...هتد. گرنگی دەرچواندنی ئەم گۆڤارە لەمکاتەدا لەوەدایە کە گۆڤار و ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان تەنگیان بە نووسینی سەر کاغەز هەڵچنیوە و خوێنەر زیاتر زانیارییەکان لە پێگە ئەلکترۆنییەکان وەردەگرێت، بەڵام ئەم چەند نووسەرە بەڕێزە لە گرنگی مانەوەی گۆڤاری چاپکراو تێدەگەن لە چەندین بواردا بەتایبەت هێشتنەوەی گۆڤارەکان و بەئەرشیف کردنیان. ئەوەی جێی دڵخۆشییە بابەتەکانی ناو ئەم گۆڤارە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزاوە نووسراون و پشتیان بەستووە بە سەرچاوەی زانستی، هەربۆیە گۆڤاری پرسی کورد دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت توێژینەوە لە بوارە جیاوازەکانی مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی کورددا بکەن. داواکارین ئەگەر لە توانادابێت قەبارەی گۆڤارەکە گەورەتر بکرێت و بابەتی هەمەڕەنگ لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کورددا تێدا بڵاوبکرێتەوە، وەک: وەرزشی، تەندروستی و... هتد بۆ ئەوەی خوێنەرێکی زیاتر بۆخۆی ڕابکێشێت. هیوای بەردەوامی بۆ سەرنووسەر و بەڕێوەبەر و ستافی نووسینی ئەم گۆڤارە سەنگینە دەخوازین و چاوەڕوانی دەرچواندنی زۆرترین ژمارەیان لێ دەکەین.

# بیبلۆگرافیای چوار ژمارەی گۆڤاری پرسی کورد



عومەر ئیسماعیل باوزێیی

هەواڵنامەی کتێب

پرسی کورد گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی سەربەخۆی وەرزییە و لەلایەن چەند رۆژنامەنووسێکی ماندونەناس و خۆبەخش، بە هاوکاری و دەستگیرۆیی کۆمەڵێک کەسایەتی و سەرمایەداری بەخشندە و دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی لە شاری سلێمانی دەردەچێت. لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (٩٩٣) تۆمارکراوە. یەکەم ژمارەی رۆژی چوارشەممە ٢٠٢٤/٨/٢٨ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە چواری رۆژی ٢٠٢٥/٧/٥ بە چاپگەیشت. لەگەڵ هاوڕێیانی ستافی گۆڤارەکە لە ماوەی یەکساڵ تەمەنیدا توانیمان کۆمەڵێک بابەتی هەمەجۆری سیاسی، جینۆساید، مێژوویی و ئەدەبی بڵاوبکەینەوە.

لێرەدا و بە مەبەستی زیاتر سودگەیاندن بە خوێنەران و توێژەرانی مێژووی کورد، بیبلۆگرافیایەکمان ئامادەکردوە بۆ هەڵبژاردن و ئاسان دەستڕاگەیشتن بە سەرجەم وتار، بابەت، لێکۆڵینەوە، چاوپێکەوتن و هۆنراوە بڵاوکراوەکانی چوار ژمارەی رابردووی گۆڤارەکە.

### ژمارە یەک

پرسی کورد گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆی کورد و کوردستانی وەرزییە

ژمارە (١) ساڵی یەکەم - هاوینی ٢٧٢٤ک ٢٠٢٤ز

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: جەمال

مەلاسەعید
بەڕێوەبەری نووسین: عومەر ئیسماعیل
ڕاوێژکاری یاسایی: بێستون عەلی قادر
ستافی نووسین: عەتا مەحمود، ڕاز ئەسعەد، داناز عەبدولڕەحمان و سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
دیزاین: جەلیل حسێن/ چاپ: چاپخانەی کارۆ/
نرخ: (٣٠٠٠) دینار.
ناونیشان: سلێمانی، تەلاری کۆمەڵەی کەلەپور و فۆلکلۆری کورد.

**ژمارە یەک**


| ژمارە | جۆری بابەت | ناوی بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێر | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەروتار | پەرسی کورد | جەمال مەلاسەعید | – | ٥_٥ |
| ٢ | مێژوو | سەرهەڵدانی کوردستانی سوور | هارون یەڵماز | ئەرسەلان حەسەن | ٦_٣٢ |
| ٣ | = | بەنیشتیمانی کردنی نەوت و گاز<br>سەرەتایەک بۆ ڕزگاری کورد و کوردستان | سەردار پشدەری | – | ٣٧_٣٣ |
| ٤ | = | سروتی هاوڕێیەتی<br>ڕامانێک لە مێژووی هاوڕێیەتی | د. کامەران محەمەد | – | ٤٣_٣٨ |
| ٥ | = | بۆچی کورد ناتوانێت یەکبگرێت؟ | د. کامەران مەنتک | – | ٤٥_٤٤ |
| ٦ | = | سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئێراق لەسەر گۆڕینی دیموگرافیای پارێزگای کەرکوک | پرۆفیسۆر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر | – | ٥١_٤٦ |
| ٧ | = | دەردەکورد و پەندی مێژوویی | دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز | – | ٥٤_٥٢ |
| ٨ | بیروڕای ئازاد | بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال و ڕای پێچەوانە | هۆمەر محەمەد | – | ٥٦_٥٥ |
| ٩ | = | خەونێک لە پەخشاننامەیەکدا | ئەحمەد حەمەساڵح معروف | – | ٥٨_٥٧ |
| ١٠ | = | بێئاکامی کۆنفرانسە پەروەردەییەکان | ڕەووف محەمەد ئالانی | – | ٦٠_٥٩ |
| ١١ | ژنی کورد لەمێژوودا | ئەندازیارە بێدەنگەکانی شارستانێتی<br>(ئاشکراکردنی ڕۆڵی داهێنەرانەی ژن) | ڕاز ئەسعەد<br>(توێژەری بواری مێژووی ژن) | – | ٦٣_٦١ |
| ١٢ | = | ئاسۆی ژن و تێکۆشانی کۆمەڵگەیی | شیرین تاهیر – نووسەر و توێژەر | – | ٦٨_٦٤ |
| ١٣ | ئەدەب و هونەر | سینەما و ئەجندای سیاسی:<br>کورد لەکوێی ئەو ڕوانینەدایە | پ. ی. د. دڵشاد مستەفا | – | ٧٢_٦٩ |
| ١٤ | = | حەمە جەزا؛ هونەرمەندی نەتەوە و نیشتمان<br>بەشێکی بیرەوەرییەکانی لە شارباژێردا | داناز عەبدولڕەحمان<br>سوید | – | ٨٩_٧٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | = | مێژووی سەرهەڵدانی شانۆو چالاکی تیپە شانۆییەکان لە شارباژێڕدا | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | – | ٩٠- ١٠٦ |
| ١٦ | = | مامۆستا سەنجەری شاعیر | محەممەد مەردان | – | ١٠٧- ١١٢ |
| ١٧ | = | ئەسیری و ئەلزاس و کەرکوک | لەتیف فاتیح فەرەج | – | ١١٣- ١١٧ |
| ١٨ | = | وەفایەک بۆ شەهیدانی کوردستان | عەتا مەحموود | – | ١١٨- ١١٩ |
| ١٩ | = | پەروین موشیر وەزیری دەنگێکی ئاوریشمی و ئەفسوناوی | خۆشنووس ئەحمەد سەعید | – | ١٢٠- ١٢٢ |
| ٢٠ | = | لێکدانەوەی ڕەوتی نوێی شیعری کوردی (شیعری نوێی کوردی و دژەقارەمانەکانی) | د. مەسعوود بینەندە سنە | – | ١٢٣- ١٣٨ |
| ٢١ | سەفەرنامە | ئیسفەهان نیوەی جیهان لە سەردەمی شاعەباسی یەکەمی سەفەویدا | عومەر ئیسماعیل باوزێیی | – | ١٣٧- ١٤٤ |
| ٢٢ | ئەرشیف | گرنگی ئەرشیف و دیکۆمێنتاری لە مێژووی کوردا | جەمال مەلاسەعید | – | ١٤٥- ١٤٩ |
| ٢٣ | هەمەڕەنگ | کەلتور و دابونەریتە باوەکانی نەتەوەکان سەبارەت بە کەوتنی ددانی منداڵان | د. محەممەد شێخ عەزیز قەیوانی | – | ١٥٠- ١٥٢ |
| ٢٤ | = | کشتوکاڵ زێڕی سەوزی کوردستانە | فەرەیدون مەنسور جاف | – | ١٥٣- ١٥٥ |
| ٢٥ | ئارامی ڕۆح | دیکتاتۆریەتی چاو | محەممەد کوردۆ | – | ١٥٦- ١٥٦ |
| ٢٦ | = | زمانی فەرمی ئەو هەورە منم | یونس ڕەزایی بۆکان | – | ١٥٧- ١٥٨ |

هەواڵنامەی کتێب

**ژماره دوو**
پرسی کورد گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆی کورد و کوردستانی وەرزییە
ژمارە (٢) ساڵی یەکەم - پایزی ٢٧٢٤ک ٢٠٢٤ز
خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: جەمال مەلاسەعید
بەڕێوەبەری نووسین: عومەر ئیسماعیل
ڕاوێژکاری یاسایی: بێستون عەلی قادر
ستافی نووسین: عەتا مەحمود، ڕاز ئەسعەد، داناز عەبدولڕەحمان و سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
دیزاین: جەلیل حسێن/ چاپ: چاپخانەی کارۆ/
نرخ: (٣٠٠٠) دینار/ تیراژ: (٥٠٠) دانە.
ناونیشان: سلێمانی، تەلاری کۆمەڵەی کەلەپور و فۆلکلۆری کورد.

**ژماره دوو**


| ژماره | جۆری بابەت | ناوی بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەروتار | پرسی زمانی ستانداردی کوردی بەرەو کوێ | جەمال مەلاسەعید | - | ٥_٥ |
| ٢ | - | کاریگەرییەکانی ئەنفال لە بیرەوەرییەکانی (نێرگز لە دۆخی ئەنفالدا)ی عارف قوربانیدا | د. سەردار فایەق مجید<br>م.ی. عیماد شکور محمود | - | ١٨_٦ |
| ٣ | - | کورد دەبێت ئەنفال بکرێت | محەمەد حەمە تەقی | - | ٢٢_١٩ |
| ٤ | - | گرووپی بێلدربێرگ، یان دەوڵەتی سێبەری جیهان | عومەر ئیسماعیل باوزێیی | - | ٣١_٢٣ |
| ٥ | - | مارەکانی زوحاک (ڕاڤەی ئەفسانەیی بۆ پەرتبوونی سیاسیی کورد) | د. کامەران محەمەد | - | ٣٥_٣٢ |
| ٦ | - | ١٧ی تەمووز | ڕەسوڵ بەختیار<br>هەولێر | - | ٣٩_٣٦ |
| ٧ | - | ئەو سەختییانەی ژیان دروست دەکەنەوە | د. کامەران مەنتک | - | ٤١_٤٠ |
| ٨ | - | پەیڤێک لە میحنەکانی نیشتیمانەوە | ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف | - | ٤٤_٤٢ |
| ٩ | - | کچانی کۆبانێ | جەواد ئیسحاقیان | ئەرسەلان حەسەن | ٥٧_٤٥ |
| ١٠ | - | شەڕی گەرم بە هێزی نەرم | هاوار مستەفا خان | - | ٦١_٥٨ |
| ١١ | - | پەرلەمان و ژنان | - | جەواد حەیدەری | ٦٣_٦٢ |
| ١٢ | - | مێژووی ژن و هەنگاوێکی بوێر | ڕاز ئەسعەد | - | ٦٧_٦٤ |
| ١٣ | - | ئانارشیزمی زمانی لە شیعردا | ساڵح سووزەنی<br>سەقز | - | ٧٥_٦٨ |
| ١٤ | - | ماڵی کتێب | عەتا مەحمود | - | ٨١_٧٦ |
| ١٥ | - | ڕیسایکل پێدانی شوناسێکی تر | د. ڕێبوار سەعید | - | ٨٦_٨٢ |
| ١٦ | - | نیشتمان مێردێکی ناحەزە لێی جیادەبمەوە | نەزەند بەگیخانی<br>فەرەنسا | - | ٩١_٨٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | – | سینەمای کوردی هونەرێکی سارد لە شەقامێکی تورەدا | عەتا حەمەساڵح | – | ٩٢_٩٥ |
| ١٨ | – | دەنگبێژی وەک بەشێک لە ناسنامەی کولتووری کورد | ڕێژەن حەسەن | – | ٩٦_١٠١ |
| ١٩ | – | شیعرێکی بڵاونەکراوەی بێسارانی | ڕزگار جەباری هەولێر | – | ١٠٢_١٠٨ |
| ٢٠ | – | کاروان عوسمان دەنگێک هەڵقوڵاوی سروشتە جوانەکەی شارباژێڕ | ئازاد تەها عەلی | – | ١٠٩_١١١ |
| ٢١ | – | ئێزدییەکان کوردن ئێمەین مامەڵەی کوردیان لەتەکدا ناکەین | سۆران حەمەڕەش | – | ١١٢_١١٦ |
| ٢٢ | – | ئاسیا تۆفیق وەهبی ئەستێرەیەکی گەشە لەئاسمانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا | داناز عەبدولڕەحمان سوید | – | ١١٧_١٢٣ |
| ٢٣ | – | شۆڕشگێر و مێژوونووسی شۆڕشەکانی دێرسیم | دکتۆر فەرەیدون عەبدولستار | – | ١٢٤_١٢٨ |
| ٢٤ | – | خۆشنووسانی کورد عەبدوڵڵابەگی میصباح دیوان | ئەحمەد سەعید | – | ١٢٩_١٣٢ |
| ٢٥ | – | تەنگ و دەربەندەکانی سەر چەمی قەڵاچوالان و یەکگرتنەوەی لەگەڵ زێی خوارووداا | فرانسیس م. هاڵی | محەمەد حەمەساڵح تۆفیق | ١٣٣_١٤٣ |
| ٢٦ | – | قادر عەبدوڵڵا و کوردەکان | لەتیف فاتیح فەرەج | – | ١٤٤_١٤٥ |
| ٢٧ | – | حەمەعەرەب زۆرم پێ خۆشە کورد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | – | ١٤٦_١٤٩ |
| ٢٨ | – | پرسی پەروەردە لە کوردستاندا | م. ڕزگار خدر مستەفا | – | ١٥٠_١٥٢ |
| ٢٩ | – | وزەی خۆر | م. محەمەد ئەحمەد کەریم | – | ١٥٣_١٥٧ |
| ٣٠ | – | کاریگەری جەنگ لەسەر سیستەمی تەندروستی جیهان | د. گۆران عبدالله بەریتانیا | – | ١٥٨_١٦٠ |
| ٣١ | – | بۆچی گرنگی بە یارییە جۆراوجۆرەکانی بواری وەرزش بدرێت؟ | ئومێد محەمەد پیرۆت | – | ١٦١_١٦٢ |

هەواڵنامەی کتێب

**ژمارە سێ**
پرسی کورد گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی سەربەخۆی وەرزییە
ژمارە (٣) ساڵی یەکەم - زستانی ٢٧٢٤ک ٢٠٢٥ز
خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: جەمال مەلاسەعید

بەڕێوەبەری نووسین: عومەر ئیسماعیل
ڕاوێژکاری یاسایی: بێستون عەلی قادر
ستافی نووسین: عەتا مەحمود، ڕاز ئەسعەد، داناز عەبدولڕەحمان و سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
دیزاین: جەلیل حسێن/ چاپ: چاپخانەی کارۆ/ نرخ: (٣٠٠٠) دینار/ تیراژ: (٥٠٠) دانە.

**ژمارە سێ**


| ژمارە | جۆری بابەت | ناوی بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەروتار | دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نیشتمانی کورد | جەمال مەلاسەعید | – | ٥_٥ |
| ٢ | بیروڕای ئازاد | ڕۆژئاوای کوردستان؛ لێدانی دڵی میللەتێک | د. کامەران محەممەد | – | ٦_٩ |
| ٣ | = | لە باشوورەوە بۆ ڕۆژئاوا گۆڕانی سەنتەری هێز لە کوردستان | د. کامەران مەنتک | – | ١٠_١٤ |
| ٤ | = | پرۆژەی دەوڵەتسازی و ئەنجومەنی دەوڵەتداری | لەتیف فاتیح فەرەج | – | ١٥_١٦ |
| ٥ | = | قۆناعەکانی هاوپەیمانی کورد و ئەمریکا لە سوریا | عوسمان ساوجی | – | ١٧_٢٠ |
| ٦ | = | کوردەکانی تورکمانستان لە مێژوودا | گۆڤاری پرسی کورد | – | ٢١_٢٣ |
| ٧ | = | بە بونی (باوەڕ و ئیرادە) ئەوەی دەبێت بکرێت ... دەکرێت | ئاوات قەرەداغی ڕۆژنامەنووس و وێنەگر | – | ٢٤_٢٥ |
| ٨ | ڕوانگەی ژن | شاخاتوونی بۆن و مێژووی عەتر | ڕاز ئەسعەد | – | ٢٦_٢٨ |
| ٩ | = | ئەنجوم یامولکی یەکەمین ژنەداکۆکیکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | داناز عەبدولڕەحمان | – | ٢٩_٣٥ |
| ١٠ | = | ڕەگ و ڕیشەی دژەژنی لە مێژوودا | فەرشید یاسانی | ئەرسەلان حەسەن | ٣٦_٤٨ |
| ١١ | = | شکۆداری لە تەمەنی ژنی شارەکەماندا | قادر شکاک | – | ٤٩_٥١ |
| ١٢ | = | لەیادی ژینۆسادی ژن و کچانی ئێزدی فریشتە ڕەشپۆشەکان | عەزیز وەلیانی | – | ٥٢_٥٤ |
| ١٣ | ئەدەب و هونەر | شیعری کوردی لە نووسینی بێگانە | ڕزگار جەباری | – | ٥٥_٧٠ |
| ١٤ | = | ڕۆڵی زمان لە نووسین و کۆکردنەوەی ئەدەبی زارەکی | موتەلیب سەعید عومەر | – | ٧١_٧٣ |
| ١٥ | = | خۆشنووسانی کورد شێخ باباسەعید کلاوقوچ | ئەحمەد سەعید | – | ٧٤_٧٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | = | سینەما<br>هونەرێکی جوان و باڵاسەروەتێکی نیشتمانی | ئازاد پێنجوێنی | _ | ٨٠_٧٧ |
| ١٧ | = | رەهەندەکانی ریفۆرمی<br>ئایینی و شرۆڤەیەکی خێرا | ئەرشەد تەحسین | _ | ٨٤_٨١ |
| ١٨ | = | چاوخشاندنێک بەسەر ژیانی هونەری هونەرمەند<br>موجتەبا میرزادە | خاڵد عجمی<br>مەهاباد | _ | ٨٦_٨٥ |
| ١٩ | = | بیرەوەرییەک لەگەڵ<br>مامۆستا هێمن | سعید مەسعوود سەعیدی<br>مەهاباد | _ | ٨٨_٨٧ |
| ٢٠ | مێژوو | مەحمود مەلاعیزەت<br>نووسەر و سیاسەتمەدار<br>لە ناو کاروانی پرسی کورددا | جمال مەلاسەعید | _ | ٩٨_٨٩ |
| ٢١ | = | کوژرانی سلێمان پاشای گەورە لە قەڵاچوالان<br>هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت رووداوەکە | عومەر ئیسماعیل باوزێیی | _ | _٩٩<br>١٠٦ |
| ٢٢ | = | مێژووی دروستکردنی شورە<br>لە دەربەندی بازیان | کاروان محەممەد و<br>یاسین ئەحمەد | _ | _١٠٧<br>١١٣ |
| ٢٣ | = | گۆڕستانی شێخ محێدین کەرکوک<br>یەکێکە لە کۆنترین گۆڕستانەکانی شاری کەرکوک | فرید محمد امین شەربەتچی زەنگەنە<br>کەرکوک | _ | _١١٤<br>١١٧ |
| ٢٤ | = | شێخ خالید نەقشبەندی،<br>نموونەی مرۆڤێکی بەخشندە | بەهار محسین نەقشبەندی | _ | _١١٨<br>١٢٤ |
| ٢٥ | = | گوزەرێک بە ژیان و تێکۆشانی زانا و موفەسیری قورئان<br>مامۆستا مەلاسەعید زمناکۆیی | هەردی شێخ ئیسماعیل موبرەیی | _ | _١٢٥<br>١٢٨ |
| ٢٦ | = | ئەحمەد برندە و کەڵەپیاوێکی تر | جوەهەر مەحمود داراغا | _ | _١٢٩<br>١٣٢ |
| ٢٧ | هەمەرەنگ | گرنگی رێگاوبان لە بوژانەوەی<br>ئابووری کوردستاندا | م. محمد احمد کریم | _ | _١٣٣<br>١٣٦ |
| ٢٨ | = | جنێف<br>ئەو شارەی خۆری یەکەم رۆژنامەی کوردی لێ ئاوابوو | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | _ | _١٣٧<br>١٥٢ |
| ٢٩ | = | گوڵەکانی کوردستان | دکتۆر سەوەر لەکی | _ | _١٥٣<br>١٦١ |
| ٣٠ | = | ژووری بازرگانی و<br>پیشەسازی سلێمانی | گۆڤاری پرسی کورد | _ | _١٦٢<br>١٦٥ |
| ٣١ | = | سروشتی کوردستان<br>دەریاچەی وان یا گۆلی وان | _ | _ | _١٦٦<br>١٦٦ |

هەواڵنامەی کتێب

**ژماره چوار**

پرسی کورد گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی سەربەخۆی وەرزییە

ژمارە (٤) ساڵی یەکەم - زستانی ٢٧٢٥ک ٢٠٢٥ز

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: جەمال مەلاسەعید.

بەڕێوەبەری نووسین: عومەر ئیسماعیل

بەڕێوەبەری هونەری: محەمەد ئەحمەد کەریم

ڕاوێژکاری یاسایی: بێستون عەلی قادر

ستافی نووسین: عەتا مەحمود ، ڕاز ئەسعەد ، داناز عەبدولڕەحمان و سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

دیزاین: جەلیل حسێن/ چاپ : چاپخانەی کارۆ/

نرخ: (٣٠٠٠) دینار/ تیراژ: (٥٠٠) دانە.

**ژماره چوار**


| ژماره | جۆری بابەت | ناوی بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەروتار | پرسی کورد لە حوکمڕانیدا | جەمال مەلاسەعید | – | ٥_٥ |
| ٢ | بیروڕای ئازاد | لەبارەی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی-یەوە | باڵیۆز د. محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی | – | ٩_٦ |
| ٣ | = | ئەوەی بۆ ئەنفال نەکراوە، پێویستە بکرێت | توفیق عەبدول | – | ٢٢_١٠ |
| ٤ | = | ئەنفال: زامێک لە زامە سارێژنەبوەکانی نیشتمان | ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف | – | ٢٥_٢٣ |
| ٥ | = | میدیای فەرشی سوور (میدیای کوردی لە دەسەڵاتی چوارەمەوە بۆ دەروێشێتیی پەرستگاکانیان) | د. کامەران محەمەد | – | ٢٨_٢٦ |
| ٦ | = | وەهمی بەغداو دەستپێکی قۆناغێکی تر | د. کامەران مەنتک | – | ٣١_٢٩ |
| ٧ | = | کاریگەری حزبی لەسەر بزاوتی سیاسی کوردی | عوسمان ساوجی | – | ٣٤_٣٢ |
| ٨ | = | گەمەی گەلان | ئاوات قەرەداغی | – | ٣٦_٣٥ |
| ٩ | = | هەترەشبردن وەک سیستمی نوێی جیهان | لەتیف فاتیح فەرەج | – | ٣٨_٣٧ |
| ١٠ | ڕوانگەی ژن | شۆڕشی ژنان خەباتی ڕەگەزیی نییە | ڕاز ئەسعەد | – | ٤١_٣٩ |
| ١١ | = | ژنێک لە ئاوێنەی جوغرافیادا | یونس ڕەزایی بۆکان | – | ٤٣_٤٢ |
| ١٢ | ئەدەب و هونەر | هەموو تێکستێک بەشێکە لە دنیای ناوەوەی نووسەر | پرسی کورد | – | ٤٥_٤٤ |
| ١٣ | = | دیداکتیک لە سیستمی پەروەردەیدا | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | – | ٤٧_٤٦ |
| ١٤ | = | زمانی کوردی و کوردبوون خەمە گەورەکەی ژیان | شێنێ مشیر | – | ٥٢_٤٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | = | زمان و کولتووری کوردی | م. توفیق احمد | – | ٦٣–٥٣ |
| ١٦ | = | چیرۆکێکی تەواونەکراو | ئازاد پێنجوێنی | – | ٧٠–٦٤ |
| ١٧ | = | ناوازەترین ئازار، دەقێکی ناوازە | ئەرشەد تەحسین | – | ٧٤–٧١ |
| ١٨ | = | کوردستان هەرێمێک بەبێ سیاسەتی کولتووری | مەریوان هەڵەبجەیی | – | ٧٧–٧٥ |
| ١٩ | = | کوردستان نیشتمانێکی ڕازاوەیە کورد نەتەوەیەکی جەسوور و مرۆڤدۆستە | محەممەد حەمە تەقی | – | ٨٠–٧٨ |
| ٢٠ | مێژوو | حەمە ڕەشیدخانی بانە خەباتگێڕی ڕێگای ڕزگاری کوردستان | جەمال مەلاسەعید | – | ٨٨–٨١ |
| ٢١ | = | یەکەم نەیزەک لە مێژوودا کە مرۆڤی کوشت لە شاری سلێمانی بوو | داناز عەبدولڕەحمان | – | ٩٦–٨٩ |
| ٢٢ | = | ئەحمەد سەعید خەتات هونەرمەندێک لە دۆندی داهێناندا | جەمیل مەلاقەرە | – | –٩٧ ١٠٠ |
| ٢٣ | = | لوتفعەلی خانی زەند (١٧٨٩–١٧٩٤) لە نێوان خیانەتی ئیبراهیم خانی کەڵانتەر و ڕقی قاجارەکاندا | عومەر ئیسماعیل باوزێیی | – | –١٠١ ١٠٧ |
| ٢٤ | = | خەیانەتی چەپەکانی ئەوروپا بە کوردان | سلاڤۆی ژیژێک | مەحموود هۆمەر باوزی | –١٠٨ ١١١ |
| ٢٥ | = | گرنگی پرسی بابان لە سەردەمی فەتحعەلی شا و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی | مەنسور ئەحمەدی و د. بورهان تەفسیری | ئەرسەلان حەسەن | –١١٢ ١٢٦ |
| ٢٦ | = | کوردەکانی خوراسان | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | – | –١٢٧ ١٣٣ |
| ٢٧ | = | کوردەکانی یەمەن و سودان | قوتەیبە فازڵ | – | –١٣٤ ١٤٣ |
| ٢٨ | = | نامەی سەید ڕەزای دەرسیم بۆ وەزیری کاروباری دەرەوی فەرەنسا | – | موسلیم ئەحمەدی | –١٤٤ ١٤٥ |
| ٢٩ | = | کاری نوشداری لە کوردەواریدا حاجی ڕەزا بە نموونە | کاروان محەممەد و یاسین ئەحمەد | – | –١٤٦ ١٥٠ |
| ٣٠ | = | وشەی (ئاشتی/ ئاشتەم) لەسەر بەردەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان هەڵکەندراوە | سۆران حەمەڕەش | – | –١٥١ ١٥٢ |
| ٣١ | هەمەڕەنگ | ئاو سەرچاوەی ژیانە | عەتا محەمود | – | –١٥٣ ١٥٤ |
| ٣٢ | = | کارەبا | م. محەممەد ئەحمەد کەریم | – | –١٥٥ ١٦٠ |
| ٣٣ | = | بانە مازوو | بەکر ئەحمەدی | – | –١٦١ ١٦٢ |

هەواڵنامەی کتێب

# ڕاسپاردە



یوسف حەمەڕەشید

هۆ دایە گیان کەمن دەمرم ،
لە کوێ دمنێژی ، بمنێژە
مەیخانە بێت ، یاخود مزگەوت
جێژوان بێت ، یاخود ئەشکەوت
لە لادێ بێت ، یاخود لە شار
نزیک ياربێت ، یان دوور لە یار
چۆڵایی بێت ، یان وەک خەڵکی لە
گۆرستان
بەڵام دایە دڵنیابە
لە بەهەشتیش ئاسوودە نیم
گۆرم دووربێت لە کوردستان .
کە من دەمرم
گرنگ نییە دوا مەنزڵگام
لە دۆزەخە یان لە بەهەشت
لە دۆزەخیش ، ناوی کوردستان ببیستم
وا دەزانم چوومە بۆ گەشت .

# نیشتمان !!



ئاوات قە رە داغی


لە گۆشەکانی ئەم دونیایەدا ماناکانی نیشتمان وەک بەنرخترین شت کە مرۆڤ خاوەنداریێتی دەکات، ئاشکرا دەبن. نیشتمان تەنیا پارچە خاکێک نییە، بەڵکو مێژوو و شارستانیەتێکە، خەون و هیوا و دەنگەکانە کە بە درێژایی ئەو خاکەدا دەنگ دەدەنەوە. بەڵام هەندێک جار کەسانێک دەدۆزینەوە کە بڕیار دەدەن زێدی بەنرخی خۆیان بفرۆشن، یان بۆ قازانجی خێرا یان بەدوای سەرگەرمی نوێدا بگەڕێن.

ئەوانەی زێدی خۆیان دەفرۆشن، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی لاوازە لە بەهای سەربەخۆیی. هەندێک کەس لە جیهانێکی ماتریالیزمدا دەژین، کە پارە تاکە پێوەر بۆ سەرکەوتنە. بەڵام ئایا پارە دەتوانێت یادگاری و ساتەکانی خۆشی لە ژێر ئاسمانی نیشتمان و تەنانەت دەنگی خێزان و هاوڕێکانیش بکڕێت؟

نیشتیمان ئەو هەستانەیە کە بە دەمارەکانماندا دەڕژێن، ئەو سەلامەتییەی هەستی پێدەکەین کاتێک دەگەڕێینەوە باوەشی خاکەکەمان، ئەو زەردەخەنەیە کە لە کاتی بیرهێنانەوەی ساتەوەختە جوانەکاندا لەسەر ڕووخسارمان دەردەکەوێت. کاتێک هەندێک هەوڵدەدەن ئەم گەنجینەیە بفرۆشن، زیان لە سەروەت و سامان دەدەن، پەرشوبڵاویش لەبری یەک بون هەڵدەبژێرن.

جێگای داخە کە دڵگەلێک ببینین کە دێرینییەت پشتگوێ دەخەن و لە شوێنیدا بەرژەوەندیی دەستبەجێی دادەنێن. ئەوەی زێدی خۆی بفرۆشێت، بەشێک لە خۆی، بەشێک لە ناسنامەکەی لەدەست دەدات. کەواتە، با هەمیشە لەبیرمان بێت کە نیشتمان کاڵایەک نییە بۆ کڕین و فرۆشتن، بەڵکو پەپولەی ژیان و خوێنهێنەری بوونە..


# ئـاشـتی



فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

هەمیشە هاوڕێی ئاشتین
لەئاشتیدا خۆشبەختین
وڵاتمان ئاشتی دە وێ
ئاشتیخوازمان خۆشدەوێ
جەنگ مایەی وێرانییە
ئەنجام پەشیمانییە
بوونی سامانی وڵات
هەمووی بەفیڕۆدەبات
سیمای گوڵ دەژاکێنێ
ژینمان لێ دەشێوێنێ
تیشکی خۆرمان لێدەبات
ئاسمانمان تاریک دەکات
بالەجێگای هەراوشەڕ
هەوڵمان بخەینەگەڕ
بۆوڵات بەخزمەت بین
هەتاکو ئاسوودەبین
چوون ئاشتی وئاوەدانی
هێمان بۆشارستانی..

# نەخشەی کوردستانی گەورە









ئامادەکارانی ساڵیاد:
جەمال مەلا سەعید - عومەر ئیسماعیل مارف
سەرهەنگ عەبدولڕەحمان - محەمەد ئەحمەد کەریم

دیزاین:
جەلیل حسێن

چاپ:
چاپخانەی کارۆ

تیراژ
٥٠٠

PRESIDENT
JALAL TALABANI
FOUNDATION

بەسوپاسەوە لەسەر ئەرکی بەڕێز
دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی چاپکراوە

# Pirsî KURD

Govarêkî Roşnbîrî Giştî Serbexoy Werzîye
Jimare (5) Sal'î Yekem - Hawinrî 2725 Ku- 2025 z

* Mêjûy Mozexaney Nîştmanî Eminesûreke le Slêmany
* Bangewazî Aşitî w Syasetî Neteweperistî Zêderoyane.
* Sêberî Jin Beser Hesarî Mêjûeue.
* Kurdekanî Efxanistan.

# KURDISH ISSUE MAGAZINE

No. (5) Summer 2025